نما

ئازادی بیر
لێکۆڵینەوە
عەقڵانیەت

55 گۆڤارێکی فیکریی‌و ئەدەبیی وەرزییە لە هەولێر دەردەچێت

خاوەنی ئیمتیاز ..... ئیسماعیل کوردە

سەرنووسەر .... ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

دەستەی نوسەران

جەمال پیرە مەسعود بابایی

ئاوات ئەحمەد سوڵتان

بەرپرسی کارگێری‌و دابەشکردن... ئومێد شێرکۆ مەجروم

پاییزی 2022
ناونیشانی گۆڤار: کوردستان-هەولێر
Tel: 0750 4481577. 07504786489

لەم ژمارەیەدا

*کلاورۆژنە..... دۆخی وڵاتەکەمان 3

نمای فیکرو فەلسەفە

* ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی بەگ.....ن: د.ئیسماعیل مەحمودی.....6
* جیهانی کافکایی!.....ن: ئاوات ئەحمەد سوڵتان.....26
* کورتە مێژوویێکی نیولیبرالیزم.....ن: سۆزان جۆرج....و: جەمال پیرە...44
* شوپنهاوەرو دایکی.....ن: ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل.....59
* شلایرماخێرو ڕاڤەی ئایین.....بەشی کۆتایی.....ن.و: مەسعود بابایی.....72
* سەبارەت بە گرفتەکانی ڕەخنەی مارکسیستی...و: عەبدوڵڵا سلێمان "مەشخەڵ"....105
*ترس لە شکست.....ن: د. زەکەریا ئیبراهیم....و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ.....122

نمای ئەدەبی- نسێی نما

* هەورەکانی دانیاڵ.....هاشم سەراج.....142
* خانمە شاعیری رۆمانی رۆکساندرا چێسێریانو.....ئا: جەمال پیرە.....159
* جیهان ئاراخانمی پاوەیی‌و گوتاری ژنانەی.....ن: بەهار عەلیپوور.....163
* فەرەنجی پۆش!.....ن: ئەنوەر حوسێن "بازگر"....179

***دوسێی تایبەت بە دیوانە شیعرییەکانی "دڵشاد عەبدوڵڵا**

*"کتێبی ڕەش"ی دڵشاد عەبدوڵڵا.....ن: ڕێبوار سیوەیلی..... 188
*نیشتیمان هەستی خۆبوونە،..... ن: جۆن سوێدنمارك.....و: ڕزگار شێخانی.....192
*ڕۆشناییەکانی نێو "کتیبی ڕەش"ی دڵشاد عەبدوڵڵا.....ن: ئارام سدیق.....195
* نووسەرێك ڕووبەری خۆی هەبێت.....ن: سیروان رەحیم.....198
*کتێبی باخچەی ئیشراق.....ن:مەریوان هەڵەبجەیی.....و: مسعود بابایی.....200
*هەرچەندە شەو درێژتر بێت .....ن: نزار ئاگری.....و: جەمال پیرە.....203
*دڵشاد عەبدوڵڵا لە دیوانی (حەج) دا....ن: قزحیا ساسین....و: ڕێبین رەسوڵ.....207
*دڵشاد...ئەو ڕێگایەی لە تۆوەیەو.....ن: خەزعەل ئەلماجدی...و: ڕێبین رەسوڵ.....212

جگە لەکلاورۆژنە، نووسینەکانی دیکە ڕاو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەردەبڕن

هەر بابەتێك لەسەر داوای گۆڤاری نما نەبێت، بلاوناکرێتەوە

کڵاوڕۆژنە

دۆخی وڵاتەکەمان

دۆخی ئاڵۆزی سیاسی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی بۆتە هۆی ئاڵۆزیو تەنگەژەو ئاڵنگاریو مۆتەکەی سەر دڵو ناخو بیرکردنەوەی هاووڵاتیانو رۆشنبیرانی وڵاتەکەمان، نیگەرانیەکی زۆریشی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو ئابووریو ژیانو گوزەرانی خەڵك دروست کردووە. لە دوای راپەڕینیشەوە، هەمیشە ئەو ئاڵۆزییە لەنێوان دوو لایەنە سەرەکیەکەی کوردستان بووە، کێشەکانیش ئەوەندە گەورەنین نەتوانرێ چارەسەر نەکرێن، بەڵام بێ باکیو بێ پەروایی لە ژیانی خەڵك بۆتە بەرنامەو کاری قێزەونی سیاسیانەو خەریکە هەموو شتێك دەکەنە قوربانی مەرامەکانیان.

دوای زیاتر لە سی ساڵی ئازادی، هێشتا نە سیستەمی نیمچە دیموکراتی وڵاتو نە ئەو هەموو هەڵبژاردنانەی بۆ پەرلەمانی کوردستانو پارێزگاکانو ئەو هەڵبژاردنانە شی بۆ رێکخراوو سەندیکاو ناوەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێن، نەبوونەتە وانەیەك بۆ ئەوەی لەرێگەیەوە یەکتر قبوڵکردن ببێتە بنەمایەك بۆ حوکمڕانی. هەموو هەڵبژاردنەکان دواجار لەجیاتی هێنانەکایەی کەمینەو زۆرینەی سیاسی، بەرەو سازانو بەیەکەوە حوکمڕانی کردن دەڕۆن، راستە سازانو رێککەوتن کاری گرنگن، بەڵام لە بنەڕەتیشدا دژ بە سیستەمی دیموکراسیو هەڵبژاردنن، چونکە ئەگەر هەموو جارێك هەڵبژاردن بکرێتو دواجار رێگە بۆ سازان بڕەخسێنرێت، ئەوا نە سیستەمی دیموکراسی بە مانا راستەقینەکەی دەڕسکێتو نە هەڵبژاردنیش دەبێتە هۆی ئەوەی بە شێك لە لایەنەکان دەسەڵاتدارو بەشەکەی تر ئۆپۆزسیۆن بن. بەمەش دۆخی سیاسی بە شێوەك دەبێت کەس نازانێت، کامە لایەنی سیاسی بەرنامەو کارنامەی باشتری بۆ خزمەتکردنی خەڵك هەیە، تا لە هەڵبژاردنی دواتردا میللەت دەنگ بە لایەنێکیان بداتو ئەوەی تریان سزا بدات.

دنیای سیاسی ئەمڕۆ، لە سەر بنەمای خزمەتگوزاریو ئارامیو پێشخستنی کۆمەڵگاکان بەندە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لەگەڵ پێشکەوتنە زۆرو زەوەندەکانی جیهان رێبکاتو بەرە بەرە وڵات بەئاستی ئەو کێبڕکێیە بگەینێت، کە مرۆڤایەتی خەریکیەتی.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیش لەسەر هەموو ئاستەکاندا بە ئاقارێکدا دەڕوات، هەر گەلو نەتەوەیەك خۆی لەگەڵدا نەگونجێنێت بێگومان بەجێ دەمێنێت.

بەڵام، ئێمە لە هەرێمی کوردستان هێشتا چاوەڕی موچەی مانگا نەو نەتەقیە نەوەی دۆخی ئاسایشین. جگە لەوەی چەندین کێشەی گەورەی نیشتیمانیو نەتەوەیشمان لەگەڵ عێراقی بەناو فیدراڵدا هەن، کەچی خەریکی قۆڵ بادانی یەکترینو شەرە پۆ ستو دووبەرەکی یەخەی گرتووین. ئەگەر هەر پۆستێکی گەورەو بچووکیە شمان لە بە غداد هەبێت، بێگومان هیچ لە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ناگۆڕێت. بۆ یە وابا شترە بەهۆش خۆمان بێینەوەو واز لە دوو بەرەکیو چوونە پاڵ دوژمنانمان بێنین.

ئەوەی لەو سیو دوو ساڵەدا گەلی کوردستان لەو هێزانەی قبوڵ کردووە، بەمانای رازیبوون بەو دۆخە نییە، هەروەها لەبەر چاوی رەشی بەرپرسو لایەنە سیاسیەکان نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە میللەتەکەمان نایەوێت جارێکی تر ژێر دەستەی دوژمنەکانی بێت. ئەبێ هەموو لایەنەکان بێ جیاوازی ئەو راستیە بزانن، ئەوەی لە کوردستاندا دەگوزەری نادادیو بێباکیەکی زۆرەو تاسەریش خەڵك لەو بێدەنگیەدا نامێننەوە. مرۆ قی کورد ئەگەر دیلی دوژمن، یان ژێردەستەی دەسەلاتداری ناوخۆی کوردستان بە یێت، هەر وەك یەکە، بۆیە دەبێ بیر لە خۆشگوزەرانیو ژیانو بژێوی خەڵكو پێشخستنی وڵاتە کەمان بکەینەوە، چونکە پێویستیە سەردەمیەکانی نەوەی ئێستامان زۆرنو دەرفەتی ژ یانیش کەم.

ساڵانە دەیان هەزار خوێندکارو قوتابی زانکۆ خوێندن تەواو دەکەنو دەرفەتی کارو دامەزراندنیش لەو ئاستەدا نییە کە بتوانن، خاوو خێزان دروست بە کەن، ئە مەش لە ئایندەدا دەبێتە کێشەکی نەك هەر تەنها کۆمەڵایەتیو ئابوورییو گوزەرانی، بەڵکو دەبێتە کارەساتێکی سیا سی وا تەڕو و شك بەیە کەوە دە سوتێنێت. بۆ یە دە بێ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان واز لە بێباکی خۆی بێن یێتو دەر فەت بۆ نەوەی ئێستامان بڕەخسێنێت، تا بەشداری هەموو کا یەکانی کۆ مەڵگا بنو رۆڵو توا نای گەنجێتیان بخەنە خزمەت وڵاتەکەیان.

نما

2022-11-1

نمای فیکرو فەلسەفە

* ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی بەگ.....ن: د.ئیسماعیل مەحمودی.....6
* جیهانی کافکایی!.....ن: ئاوات ئەحمەد سوڵتان.....26
* کورتە مێژوویێکی نیولیبرالیزم.....ن: سۆزان جۆرج....و: جەمال پیرە...44
* شوپنهاوەرو دایکی.....ن: ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل.....59
* شلایرماخێرو ڕاڤەی ئایین.....بەشی کۆتایی.....ن.و: مەسعود بابایی.....72
* سەبارەت بە گرفتەکانی ڕەخنەی مارکسیستی...و: عەبدوڵڵا سلێمان "مەشخەڵ"....105
*ترس لە شکست.....ن: د. زەکەریا ئیبراهیم....و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ.....122

ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی بەگ

پێگەی دەوڵەت لە ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی بەگدا



د.ئیسماعیل مەحمودی

بۆ کاك خدر حەسەن کە لێوانلێوە لە دڵسۆزیو نیشتمانپەروەری

پوختەی توێژێنەوە:

پاش زاڵبوونی "لەفزی تورك‌و تورانی" لە"جێگەی تەعبیری عموومیی عوسمانی"و بە واتایەك زاڵبوونی گوتاری دەوڵەت-نەتەوە لە ئەستەمبوڵی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم، زەکی بەگیش، هەست بە «غیرەت»و «غروری قەومی» دەکات‌و بیر لە ژیاندنەوەی شوناسی کوردیی لەرێگەی خوێندنەوەو نووسینەوەی مێژوو دەکاتەوە. زەکی بەگ سەرەڕای هەستکردنی بە «غروری قەومی»، لایەنگری لە

پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نە لەکاتی نیشتەجێبوونی لە ئەستەمبوڵو نە لە بەغدادیش ناکاتو لەم ڕووەوە، ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ڕووبەرووی ئەم پرسیارە ببێتەوە کە لە بەرچی ئەمین زەکی لەو سەردەمەدا، لایەنگریی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبووە؟

ئەم توێژینەوەیە، پێیوایە گەرچی ئەمین زەکی بەگ، ویستی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە وەك مافێکی بنەمایی‌و سروشتی پێناسە دەکات، بەڵام جیا لە کاریگەری گوتاری عوسمانیخوای‌و بەشداربوونی لەسیستەمی دەسەڵاتدا، ئاماژە بە «پێنگەیشتنی» کۆمەڵگای کوردی لەڕووی وشیاریی قەومی‌و گەشەی فەرهەنگی‌و هەروەها ڕێبەرانی شارەزای سیاسەت دەکات‌و بەم بۆنەوە، لەو سەردەمەدا لایەنگری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ناکات‌و لە بەرامبەردا، پێگەیاندنی کۆمەڵگای کوردی‌و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی قەومی، وەك ئەرك‌و ئەولەویەتی سەرەکی خۆی پێناسە دەکات.

وشە سەرەکیەکان:

ئەمین زەکی، ئەندێشەی سیاسی، دەوڵەتی کوردی، پێنگەیشتن، وشیاریی نەتەوەیی.

پێشەکی:

لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩)و سەرەتای سەدەی بیستەمی ئەستەمبوڵ، بە تایبەت سەردەمی نیشتەجێ بوونی ئەمین زەکی لە ئەستەمبوڵی ساڵەکانی (١٨٩٩-١٩٢٤)، ئەو شارە پێگەو بایەخێکی تایبەتی هەبوو. لەو سەردەمەدا، جیا لەوەی ئەستەمبوڵ شوێنی کۆبوونەوەی سیاسەتوانان‌و مونەوەرانی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بوو، ناوەندی تازەگەری‌و چاکسازی مونەوەرانی عوسمانی لە لایەکەوەو هەروەها مونەوەرانی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە بە کاریگەری لە ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی لە لایەکی دیکەوە بوو.

هەر لەم ئاراستەیەدا، لە بەر ئەوەی بەشێکی زۆری نیشتمانی کورد سەر بە دەسەڵاتی عوسمانی بوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە کاربەدەستانی کوردی سەر بە دەسەڵاتی عوسمانیش لەم شارەدا نیشتەجێ بوون‌و لەوەش گرنگتر بە هۆی بانگهێشتی میرانی کوردو نیشتەجێکردن‌و کردنەوەی یەکەم مەکتەبی عەشایەری لە سەر دەستی سوڵتان عەبدولحەمید دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩) لە ساڵی (١٨٩٢)، ئیتر ئەستەمبوڵ بووە ناوەندی

سەرەکی تازەگەریو مافخوازیی خوێندەواران‌و سیاسەتمەداران‌و کاربەدەستانی کوردو هەر لەم شارەدا یەکەم چینی مونەوەرو رۆژنامەنووس‌و سیاسەتمەداری کورد، سەریان هەڵدا. (ئەڵا کۆم، ٢٠٠٥: ٥٧).

ئەمین زەکی بەگ وەك عەسکەرێکی کوردی ئەو سەردەمەی ئەستەمبوڵ بە هۆی زاڵبوونی «لەفزی تورك‌و تورانی» لە «جێگەی تەعبیری عمومی عوسمانی»و بە واتاییەك بەرجەستەبوونی گوتاری ڕەگەزپەرەستانەی تورکی‌و تورانی، ڕەگی «غیرەت»و «غرووری قەومی» (ئەمین زەکی بەگ،٢٠٠٦: ١) دەجووڵێت، بەڵام سەرەڕای بیرکردنەوە لە شوناسی کوردی‌و هەوڵ بۆ ژیاندنەوەی لە رێگەی خوێندنەوەو نووسینی مێژوودا، نە تەنیا لایەنگری لە دەوڵەتی کوردی لەو سەردەمەدا ناکات، تەنانەت لە ساڵی ١٩٢٢و لە کاتی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتیش، ڕاشکاوانە سۆزی خۆی لە ئاست دەوڵەتی عوسمانی پیشان ئەدات‌و هەروەها بەشداری دەسەڵاتی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقیش دەبێت.

ئەم توێژینەوە پاش ئاماژەدان بە پێشینەی توێژینەوەی بابەتی ئەندێشەو بەرهەمەکانی ئەمین زەکی‌و هەروەها ژیان‌و سەردەمی، دەیەوێت بابەتی دەوڵەت لە ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی بەگدا، بخاتە بەرباس‌و توێژینەوەو لەم ئاراستەیەشدا، جیا لە باسکردن لە رەوتی ئەندێشەی ئەمین زەکی، دەیەوێت ڕوانگەی سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی لەو سەردەمەدا ڕوون بکاتەوە.

میتۆدی توێژینەوە:

بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە لە میتۆدی شیکاری-ڕەخنەیی کەڵك وەرگیراوەو مەبەست لەم میتۆدە ئەوەیە بۆ گەیشتن بە مەبەستی سەرەکی بابەتەکە، جیا لە ڕەچاوکردنی سەرجەم ڕەهەندە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە، بە چاوێکی رەخنەگرانەوە، خوێندنەوە بۆ بابەتەکە، واتە بابەتی ئەندێشەی سیاسی دەکرێت.

پێشینەی توێژینەوە:

سەبارەت بە بەرهەم‌و ئەندێشەو چالاکییە عەسکەری‌و پەرلەمانتارییەکانی ئەمین زەکی بەگ، دوو کتێب، چەندین وتار، یاداشت‌و توێژینەوە بە دوو زمانی کوردی‌و عەرەبی، بڵاوکراوەتەوە کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت.

بە زمانی عەرەبی:

کتێب: سەبارەت بە ئەمین زەکی بەگ، دوو کتێب بە زمانی عەرەبی نووسراوە کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت:

یەکەم: عیسام کازم (٢٠٠٢) ڕۆڵی دوو نوێنەری کورد لە سەردەمی مەلیك فەیسەڵی یەکەم، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەی ماجستێری نووسەرە کە تەرخان کراوە بۆ باسکردن لە ڕۆڵی سیاسیو کۆمەڵایەتی دوو نوێنەری کوردی سەردەمی مەلیك فەیسەڵ، بە تایبەت ڕۆڵی ئەمین زەکی.

دووەم: دارا جەمال غفور، محمەد ئەمین زەکیو ڕۆڵی سیاسیو ئیداری لە عێراق (١٩٢٤-١٩٢٨)، ئەم کتێبەش هەر نامەی ماجستێری نووسەرە کە لە سێ بەشدا، باس لە ژیاننامەی ئەمین زەکی بەگو ڕۆڵی سیاسیو ئیداری ئەو لە عێراقی پێش سەربەخۆییو پاش سەربەخۆیی دەکاتو هەوڵەکانی بۆ سەقامگیری عێراقو هەروەها بە دامەزراوەیی کردنی عێراق، وەك خاڵی ئیجابی ئەمین زەکی پێناسە دەکات.

وتار: تا ئەو جێگەی نووسەر ئاگادار بێت، بە زمانی عەرەبی نزیکی چواردە وتارو یاداشت سەبارەت بە ئەمین زەکی بەگ نووسراوە کە هەموویان، وەسفی کەسایەتیو مێژووی ئەمین زەکی بەگە (ڕەفیق سالح،٢٠١٠: ٣٨٦-٢٧٩)، تەنیا توێژێنەوەیەك کە بە زمانی عەرەبی سەبارەت بە ئەمین زەکی بەگ نووسراوە. ئەوەی کەمال مەزهەرە.

کەمال مەزهەر(٢٠١٠) مقدمة الطبعة الثانية من كتاب (خلاصة تاريخ الكردو كردستان)، نووسەر، پاش نووسینەوەی ژیانو هەروەها ئاماژەدان بە سەردەمو شێوازی مێژوونووسی ئەمین زەکی بەگ، بۆ یەکەم جار ئاماژە بە دوو تایبەتمەندی ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی دەکاتو لەمبارەوە دەنووسێت:"ئەو بڕوای بە یەکێتی عێراق هەبووەو ڕاشکاوانەش بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی لە نووسینو لێدوانو گفتوگۆو دانیشتنە گشتیو تایبەتییەکانی خۆیدا، ڕای خۆی دەڕبریوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو بڕوای بە خەباتی چەکدارانە نەبوو لەمەشدا لەگەڵ زۆربەی سەرکردە ناسراوەکانی کورد، لەوانە شێخ مەحموودو سەرکردەکانی بارزان پەیوەندی نەبووەو دابڕابوو. بەڵکو ئەو تەنانەت کوشتاری ڕۆژی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠، ڕیسوا نەکردووە)).(کەماڵ مەزهەر، ٢٠٠٦: ح). جیا لە هەندێ کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، ئەم پرسیارە سەرەکیەش، بێ وەڵام ماوەتەوە، بۆ چی ئەمین زەکی لایەنگری دەوڵەتی کوردی نەبووە؟

به زمانی کوردی: تا ئیستا سەبارەت بە بەرهەمو ئەندێشەی ئەمین زەکی، هیچ کتێبێکی بڵاونەکراوەتەوەو ئەوەی بڵاوبووتەوە لە قەوارەی وتارو یاداشت بووە.

وتار: لە قەوارەی وتارو یاداشتو توێژێنەوە، جگە لە نووسراوەکانی پیرەمێرد، نزیکی سیو دوو نووسین. (ڕەفیق سالح، ٢٠١٠: ٤٠-١٣٢) سەبارەت بەژیانو کەسایەتیو بەرهەمەکانی ئەمین زەکی بەگ نووسراوە کە دەکرێت لەچەند بەشدا ئاماژەیان پێ بکرێت:

یەکەم: وەسفو سۆز، زۆربەی ئەم یاداشتو نووسینانە لە لایەن نووسەرانو مونەوەرانی سەردەمی ئەمین زەکی بەگو بە تایبەت پاش مەرگی ئەو نووسراونو لە ریزی ئەم کەسانە دەکرێت، ئاماژە بە کەسانی وەك پیرەمێرد، عەلی کەمال باپیر، ڕەفیق حیلمی، بە تایبەت عەلائەئایین سەجادی بکرێتو هەڵبەت لەم نێوەندەدا نووسراوەکەی سەجادی، چونکە بە وردی باسی لە ژیانی ئەمین زەکی کردوەو دواتر بووتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ توێژەرانی ژیانی ئەمین زەکی، تا ڕادەیەك تایبەتە.(سەجادی، ١٩٤٨: ٥٤-٦٤).

دووەم: ئاماژەیەکی خێرا بە بەرهەم یان ڕەهەندێکی فیکری ئەمین زەکی، لەم بارەشدا دەکرێت ئاماژە بە نووسینەکانی سەباح غالب، محەمەد حەمە بۆر، مستەفا نەریمانو عیزەدئایین مەستەفا ڕەسوڵ بکرێت.(ڕەفیق سالح،٢٠١٠: ٩٦-١٠٦-١٤٤-١٥٤)

سێهەم: ئاماژە بە هەڵە مێژووییەکانی ئەمین زەکی بەگ، دوو نوسین لەلایەن جەمیل ڕۆژبەیانیو حیسامەدئایین نەقشبەندی لەم بوارەدا نووسراون.(هەمان:لاپەرەکانی ١٦٧-١٨٢ تا ٢٢٣-٢٥٩)

چوارەم، توێژێنەوە: دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە لەم بابەتەدا تەنیا یەك توێژینەوەو ئەویش لە لایەن خالید تەوەکولییەوە کراوە.

تەوەکوولی، خالید (٢٠١٠) مۆدێلی ناسیۆنالیزمی محەمەد ئەمین زەکی بەگو پرۆژەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، چی لە بارەی ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە.(سلێمانی، بنکەی ژین، لا ٢٥٩- ٢٧٤)

پرسی سەرەکی ئەمین زەکی بەگ لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی چی بوو؟ بۆچوونو هەڵسوکەوتی سەبارەت بەم پرسە چۆن بووە؟ توێژێنەوەکەی تەوەکولی لە وەڵامی ئەم دوو پرسیارەدا نووسراوە، توێژەر پاش پێناسەکردنی ئەمین زەکی بەگ وەك چالاکوانێکی سیاسیو کەسایەتیەکی پایەبەرزی کارگێری (تەوەکولی، ٢٠١٠: ٢٥٩) بە

باسکردن لە ناسیۆنالیزمی مەدەنیو چاکسازیانە لە بەرامبەر ناسیۆنالیسمی نەتەوەییو جوداییخوازانە (هەمان: ٢٦١- ٢٦٤)و هەروەها ئاماژەکردن بە هەنگاوەکانی ئەمین زەکی بەگ لەم پێناوەدا واتە شوناسسازی لە رێگەی بەرزکردنەوەی گوتاری ئیمەو ئەوان، ئەمین زەکی بەگ وەك ئەندازیاری ناسیۆنالیزمی کوردی (هەمان: ٢٧١)و ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات.(هەمان: ٢٧٤)

ئەم توێژێنەوەیە سەرەڕای هەوڵێکی بەرچاو بۆ ڕوون کردنەوەی هەندێ لایەنی فیکری ئەمین زەکی، ئەو پرسیارەی کە لەم توێژێنەوەیەشدا وەك توێژێنەوەکەی کەمال مەزهەر، بێ وەڵام ماوەتەوە ئەوەیە، بۆ چی ئەمین زەکی لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەو سەردەمەدا نەبووە؟ کەواتە ئەم توێژێنەوەیە دەیەوێت بۆشایی ئەم پرسیارە، واتە پرسیاری دەوڵەتی کوردی لە ئەندێشەی ئەمین زەکی بەگدا پڕ بکاتەوە.

١-ئەمین زەکی بەگ: ژیان و سەردەمی

١-١ لە سلێمانیەوە بۆ ئەستەمبوڵ:

ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠-١٩٤٨) لە سلێمانی لەدایك دەبێت، خوێندنی سەرەتایی لە حوجرە دەست پێدەکاتو هاوکات بە پێی نەریتی ئەو سەردەمە، سەرقاڵی فێربوونی دوو زمانی عەرەبیو فارسی دەبێتو دواتر لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە دەچێتە مەکتەبو پاش ساڵێك لە مەکتەبی عەسکەری ڕووشدیە وەردەگیرێت، پاش کۆتایی هێنانی مەکتەبی ڕووشدیە، لە ساڵی ١٨٩٦ دەچێتە ئامادەیی سەربازی لە بەغداو سەرکەوتووانە تێپەڕی دەکات، (سەجادی،١٩٤٨: ٦٤-٥٤)و لە ساڵی (١٨٩٩) ڕوو دەکاتە ئەستەمبوڵ.(دارا غفور،٢٠٠: ١)

لە ئەستەمبوڵ لە سەرەتادا لە مەکتەبی عەسکەری کولیە، خەریکی خوێندنی وانەی عەسکەری دەبێت، لە ساڵی ١٩٠٢، پلەی مولازمی دووەم وەردەگرێتو بەم بۆنەوە لە کولێژی ئەرکان وەردەگیرێتو دوو ساڵ دواتر بە پلەی سەرۆك ئەرکان کۆتایی بەم بەشەش دەهێنیتو بە هۆی شارەزایی لە بەشی عەسکەری، بەشداری لە لێژنەی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیاو بولغاریا دەکاتو بە هۆی کارەکەیەوە واتە تۆپۆگرافی سەردانی وڵاتانی ئەوروپاو لەوانەش فەرەنسا دەکاتو تا ساڵی ١٩٢٤ واتە هەشت ساڵ پاش جەنگی جیهانی یەکەمو ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو سەرهەڵدانی تورکیای نوێ لەم شارەدا دەمێنێتەوە.(سەجادی، ١٩٤٨: ٦٤-٥٤)

کاتێ ئەمین زەکی لە نێوان ساڵەکانی (١٨٩٩- ١٩٢٤) لە ئەستەمبوڵ نیشتەجێ دەبێت، جیا لەوەی نزیکەی (١٨٠) ساڵ لە مێژووی چاکسازیو تازەگەری لەو شارەدا تێپەریبوو، نزیکەی (64) ساڵ لە دەستپێکردنی سەردەمی تەنزیمات، نزیکی (٣٤) ساڵیش لە سەرهەڵدانی یەکەم بەرەی مونەوەرولفیکرانی عوسمانیو هەروەها سەرکەوتنی گوتاری سەربەخۆییخوازی مونەوەرانی نەتەوەکانی وەك یۆنانیو بولگاریو سەرهەڵدانی گوتاری شوناسخوازیی عوسمانییە نوێیەکانو تورکە گەنجەکان تێپەریبوو. هەر لەم ئاراستەیدا خاڵی گرنگتر ئەوە بوو، ئامادەبوونی ئەمین زەکی لە ئەستەمبوڵ هاوکات بوو لەگەڵ گەشەکردنی وشیاریی نەتەوەییو هەروەها هەوڵ بۆ نەتەوەسازی لەلایەن یەکەم نەوەی مونەوەرانی کوردی نیشتەجێی ئەستەمبوڵو هەروەها بڵاوکردنەوە چەندین رۆژنامەی وەك کوردستان (١٩١٢)، ڕۆژی کورد (١٩١٣) هەتاوی کورد (١٩١٣) ژین (١٩١٨)و هەروەها دامەزرانی چەندین رێکخراوو ناوەندی وەك «جەمعیەتی تەعاوەنو تەرەقی» (١٩٠٨)، «تەعالی کوردستان» (١٩١٨)، «کۆمەڵەی هێڤی قوتابیانی کورد» (١٩١٢)و بە تایبەت «جەمعیەتی تەعالی کوردستان» (١٩٢٢-١٩١٨)و هەروەها چەندین ڕووداوی چارەنووسازی دیکە بوو. لە ریزی ئەم ڕووداوە چارەنووسسازانەی سەردەمی ئەمین زەکی لە ئەستەمبوڵ، دەکرێت ئاماژە بە جەنگی یەکەمی جیهانی، ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، سەرکەوتنی کەمالیستەکان لە ساڵی ١٩٢١، راگەیاندنی کۆماری تورکیای نوێ لە ساڵی ١٩٢٣و سەرهەڵدانی چەندین شۆڕشی کوردی وەك شۆڕشی کۆچگیری (١٩٢١)، راپەرینی شێخ سەعید (١٩٢٣)و هەروەها بڕیاری کۆبوونەوەی قاهرە (١٩٢١)و بریاری (٢٣) ئەپریلی ١٩٢٣ی ئینگلیز بکرێت. ئەمین زەکی لەم ماوەیەدا واتە لە کاتی نیشتەجێ بوونی لە ئەستەموڵ، هەشت کتێبی بەزمانی تورکی عوسمانی سەبارەت بە سوپای عوسمانیو بەواتایەك لە پێناو مانەوەو ژیانەوەی گوتاری عوسمانی نووسیون (کەماڵ مەزهەر،٢٠٠٦: ڕ)و پاش قبووڵکردنی ڕووخانی عوسمانیو کۆتایی ئیمپراتۆریەتیش، ئەستەمبوڵی بەرەو بەغدا، واتە پایتەختی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق بەجێهێشت.

١-٢-لە ئەستەموڵەوە بۆ بەغداد

ئەمین زەکی لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٢٤، واتە یەك ساڵ پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ڕوو لە بەغدا دەکات. سەرەتا لە

سوپا بە پلەی مەقەدەمو دواتر لە خانەی مەشق وەك مامۆستا، دەست بەكار دەبێت. لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ لە بەر شارەزایی لە بەشی تیۆری سەربازی دەبێتە فەرماندەی مەكتەبی سەربازی مەلەكی كە دواتر دەبێتە كولێژی سەربازیو پاش چەندین مانگ مانەوە لەم پۆستە سەربازییە، دێتە مەیدانی سیاسەتەوەو وەك نوێنەری پارێزگای سلێمانی بۆ یەكەمین خولی پەرلەمانی عێراق لەساڵی ١٩٢٥ هەڵدەبژێرێتو لە پەرلەمانیش وەك جێگری سەرۆكی ئەنجومەنو سەرۆكی لێژنەی سەربازی دیاری دەكرێت. (دارا غفور، ٢٠٠٨: ٤٢-٤٧).

لە ساڵی ١٩٢٥و لە بڕیارێكی شاهانەدا، پۆستی وەزارەتی ئەشغالو گەیاندنی پێ ئەدرێتو تا ساڵی ١٩٤٢، نۆ جار پۆستی وزاری وەردەگرێتو لە رۆژی سێی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٤٢، لە وەزرات دەكێشیتەوەو وەك ئەندامی مەجلیسی شیوخی تا كاتی مەرگی دەمێنێتەوەو دەرئەنجام لە ساڵی ١٩٤٨و لە تەمەنی ٦٨ ساڵاندا، لە شاری سلێمانی كۆچی دوایی دەكات. (سەجادی، ١٩٤٨: ٦٤-٥٤)

ئەمین زەكی لە بەغداد، جگە لەكاری سیاسیو بەرێوەبردنی ئەركی پەرلەمانتاریو ئیداری، سەرقاڵی نووسینی وتار یاداشت نوسین لە ڕۆژنامە عەرەبیەكانی ئەو سەردەمە دەبێتو لەبواری عەسكەریشدا نامیلكەیەك بە زمانی عەرەبی سەبارەت بە سوپای عێراق لەساڵی ١٩٢٩ بڵاو دەكاتەوە، جگە لەم بەرهەمە، چوار كتێب بە زمانی كوردی سەبارەت بە مێژووی كوردو ناودارانی كورد لە نێوان ساڵەكانی (١٩٣١-١٩٤٠)و هەروەها دوو نامیلكەش سەبارەت بە كاروباری پەرلەمانی بڵاو دەكاتەوە.

٢-ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەكی بەگ:

٢-١-ڕەوتی فیكری ئەمین زەكی بەگ

ئەمین زەكی بەگ لە ماوەی نیشتەجێبوونی لە ئەستەمبوڵدا، خۆی وەك بەشێك لە گوتاری عوسمانیخوازی پێناسە دەكاتو لەم پێناوەشداو بۆ بەهێزكردنی سوپای عوسمانی وەك پارێزەری سەرەكی دەوڵەتی عوسمانی، هەشت كتێب بە زمانی تورکی دەنووسێتو تەنانەت بە نووسینی كتێبی «بەغداو كارەساتی لە دەستچوونی» لە ساڵی (١٩٢٢)دا، سۆزی خۆی بۆ جیابوونەوەی بەغدا لە دەوڵەتی عوسمانی ناشارێتەوەو باس لە «دڵو دەروونێكی عوسمانیخوازە» دەكات كە لە ئاست ئەو كارەساتە دڵی تەوساوەتەوە.(مستەفا نەریمان، ٢٠٠٦: ٦٥-٦٠)

هەر لەم ماوەیەداو بە واتایەك لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمو بە هۆی زاڵبوونی گوتاری تورانخوازیو تورکخوازیو بە وتەی ئەمین زەکی پاش ئەوەی لە «جێگەی تەعبیری عموومیی «عوسمانی»، لەفزی «تورك»و «تورانی» لە تورکیادا» زاڵ دەبێت.(ئەمین زەکی بەگ، ١: ٢٠٠٦) ئەویش تووشی گومان لە شوناسی عوسمانی خۆی دەبێتو وەك «ئەفرادی میللەتەکانی تر»، لە «ناو ئەو کۆمەڵەدا» ئیتر «غیرەتی» هەست پێ دەکاتو «غروری قەومی، مەجبووری دەکات کە لە هەموو فرسەتێکدا ئەم حیسسەی خۆی ئیزهار» بکات، بەڵام «دەرحەق بە ئەسڵو تەئریخی قەومەکە»ی کەمترین شارەزایی نەبوو لە بەر ئەوەی «کەلیمەی جامیعەی عوسمانلی، ئەعسابی قەومییەی» هەموویانی «خاو کردبووەوە»و لێرەوە، پرسیاری: "قەومی کورد لە چ نەتەوەیەکە؟ چی بە سەر هاتووە»؟ (ئەمین زەکی بەگ، ١: ٢٠٠٦) دەبێتە پرسی سەرەکی ئەندێشەی ئەمین زەکی.

بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە، ڕوو لە خوێندنەوەی مێژوو دەکاتو لە ساڵی ١٩٠٨ەوە تا ساڵی ١٩١٧ خەریکی نۆت هەڵگرتن لە مێژووی کورد دەبێتو لەم ساڵەشدا بەهۆی «موسیبەتێکی گەورە»وە واتە ئاگرگرتنی گەڕەکەکەیان، «خانووەکەی» ئەویش دەسووتێو ڕەنجی «پێنج شەش ساڵەی» نۆت هەڵگرتنی لە شوناسو مێژووی کوردی لە کیس ئەچێت.(ئەمین زەکی بەگ،٢ : ٢٠٠٦)

پاش ئەم ڕووداوە، ڕووداوی چارەنووسازی وەك کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەمو ڕووخانی ئیمپراتۆریەتو سەرهەڵدانی ئەتاتورك، دەرفەت بۆ بەردەوامبوون لە گەڕان بە دوای خوێندنەوەی مێژووو مێژوونووسی ناهێڵێتەوەو پاش دامەرزانی دەوڵەتی عێراقیش، تورکیای ئەتاتورك بەجێ دەهێڵتو لە ساڵی ١٩٢٤ ڕوودەکاتە بەغداد.

لە بەغداد سەرقاڵی کاروباری عەسکەریو دواتر نوێنەرایەتی پەرلەمانو وەزارەت دەبێتو (٥) ساڵ پاش گەڕانەوەی لە ئەستەمبوڵ، لە پاڵ هەوڵی بەردەوامی بۆ گەشەپێدانی بواری فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری کوردستان، لە ساڵی (1929) بەهۆی دەستخستنی «ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام»و خوێندنەوەی «بەحسێکی مەخسووسی کورد» لە نووسینی «مینۆرسکی»، ئەمین زەکی هان ئەدات «سەرلەنوێ، قەرار» لە نووسینی مێژووی کوردستان بداتو دەرنجام کتێبی «خولاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان» لە ساڵی ١٩٣١ بڵاودەکاتەوەو دواتریش دوو کتێبی «تەئریخی وڵاتی سلێمانی»و «پیاوە گەورەکانی کورد» هەر لەم ئاراستەیەدا بڵاو دەکاتەوە.

دەکرێت باس لەوە بکرێت ئەمین زەکی لە بەغدا لە لایەکەوە لە ڕێگەی نووسینی مێژووی کوردو کوردستانو هەروەها ناودارانی کورد، هەوڵ بۆ گەشانەوەی هوشیاریی قەومیو ژیانەوەی شوناسو پەردەهەڵدانەوە لە ڕابردووی کورد دەداتو لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە هەوڵ بۆ گەشەپێدانی بواری فەرهەنگی، سیاسیو ئابووری لە ڕێگەی کردنەوەی مەکتەبخانە، ناردنی خوێندکاری کورد بۆ دەرەوە، پەروەردەکردنی مامۆستای کورد، دانانی بەرپرسی کورد، بە فەرمی کردنی زمانی کوردیو سەلماندنی جوگرافیای کوردستان وەك بەشێکی خاوەن مافی تایبەت لە عێراق دەدات.(ئەمین زەکی بەگ، ٢٠٠٥: ٣١-٦٨).

شێوازی ئەمین زەکی بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە بەجۆرە بوو کە «دائیما مولاحەزەی حاڵو ئەحواڵ بکاو لە ئیفراتو تەفریت خۆی بپارێزێ دائیما دوورئەندێشو موعەتەدیل بێ، لە فیکرو قەناعەتدا سابیت بێ فڕبڕی نەبێو لە پێش تەلەبکردنی هەرشتێکدا مولاحەزەی ئیمکانی بکا»و پێوابوو گەر ئەم شێوازە ڕەچاو نەکرێتو «بە سەوقی غەرەزی شەخسیو بە قصەی ئەمو ئەو خۆی» بەهاوێتە ناوەوەو « هەراو زەنای بێسوودو بێ مەعنا» بکات، بێ گۆمان ئیتر «مووەفەق بە خدمتکردن نابێو جگە لەمەش لە لایەکەوە خۆی پیاو خراپ دەکا، لە لایەکیتریشەوە ئابڕووی مووەکیلەکانیو وەتەنەکەیشی دەبا». (ئەمین زەکی،٢٠٠٥: ٣١-١)

لێرەدا پرسیار ئەوەیە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵانەی کە ئەمین زەکی بەگ بۆ ژیانەوەی شوناسی کوردی لە لایەکەوەو گەشەپێدانی بواری وشیاریی نەتەوەی کورد لە لایەکی دیکەوە داویەتی، دەوڵەت لە ئەندێشەی ئەودا خاوەن چ پێگەیەك بوو؟

٢-٢- پێگەی دەوڵەت لە ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی بەگدا:

کەس ناتوانێ ئینکاری بکا کە لە هەموو میللەتێکدا کەمێ زۆر، مەیلی سەربەخۆیی هەیەو ئەمەش لە حقووقی ئەساسییەو تەبیعییەی ئەفرادو ئەقوامە لەم خسووسەوە تەعقیبی هیچ کەسێو هیچ قەومێ نابێ بکرێ.(ئەمین زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ١٩٥)

زەکی بەگ نایشارێتەوە کە ویستی سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەت لە نێوان نەتەوەکانداو لەوانەش نەتەوەی کورد، بوونی هەیەو لەمبارەوە ڕاشکاوانە دەڵێت ئەم مافە: «کەس ناتوانێ ئینکاری بکا».(ئەمین زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ١٩٥)و گرنگتر ئەوەی وەك «حقووقی ئەساسییەو تەبیعییەی ئەفراو ئەقوامە» پێناسەی دەکات کە «لەم

خسووسەوە تەعقیبی هیچ کەسێو هیچ قەومێ نابێ بکرێ)).(ئەمین زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ١٩٥). زەکی جیا لەوەی بە ڕاشکاوانە سەربەخۆیی، وەك ماف پێناسەدەکات، هەندێ ئاماژەی دیکەی هەیە کە گوزارشت لە ویستو حەزی ئەمین زەکی بۆ سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی کوردی دەکاتەوەو لەم ئاراستەیەدا دەکرێت، ئاماژە بە نموونەی وەك، گێرانەوەی حەماسیانەی مێژووی قەڵای دمدم.(ئەمین زەکی، ١٠٥:٢٠٠٥-٩٣). شانازی کردن بە پرسی سەربەخۆیی خوازی میر بەدرخان.(هەمان،١٦٩-١٧٢)، بایەخدان بە مێژووی کوردستانو گەڕاندنەوەی ڕەچەلەکی کورد بۆ زنجیرە قەومەکانی زاگرۆس.(هەمان،٢٠٠٦: ٦٦)، جەخت کردنەوە لەسەر جیاوازی کوردو سەربەخۆیی زمانی کوردی لە زمانو نەتەوەکانی دیکە،(هەمان: ٤٩) هەوڵی بەردەوامی بۆ بەفەرمی کردنی زمانی کوردیو هەروەها بۆ ئاوەدانکردنی کوردستانو پێگەیاندنی منداڵانی کوردو گرنگتر لە هەمووی جووڵەی وەك نوێنەری سەرجەم کوردستانی عێراق بکرێت، کە دەکرێت وەك نموونەی دەوڵەت خوازی ئەمین زەکی بەگ ئاماژەیان پێ بدرێت.

٢-٢-ئەمین زەکی بەگو دەوڵەتی کوردی:

هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەمین زەکی لە ژیانی سیاسی خۆیدا قەت بە ئاشکرا، لایەنگری لە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەکردووەو تەنانەت «بڕوای بە خەباتی چەکداری نەبوو، لەمەشدا لەگەڵ زۆربەی سەرکردە ناسراوەکانی کورد لەوانە شێخ مەحموودو سەرکردەکانی بارزان، پەیوەندی نەبوو... بەڵکو ئەو تەنانەت کوشتاری ڕۆژی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ ریسوا نەکردووە کە لە سەر دەستی هێزەکانی حکومەت لە سلێمانی شارەکەی خۆی ڕوویداو بە ناوی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول لە میژووی هاوچەرخی کوردا تۆمار کراوە».(کەمال مەزهەر ، ٢٠٠٦: ح)

بەکورتی لەو سەردەمەدا، جیا لەوەی لایەنگری دەوڵەتی کوردی نەکردووە، تەنانەت سۆزی بۆ خەباتی چەکداری لە پێناو دەوڵەتی کوردی نیشان نەداوە کە لێرەدا هەوڵ ئەدرێت هۆیەکانی لایەنگری نەکردنی لە ڕێگەی بەرهەمەکانیەوەو بە تایبەت، کتێبی خولاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان وەك شوێنی دەربڕینی ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی بەگ، ڕوونو شیبکرێتەوە.

٢-٣ :هۆکارەکانی لایەنگری نەکردنی ئەمین زەکی لەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی

سۆزی عوسمانیخوازی، پۆستی حکومیو به تایبەت پرسی پێنەگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی (له بواری وشیاریی قەومی، خیانەتو ڕەکابەریەتی میرانی کوردو هەروەها نەبوونی ڕێبەرانی شارەزای سیاسەت)، مەترسی ماڵوێرانیو نەبوونی بڕوا به یارمەتی زلهێزەکان له ریزی ئەو بەربەستو هۆکارانەن که له ڕوانگەی ئەمین زەکی بەگەوه دەکرێت وەك هۆکاری سەرەکی لایەنگری نەکردنی له دەوڵەتی کوردی پێناسه بکرێت که لێرەدا ئاماژه به گرنگترینی ئەم هۆکارانه دەکرێت.

٢-٣-١-عوسمانیخوازیی و گوتاری عوسمانیگەرایی:

ئەمه پێنج ساڵو دوو مانگه بەغدادو عێراق له خاکی عوسمانی جیابوونەتەو چوونەته عالەمێکی دیکەوه، ئەمڕۆ به دڵو دەروونێکی عوسمانیخوازەوه دڵم بەو کارەساته دەتەوزێتەوه.(ئەمین زەکی بەگ، ٢٠١٠: ١٦٦-١٥٨)

هاوکات لەگەڵ ئامادەبوونی ئەمین زەکی بەگ له ئەستەمووڵ واته له نێوان ساڵەکانی (١٨٩٩- ١٩٢٤)، نزیکی (٦٠) ساڵ له گوتاری عوسمانیخوازیو (٢٣) ساڵ له زاڵبوونی گوتاری ئیسلامخوازی تێپەڕیبوو، لەم دوو گوتارەدا، کورد هەم وەك بەشێك له دانیشتووانی عوسمانیو هەم وەك موسڵمانی سوننه ئایین، له دەستووری عوسمانیدا خاوەن مافی یەکسان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکه بووەو له سێبەری ئەم گوتارەدا، ئەمین زەکی توانی له ماوەیەکی کەمدا، پله سەربازییەکان تێپەڕکاتو کەمتر هەست به ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بکاتو خۆی وەك بەشێك لەو گوتاره پێناسه بکات، ئەو گوتارەی که به قسەی خۆی «ئەعسابی قەومییەی تا دەرەجەیەك خاو کردبووەوه» که بیر له شوناسی خۆی نەکاتەوه. بەڵام به زاڵبوونی گوتاری تورانخوازیو به وتەی خۆی پاش ئەوەی له جیاتی «تەعبیری عموومیی عوسمانی، لەفزی تورکو تورانی له تورکیادا باوی سەند» هەستی بۆ کوردبوونو کوردستان بەدەرکەوت.

سەرەڕای سەرهەڵدانی پرسیاری شوناسخوازی لەلای ئەمین زەکیو زاڵبوونی گوتاری ڕەگەزپەرەستانەی تورانخوازیو تورکخوازیو به پەراوێزخستنی کورد له لایەن ئەم دوو گوتارەوه، بەڵام هەر شایەتی ئەوەین، زەکی بەگ، هێشتا سۆزی بۆ عوسمانیو گوتاری عوسمانیخوازیو ئیسلامخوازی هەیه، بۆ نموونه له ساڵی (١٩٢٢)و سەبارەت به هۆیەکانی شکستی عوسمانیو لەدەستدانی بەغدا له کتێبی «کارەساتی له دەستچوونی بەغدا»،

باس لە ئازارمەندی خۆی دەکاتو ڕاشکاوانە دەنووسێت: «ئەمە پێنج ساڵو دوو مانگە بەغدادو عێراق لە خاکی عوسمانی جیابوونەتەوەو چوونەتە عالەمێکی دیکەوە، ئەمڕۆ بە دڵو دەروونێکی عوسمانیخوازە دڵم بەو کارەساتە دەتەوزێتەوە.(ئەمین زەکی بەگ، ٢٠١٠: ١٦٦-١٥٨)و سەیرتر ئەوەی هێشتا هیوای بە ژیانەوەی ئەم گوتارەو تەناتەت ژیانەوەی ئیمپراتۆریەتی مردووی عوسمانی هەیەو لەمبارەوە دەنووسێت «چونکە دەبینم وڵاتی ئیسلامی پیرۆزمان وا خەریکە پەرتو بڵاودەبێتەوە، دانیشتووانی عوسمانی دەبێ وریا ببنەوەو پەند لە ڕابوردو وەربگرن...ئەو هەڵانەی کە لە عێراقدا کردوومانە».(ئەمین زەکی بەگ، ٢٠١٠: ١٦٦-١٥٨)

هەق بە ئەو بوو، گوتاری عوسمانیخوازیو ئیسلامخوازی، «ئەعسابی قەومییەی» ئەمین زەکی بەگو مونەوەرانی دیکەی کوردی تا «دەرەجەیەك خاو کردبووەوە» کە تەنانەت رۆژنامەی «کوردستان»یش بەردەوام رووی لە خەلیفە بوو، سەیرتر ئەوەی مونەوەرانی کوردی نەتەوەخوازیش «زۆربەیان قاچێکیان لە عوسمانی بوو ئەوی دیکەیان لە نێو کوردستان، ئەوان بەس دەیانویست ببنە وەزیرو نەك شتی دیکە». (بزارسلان،١٣٩٨: ٢١٧). بەم وەسفەوە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، سۆزی ئەمین زەکی بۆ گوتاری عوسمانیخوازیو ئیسلامخوازی کە تەنانەت لە دواین ساتەکانی ئیمپراتۆریەتدا بە ڕاشکاوانە ڕایدەبڕێت، یەك لەو هۆکارە سەرەکیانە بوو کە ئەمین زەکی لەکاتی نیشتەجێبوونی لە ئەستەمبوڵدا، لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەدەکرد.

٢-٣-٢-بەشداریکردنی لە سیستەمی دەسەڵاتدا:

ئەو کاتەی کە ئەمین زەکی لە ئەستەمبوڵ نیشتەجێ دەبێت، پلەی عەسکەری دەوڵەتی عوسمانی وەردەگرێتو دەبێتە بەشێك لە سیستەمی عوسمانیو تا دواساتەکانی لەو سیستەمەدا دەمێنتەوەو هەروەها پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە بەغدادیش تا ساتی مەرگی، وەك بەشێك لە دەسەڵات دەمێنێتەوەو تەنانەت نۆ جار پۆستی وزارەت، یەکجار کورسی نوێنەرایەتی پەرلەمانو هەروەها چەندین پۆستی عەسکەری دیکەش وەردەگرێت.

پێوەستبوونی ئەمین زەکی بە سیستەمی دەسەڵاتەوە، وای لێ دەکات، چ لە ئەستەمبوڵو چ لە بەغداد، ئیتر نەوێرێت ڕاشکاوانە، باس لە دەوڵەتی کوردی بکاتو

تەنانەت لە پێناو بەهێزکردنی سوپای عوسمانی هەشت کتیب بە تورکی بنووسێتو لە بەغداش سەرەڕای هەوڵ بۆ کۆمەڵگەی کوردی، سەبارەت بە بەهێزکردنی سوپای عێراق، کتێب بنووسێتو گرنگتر لەوەش لە رێگەی نووسینی نامیلکەی «دوو تەقەلای بێ سوود»، بۆ مانەوەی عێراقو جیا نەبوونەوەی کورد هەوڵ بداتو ئاوا ڕوو لە مەلیك فەیسەڵ، سەرەڕای دانپێدانان بە پێشلکردنی مافەکانی کۆمەڵگەی کوردیو مەغدووریییەتی کورد بکات: «خولاصە لە سوودەی عالییەی مەلەکی ئیستیرحام ئەکەم بە چاوێکی عەتفو مەرحەمەت تەماشای ئەم مەسئەلە موهیممە بکرێو بۆ چارەکردنی زوو ئەمر بدرێ تا ئەم ئیختیلافاتە لەناوا نەمێنێو وەحدەی موحتەرەمەی عێراق مەحفووز بێو دڵی قەومی کورد بێتەوەجێو ببێتە عونصورێکی موخلڵصو حاریسێکی صادیق بۆ عەرشی جەلالەتتان، ئیتر ئیستیرحام ئەکەم کە لە بابەت سەربەستیی فیکرو مەعروزاتم عەفوو بفەرموون».(ئەمین زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ٤٩)

کەواتە وەرگرتنی پۆستو بوونی بە بەشێك لە دەسەڵات وای لە ئەمین زەکی بەگ کردبوو کە سەرەڕای ئیزعان کردنی بە پێشلکردنی مافی کورد لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەدا، هەر خۆی بە بەشێك لە دەسەڵات پێناسە بکاتو لایەنگری لە دەوڵەتو شۆڕشی چەکداری کوردی نەکات.

٢-٣-٣-"پێنەگەیشتن"ی کۆمەڵگەی کوردی:

سەبەبی هەرە ئەساسیی سەرنەگرتنی حەرەکاتی کورد، پێنەگەیشتنیەتی؛ دوێنێ وا بوو، ئەمڕۆش وایە. بۆ پێکەوەنانی ئیدارەیەکی سەربەخۆ ـ باخسووس لەم دەورەدا ـ لە پێش هەموودا دوو شت زۆر پێویستە: عیلمو سەروەت؛ هەر قەومێك کە لەم دوو خەزێنەیە مەحرووم بێ، سەربەخۆیی چنگ ناکەوێ. (ئەمین زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ١٧٧)

ئەمین زەکی بەگ لە کاتی باسکردن لە بایەخی مێژوونووسی، ئاماژە بە دوو خاڵی زانستو سەرمایە وەك دوو خاڵی پێویست بۆ سەربەخۆیی دەکاتو لەمبارەوە دەنووسێت:« بەڕاستی تاریخ ئاوێنەیەکی عیبرەتەو ئینسانو ئەقوام ئەبێ دائیمەن ئیستیفادەی لێ بکەنو لە سەبەبی سەرنەگرتنی بەعزێ ئیشو قیام باش ورد ببنەوەو تووشی عەینی نەتیجەو فەلاکەت نەبن. لە سەرەوە گوتمان کە سەبەبی هەرە ئەساسیی سەرنەگرتنی حەرەکاتی کورد، پێنەگەیشتنیەتی؛ دوێنێ وا بوو، ئەمڕۆش وایە. بۆ پێکەوەنانی ئیدارەیەکی سەربەخۆ ـ باخسووس لەم دەورەدا ـ لە پێش هەموودا دوو شت

زۆر پێویستە: عیلمو سەروەت؛ هەر قەومێك كە لەم دوو خەزێنەیە مەحرووم بێ، سەربەخۆیی چنگ ناكەوێو هەر هەوڵێكی كە بۆی ئەدا، بە با ئەچێو زەرەری ماڵیو ڕۆحی بۆی ئەبێ؛ شایەد سیاسەتی عموومییە موساعەدەی بكاو بە مەقسەدیش بگا، ﴿بەڵام﴾ لە غایەكەی خێر نابینێو ناحەسێتەوەو بە نەوعێكی تر ئەسیر ئەبێ؛ بۆ ئیسباتی ڕاستییەتی ئەم قاعیدەیە میسال زۆرە". (ئەمین زەكی بەگ، ٢٠٠٦: ١٧٧)

كەواتە لە ڕێگەی ئاماژەوە، باس لەوە دەكات، كۆمەڵگەی كوردی لە بواری زانستو سەرمایەدا هێشتا پێنەگەیشتووەو تەنانەت گەر بێتو بە هۆی ڕووداوێكەوە بەخت یارمەتی بداتو بەواتایەك "سیاسەتی عموومییە موساعەدەی بكا»و سەربەخۆش بێت، چونكە پێنەگەیشتووە» غایەكەی خێر نابینێو ناحەسێتەوەو بە نەوعێكی تر ئەسیر ئەبێ.".(ئەمین زەكی بەگ، ٢٠٠٦: ١٧٧)

بەم وەسفەوە، ئەمین زەكی دژایەتی خۆی بۆ پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی لەو سەردەمەدا بە هۆی پێنگەیشتنی كۆمەڵگەی كوردی ڕادەگەینێتو هەر لەم ئاراستەیەدا دەنووسێت: «ئەوەندە هەیە ئەو قەومە، باخسووس تێگەیشتووانی ئەو قەومە، ئەبێ لە پێش هەموو شتێكدا بۆ ئەم سەربەخۆییە چی پێویستە، ئەوە بكەنە هەدەفو غایەو ڕێگەیەكی ماقووڵو ئەمین بگرنە پێش، لە عیلمو مەنتیق قەت لانەدەنو ڕۆحو ماڵی خۆیان بەبێ وەقتو بە هەڵەشەو بە خۆڕایی سەرف نەكەن، هێمنو وریا بن، بە برایەتیو دڵسۆزی دەس بدەنە دەسی یەكو بەبێ شەڕو هەرا سەعی بكەن ڕوشدی ئیجتیماعیو سیاسیی خۆیان بە مەكارمی ئەخلاقو عیلمو سەروەتیان ئیسبات بكەن. چونكە پێویستی سەربەخۆیی ئەمانەیەو لازمە بزانرێ كە لەم عەسرەدا سەربەخۆیی لەگەڵ جەهلو فەقردا ناژیو لە باتی ڕەفاهو سەعادەت بۆ قەومەكە، ئیستیبدادو فەلاكەت ئەهێنێو بە دەس غەریبەو موتەغەلیبەوە گیرۆدەو زەلیلی ئەكا». (ئەمین زەكی بەگ، ٢٠٠٦: ١٩٨-١٩٥)

كەواتە ئەمین زەكی، جگە لەوەی دوو تایبەتمەندی زانستو سەرمایە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەت بە پێویست دەزانێت، ئاماژە بە چەندین خاڵی دیكەی وەك گەشەی كۆمەڵایەتیو سیاسی، یەكریزی، هەڵبژاردنی ڕێگەیەكی مەنتیقیو بە واتاییەك وشیاریی قەومی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی دەكاتو ڕاشكاوانە دووبارەی دەكاتەوە لە نەبوونی وشیاریی قەومی، ئەگەر دەوڵەتی كوردیش دابمەزرێت، جگە زەررو ناسەقامگیریو «ئیستیبدادو فەلاكەت» كەمترین دەسكەوتی بۆ كۆمەڵگەی

کوردی نیە. لێرەوە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت لە ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی بەگدا، کۆمەڵگەی کوردی چونکە لە باری وشیاریی قەومییەوە، پێنەگەیشتووە نابێت باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکاتەوە.

٢-٣-٣-نیشانەکانی پێنەگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی لە بواری هوشیاریی نەتەوەییەوە:

گەشەنەکردنی کۆمەڵگەی کوردی لەبواری سیاسیو کۆمەڵایەتی، پرسی خیانەت، نەبوونی یەکێتی، ڕەکابەریەتی میرانی کوردو نەبوونی رێبەرانی شارەزا لە سیاسەت، لە ریزی ئەو تایبەتمەندییانەی کۆمەڵگەی کورئایین کە لە ڕوانگەی ئەمین زەکی بەگەوە، گوزارشت لە پێنەگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی بۆ پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکەن، کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکرێت.

یەکەم: کێشەی ناوەکی، ڕکابەریەتیو نەبوونی سیاسەتمەدارو شارەزای سیاسەت:

ئەمین زەکی لە کاتی باسکردن لە هۆیەکانی شکستی شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئەمیر بەدرخان، جان پۆڵادو ئەمیر خانی برادۆستیو حەرەکەتی تەیموورو هەروەها چەندین شۆڕشی دیکە، دەنووسێت:«ئەسبابی موەفەقنەبوونیان لە خارجی زیاتر، لە داخڵی خۆیاندا بووەو هێشتا بۆ ئەم تەرحە ئیشانە پێنەگەیشتووینو لە وەزعییەتی سیاسییەی دەورو پشتمان ئەوەندە ئاگادار نەبوون».(ئەمین زەکی،٢٠٠٦: ١٦٩-١٧٧).

هەروەها لە کاتی باسکردن لە عەبدورەحمان پاشای بەبەو هۆیەکانی شکانی دەنووسێت: «ئەسبابی سەرنەگرتنی ئەم حەرەکەتە: تەعەسوبو زۆر ئیعتیمادکردن بە عالمانی لە سیاسەت بێ خەبەر، لە ئیتفاقو ئیتحادکردن لەگەڵ ئومەرای دراوسێدا بێ موبالاتیو ڕقەبەریو حەسوودی ئومەرای بەبەو باثاییناننو جەزیرە بوو».(ئەمین زەکی،١٧٢:٢٠٠٦-١٧٧).

لێرەدا ئەمین زەکی، بە سەراحەت ئاماژە بەسێ نیشانەی پینەگەیشتنی کۆمەڵگەی کورد، واتە زۆریی کێشەی ناوخۆیی، نەبوونی سیاسەتمەداری شارەزا لەبواری سیاسەتی دنیاو ڕەکابەریەتی میرە کوردەکان دەکات.

دووەم: وانە وەرنەرگرتن لە مێژوو، شەڕی ناوخۆیی، نەبوونی یەکریزی:

ئەمین زەکی لە باسی شەڕی سەفووی‌و عوسمانی، دەنووسێت: «ئەم شەڕە گەورە، ئەهمیەتی سیاسییەی کوردی بە تەواوی بە کورد سەلماند، بەڵام کورد لەم دەرسە باشانەی تاریخ نەیتوانی‌و نەیزانی عیبرەت وەربگرێ‌و لە مەوقیعە موستەسناکەی خۆی ئیستیفادە بکاو کۆمەڵێکی یەك دڵ دامەزرێنێ‌و بەرامبەر بە لافاوانی ئیستیلای یەك لە دوا یەك بە کۆمەڵییەکی بەقووەت ڕاوەستێ. ئەو بەڵایانەی کە کوردی لەم خۆ گردکردنەوەیە مەنع کرد، هەموو ئەیزانین کە جەهل‌و فەقرو نیفاق بوو، کورد لە ژێر ئەم بارە گرانەدا پشتی کۆما بووەو جەریانی سیاسەت‌و تەفرەی کاربەدەستانی، تووشی موسیبەتی خۆخۆری کردبوو، لەباتی پشت بدەنە پشتی یەك‌و بە دڵسۆزی هەوڵ بۆ ڕزگاریی خۆیان‌و ڕزگاریی وڵاتەکانیان بدەن، دائیمەن بە گژ یەکا ئەچوون شیریان لە یەك ئەسوو. واقیعەن وەکوو لە جڵدی دووەمی ئەم کتێبەدا بەیان ئەکرێ، گەلێ حکوومەتی بەقووەتیان دامەزراندووە، گەلێ ئیمارەتیان پێکەوە ناوە، بەڵام ئەمانە هەموویان بە سەبەبی دوژمنایەتیی بەینی خۆیانەوەو زۆریشیان بە دەسی خۆیان، لە ناو براون».(ئەمین زەکی، ٢٠٠٦: ١٤٩)

لەم بەشەشداو لە درێژەی ئاماژەدان بە نیشانەکانی پێنگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی، ئاماژە بە چەندین نیشانەی دیکەو لەوانە، وانە وەنەرگرتن لە مێژوو، شەڕی ناوخۆیی‌و نەبوونی یەکریزی وەك بەشێکی دیکە لە نیشانەکانی پێنگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، کە سەرجەمیان نیشانەو تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کورئایین کە لە ڕوانگەی ئەمین زەکی بەگەوە، گوزارشت لە نەبوونی وشیاریی قەومی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن.

زەکی بەگ، جیا لە ئاماژەدان بە نیشانەکانی پێنگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی‌و بە واتایەك نەبوونی وشیاریی قەومی لە کۆمەڵگەی کوردی، ئاماژە بە چەندین خاڵی دیکەش دەکات کە دەکرێت وەك بەربەستی دیکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە ڕوانگەی زەکی بەگەوە تەماشا بکرێت، لەوانەش مەترسی ماڵوێرانی پاش شۆڕشەکان. (ئەمین زەکی،٢٠٠٦: ١٩٢-١٩٣)و پشتبەستن بە بەڵێنی زلهێزەکان لەریزی ئەو بەربەستانەن کە ئاماژەیان پێ دەکات. بۆ نموونە سەبارەت بە وەعدەکانی وڵاتانی زلهێزی بەشداری کۆنفراسی سوڵحی ١٩٢٠ دەنووسێت:«خولاسە مەسئەلەی کورد لە حەواڵەو گەواڵە زیاتر شتێکی تر نەبوو. قۆنفرانسی سوڵح کە کەلیمەی عەدالەت‌و ئینساف‌و قوتارکردنی میللەتانی مەزڵوومەی لە زمان نەئەکەوتە خوارەوە، ئەمجارەش بەرامبەر بە کۆمەڵی

بەشەرییەت ئیسباتی کرد کە کەلیمەی عەدڵو ئینساف بێ مەعنایەو قەڵغانێکە بۆ تەفرەدانی بەشەرییەت، هاواری زەعیفو مەزڵووم، حەقو حقووقی بێکەسان تەئسیر ناکاتە ویجدانی سیاسەت. بە دەرەجەیەکی وا کە ئەوانەی کە چوار وڵاتی گەورەیان پێشکەش یەك دوو ملیۆنی ئەرمەنی کرد، حەتا وڵاتێکیشیان بە ڕاستە ڕاست بە چەند ملیۆن کورد ڕانەبینی.(ئەمین زەلی، ٢٠٠٦: ١٨٤-١٨٨)

کەواتە ئەمین زەکی جیا لەوەی بەشێکە لە دەسەڵات، نایشارێتەوە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە، کۆمەڵگەی کوردی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، هێشتا پێنگەیشتووەو لێرەوە ئیتر کاتەکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی بە گونجاو نازانێتو لە باتی لایەنگری کردن لە دەوڵەتی کوردیو خەباتی چەکداری، ڕوو دەکاتە مێژوونووسیو کاروباری ئیداری لە پێناو گەشەپێدانو بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی قەومی کۆمەڵگای کوردی.

ئەنجام:

ئەندێشەی سیاسیو بە واتایەك ڕوانگەی ئەمین زەکی بەگ لە سەر پرسە سیاسیەکانو لەوانەش پرسی دەوڵەت، لە نێو بەرهەمەکانیو بە تایبەت کتێبی «خولاسەیەکی مێژووی کوردو کوردستان» دەردەکەوێتو خۆی نیشان ئەدات، لێرەوە تێگەیشتن لە ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی، تەنیا لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمەکانیەوە دەکرێت، ئەو ڕێگەیەی کەوا ئەم توێژێنەوەیە هەڵیبژاردووە.

لە ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی بەگدا، سەربەخۆییخوازیو ویستی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە، مافێکی بنەڕەتیو سروشتییەو هەڵبەت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتیش، پێگەیشتنی کۆمەڵگاو وشیاریی قەومی، مەرجی سەرەکیو زەروریە.

ئەمین زەکی لە سەردەمی خۆیدا کە هاوکاتە لەگەڵ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو بەرجەستەبوونی گوتاری دەوڵەتخوازی لە لایەکەوەو دەسپێکردنی بزاڤی مافخوازی کوردی لە لایەکی دیکەوە، جیا لەوەی بەشداری هیچ خەباتێکی چەکداری کوردی ناکات، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی وەك ئەولەویەت پێناسە ناکاتو تەنانەت کەمترین لایەنگریشی لێ ناکات.

جیا لە کاریگەری گوتاری عوسمانیخوایو بەشداربوونی لە سیستەمی دەسەڵاتدا، ئەمین زەکی لەو باوەڕە دایە کە کۆمەڵگەی کوردی لە بواری هوشیاریی قەومیو بوونی ڕێبەرانی شارەزای سیاسەت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، هێشتا پێنگەیشتووەو

تەنانەت ئەگەر «سیاسەتی عموومییە موساعەدەی بکا»و دەوڵەتی کوردیش دابەزرێت، چوونکە کۆمەڵگا پێنەگەیشتووە، لە دەرنجامدا، کورد جیا لەوەی کەمترین «خێر نابینێ»و ناحەسێتەوە» تەنانەت «بە نەوعێکی تر ئەسیر ئەبێ»و دەوڵەتی کوردی لە باتی هێنانی بەختەوەری بۆ خەڵکی کوردستان، «ئیستیبدادو فەلاکەت» ئەهێنێ»و ئینسانی کورد «بە دەس غەریبەو موتەغەلیبەوە گیرۆدەو زەلیل ئەکات».

ئیتر بەم بۆنەو پاساوەوە، ئەمین زەکی بەگ جیا لەوەی لایەنگری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ناکات، بەشداری هیچ خەباتێکی چەکداریش نابێتو لە بەرامبەردا، بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی قەومی لە رێگەی مێژوونووسیو هەروەها پێگەیاندنی کۆمەڵگای کوردی لە رێگەی کاروباری ئیداریو پەرلەمانیەوە وەك ئەولەویەتی سەرەکی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی پێناسە دەکاتو ژیانو کاتی خۆی بۆ تەرخان دەکات.

سەرچاوەکان:

کوردی

-ئەڵاکۆم، روهات (٢٠٠٥) کوردەکانی ئەستەمبۆڵی کۆن. وەرگێرانی ئەحمەد تاقانە، هەولێر، موکریانی.

-ئەمین زەکی بەگ، (٢٠٠٦) سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ، چوارەم بەرگ خولاسەیەکی تاریخی کورد وکوردستان، ئامادەکردنی رەفیق سالح، سلێمانی، بنکەی ژین.

-ئەمین زەکی بەگ (٢٠٠٥) سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ، یەکەم بەرگ، ئامادەکردنی سەدیق سالح، سلیمانێ، ژین.

-ئەمین زەکی بەگ (٢٠٠٦) سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ، بەرگ2، تەئریخی سلیمانی، ئامادەکردنی رەفیق سالح، سلیمانێ، ژین.

-رەفیق سالح (٢٠١٠) چی لە بارەی ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە، سلێمانی، بنکەی ژین.

-کەمال مەزهەر، (٢٠٠٦) پێشەکی، خولاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، سلێمانی، ژین.

-مستەفا نەریمان، محمد ئەمین زەکی لەکتێبی بغداد وصوك حادثة ضياعي (١٦٦-١٥٨) رەفیق سالح (٢٠١٠) چی لە بارەی ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە، سلێمانی، بنکەی ژین، لاپەرەکانی ٦٥-٦٠.

رۆژنامەکان:

-سەجادی، عەلائەدین (١٩٤٨) ئەمین زەکی کۆچی دوایی کرد، گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی(٩) لاپەرەکانی ٥٤-٦٤.

-کەماڵ مەزهەر (٢٠٠٠) لەنێوان خواجا ئەفەندیو ئەمین زەکی بەگدا، گۆڤاری ڕەنگین، بەغداد، ژ: ١٣٨.
-ڕۆژی کورد، (ئەستەمووڵ ١٩١٣) ئامادەکردنو لێکۆڵینەوە: عەبدوڵا زەنگەنە، پێشەکی ئیسماعیل شوکور، سلێمانی ، بنکەی ژین.٢٠٠٥.
-کوردستان، (١٨٩٨-١٩٠٢) یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، کۆکردنەوەو پێشەکی، د.کەماڵ فوئاد، هەولێر. بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیریی گەلاوێژ.٢٠٠

فارسی:

-انتخابی، نادر (١٣٩٢) ئایینو دولتو تجدد در ترکیه،تهران، هرمس.
- بزارسلان،حمید (١٣٩٨) گفتارهای در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، عباسولی، بزارسلان و.. ترجمەی کراد روحی، تهران،چشمه.
-رئیس نیا. رحیم (١٣٦٨) ایرانو عیمانی، تبریز.ستوده
-مك داول،دیوید (١٣٨٣) تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، پانیژ.

عەرەبی:

-امین زكي بك (١٩٢٩) تقرير امين زكي نايب السليمانية، بشان الجيش العراقي، مطبعة العراقي.
-دارا جمال غفور(٢٠٠٨)، محمد امين زكيء دورة السياسيء الاداري في العراق (١٩٢٤-١٩٢٨)، السليمانية، ژين.

ئینگلیزی:

Mardin(2000) The Genesis of Yong ottoman Thougt. New York: Syracuse University press.

جیهانی کافکایی!

نووسینی: ئاوات ئەحمەد سوڵتان

ئێستایەکی بەردەوام

(١)

تۆ خوێندکاری زانکۆیت، لە قۆناغی کۆتایی خوێندنەکەتدایت، ئەندێشەی خۆت بکە چەند مانگێکی دیکە دەچیت لە ڕیزی ئەوانەدا ڕادەوەستیت کە چاوەڕوانی دامەزراندنن، بە پێی داتاکان ژمارەیان دە هەزار کەس زیاترە. لە دوای هەموویانەوەو لە چاوەڕوانییدا دەوەستیت. لە پێشی پێشەوە کەسێك لەسەر مێزێك دانیشتووە، کاری

ئەو، دامەزراندنی دەرچووەکانە. هەر چەند مانگێك جارێك یەکێك دادەمەزرێنێت؛ مەرجیش نیە ئەوەی پێشی پێشەوە بێت. یەکێك دەڕواتو ڕیزەکە هەنگاوێك دەچێتە پێشەوە، دوای ماوەیەك ئاوڕ دەدەیتەوە بۆ دواوە، دەبینیت لە دوای تۆوە ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری دیکە ڕیز بوون. ئیتر ناوبەناو یەکێك دادەمەزرێتو تۆ هەنگاوێك دەچیتە پێشەوە. ناوبەناویش بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو ڕیزەکە جوولەی تێدا نامێنێت. پرۆسەکە بێدەنگو بێ هیچ مشتومڕو نارەزاییەك ئەنجام دەدرێتو هیچ گرنگییەك نادرێت بە کات. لەناو ڕیزەکەدا هەیە دە ساڵ زیاترە ڕاوەستاوەو هی واش هەیە دە خولەك دەبێت هاتۆتە ناو ڕیزەکەوە. هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەو دوو کاتەدا نیە، دەرفەتی ئەوەی یەکەمین کەس یان دواهەمین کەس دابەمەزرێنرێت وەکو یەکە، ئەوەی بڕیار دەدات کابرای سەر مێزەکەیە، بڕیارەکانیشی لەسەرووی خۆیەوەو لە بەڕێوەبەرەکانەوە بۆ دێن، ئەوانەی هەرگیز نازانرێت لە کوێنو چۆن بیردەکەنەوە.

(٢)

ئەمە ژیانی تۆیە، هەر ئەمەشە جیهانی کافکایی. ئێوە هەمووتان لە ئێستایەکدا دەژین، واتە ئێستای ڕیزەکە. هیچ ڕابردوویەك لە پشتتانەوە نیە، ئایندەش زۆر نادیارەو کەس نازانێت کەی بانگ دەکرێت بۆ ئەوەی پەیوەندیی بکات بە دامەزراوەوە. ئەمە سەرەکیترین خاسییەتی ئەم جیهانەیە: جیهانی ئێستا. ناشزانن لە دامەزراوەدا چی ڕوودەدات هەتا نەچنە ناوی. لەناو دەزگایەکی زۆر گەورە گیرتان خواردووە کە پێی دەوترێت دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە هەمووتان هەڵدەسورێنێت، ئێوەشو کارمەندەکانیشو ئەو جێگا نادیارانەش کە ناو بەناو یەکێکی بۆ ڕەوانەدەکرێت. ئەوانەی لە ڕیزەکەدا وەستاون بیر لە هیچ ناکەنەوە، هیچ گەرەنتییەکیش نیە بۆ ئەوەی دابەمەزرێن، هیچ جۆرە نارەزاییەکیش دەرنابڕن. لە نێوان ئەوانەدا کە لە ڕیزەکەدا وەستاون هیچ جۆرە پەیوەندییەك دروست نابێت ئەگەر گفتوگۆش ڕووبدات، دەربارەی کۆمەڵێك بابەتە کە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، دامەزراوە ئەوانیشی دەستنیشان کردووە.

(٣)

ئێستا لەوە تێدەگەیت کە بۆچی بەیانییەکیان جۆزیف (ك)ی پاڵەوانی ڕۆمانی دادگایی کافکا دادەمەزرێت! نا گاڵتەم کرد، دەستگیردەکرێت! هەروا دوو کەس دێنو

لەسەر جێگای خەوتنەکەی دەستگیری دەکەن بێ ئەوەی بزانێت بۆچیو بێ ئەوەی ئەوانیش هیچی بۆ ڕوون بکەنەوە! تەنها ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکانێکی دیکە هەنو کاریان ڕوونکردنەوەی شتەکانە. بەڵام ئەو هەرگیز ئەو خەڵکانە نابینێتو هەرگیزیش هیچی بۆ ڕوون ناکرێتەوە. هەروەها سەرنجیشت بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە بەیانییەکیان گریگۆر سامسای پاڵەوانی ڕۆمانی میتامۆرفۆرسیس خەبەری دەبێتەوە، خۆی دەبینێت بووە بە قالۆنچەیەکی گەورە. گریگۆر بوون بە قالۆنچە وەك گرفتێك وەرناگرێت، بەڵکو ئەوەی بۆی گرنگە لە کاتی خۆیدا بگاتە سەر کارەکەی. هەروەك چۆن دوای ساڵانێك ڕاوەستان لە ڕیزەکەدا یەکێك لە ئێوە دادەمەزرێت، بەرەو کارەکەی دەڕواتو هیچ بەلایەوە گرنگ نیە کە ئەو تەمەنێکە لەوێدا ڕاوەستاوە.

ئەوانە دوو ڕۆمانی ناسراوی کافکانو دوو پایەی گرنگیشن کە جیهانی کافکایی لەسەریان دامەزراوە. وەك لە خوارەوە ڕوونی دەکەمەوە، لەو جیهانەدا مرۆڤەکان لەوە دەکەون تاکی ئازاد بنو دەبن بە دانەو لەناو گروپێکی بوونەوەرە بایۆلۆژییە لەیەکچووەکاندا لەناو دامەزراوەیەکدا کۆدەبنەوە، بۆ کارکردن! یان ڕاستر بۆ ئەوەی دامەزراوەکە کار لەواندا بکات.

(٤)

بە ڕاستیی ئەمە جێگای سەرنجە، چیرۆکەکانی کافکا باس لە لایەنە سەمەرەو نامۆکانی دامەزراوەی مۆدێرن دەکەن. زۆر بە وردیی لە بیرۆکراسیەتی ناو دامەزراوە ڕادەمێنن. کافکا خۆی چارەکێك زیاتری تەمەنە کورتەکەی خۆی لەناو دامەزراوەیەکدا کاری کردووە کە حەزی لێی نەبووە. لەناو دامەزراوەدا کە کافکا دەڵێت "بەهیچ جۆرێك گەمژە نیە، بەڵکو زۆر سەمەرەیە" تەنها یەك ڕۆژ، ئێستایەکی بەردەوام هەیە، کە تێیدا مرۆڤەکان لەوە دەکەون کە مرۆڤ بن، چونکە یەکێك لە خاسییەتە هەرە سەرەکییەکانی مرۆڤ ئەوەیە لە ئێستادا ناژی، بەڵکو بەردەوام پێیەکیان لەناو ڕابردوودایەو پێیەکیشیان لەناو ئایندەدایە. ئەگەر بڕوانینە کارمەندانی ناو ئەو جێگایەی (ك)ی مەساح لێی دادەبەزێتو تێیدا چاوەڕوانی وەرگرتنی کارەکەی دەکات، خەڵکانێك هەن کە تەنها لە ئێستادا دەژین، هیچ شتێك دەربارەی ڕابردوویان نازانرێت، بگرە گومان دەکرێت لەوەی ڕابردوویان هەبێت، ئەوانە هەروا لەوێنو هەر ئەوەش دەکەن کە لە ئێستادا دەیکەن.

زیندانی ناو ئۆفیس

(١)

زۆربەی پاڵەوانەکانی کافکا کارمەندی ئۆفیسەکانن، هەروا لەوێدا حەشاردراونو دەربازبوونیان نیە، ئەوانە سەرقاڵن، هەموویان لەیەك دەچن، هەمووشیان هەمان ئەو کارە دەکەن کە کەس نازانێت چیە، لەناو تۆڕێکی سەیرو سەمەرەی جووڵەو هەڵسوکەوتەکاندا پەیوەندییەکی پڕ لە نامۆیی پێکەوە دەگرن، هەموو پێکەوە لەناو ئۆفیسەکەدا هیچ ئەنجام دەدەن، قسە لەگەڵ یەکتریی دەکەنو دێنو دەچن زیاتر وەك تارمایی، یان وەك ئەوەی یەکتریی نەناسن. ئەمانە هیچ جۆرە ئامانجێکیان نیە تا پێی بگەن، بەڵام لەناو دنیایەك قۆرتو تەگەرەدا گیریان خواردووە. هەروا لە خۆوە سزا دەدرێنو خەڵات دەکرێن بێ ئەوەی هیچ شتێکی باش یان خراپیان ئەنجام دابێت. دیمەنەکە هەمووی نالۆژیکییە، ناماقووڵە، پووچو بێمانایە. ئەوەی دەگوزەرێت ئەوەیە دامەزراوە تەمەنەکان هەڵدەلوشێت بێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن.

(٢)

لەوێدا هەموو کارمەندەکان، لە هەموو پلەکاندا لە چوارچێوەی ماشێنی زەبەلاحی دامەزراوەدا دەجووڵێنەوە، هەریەکەیان. سەرۆکەکان، بەڕێوەبەرەکان، سەرکردەکان هەتا پلەیان بەرز ببێتەوە زیاتر دوورە دەستو نەناسراو دەبن، پەیوەندییان بە ماشێنەکەوە ئاڵۆزترو نارِوونتر دەبێت، وەك بڵێی لە دوورەوە بە کۆنترۆڵ گەمەکە بەڕێوە دەبەن. لەوێدا کارەکان ئەنجام دەدرێن یان نا ئەوە کێشەی جیهانی کافکایی نیە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە دامەزراوەکە ڕانەوەستێتو بە شێوەیەکی بەردەوام لەگەڕدا بێتو ئەو تەمەنە لە کارمەندەکان وەربگرێت کە بۆیان دەستنیشان کراوە. هیچ کارمەندێك گرنگیەکی تایبەتی بۆ دامەزراوە نیە، هەمووشیان بەسەریەکەوە دامەزراوەکە پێکناهێنن، چونکە بە بەردەوام شتێکی لەوان جیاواز هەیە، شتێك کە ئەمان ناتوانن درکی پێ بکەن.

(٣)

لەم دامەزراوەیەدا، ئەوەی پێی دەوترێت سەرکەوتن، دۆزینەوە، یان داهێنان هیچ مانایەکی نیەو هیچ سوودێکیشی نیە. بگرە تەنانەت لە گفتوگۆکانیشدا ئاماژەیان

پێناکرێت. کارمەندەکان وەك بەنگێش ئالودەی کاری ناو ئۆفیس دەبن، خۆیان بۆ خۆیان کارەکان ئەنجام دەدەن، بێئەوەی هیچ بەرهەمێکی هەبێت. ئەوانە دەیانو سەدان واژۆ دەخەنە سەر ئەو نامانەی دێن، بێ ئەوەی هیچ مەبەستێك یان خواستێك بۆ کۆتاییهێنان بەو پرۆسەیە هەبێت. تا سەرەنجام ئەوەی هەیە ئۆفیسەو خۆی لەگەڕدا دەبێتو ئەوانەی لەناویدان دەبن بە بەشیك لە پرۆسەکەو سەربەخۆییان نامێنێت، بگرە تەنانەت ئەوەندە بچووك دەبنەوە کە چیتر لە تۆمارەکانی جەردکردنی کەلوپەلەکانیشدا نامێنن. ئەوە کۆمیدیایەکی گەورەیە لەسەر دیواری ژوورەکان پارچە کاغەزێك ڕاوەستاوەو پێمان دەڵێت چەند مێزو دۆڵابو شتی دیکە لەناو ژوورەکەدان، بەڵام ئاماژەیەك بۆ کارمەندەکان لەگۆڕێ نیە.

(٤)

دوای ئەوەی دەستنیشان کرایت بۆ دامەزراندنو لە ڕیزەکە چوویتە دەرەوەو ڕەوانەی شوێنی کارکرایتو ماوەیەك تێپەڕی؛ هەستت بە چی کرد؟ تۆ لە ناو دامەزراوەدایت، ڕۆژەکان تێدەپەڕنو هەموو ڕۆژێك هەمان شت دووبارە دەکەیتەوە: واژۆی هاتن لە دەفتەرێکدا تۆمار دەکەیتو دەچیتە پشتی مێزەکەتەوە. هەندێك جووڵەو کۆمەڵێك قسە دەکەیت کە هەموو ڕۆژەکانی تریش کردووتن. تا لە کۆتاییدا واژۆی ڕۆیشتن لە هەمان دەفتەردا تۆمار بکەیت، تەنها بۆ ئەوەی سبەینێ دیسان تێهەڵبچیتەوە.

(٥)

ئەمە چیە لێرەدا ڕوودەدات؟ دامەزراوە بریتی نیە لە ئاپارتمانێك و ژوورە جیاجیاکانیو کەلوپەلەکانو کارمەندەکان. دامەزراوە شتێکی دیکەیە. کافکا هەموو تەمەنی خۆی هەوڵیدا ئەمەمان پێ بڵێت. لە چیرۆکی "لە بەردەمی دادگادا" هەوڵێك دەدات ئەمەمان بۆ ڕوون بکاتەوە: پیاوێك لە لادێوە دێتو دەیەوێت بچێتە بەردەمی یاسا، بەڵام لەبەردەمی دەروازە کراوەکەدا پاسەوانێك هەیەو پێی دەڵێت کە لە ئێستادا بۆی نیە تێبپەڕێت. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەدا ڕێگای پێبدرێت. پیاوەکە ساڵانێکی زۆر لەوێدا دادەنیشێتو چاوەڕوان دەبێت، تا بواری پێبدرێت بچێتە ژوورەوە. تەمەن دەڕواتو پیاوەکە بەتەواەوتی پیر دەبێت، لە دواجاردا پاسەوانەکە پێی دەڵێت "ئەم دەرگایە بۆ تۆ تەرخانکرابوو، تۆش نەچوویتە ژوورەوە، ئەوە منیش دایدەخەم".

(٦)

دامەزراوە ئەمەیە، شتێکی نەبینراوە کە مرۆڤەکان دەستیان پێ ڕاناگات، کاریگەریی‌و قورسایی بەسەر هەموویانەوە دیارە، مرۆڤەکان لەناویدا ماددەی خاون‌و ئەو کاریان لەسەر دەکات. ئەندێشە بکە لەسەر مێزی کارەکەت شتێکی وەك کانیولا بە قۆڵتەوە بەستراوە، کانیۆلایەکی نەبینراو کە خوینەکەت نا، بەڵکو کاتەکەت لێ ڕادەکێشێت، سەعاتەکانی تەمەنت لەناو کیسەی تایبەتیدا کۆدەکرێتەوەو دەبرێت بۆ عەمبارو هەڵدەگیرێت. چی لە کاتەکانت دەکرێت؟ لە ڕاستیدا هیچ! ئەوە کاتی تۆ بوو، تۆش بەکاری ناهێنیت، دامەزراوە لێت وەردەگرێت‌و ژمارەی لێدەدات‌و هەڵیدەگرێت. زۆر بە قورسییش دووچاری لێپرسینەوە دەبیت، ئەگەر دەرکەوت لە تۆمارەکانی مەخزەندا ڕۆژێك بڕی کاتی دیاریکراوی لەتۆ وەرگیراو تۆمار نەکراوە.

لەبەردەمی یاسادا

دەمەوێت بەسەر ئەم چیرۆکەدا باز نەدەم، ماوەیەك زیاتر لای بمێنمەوەو پاشان بەردەوام ببم لەسەر وردوبوونەوە لە جیهانە کافکاییەکە. چونکە ئەم چیرۆکە بە تایبەتی کە دواتر دەبێت بە بەشێك لە ڕۆمانی دادگایی، گرنگییەکی زۆری هەیەو زۆریش هاوکارمانە لە تێگەیشتنی ئەو جیهانەدا کە بەناوی نوسەرەکەیەوە ناونراوە.

(١)

کورتەی چیرۆکەکە:

دەروازەی ئاپارتمانی یاسا کراوەیە، پاسەوانێك لەبەردەمیدا ڕاوەستاوە، پیاوێك لە لادێوە دێت‌و داوا دەکات ڕێگای بدرێت تا بچێتە ژوورەوە. پاسەوانەکە ناهێڵێت‌و پێی

دەڵێت ئەمە نابێت. پیاوەکە دەپرسێت ئایا ئەگەری ئەوە هەیە دواتر ڕێگەی پێبدرێت، پاسەوانەکە دەڵێت "ڕەنگە" کابرا لەوێدا دادەنیشێتو پاسەوانەکە بۆی ڕوون دەکاتەوە کە لە پشتی ئەم دەروازەیەوە پاسەوانی دیکەی بەهێزی لێیە. پیاوەکە بڕیاردەدات کە باشترواية چاوەڕێ بکات تا ڕێگەی پێدەدەن. ساڵانێکی زۆر لەوێدا دەمێنێتەوەو تەمەنی هەڵدەکشێتو پیر دەبێت. ڕادەکشێتو گیان دەدات، لە کاتی گیانەڵادا لە پاسەوانەکە دەپرسێت کە بۆچی لەم ماوەیەدا جگە لەو کەسی تر داوای نەکردووە بچێتە ژوورەوە. پاسەوانەکە دەڵێت ئەم دەرگایە تەنها بۆ تۆ تەرخان کرابوو، تۆش نەچوویتە ژوورەوە، ئەوە منیش دایدەخەم.

(٢)

یەکەمین شت کە سەرنجم ڕادەکێشێت ئەوەیە تاوانێك لەگۆڕێ نیە تا لێپرسینەوەی لێبکرێت! کەواتە بۆچی ئەم پیاوە لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتووە تا بچێتە ژوورەوە؟ ئەم پرسیارە خۆی سەرەداوێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی چیرۆکەکە: ئەمە دادگاییە لە پرۆسێسدا، واتە دادگاییکردنە لەسەر تاوانی ژیان، تاوانی مرۆڤەکان ئەوەیە کە دەژین، بۆیەش دەبێت لێپرسینەوەیان لێبکرێتو سزا بدرێن، سزاکەشیان ئەوەیە لە چاوەڕوانییدا بهێڵدرێنەوە. لێرەدا قسە نێودارەکەی ئەلبێر کامۆم بیردەکەوێتەوە: "مرۆڤ سزا دراوە بەوەی مرۆڤ بێت." یانی! مرۆڤبوون تاوانە یان سزا؟ ئەمە پرسیارێکە وەڵامەکەی بۆ ئێوە لێدەگەڕێم.

بەڵام هەستناکەن لێرەدا ئاماژەیەك هەیە بۆ پرۆسەیەکی ئاڵۆزو پێچاوپێچ کە هەموو تەمەنی مرۆڤ دەخایەنێت! چ پرۆسەیەك؟ ڕێکارە یاساییەکانو پرۆسەی دوورو درێژی بانگکردنو تۆمارکردنو پێداچوونەوەو ...هتد. کەس لەئێوە تا ئیستا ڕێی کەوتۆتە دادگا، وەك شایەت یان تۆمەتبار؟

(٣)

با چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە :

(أ) بانگ دەکرێت بۆ بنکەی پۆلیسو پێی دەڵێن ژمارەی مۆبایلەکەت لە لیستی ناوەکانی لای (س)دا بووە کە ئێستا تۆمەتبارە، دەیناسیت؟ هەر کە وەڵام دەداتەوە بەڵێ، یەکسەرو بێ ئەوەی هیچ مۆڵەتێکی لێ وەربگرن، مەحزەرێك حازر دەکرێت وەك

شایەتو ئیمزای پێ دەکەنو ڕەوانەی دادگای دەکەن. دوای دوو سەعات چاوەڕوانی لای دادنووس قسەکانی پێ دووبارە دەکەنەوەو دەینوسنو ئیمزای پێدەکەن، ئینجا ڕەوانەی لای دادوەری دەکەنو دوو سەعاتێکیش لەوێ چاوەڕوان دەبێتو پاشان دادوەر لێی دەپرسێت "ئەمانە قسەی تۆن؟" دوای مانگێك تەلەفونی بۆ دەکەنەوە تا ئامادە ببێت لە دادگا، دەڕواتو ماوەی دوو سەعاتێك چاوەڕوان دەبێت بۆ ئەوەی پێی بڵێن کەیسەکە دواخراوە. لە ماوەی چوار ساڵدا نزیکەی بیست جار ئاواهی بانگی دەکەن بۆ دادگاو هەرجارەی چەند سەعاتێك چاوەڕێ دەکات، تا لەکۆتاییدا پێی دەڵێن "کەیسەکە داخرا"!

(٤)

کەیسەکە دادەخرێت بێ ئەوەی هیچ بە (أ) بوترێت، بێ ئەوەی کەس بەلایەوە گرنگ بێت کە کاتێکی زۆری ئەو بەهەدەر دراوە، کە فڕێدراوەتە ناو پرۆسەیەکی نالۆژیکییانەی بێهوودەوە کە جگە لەوەی لەناویدا وەك بووکەڵەیەك کە کۆمەڵە دەزوویەکی پێوە بەستراوە هەڵبسوڕێندرێت، هیچ ڕۆڵێکی دیکەی نەبووە: تەنها لەو کاتانەدا بۆی هەبوو قسە بکات کە پرسیاری ئاڕاستە دەکرا. کە داوای لێدەکرا ئامادە ببێت ئامادە دەبوو، پێی دەوترا بڕۆ؛ دەڕۆیشت. بە درێژایی ئەو ماوەیە، (أ) بۆ یەك جاریش پرسیاری لە خۆی نەکرد: ئەوە چیە من ئاواهی هەڵدەسوڕێنێت؟ یان: بەڕاست ئەمە ژیانی خۆمە دەیگوزەرێنم، یاخود ژیانێکی دیکەیە کە بۆم دەستنیشانکراوە!

(٥)

ئایا دەتوانین لەم پرۆسە سەیرو سەمەرەیە تێبگەین؟ دەی سەردانێکی دادگا بکە، ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەناو ئەم پرۆسەیەدانو بە بار کاغەز لە دەروازەی دەرەوە دەچێتە ژوورەوەو دێتە دەرەوە، مرۆڤەکان هەروا لەناویدا هەڵدەسوڕێن بێ ئەوەی بۆ یەك جاریش کەسێکیان پرسیار بکات: ئەمە چیە ڕوودەدات؟ دەی سەیری دەوروپشتی خۆتو دامەزراوەکانی تریش بکە. ڕەوشی هاوڕێکەمو حاڵەتی هەریەکە لە جۆزیف (ك) لە دادگاو (ك)ی مەساح لە بەرامبەری کۆشك/قەڵادا لە یەك دەچن، چونکە هەرسێکیان کەوتوونەتە ناو بزرگەی زەبەلاحی دامەزراوەوە، بێ ئەوەی هیچ دەربارەی ئەو یاساو ڕێسایانە بزانن کە بە هۆیانەوە بەڕێوە دەچن.

(٦)

ئەمە بۆچی وایە؟

چونکە لەناو دامەزراوەدا، دەکەوینە ناو بزرگەیەکی سەختی بێکۆتاییەوە، هەرگیز ناتوانین لێی دەرباز ببین. هەرئەوەندەی جارێك لە دەروازەی دامەزراوەوە چوویتە ژوورەوە ئیتر هاتنە دەرەوەت بۆ نیە. بە ڕووکەش کە کارەکانت تەواو کرد ئیتر لە هەمان دەرەوازەوە دەردەچیتە دەرەوە. ئەمە وەهمێکی گەورەیە، چونکە ئەو دەروازەیە یەکێکە لە دەیانو سەدان دەروازەی دیکە کە دەتبەنە ناو جێگا جۆراوجۆرەکانی بزرگەکەوە. لەوێشدا دەسەڵاتێك کاردەکات کە هەرگیز ناتوانیت لێی تێبگەیت. جگە لەوەش هەر نارەزاییەك دەربڕیت هەرگیز ناگاتەوە بە دەسەڵاتدارەکان کە هەر ئەسڵەن گومان دەکرێت لەوەی هەبنو زیاتر ڕێی تێدەچێت ئەوە دامەزراوەیە کە بە شێوەیەکی ئەبەدیی کاردەکات.

پۆسایدۆن و تەڵەزگەی کاغەزەکان

(١)

دامەزراوە ئەوەندە سەمەرەیە، ئەوەندە هەژموونی هەیە کە تەنانەت خواوەندیش کە گیرۆدەی بوو لێی دەرباز نابێت. کافکا لە کورتە چیرۆکی پۆسایدۆندا، خواوەندی دەریاو زریانەکان دەکاتە پاڵەوان، ئەم خودایە بەجۆرێك بەدەست کارو باری نامەو کاغەزەکانەوە گیری خواردووە، بەهیچ جۆرێك کاتی بەدەستەوە نەماوە دەریاکان بەسەر بکاتەوەو ڕەشەباکان بجوڵێنێت.

ئەو هەروا لەپشتی مێزەکەیەوە دانیشتووەو لاپەڕەی زۆرو زەوەندە دێنو دەرۆنو ئەو هەر خەریکی واژۆکردنو وەڵامدانەوەو نوسینە. کافکا پێمان دەڵێت تەنانەت خواوەندیش لە دامەزراوە دەرباز نابێت. ئەگەر سەرنج بدەیت پۆسایدۆن دەسەڵاتی بەسەر ئاوەکانو ڕەشەباکاندا دەشکێت، لەکاتێکدا ئەم دوانە دوژمنی سەرەکی کاغەزەکانن، بەڵام لە جیهانی کافکاییدا ئاوەکان لەناو نامە هاتووەکانو ڕۆیشتووەکاندا قەتیس دەبن، ڕەشەباکان بۆ ئەوەی هەڵبکەن پێویستییان بە ڕەزامەندیو واژۆکردنێکە کە هەرگیز دەست ناکەوێت.

(٢)

کاری ناو ئۆفیسەکان بەجۆرێك مرۆڤەکان داگیر دەکات، کە چیتر خواستی ئەوەیان نامێنێت بێنە دەرەوە، دەسبەرداری بن، بیر لە گۆڕینی شێوازی ژیانیان بکەنەوە. بەجۆرێك ئالودەی ئەو ژیانە دەبن، کە تەنانەت ئەگەر سزاش بدرێن، پلەکانیان دابەزێنرێت، سووکایەتییان پێبکرێت، ئامادەن لەوێدا بمێننەوە. بیرکردنەوە لە چوونە دەرەوە لە دەرگای دامەزراوە هەرگیز بە خەیاڵی مرۆڤەکانی جیهانی کافکاییدا نایەت. لەناو سیستمی بیرۆکراسییدا، مرۆڤەکان ژیانیان نامێنێت، بگرە خۆشیان نامێنێتو بە تەنها سیستمەکە دەمێنێتەوەو هەروا بێهوودەو بێ ڕاوەستان لەگەڕدا دەبێت بێ ئەوەی بە هیچ جێگایەك بگات.

(٣)

بە تەنها بێمانایی بیرۆکراسیی نیە کە کافکا بۆمان نمایش دەکات، بەڵکو لەوێدا کاراکتەرەکان بیرکردنەوەیەکی بازنەییان هەیە، هەمیشە دەگەڕێنەوە سەر ئەو خاڵەی لێیەوە دەستیان پێکردووە، بێ ئەوەی تووشی سەرسوڕمان بن، بگرە هیچ جۆرە کاردانەوەیەکیان نابێت. ئەمە بە شێوەیەك لە شێوەکان جۆرە میتۆلۆژیایەکی مۆدێرنە، پیشەسازییەکەی سەردەمی کافکاو تەکنەلۆجیای زانیاریی لەم سەردەمەدا مادەیەکی بەپێی ئەو میتۆلۆژیایەن کە تێیدا ململانێکە لەنێوان هێزەکاندا نیە، بەڵکو هەموو هەوڵەکان بە ئاڕاستەی نەهێشتنی ململانێن. مرۆڤەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنیاندا هەر دێنو دێن، لەناو بازنەیەکدا دەخولێنەوە، هەرگیز گۆڕانکاریی ڕوونادات. ناوبەناو یەکێك، یان زیاتریان لەوێ نامێنێتو جێگەیان بە هیتر دەگیرێتەوە، بێ ئەوەی هیچ ڕووبداتو بێ ئەوەی هیچ پرسیارێك دروست ببێت.

(٤)

کاغەزو نامەو نامەو بەڵگەنامەکان هیچ بەهایەکیان نیە جگە لەوەی لەوێدانو بەشێکن لە وێنەکە. ئەمانە بەردەوام جێگۆڕکێیان پێدەکرێت، گۆڕانکارییان بەسەردا دێتو هەندێجاریش دەخرێنە پشتی ئوتومبیلە بارهەڵگرەکانەوە تا لە جێگایەکدا بسوتێندرێن یاخود فڕێ بدرێن. تۆ سەرنجت داوە لەوەتەی هاتوویتەتە ناو ئەم دنیایەوە، چەند جار وێنەی بەڵگەنامە جۆراوجۆرەکانت بۆ دامەزراوەکان بردووە؟ چەند کاتت

بەمەوە سەرف کردووە، چەند لەم پەنجەرەیەوە بۆ ئەو پەنجەرەیە کاغەزەکانت هێناوەو بردووە؟ چۆنە لێرەدا چیرۆکێکی دیکەت بۆ بگێڕمەوە:

(٥)

لە ساتێکی نوێکردنەوەی مۆڵەتی شۆفێرییدا بۆم دەرکەوت پێناسی باری شارستانێتیم پێ نیە، ئەفسەرەکە ویستی هاوکارییم بکاتو ڕەوانەی کردم بۆ ژێرزەمینێك کە لەوێ لەناو تاقی تایبەتدا بەڵگەنامەکان هەڵدەگیرانو دوو کارمەندیش لەبەردەمی دوو تۆماری گەورەدا دانیشتبوون. یەکێك لە کارمەندەکان چوو فایلێکی هێناو کۆپی پێناسەکەی خۆمی دایە دەستم تا بچم دیسان کۆپی بکەمەوەو بەکاریبهێنم. جاری پێشووتر من خۆم ئەو کۆپییەم بۆ بردبوون. ئەمە ئاسانکارییەکی گەورە بوو بۆ من، کاتێکی زۆری بۆ دەگەڕاندمەوە. ڕۆژانە مرۆڤەکان دەکەونە ئەم حاڵەتەوەو سوپاس گوزار دەبن. بەڵام تا ئێستا کەس ئەم پرسیارەی کردووە: دامەزراوە داوای بەڵگەنامەیەکت لێدەکات کە خۆی لایەتی! لەمبارەیەوە قسەی زیاتر ناکەمو بیرلێکردنەوەی بۆ خۆتان لێدەگەڕێم، بەڵام سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ساتەوەختێك لە ڕۆمانی دادگاییدا جۆزیف بەڵگەنامە فەرمییەکانی خۆی پیشانی ئەو دوو کەسە دەدات کە هاتوون دەستگیری بکەن، بەڵام ئەوان هیچ گرنگییەکی پی نادەن!

(٦)

من فایلێکی تایبەتم لای دامەزراوە هەیە، کەچی بەردەوام داوای هەمان ئەو زانیارییانەو هەمان ئەو بەڵگەنامانەم لێ دەکاتەوە کە پێشتر لێیان وەرگرتووم. وەك بڵێی هەرگیز ناگەمە حاڵەتێك لەگەڵ دامەزراوەدا کە بە تەواویی لێم دڵنیا ببێت. ڕەنگیشە ڕۆژێك لە ڕۆژان دامەزراوە نکۆڵی لە بوونم بکات وەك چۆن لە نەسکی پێنجەمی قەڵا/کۆشکدا نامە گۆڕینەوەیەك دەربارەی (ك) ی مەساح دەکرێت: داوا

دەکرێت مەساحێك بانگ بکرێت، ئەنجومەنی گوندیش پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات. بەڵام دواتر فەرمانێك دەردەچێت کە پێویستییەك بۆ مەساح لە گۆڕێ نیە، بەڵام فەرمانەکە لە پرۆسەی نامە هاتووو ڕۆیشتووەکاندا بزر دەبێت.

ئەمە چ مانایەکی هەیە؟ یانی مەساحەکە بە هەڵە لەوێیە؟ ئەمە چیتان بیردەخاتەوە؟ قەت بیستووتانە بوونی هەڵەیەکی بچووك لە ناوێکدا، چەندین مانگو ئەمسەرو ئەوسەرو دامەزراوەی جۆراوجۆری ویستووە بۆ ئەوەی ڕاستبکرێتەوە!

ئیگۆیەکی فشۆڵ

(١)

مرۆڤەکانی ناو جیهانی کافکایی هیچ جۆرە خواستێکی قەدەغەکراو، یان مەترسیداریان نیە. ئەوانە لەوێن تەنها لەبەر ئەوەی لەوێن. پێکهاتەی دەرونییان یەك بەشە ئەویش ئیگۆیە، دامەزراوە هەر لە منداڵییەوە ڕایاندەهێنێت لەسەر کوشتنی (ئەو)، بە جۆرێك دەستەمۆ دەبن کە ئیتر هیچ یاسایەکی باڵا پێویست نیە بۆ ئەوەی ناچاریان بکات گوێڕایەڵ بن. ئەوانە بە تەنها (من)ن، بگرە منێکی دەستەجەمعین، هەموو ئاگاییان لای ئەوەیە هیچ جۆرە سەرپێچییەکیان لێ نەوەشێتەوە، کارێك نەکەن گومان بکەوێتە سەریان. بەمجۆرە لە جیهانی کافکاییدا من وەك ڕاناوی تاك لەوێ نیە، بەڵکو بەردەوام من یەکسانە بە کۆی منەکان یاخود (ئێمە)، ئێمەیەکی ئۆرگانیو چالاك نا، بەڵکو ئێمەیەکی مێگەلییانە کە وەك شارە مێروولە بەشێوەیەکی ئەبەدیی هەریەکەی کاری خۆی دەکات بێ ئەوەی بزانێت بۆچی ئەو کارە دەکات یاخود هیچ جۆرە چێژ یاخود ئاسودەییەکی تێدابێت. هەموویان ئەرکەکانی سەرشانیان ڕادەپەڕێنن، بێ هیچ گلەیی کردنێك یاخود هەستکردنێك بە چەوسێنرانەوە یان ستەملێکران.

(٢)

کاتێکیش کارەکە بەم جێگایە دەگات، ئیتر ئیگۆ دەگۆڕێت بۆ خود، جا لەبەر ئەوەی ئیگۆ (من) تاکانە نیە، بەڵکو دەستەجەمییە، خودەکەش دیسانەوە دەستەجەمعی دەبێت. با ئەندێشەی وێنەکەی سەرەتا بکەینەوە: خوێندکارە دەرچووەکان هەموویان بە ڕۆبی ڕەشی تەواوکردنی زانکۆوە وەستاونو بڕوانامەکانیان بەدەستەوەیە.

دەمووچاوەکان هەموویان لە یەك دەچن لە سیماکاندا هیچ شتیکی دیاریکراو ناخوێندرێتەوە. ئەمانە بەتەنها لەوێ وەستاونو هیچی دیکە. کاتێك ڕیزەکە دەچێتە پێشەوە، هەموویان وەك ئەوەی لە ڕەوتی سەربازییدا بن، لە یەك کاتداو پێکەوە هەنگاوێك دەچنە پێشەوەو ڕادەوەستن. ئەمە مرۆڤی نموونەییە کە دامەزراوە بۆ خۆی دروستی دەکات.

(٣)

ئیگۆ خۆی کۆنترۆڵ وەردەگرێت، چیتر پێویست بەوە ناکات دامەزراوە خەریکی چاودێرییکردنو لێپرسینەوە بێت، هەر هەڵەیەك، یان ناتەواوییەك لە یەکێکیانەوە ڕووبدات، خۆی لەوێدا دەکەوێتو ڕیزەکە جێی دەهێڵن. نە کەس گرنگیی پێدەداتو نە خۆشی بەلایەوە گرنگ دەبێت. ڕەنگە بڵێن ئەمە زێدەڕۆییە. دەی باشە با نموونەیەکتان لە ژیانی خۆتان پێ بڵێم، ئایا کەس لە ئێوە شایەتحاڵی دیمەنێکی لەمجۆرە بووە: ئاپۆرایەکی خەڵك ڕاوەستاونو بە بەرچاویانەوە گروپێکی چەکدار (بە پۆشاکەکانیاندا دیارە نوێنەرایەتی جۆرە دەسەڵاتێك دەکەن) لە کەسێك دەدەنو خەڵکەکە بێباکانە هەروا سەیر دەکەن! بەڕاست، دیمەنی واتان بینیوە؟

(٤)

ژیانی تاك/دانە، ژیانێکی بێ نهێنیە، لەوێدا مرۆڤەکان ناخوازن (نەك نایانەوێت) هیچ نهێنییەك لە دامەزراوە بشارنەوە (کە لە دواجاردا دامەزراوە نوێنەرایەتی دەوڵەت، یان لە حاڵەتی ئێمەدا حیزب دەکات). کارمەندەکان دەبن بەو منداڵانەی هیچ نهێنییەك لە باوکیان حەشار نادەن، بەردەوام وشەگەلی "باوکی هەمووان" یان "باوکی میللەت" دووبارە دەکرێتەوەو مرۆڤەکان/فەرمانبەرەکان بە ئاسوودەییو بێباکی لە سایەی ئەو باوکەدا دەژینو هەرگیز ناڕەزایی دژی کردەوەکانی دەرنابڕن. ئیتر دروشمەکە دەبێت بەمە: من لەناو بچم باشترە لەوەی دەوڵەت/باوك ناڕەحەت ببێت.

دەسەڵات و تاك

هیچ کەسێك لە پەیوەندییەکە تێناگات. تاکەکان لەژێر سایەی دەسەڵاتێکدا هەڵدەسورێن کە خۆشیان نازانن چیەو کێ نوێنەرایەتی دەکات. ئەوە دەسەڵاتێکی هەڕەمەکیەو بە هەموو ئاڕاستەیەکداو لەسەر هەموو کەسێك کاردەکات، کۆمەڵێك ڕێوشوێن هەن کە تاکەکان دووبارەیان دەکەنەوە، بەڵام دەسەڵات هەرگیز بەوجۆرە کارناکات. بەڵکو هەمیشە لە جێگایەکەوە دەردەکەوێتو جۆرە مومارەسەیەك دەکات کە پێشبینی ناکرێت.

بۆ نموونە چیرۆکی میتامۆرفۆسیس وەربگرە، کاتێك گریگۆر سامسا بەیانییەکیان خەبەری دەبێتەوە، خۆی دەبینێت بووە بە مێرووییەکی زەبەلاح، بووە بە قالۆنچەیەکی زۆر گەورە. ئەوە نابیت بە مایەی نیگەرانی بۆی، بەڵکو ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگە لە کاتی خۆیدا بگاتە سەر کارەکەی. بێگومان لەم بارەی ئێستایدا، ئەوە مەحاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا هەم خۆیو هەم خێزانەکەشی بە هیوان ئەوە ئەنجام بداتو خاوەن کارەکەشی هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکات.

دەسەڵاتو گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵات لە ناوەوەی مرۆڤەکان خۆیانەوە دێت. لە کوێوە؟ خۆ من پێشتر وتم ئەوانە بە تەنها منیان هەیە، منی باڵا لە جێگایەکی دیکەدایە. ئەمە چۆن دەکرێت. ڕاستە لەناو مندا یاساو ڕێساکان نین، بەڵام بەردەوام ترسێك لە یاساشکێنیو لە سەرپێچی کردن هەیە، لە جیهانە کافکاییەکەشدا دامەزراوە زۆر بە وریایی ئەم ترسە لە تاکەکاندا پەروەردە دەکات. لێرەشەوە دەچینە سەر خاسییەتێکی دیکەی جیهانەکە: (تۆقینی بێسنور)، بەڵام با لێرەدا لای چیرۆکێکی دیکەی کافکا ڕابوەستین، مەبەستم لە هونەرمەندی برسێتیە.

لەم چیرۆکەدا پاڵەوانەکە لەگەڵ تیمێکی سێرکدا کاردەکات، ئیشی ئەو تەنها ئەوەیە هەروا بە برسێتی پاڵ بداتەوەو خەڵکیش لەوێوە دەڕۆن سەیری دەکەن. ئەو خەمی چییەتی؟ لە چی بێزار بووە؟ خاوەنکارەکەی ماوەی کارکردنی لەگەڵ سێرکەکەدا بە چل ڕۆژ دیاریی کردووە، ئەمەش بەڕای ئەو ماوەیەکی گونجاو نیە تا توانا هونەرییەکانی خۆی بەتەواوەتی بخاتەڕوو.

بەڵام دوای ماوەیەك جەماوەر چیتر هونەرەکەی ئەویان لا گرنگ نابێتو نایەن بۆ سەیرکردنی، ئیتر خاوەنکارەکەی ئاگاداری دەکاتەوە کە ئەو ئازادە هەتا مردن بە

برسێتی بمێنێتەوە. ئەویش هەروا پاڵی لێدەداتەوەو هێواش هێواش بەرەو مەرگ دەڕوات، لە کۆتا ساتدا بۆی دەردەکەوێت کە هونەرەکەی زۆر پووچ بووە، چونکە ئەو بە ئیرادەی خۆی خەریکی مومارەسەکردنی هونەرەکەی نەبووە، بەڵکو خۆراکی گونجاوی دەست نەدەکەوت بیخوات.

ئەمانە یاسا سەیرو سەمەرەکانی ناو جیهانی کافکان؛ ئەمە لە دادگاییشدا دیسان دەبینینەوە: پاڵەوانەکە جگە لەوەی نازانێت بۆچی دەستگیرکراوە، بە هەمان شێوە لە یاساو ڕێکارەکانیش تێناگات، تەواوی سیستمی یاسایی لەوێدا لە بەردەوامیەکی بێپسانەوەدانو لەوەش ناچێت کارەکان کۆتاییان بێتو سەرەنجامیش سزاکەی خۆی پەسەند دەکات بێ ئەوەی بزانێت تاوانەکەی چی بووە. ئەم پرۆسێسە بەردەوامییەکی سەمەرەی هەیەو هیچ کەس توانای ڕاگرتنی نیە. ئەم سیستمە یاساییە خەریکی پیادەکردنی دادپەروەریی نیە، بەڵکو تەنها کارێك کە دەیکات ئەوەیە لەگەڕدا بێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە سیستمەکە کاردەکات، ئیتر بە هیچ شێوەیەك ئەوە قابیلی گومان خستنە سەر نییە کە چی دەکاتو چۆن کاردەکاتو لە پێناوی چیدا کاردەکات.

تۆقینی بێسنور

(١)

لە جیهانی کافکایدا جۆرە ستەمکارییەکی تۆقێنەر پیادە دەکرێت، زۆریش تایبەتییە، ئەمە ڕێك ئەوەیە کە ساڵانێك دواتر هانا ئارێنت ناوی دەنێت "ستەمکاریی بێ ستەمکار" واتە سیستمەکە هەیە، بەڵام ستەمکارێکی دیاریکراو لەوێ نیە، ئەوەی هەیە مرۆڤەکان بەردەوام لە تۆقیندا دەژین، دەترسن لەوەی شتێك بە ڕێکوپێکی ئەنجام نەدەن، لەکاتی خۆیدا نەگەنە سەر کارەکانیان. هەڵەیەك بکەن لەو کارەدا کە هەمیشە هەر بەڕێوە دەچێتو ڕاوەستانی بۆ نیە. لەکۆتاییدا دەبێت واژۆکانی سەر کیتابەکان بەپێی سیستمێك بن، تەنها بۆ ئەوەی لەوێدا بن.

ئەگەر واژۆیەك لە دەرەوەی سیستمەکە کرا، یاخود بزر بوو، ئەوە مەکینەی سزادان دەکەوێتە گەڕو تەنها ئەو کەسەش دەتۆقێنێت کە دەیگرێتەوە، ئەوانیتر کە تێدەگەن بە ئاڕاستەی ئەوان نیە، ئیتر لەسەر کارەکانی خۆیان بەردەوام دەبن. ڕیك وەك ئەو کەسانەی دەبرێن بۆ گوللەباران کردن، لەکاتێکدا یەکێکیان بە دارەکەوە

دەبەستنەوەو ئامادەی دەکەن بۆ گوللەباران کردن، ئەوانیتر لە ئارامیدان، چونکە دەزانن ئەوەی لەسەر دارەکەیە ئەوان نین.

(٢)

لە نامەیەکیدا دەنوسێت: "من بەردەوام هەوڵ دەدەم پەیوەندیی بە شتێکەوە بکەم کە قابیلی ئەوە نەبێت خەڵکی دیکە بەشداریی تێدا بکەن، ڕاڤەی شتێك بکەم کە قابیلی ڕاڤەکردن نیە، باسی شتێك بکەم کە تەنها خۆم هەستی پێدەکەم.

" ئەمە ئەوپەڕی تۆقینە لە ئاشکرابوون، بەڵام ئەم تۆقینە کافکاییە لەناو دامەزراوەدا پێچەوانە دەبێتەوە: ترسان لە پەیوەندیی کردن بە شتێکەوە کە هەموو ئەوانیتر تێیدا بەشدار نەبن، ڕاڤەو لێکدانەوەی تایبەت بۆ شتەکانو هەستکردن بە شتێك کە ئەوانیتر هەستی پێناکەن. بۆچی؟ بۆ ئەوەی هەمووان وەکو یەك وابن، تا لە نیگەرانیو نارەحەتی دەرباز بنو چیتر ڕووبەڕووی توندوتیژیی نەبنەوە. چۆن؟ بەوەی هەموو ئەو داخوازییانە جێبەجێ بکەن کە دامەزراوە داوایان دەکات.

(٣)

کافکا لە دەفتەری یادەوەرییە ڕۆژانەییەکانیدا باس لە شێوازەکانی دیارنەمانی خۆی دەکات، جۆرەها وێنەی تۆقینەر دەخاتەڕوو، وەك ئەوەی جۆرە پرۆسەیەکی ئاسایی بێت کە ڕوودەدات، هیچ ئاماژەیەك بۆ ئازارو ژانی ناو وێنەکان ناکات، چونکە ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کە ڕوودەداتو هیچی دیکە. لە جێگایەکدا ئەندێشە دەکات کە چەقۆ گەورەکەی قەساب زۆر بە خێرایی خەریکی وردکردنی جەستەیەتی، بەهۆی خێراییەکەوە تەڵێزمی باریکی وەك گوێزانی ڕیشتاشینی لێ دەپەڕێت.

" وێنەکە زۆر تۆقێنەرە، بەڵام لەکاتی کارکردنی چەقۆکەدا لەسەر جەستەی کافکا، قسەیەك لەبارەی بەرەنگاربوونەوە، ئازارکێشان، هیچ شتێکی دیکە نیە، ئەوەی هەیە شتێکە کە ڕوودەداتو هیچی دی. ئەمە تۆقینێکی لەڕادە بەدەرە، بەڵام بۆ کافکا نا، بەڵکو بۆ خوێنەر. لە وێنەیەکی دیکەدا لەناکاو گوریسێك لە ملی دەئاڵێتو کێش دەکرێت بەناو بنمیچی نهۆمی یەکەمی ماڵێکدا، بە توندیی بەرەو سەرەوە دەبرێتو جەستەی لەتوپەت دەبێتو تێکدەشکێتو پارچە پارچە دەبێت.

ناسینەوەی جیهانەکە

(١)

لە لایەکەوە ناسینەوەی جیهانی کافکایی زۆر ئاسانە، ئەگەر چاوێك بە دەوری خۆماندا بگێڕینو سەرنجی مرۆڤە قات لەبەرە جانتا بە دەستەکان بدەین، زۆر شت دەبینین. تۆ بڕوانە مرۆڤەکان چەند لە یەکتریی دەچن، لە ناو دامەزراوەدا چۆن نیشتەجی بوونو ڕێك لەو چوارچێوەیەدا هەڵدەسوڕێن کە تێیدا دەژینو بۆیان دەستنیشاکراوە. لە کۆتاییدا هەموویان وەك پولەکەکانی کراسی ژنانە لەبەر هەتاودا بەیەکجۆر دەبریسکێنەوە. ئیتر هەموویان لە دانەی ناو گروپێك دەچن، بەجۆرێك یەکێکیان دەتوانێت نوێنەرایەتی هەموویان بکاتو هەمووشیان نوێنەرایەتی یەك دانە دەکەن.

(٢)

ئەمە دەبێت بە خاسییەتی سەرەکی هەموو ژیانی ئێمە، خۆمان لەناو بزرگەیەکدا دەبینینەوە کە لەگەڵی ڕاهاتووینو ناشمانەوێت لێی دەربازبین. مەبەستم لەوەیە کە ڕاستە کاتێك کار بەم جێگایە دەگات ئیتر ئەگەری دەربازبوون مەحاڵ دەبێت، بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەو دەرفەتەش بڕەخسیت ڕەتی دەکەینەوە.

بە شێوەیەکی کۆمیدیتر بیڵێم: تەنانەت ئامادە نین خەونی قەدەغەش ببینین. خەڵکانێك فەرمانڕەواییمان دەکەن کە نایانناسین، بەپێی ژمارەیەك یاساو ڕێسا کاردەکەن کە نازانین چین. ئەمە ئەو ساتەیە کە ئیتر هەموومان دەبین بە قالۆنچە قاتلەبەرە جانتا هەڵگرەکان.

(٣)

ئیتر دیزاینی کۆتایی جیهانەکەمان تەواو دەبێت، هەموومان دەکەوینە ناو پرۆسەیەکی بەردەوامی سەرفکردنی سەعاتەکانی تەمەنمان لە ئێستایەکی نەبڕاوەدا، کە هەرگیز بە هیچ جێگایە ناگات، بەڵکو تەنها بزربوونو جێگیرانەوە بە دانەی تر لەگۆڕێ دەبێت. ئەمە ئەو جیهانەیە کە لەکۆتاییدا وادەزانین خۆمان خوڵقاندوومانە، کە بەتەواویی هەموو بیرکردنەوەو ئارەزوویەکمان لێ زەوت دەکاتو بیرکردنەوەکانی خۆیمان پێدەداتو ئارەزوو لە ناخماندا بۆ پێداویستییەکانی ئەو دروست دەکات.

(٤)

ئەمە جیهانێکی ڕەش‌و سپیە، ڕەنگاوڕەنگی‌و هەمەجۆریی تێدا نیە، لەم جیهانەدا مرۆڤ یان لەناو دامەزراوەدایەو لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا ژیانی لێ زەوت دەکرێت، یاخود لە دەرەوەی دامەزراوەیەو لێی دەگەڕێن وەك هونەرمەندە برسیەکە خۆبەخۆ بمرێت. لە سەفەرەکەی ئەم دواییەمدا بۆ ئێران کەسێکم ناسی کە بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە بواری فیزیادا، ئینگلیزییەکی زۆر باشیش دەزانێت. بەڵام پاسەوانی بینایەکە لە تاران‌و شەوانەش لای هاوڕێیەکی دەژی. ئەم کەسە مەرجەکانی چوونە ناو دامەزراوەی تێدا نیە کە هیچیان بریتی نین لە بڕوانامەی باڵاو وەك (ك)ی مەساح کەس پێویستیی بە شارەزاییەکانی نیە. مەرجەکان شتی دیکەن‌و ئەویش نەیسەلماندووە کە ئەو مەرجانەی تێدایە. بۆیە دامەزراوە لێی گەڕاوە تا ڕۆژێك لە ڕۆژان بەدیار بیناکەوە گیانی دەبەخشێت، یاخود بێزار دەبێت‌و ژیان لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا دامەزراوە هیچ باکی نیە.

بە ڕاست! ئێمە لە جیهانێکی کافکاییدا دەژین؟

*ئەم نوسینە بەشێکی ئامادەکراوە لەچوار وانە کە پێشکەشی خوێندکارانی زانکۆ کراوە.

کورتە مێژوویێکی نیولیبرالیزم

سوزان جۆرج

وەرگێڕانی: جەمال پیرە

سوزان، خانمە سۆسیۆلۆژیستو خەباتگێڕێکی ئەمریکییە، چەند کتێبێکی دەربارەی دواکەوتوویی‌و برسێتیی‌و قەرزداریی‌و رەخنەی نیولیبرالیزم‌و سیاسەتەکانی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی‌و بانکی نێودەوڵەتی هەیە. دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە Another World is Possible, 2004، Shadow Sovereigns, 2015 دەربارەی کۆنترۆڵی دەسەڵات لە جیهاندا لەلایەن کۆمپانیا بان نەتەوەییەکانەوە.

ئەگەر لە ساڵی ١٩٤٥ یان ١٩٥٠دا، هەر بیرۆکەو سیاسەتێکت پێشنیارکردبایە کە ئەمڕۆکە چەندین ئەرکی ستانداردی نیولیبڕالیزم پێکدەهێنن، ئەوا هەر بە پێکەنینێکی

گاڵتەجاڕییانە لە شانۆییەکەدا دەردەکرایت، یان ڕەوانەی نەخۆشخانەی شێتان دەکرایت. لەوکاتەدا هەمووان کینزی*بوونو لانیکەم لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا، یان سۆسیالیستێکی دیموکرات، یاخود مەسیحییەکی دیموکرات، یان سەر بە جۆرێك لە جۆرو ڕەنگەکانی مارکسیزم بوون. بیرۆکەی ڕێگادان بە بازاڕ تا بڕیاری گەورەی کۆمەڵایەتیو سیاسی بدات، هەروەها ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت پێویستە دەوڵەت خۆبەخشانە دەستبەرداری ڕۆڵە ئابوورییەکەی بێتو دەبێ گەورە کۆمپانیاکان ئازادییەکی تەواویان هەبێت، دەبێ سەندیکاکان سەرکوت بکرێنو پاراستنی کۆمەڵایەتی هاووڵاتیان لەجیاتی زیادکردنیان، کەمبکرێنەوە-بیرۆکەی لەو شێوەیە بەگیانی سەردەم نامۆ بوون، تەنانەت ئەگەر یەکێکیشیان ڕەزامەندی لەسەر ئەم بیرۆکانە بدابایە، ئەوا دوودڵ دەبوو لەوەی بەئاشکرا هەڵوێستی لەو شێوەیە ڕابگەیەنێت، چونکە زۆر زەحمەت دەبوو هەوادارو جەماوەر پەیدا بکات.

هەرچەندە ئەمە لەم ڕۆژگارەماندا بەدوور دەزانرێت باوەڕی پێبکرێت، بەتایبەت لای لاوان، تێڕوانینیش لەبارەی "سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی"و "بانکی نێودەوڵەتی" وەك دوو دامەزراوەی پێشکەوتوو بووە. پێیان دەوترا "دوو جمکەکەی کینز" کە لە جۆن ماینارد کینزو هاری دیکستەر وایتەوە لەدایکبوون، ئەمەی دووەمیان یەکێك بووە لە دیارترین ڕاوێژکارانی فڕانکلین ڕۆزفلت. کاتێك ئەم دوو دامەزراوەیە لە دوای کۆنفرانسەکەی"بریتۆن وودز" لە ساڵی ١٩٤٤ پێکهێنران، ئەرکیان ئەوەبوو یارمەتیدەربن لەوەی لە داهاتوودا ململانێو ناکۆکی ڕوونەداتو بەپێشکەشکردنی قەرز بۆ نۆژەنکردنەوەو گەشەپێدانو لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتە کاتیەکان لە باڵانسی پارەداندا هەڵبستن. ئەوان بڕیارە ئابوورییەکانی حکومەتە تاکەکەسیەکانیان لەدەستدا نەبووە، هەروەك ئەرکیشیان ئەوە نەبووە ڕێگابدەن دەست لە سیاسەتی نیشتیمانی وەربدەن.

لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا "دەوڵەتی خۆشگوزەرانی"و "ڕێککەوتنی نوێ" لە نەتەوە ڕۆژئاواییەکان ڕاگەیەنرا، بەڵام جەنگ ڕێگر بوو لە بڵاوبوونەوەی، یەکەمین بەندی کارنامەکەش لەدوای جەنگ بریتیبوو لە گەڕاندنەوەی ئەو پێگەیە. بەندە سەرەکییەکانی دیکەی کارنامەکە هاندانی بازرگانی جیهانی بوو.. ئەمەش لە "پڕۆژەی مارشال"دا بەدیهات، کە سەرلەنوێ ئەورووپای کردە گەورەترین هاوبەشی بازرگانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای خاوەن بەهێزترین ئابووری جیهان. لەو کاتەدا ڕەشەبای

خەباتو تێکۆشان دژی کۆڵۆنیالیزم هەڵیکردبوو، گەلان ئازادی خۆیان بەدەستهێنا، جا وەك ئەوەی هیندستان بووبێت کە لە شێوەی بەخشین بوو، یان وەك ئەوەی کە لە کینیاو ڤێتنامو چەند ولاتێکی دیکە لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە هاتەئارا.

بەشێوەیەکی گشتی جیهان لەسەر جێبەجێکردنی کارنامەیەکی زۆر پێشکەوتوو رازی بوو، توێژەری گەورە کارڵ پۆلانی، شاکارە نایابەکەی خۆی "گۆڕانە گەورەکە"ی لەساڵی ١٩٤٤دا بڵاوکردەوە، ئەو شاکارەشی ڕەخنەیەکی توند بوو لە کۆمەڵگای پیشەسازی سەدەی نۆزدەهەم کە بەهۆی بازاڕەوە بەڕێوەدەبرا. پەنجا ساڵ لەمەوبەر پۆلانی بەم وتە سەرنجڕاکێشو پڕ لە حیکمەتە هۆشداری داوەو گوتویەتی ئەگەر"ڕێگەدان بە میکانیزمی بازاڕ تاکە بەڕێوەبەری چارەنووسی مرۆڤو ژینگە سروشتییەکەی بێت، دەبێتە هۆی وێرانبوونی کۆمەڵگا". (ل ٧٣)

وێڕای ئەوە، پۆڵانی لەوبڕوایەدا بوو وێرانکردنی لەم شێوەیە لە جیهانی دوای جەنگدا ڕووناداتو دەڵێت "ئێمە شایەتی ئەوەین لەناو نەتەوەکاندا پێشکەوتنێك هەیە، کۆنترۆڵی سیستمی ئابووری لە کۆمەڵگادا هەڵوەشاوەتەوەو ئەوە گەرەنتیکراوە کۆمەڵگا لە پێش ئەم سیستمەوەیە". (ل ٢٥١)

بەداخەوە، ئەم گەشبینییەی پۆلانی لەجێی خۆیدا نەبوو-هەر بیرۆکەیەکی نیولیبرالیزم لەسەر بنەمای تواناسازی میکانیزمی بازاڕ لەوەی چارەنووسی مرۆڤ کۆنترۆڵ بکات. پێویستە لەسەر ئابووری یاساکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت، نەك بەپێچەوانەوە. هەروەك پۆڵانی پێشبینی کردووە، ئەم ڕاستییەش ڕاستەوخۆ بەئاراستەی "وێرانکردنی کۆمەڵگا"مان دەبات.

کەواتە چی ڕوویدا؟ چۆن لەدوای تێپەڕبوونی زیاتر لە نیو سەدە بەسەر کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی گەیشتینیە ئەم حاڵەتە؟ یان هەروەك ڕێکخەران پرسیان بۆچی لە ئیستادا ئەم کۆنفڕانسە دەبەستین؟ وەڵامەکە بەم شێوەیە کورتە بوو کە "بەهۆی کۆمەڵێك قەیرانی دارایی ئەم دواییەوە بووە بەتایبەتی لە ئاسیادا". بەڵام ئەمە پرسیارێك دەخاتەڕوو- پرسیاری "چۆن نیولیبڕالیزم لە دابڕگەیەکی زۆر کەمینەییەوە دەرکەوتو بوو بە ڕێباوەڕێکی زاڵ لە جیهانی ئەمڕۆدا؟

بۆچی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتیو بانکی نێودەوڵەتی هەر کاتێك بۆیان بکرێت دەستێوەردان دەکەن بۆ ئەوەی وڵاتان ناچاربن بەمەرجی نەگونجاو لە ئابووری جیهانیدا بەشداری بکەن؟ بۆچی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لە هەموو ئەو وڵاتانەی تیایاندا

جێبەجێکراوە لەژێر هەڕەشەدایە؟ بۆچی ژینگە لەسەر لێواری داڕماندایەو بۆچی لە وڵاتانی دەوڵەمەنددا ئەم هەموو هەژارە هەیە وەك ئەوەی وڵاتی هەژار بن؟ لەکاتێکدا هەرگیز ئەو سامانە گەورەو زەبەلاحە نەبووە وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە؟ ئەم پرسیارانە پێویستە لە رووانگەیەکی مێژووییەوە وەڵامبدرێنەوە.

هەر وەك لە گۆڤاری «دیسێنت» Dissent (دابڕان)ی ئەمریکیدا قسەمکردووەو رووئمکردۆتەوە یەکێك لە راڤەکردنەکانی سەرکەوتنی نیولیبڕالیزمو ئەو کارەساتە ئابووریو کۆمەڵایەتیو ژینگەییانەی بەدوای خۆیدا دەیانهێنێن ئەوەیە نیولیبڕالەکان لە "گۆڕانە گەورەکەیاندا" بەدفەڕیو دواکەوتوویی خۆیان کڕیوە "باجەکەشیان داوە. ئەوان درکیان بەو شتە کرد کە پێشکەوتوخوازەکان درکیان پێنەکردبوو، ئەویش ئەوەیە کە هزرو بیرۆکەکان دەرەنجامیان هەیە، نیولیبڕالیستەکانو پاڵپشتیکارانی ماددییان لەسەرەتاوە لە زانکۆی شیکاگۆوە لەگەڵ فەیلەسوفی ئابووری فریدریك فۆن هایكو خوێندکارەکانی وەك میلتۆن فریدمان، تۆڕێکی گەورەی دامەزراوەو پەیمانگاو سەنتەری توێژینەوەو بڵاوکراوەو توێژەرو نووسەرو شارەزایانی پەیوەندییە گشتییە نێودەوڵەتیەکانیان پێکهێنا، بۆ بەرەو پێشەوەبردنو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان بەشێوەیەکی بێڕەحمانە.

ئەم چوارچێوە زۆر کارایەی ئایدیۆلۆژیایان دامەزراند، چونکە لەوە تێگەیشتن کە بیرمەندی مارکسیسیتی ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ گرامشی چی دەوێت لەو کاتەی چەمکی هەژموونی کەلتوری پەرەپێدا.

ئەگەر بتوانیت دەست بەسەر مێشکی خەڵکدا بگریت، دواتر دەتوانی دەست بەسەر دڵو دەستیشیاندا بگریت. کاتی پێویستم لەبەردەستدا نییە وردەکارییەکان لێرەدا بخەمەڕوو، بەڵام باوەڕم پێبکەن ئەو کارە ئایدۆلۆژیو برەو پێدانەی کە راستڕەوەکان پێی هەڵساون بەتەواوەتی نایاب بوو. سەدان ملیۆن دۆلاریان خەرج کرد، سەرەنجام هەر فلسێك دەهێنێت خەرجیان کردبێت، چونکە وایانکرد نیولیبڕالیزم وا دەرکەوێت زۆر سروشتیو نۆرمال بێت بۆ مرۆڤایەتی.

ژمارەی ئەو کارەساتە جۆراوجۆرانەی سیستمی نیولیبڕالیزمی نوێ بە دڵنیاییەوە بەدوای خۆیدا هێناوە هەرچەند بێت، ئەو قەیرانە داراییانەی لێیکەوتوونەتەوە هەرچەندێك بێت، ژمارەی زیانبەرکەوتووانو ئەو بێزراوانەی کە دروستی کردوون

هەرچەندێك بێت، هەموو ئەمانە هەردەبوو بن، وەك یەكێك لە كارەكانی خوا، بەو پێیەی تاكە سیستمی ئابووریو كۆمەڵایەتی رێگەپێدراوو بەردەستە بۆ ئێمە.

رێگامبدەن جەخت بكەمە سەر گرنگی تێگەیشتن لەوەی ئەم ئەزموونە بەرفراوانە نیولیبرالیزمەی ئێمە ناچارین لەسایەیدا بژین، مرۆڤ بەئەنقەست دروستیكردووە، هەر كاتێك لەوە تێدەگەیت نیولیبرالیزم هێزێك نییە وەك هێزی كێشكردنی زەوی بێت، بەڵكو بەتەواوەتی بنیاتنراوێكی دەستكردە، راستەوخۆ تێدەگەین ئەوەی هەندێك كەس بنیاتیان ناوە، كەسانی تر دەتوانن بیگۆڕن. بەڵام بەبێ داننان بە گرنگی ئایدیاكان ناتوانن بیگۆڕن. من بە تەواوەتی پشتگیری لە پرۆژەكانی خەڵكو جەماوەر دەكەم، بەڵام لەهەمان كاتدا هۆشداری دەدەم لە رووخانی، ئەگەر بێتو كەشی گشتی ئایدۆلۆژی دژی ئامانجەكانی بێت.

بەمەش نیولیبرالیزم لە دەستەو رێبازێكی بچووكی نەویستراوی بەكردار بێ كاریگەرەوە، بوو بە ئایینێكی زۆرینەی جیهانی بە بیروباوەڕە دۆگماتیكیو كەهنوتو دامەزراوەكانی دانانی یاساكانییەوە، رەنگە لەمانە هەموویان گرنگتر بێت، دۆزەخەكەی بۆ كافرو گوناهبارانە، ئەوانەی كە دەوێرن گومان لە راستییە ئاشكراكراوەكان بكەن. ئۆسكار لافۆنتینی كە وەزیری پێشووتری دارایی ئەڵمانیایە، رۆژنامەی نیویۆرك تایمز بە "كینزییەكی بونیات نەنراوو دوور لە چاكسازیی" وەسفی دەكات، رەوانەی دۆزەخ كراوە، چونكە وێراوە پێشنیار بكات باجی زیاتر لەسەر گەورە كۆمپانیاكان دابنرێتو باجی خێزانە ئاساییو داهات سنووردارەكان كەمتر بكرێتەوە.

دوای ئەوەی ستەیجی ئایدیۆلۆژیو چوارچێوەو كۆنتێكستم دانا، رێگامبدەن ئێستا بەخێرایی بۆ ساڵی ١٩٧٩ بگەڕێمەوە كە تیایدا مارگرێت تاتچەر هاتە سەر كورسی فەرمانڕەوایەتیو شۆڕشی نوێی لیبرالی لە بەریتانیا راگەیاند. ئەم ژنە ئاسنینە خۆی خوێندكاری فریدریك ڤۆن هایك بوو، داروینیستێكی كۆمەڵایەتی بوو، بەبێ شەرم گوزارشتی لەو شتە دەكرد كە باوەڕی پێی هەبوو، بەوە ناسرابوو بەیەك وشە پاساوی بۆ پرۆگرامەكەی دەهێنایەوە، ئەویش وشەی TINA بوو بە واتای "هیچ ئالتەرناتیڤێك نییە There Is No Alternative". بەهای ناوەندیی لە بیروباوەڕی تاتچەرو خودی نیولیبرالیزمدا بریتی بوو لە بیرۆكەی كێبڕكێی- كێبڕكێ لەنێوان نەتەوەو ناوچەكان، لەنێوان كۆمپانیاو بێگومان تاكەكەسەكانیشدا. كێبڕكێكەش ناوەندییە لەبەرئەوەی مەڕ لە بزن جیادەكاتەوە، پیاو لە كوڕەكانو بەهێزەكان لە لاوازەكان جیادەكاتەوە. دەبوو

بەوپەڕی تواناوە هەموو سەرچاوەو دەرامەتەکان تەرخان بکرێن، جا سەرچاوەکان ماددی یان سروشتی یاخود مرۆیی یان دارایی بن.

لەبەرامبەردا، فەیلەسوفی گەورەی چینی لاو تزو کتێبەکەی خۆی "تاو-تی چینگ"ی بەم چەند وشەیە کۆتایی پێهێنا "لە پێش هەموو شتێکدا، کێبڕکێ مەکە". تاکە ئەکتەر لە جیهانی نیولیبڕالدا کە پێدەچێت بەم ئامۆژگارییەی ئەو کاریان کردبێت گەورە کۆمپانیا بان نەتەوەییەکان بن، چونکە پرەنسیپی کێبڕکێ بەدەگمەن بەسەر ئەواندا جێبەجێ دەکرێت، ئەوان بەلایانەوە باشترە ئەوە پەیڕەو بکەن کە پێی دەوترێت "سەرمایەداریی هاوپەیمانی". رێکەوتیش نییە دوو لەسەر سێ، تا سێ لەسەر چواری ئەو پارەیەی کە پێی دەوترێت "وەبەرهێنانی راستەوخۆی دەرەکی "بەگوێرەی ساڵەکان، بۆ وەبەرهێنانی نوێ تەرخان نەکراون، تا هەلی کار بڕەخسێنن، بەڵکو بۆ "لێکدانو دەستکەوتن"ن کە هەمیشە بە دوورخستنەوەی کارمەندان لە کارەکانیان کۆتایی پێهاتووە.

چونکە کێبڕکێ، هەمیشە چاکەکارییو فەزیلەتێکە، ناکرێت دەرەنجامەکانی خراپ بن، بۆ نیولیبڕاڵەکان بازاڕ زۆر باشو ژیرانەیە، وەك چۆن خوای گەورە ئەو "دەستە شاراوەیەیە" دەتوانێت چاکە لە خراپەیەکی رووالەتی دەربهێنێت.

تاتچەر لە وتەیەکیدا بەم شێوەیە دوا "ئەرکی ئێمەیە لە نایەکسانیدا شانازی بکەینو ببینین بەهرەو تواناکان دەرچەو وزەی دەربڕینیان لە بەرژەوەندی هەمووان"دا پێبدرێت، بە دەربڕینێکیتر، خەمی ئەوانەتان نەبێت کە لەدواوەی ململانێ کێبڕکێکارییەکەدا بەجێدەمێنن، مرۆڤەکان بەسروشتی خۆیان یەکسان نین. بەڵام ئەمە باشە چونکە بەشدارییەکانی کەسانی خانەدان، خوێندەوارانی باشو بەهێزترینەکان، سوودی بۆ هەمووان دەبێت، لاوازەکانو کەسانی کەم خوێندەوار شایانی هیچ شتێك نین، ئەوەی کە بەسەریاندا دێت خەتای خۆیانە نەك خەتای کۆمەڵگا. بە وتەی مارگرێت ئەگەر سیستمی کێبڕکێ "دەریچەیەکی پێبدرێت" بۆ کۆمەڵگا باشترە، بەداخەوە مێژووی ٢٠ ساڵی رابردوو پێمان دەڵێت ئەوەی کە روودەدات بەپێچەوانەوەیە.

لە بەریتانیا بەر لە سەردەمی تاتچەر، لە هەر دە کەسدا یەکێکیان لە خوار هێڵی هەژارییدا دەژیان، ئەمەش تۆمارو دەرەنجامێکی گەشاوەو باش نەبوو، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا شەڕەفمەندانە بوو، لە قۆناغی پێش جەنگیش باشتر بوو. ئێستا لە هەر چوار کەسدا یەکێکیانو لە هەر سێ منداڵدا یەکێکیان، بە فەرمی راگەیەنراوە

لە خوارەوەی هێڵی هەژارییدان. ئەمەش واتا مانەوە بۆ بەهێزو گونجاوترینەکانە: خەڵکانێك ناتوانن لە زستاندا ماڵەکانیان گەرم بکەنەوە، ناچارن پارچە پارەیەکی ئاسن بخەنە ناو پێوەرەکانەوە بۆ ئەوەی ئاوو کارەبایان هەبێت، چونکە خاوەنی پاڵتۆیەکی گەرمی دژە ئاو نین، هتد.. من ئەو نموونانەم لە راپۆرتی گشتی ساڵی ١٩٩٦ی "گرووپی کارکردن لەسەر هەژاریی منداڵانی بەریتانیا" وەرگرتووە. بە یەك نموونە دەرەنجامی "چاکسازییەکانی باج"ی دووانەی تاتچەر-مەیجەر بەرجەستە دەکەم. لە هەشتاکاندا، یەك لە سەدی باجدەران رێژەی ٢٩٪ی سەرجەم سوودەکانی کەمکردنەوەکانی باجیان بەدەستهێناوە، بەجۆرێك کەسێك کە نیوەی تێکڕای ساڵانەی مووچەی وەرگرتبێت بەرێژەی ٧٪ باجەکانی بەرزبوونەتەوە، لەکاتێکدا کەسێك کە دەجار زیاتر تێکڕای مووچەی ساڵانەی وەرگرتبێت رێژەی ٢١٪ی داشکاندنی بەدەستهێناوە.

ئاماژەیەکی دیکەی کێبڕکێ وەك بەهای سێنترالی نیولیبڕالیزم ئەوەیە پێویستە بەشێوەیەکی توندو درندانە کەرتی گشتی بچووك بکرێتەوە، چونکە ملکەچو پابەندی یاسای بنەڕەتی کێبڕکێو پشکی بازاڕ نییەو نابێت. تایبەتمەندسازیش لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییدا یەکێکە لە گۆڕانکارییە ئابووریە گەورەکان. ئەم رەوتە لە بەریتانیا دەستی پێکردو لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوبووەتەوە.

با بەو پرسیارە دەست پێبکەم: بۆچی وڵاتانی سەرمایەداریی، بەتایبەت لە ئەوڕوپا، خزمەتگوزاریی گشتییان هەیەو بۆچی هێشتا ئەم خزمەتگوزارییانەیان ماوە؟ لە واقیعدا بەنزیکەیی زۆربەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان ئەوەی کە ئابووریناسان ناوی دەنێن "قۆرخکارییە سروشتییەکان"، قۆرخکاریی سروشتی ئەو کاتە دەبێت کە کەمترین قەبارە بۆ گەرەنتیکردنی ئەوپەڕی کارایی ئابووریی، لەگەڵ قەبارەی راستەقینەی بازاڕدا یەکسان بێت. بەدەربڕینێکیتر، پێویستە کۆمپانیایەك قەبارەیەکی دیاریکراوی هەبێت بۆ هێنانەدی ئابووری پێوانە کراوو دواتریش باشترین خزمەتگوزاریی بە کەمترین تێچوون پێشکەش بە بەکاربەران بکات.

خزمەتگوزارییە گشتیەکان لەسەرەتادا پێویستیان بە وەبەرهێنانو سەرمایەگوزاریی گەورە هەیە، وەك هێڵەکانی شەمەندەفەر، یان تۆڕەکانی گەیاندنی کارەبا- کە بۆ کێبڕکێکاری، هاندەر نین. ئەمەش لەبەرئەوەیە قۆرخکارییە گشتیەکان چارەسەری نموونەیی ئاشکران. بەڵام نیولیبڕالەکان هەموو شتێکی گشتی بە "نا کارامە" دەناسێنن.

لە بە تایبەتکردنی قۆرخکاریی سروشتیدا چی روودەدات؟ بەشێوەیەکی تەواو ئاسایی‌و سروشتیش، خاوەنداره سەرمایەداره نوێیەکان بەئاراستەی سەپاندنی نرخی قۆرخکارانە بەسەر جەماوەردا هەنگاودەنێن‌و قازانجی زۆر بۆ خۆیان پەیدا دەکەن. ئابوریناسە کلاسیکییەکان ئەمە بەدەرئەنجامی "شکستێکی بونیادی‌و پەیکەریی بازاڕ" وەسفدەکەن، چونکە نرخەکان بەرزترن لەوەی کە دەبوو وابن، ئەو خزمەتگوزارییانەشی کە پێشکەش بە بەکاربەران دەکرێن وەك پێویست باش نین. لەپێناو ڕێگریکردن لە حاڵەتەکانی شکستی بونیادیی بازاڕییدا، وڵاتانی سەرمایەداریی لە ئەوڕوپا، بە نزیکەیی هەموویان بوارەکانی پۆستەو پەیوەندی‌و گەیاندنی تەلەفۆنی‌و کارەباو گازو هێڵی شەمەندەفەرو میترۆو گواستنەوەی ئاسمانی‌و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی وەك ئاوو فڕێدانی زبڵییان سوپارد بوو بەو قۆرخکارییانەی دەوڵەت خاوەندارێتیان دەکات. ئەم بارو دۆخەش تا هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەردەوام بوو. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم پێوەرە ئاورتەیەو لەسەر ئەم بنەمایە کار ناکات، ئەمەش رەنگە لەبەر ئەوە بێت لە رووی جوگرافییەوە گەورترە لەوەی تێیدا قۆرخکاریی سروشتی هەبێت.

هەر چۆنێك بێت، مارگرێت تاتچەر دەستیکرد بە گۆڕینی کۆی ئەم بارودۆخە، سوودو قازنجی دیکەی ئەمەش بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندسازییەیە بۆ شکاندنی هێزی سەندیکا کرێکارییەکان، لەرێگەی وێرانکردنی کەرتی گشتییەوە، بەو پێیەی پێگەی هەرە بەهێزی سەندیکاکانە. بەمەش توانی بەتوندی‌و یەکلاکەرەوانە لاوازییان بکات. بەم شێوەیە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩و ١٩٩٤دا ژمارەی هەلی کار لە بەریتانیا بۆ ٦ ملیۆن‌و ٧ ملیۆن دابەزی، واتا بەرێژەی ٢٩%. هەموو ئەو هەلی کارانەی بەکردار هەڵوەشێنرانەوە کاری ئەوانە بوو کە ببوون بە بەشێك لە سەندیکاکان. کاتێك دامەزراندن لە کەرتی تایبەت لەماوەی ئەو پانزە ساڵەدا وەستا بوو، ژمارەی تێکڕای کەمبوونەوەی هەلی کاری بەریتانی گەیشتە ١.٧ ملیۆن، واتا بەرێژەی لەسەدا حەوت بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٧٩. لە نەریتی نیولیبڕالەکاندا کەمی کرێکار باشترە لە زۆربوونیان، چونکە کرێکاران لەگەڵ داهاتی خاوەن پشکەکاندا بەریەك دەکەون.

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی دیکەی تایبەتمەندسازیی، کە پێشبینکراو بوون‌و شایانی پێشبینی کردنن. بەڕێوبەرانی ئەو دامەزراوانەی کە تازە دووچاری تایبەتمەندسازیی بوون‌و زۆربەیان لە پۆستەکانیاندا مانەوە، کرێکانیان کرد بە دوو بەرامبەرو سێ بەرامبەر. دەوڵەتیش پارەی باجدەرانی بۆ سڕینەوەی قەرزی

دامەزراوەکانو سەرمایەگوزارکردنیان بەر لەوەی بیانخاتە بازاڕەوە بەکارهێنا. بۆ نموونە، کۆمپانیاو دەسەڵاتدارێتی ئاو بەبڕی پێنج ملیار پاوەند قەرزەکانی وەرگرتەوە لەگەڵ ١.٦ ملیار کە پێیدەوترێ "مارەیی سەوز" تاکو بووکەکە سەرنجڕاکێشتر بێت بۆ کڕیارەکانی داهاتوو.

لە نێوەندەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا هەرایەکی زۆر دروست بوو کە چۆن بڕیاردراوە خاوەندارە بچووکەکان پشکیان لەو کۆمپانیایانەدا هەبێت، کە لە راستیدا ٩ ملیۆن کەسی بەریتانی تیایدا پشکیان کڕی، بەڵام نیوەیان بە کەمتر لە هەزار پاوەند وەبەرهێنانیان کردو زۆرینەیان لەوادەیەکی تاڕاددەیەك خێرادا بەپەلە پشکەکانیان فرۆشت، هەر لەوکاتەشدا توانیان بە شێوەیەکی کاش قازانجەکانیان بەدەست بهێنن.

مرۆڤ دەتوانێت لەم ئەنجامانەوە وای ببینێت بیرۆکەو خاڵی سەرەکی تایبەتمەندسازیی، ناکارایی ئابوورییە، نەك باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان بێت بۆ بەکاربەر، بەڵکو گواستنەوەی سامانە لە خەزێنەی گشتی -کە دەکرێ بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان- بەرەو دەستی تایبەت دابەش بکرێت. لە بەریتانیاو شوێنەکانی دیکەدا، زۆربەی هەرە زۆری پشکی کۆمپانیا تایبەتکراوەکان ئێستا لە دەستی دامەزراوە دارایییەکانو گەورە وەبەرهێنەراندایە. کارمەندانی "بریتش تیلیکۆم" تەنها لەسەدا یەکی پشکەکانی کۆمپانیایان کڕی، کارمەندانی "بریتش ئایرۆ سپەیس" ١،٣٪ هتد..

بەر لە هێرشی تاتچەر، بەشی زۆری کەرتی تایبەت لە بەریتانیا قازانجیان دەکرد، لەساڵی ١٩٨٤، کۆمپانیا گشتییەکان هاوکار بوون لەوەی زیاتر لە ٨ ملیار پاوەند بخەنە ناو خەزێنەی دەوڵەتەوە. بەڵام هەموو ئەم پارەیە ئێستا بۆ تاکەکەسە خاوەن پشکە تایبەتەکان دەڕوات. خزمەتگوزاری لە پیشەسازییە بەتایبەتکراوەکاندا هەندێکجار کارەساتبارە. رۆژنامەی فاینانشیال تایمز دەربارەی پەلاماردانو هەڵکوتانەسەری مشك بۆ ناو سیستمی "ئاوی یۆرکشایەر" نووسیویەتی، بەهەمان شێوە بڵاویکردووەتەوە کە هەر کەسێك لە بەریتانیا بەشەمەندەفەرەکانی کۆمپانیای پایمز سەفەری کردبێتو زیندوو بێت، شایانی وەرگرتنی مێدالیایەکە.

رێك هەمان ئەو میکانیزمانەش لەسەرتاسەری جیهاندا پەیڕەوکراون، لە بەریتانیا "دامەزراوەی ئادەم سمیس" هاوبەشی هزریی بوو لە داهێنانی ئایدیۆلۆژیای تایبەتمەندسازییدا. "دامەزراوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ وەبەرهێنانو گەشەپێدان"

«USAID»و بانکی نێودەوڵەتیش، شارەزایانی دامەزراوەی "ئادەم سمیپ"یان بەکارهێناوە بۆ برەودان بە بیروباوەڕی تایبەتمەندسازیی لە وڵاتانی باشوور. تا ساڵی ١٩٩١، بانکی ناوبراو ١١٤ قەرزی بۆ خێراترکردنی پرۆسەکە پێشکەش کرد، هەموو ساڵێکیش دەستەی "گەشەپێدانی دارایی جیهانیی" سەر بە بانکەکە خشتەی سەدان کاری تایبەتمەندسازیی جێبەجێکراوی لەو وڵاتانەدا بڵاوکردۆتەوە ،کە قەرزیان لە بانکەکە کردووە.

پێشنیار دەکەم لە قسەکردن دەربارەی تایبەتمەندسازیی بوەستینو وشەگەلێك بەکاربهێنین کە راستییەکان دەڵێن: ئێمە دەربارەی "دەستبەسەرداگرتنی مولکدارێتی" قسەدەکەین هەروەها دەربارەی رادەستکردنی بەرهەمی گرێبەستی کارێك قسە دەکەین کە هەزاران کەس کاریان تێدا کردووە بۆ کەمینەیەکی زۆر بچووکی گەورە سەرمایەگوزاران. ئەمەش گەورەترین پرۆسەی دەستبڕینە کە بە هێز لە سەردەمی نەوەی ئێمەو هەر نەوەیەکی تردا ئەنجام دەدرێت.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی نیولیبڕالیزم خۆی لە پاداشتکردنی سەرمایەدا دەبینێتەوە لەسەر حسابی کار، بەمەش سەروەتو سامان لە خوارەوەی کۆمەڵگاوە بۆ سەرەوە دەگوازرێتەوە. ئەگەر بێتو لە خانەی ٢٠٪ی سەرەوەی پێوەرەکەی داهاتدا بیت، رەنگە شتێك لە لیبڕالیزمی نوێت دەستکەوێتو هەر چەند زیاتر بەسەر پەیژەکەدا سەرکەویت، ئەوەندە قازانجەکەت زیاتر دەبێت. بەپێچەوانەوە، هەموو ئەوانەی لە خانەی ٨٠٪ی خوارەوەدان هەر هەموویان زیانیان بەردەکەوێت، هەرچەند پێگەکەشیان لەسەر پەیژەکەدا دابەزێتو نزم بێتەوە، ئەوەندە زیانەکانیان بەهەمان رێژە زیاد دەبێت.

ئەگەر پێتانوایە من رۆنالد ریگانم بیرچووە، رێگەم بدەن ئەم خاڵە روونبکەمەوە، کە بە تێبینیەکانی کیڤن فلیپس شرۆڤەکاری کۆماریی‌و یاریدەدەری پێشووی سەرۆك نیکسۆن دەست پێدەکات، کە ساڵی ١٩٩٠ کتێبێکی بەناونیشانی "سیاسەتی دەوڵەمەندو هەژار" بڵاوکردەوە. ئەمەش دواتر رێگای لەبەردەم بیروباوەڕی نیولیبڕالیزمی نوێو سیاسەتەکانیدا کردەوە، کە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٧و ١٩٨٨دا دابەشکردنی داهاتی لە ئەمریکادا گۆڕی. ئەم سیاسەتانەش دواتر بەگشتی لە "هیریتاج فاوندەیشن"دا وردتر کراونەتەوە کە لە سەردەمی ریگاندا دیارترین سەنتەری توێژینەوە بوو، هێشتاکەش لە سیاسەتی ئەمریکیدا هێزێکی گرنگە. لەماوەی دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، داهاتی مامناوەندی خێزانی ١٠٪ی خێزانە ئەمریکییەکان بەرێژەی

١٦٪ زیادبوو، هەروەها ٥٪ی سەرەوە بە ڕێژەی ٢٣٪ زیاد بوو. بەڵام خۆشبەختترینەکان کە لەسەدا یەکی خێزانەکانی ئەمریکان، دەتوانن سوپاسی ریگان بکەن لەبەرئەوەی ٥٠٪ی داهاتەکانیان زیاد بووە. داهاتەکانیان کە هەر خۆی بەرزبوو، ساڵانە لە ٢٧٠ هەزار دۆلارەوە گەیشتە لوتکەو بوو بە ٤٠٥ هەزار دۆلار. بەڵام ئەمریکیە هەرە هەژارەکان هەموویان زیانیان پێگەیشت، هەرچەند لەپەیژەکەشدا زیاتر لە دابەزیندا بوون زیانەکانیان گەورەتر دەبوون. بەگوێرەی ئامارەکانی فیلیپس خۆی، ١٠٪ی ئەمریکیەکان لە خوارەوەی پەیژەکەدا ١٥٪ی داهاتەکانیان لەدەستدا کە هەر خۆی نزم بوو، لە ساڵانە ٤،١١٣ دۆلارەوە بەرەو ٣،٥٠٤ دۆلار دابەزی. لە ساڵی ١٩٧٧دا، داهاتی لەسەدا یەکی خێزانە ئەمریکییەکان ٦٥ جار زیاتر بوو لە داهاتی ١٠٪ی ئەوانەی خوارەوەی پەیژەکە. دوای دە ساڵ، ئەوانەی جۆری سەدا یەك بە ڕێژەی ١١٥ جار زیاتر دەوڵەمەند بوون بەبەراورد لەگەڵ سەدا دەی ئەوانەی خوارەوە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نا یەکسانترین کۆمەڵگایە لەسەر زەویدا. بەڵام لەماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییدا بەهۆی سیاسەتەکانی نیولیبڕالیزمەوە بە کردەوە لە هەموو وڵاتاندا نایەکسانیە کۆمەڵایەتییەکان زیادیکردووە. "کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانیو گەشەپێدان" UNCTAD هەندێك بەڵگەی تۆمەتبارکاری لەمبارەیەوە لە "ڕاپۆرتی بازرگانیو گەشەپێدان" بۆ ساڵی ١٩٩٧ بڵاوکردەوە، کە لەسەر بنەمای ٢٦٠٠ لێکۆڵینەوەی جیاجیا دەربارەی شێوەکانی نایەکسانی لە داهاتو هەژاریو کەلەبەرکردنی چینی مامناوەند. تیمی "کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانیو گەشەپێدان" ئەم ئاراستانەی لە دەیان کۆمەڵگای جیاوازدا دۆکیومێنت کردووە، لەوانەش چینو رووسیاو وڵاتانی دیکەی پێشووی سەر بە بلۆکی سۆشیالیستی.

هیچ شتێکی شاراوە لەم ئاراستەو رەوتەدا نییە بەرەو نایەکسانی زیاتر. سیاسەتی تایبەت دادەڕێژێ کە داهاتێکی زۆر بۆ خاوەن سامانەکان دابین دەکات، بەشێوەیەکی تایبەت لە ڕێگەی دابەزاندنی باجو کەمکردنەوەی کرێ. تیۆرییو پاساوی ئایدیۆلۆژی بۆ ڕێوشوێنی لەو جۆرە ئەوەیە داهاتو قازانجی بەرز بۆ دەوڵەمەندەکان دەبێتە هۆی هاتنەدی وەبەرهێنانو سەرمایەگوزاریی زیاتر، هەروەها دەبێتە هۆی دابەشکردنی باشتری سەرچاوەو دەرامەتەکان، بەمەش هەلی کارو خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هەمووان دەڕەخسێت. لە واقیعداو هەروەك بەتەواوەتی پێشبینیکراو بووە، گواستنەوەی پارە لە ڕێگەی پەیژەو پلیکانەی ئابوورییەوە دەبێتە هۆی هەڵتۆقین لە بۆرسەکانو کۆبوونەوەی

سامانێکی کاغەزیی بێ شومار لەدەست کەمینەیەکو سەرهەڵدانی جۆرێك لە قەیرانی دارایی. ئەگەر داهاتەکان بە قازانجی ٨٠٪ی ئەوانەی کە لەخوارەوەی کۆمەڵگادان دابەشبکرێت، ئەوا بەمەبەستی بەکاربەریی بەکاردەهێنرێت، بەمەش بۆ دروستبوونی هەلی کار سوودی دەبێت، بەڵام ئەگەر بەئاراستەی سەرەوە دابەش بکرێت، بەوەی کە زۆربەی خەڵك هەموو ئەو شتانەیان هەیە کە پێویستیان پێیەتی، ئەوا ئەو پارانە ناچنە ناو ئابووری ناوخۆیی یان نیشتیمانی، بەڵکو دەچێتە بازاڕەکانی بۆرسەی نێودەوڵەتیەوە.

هەروەك هەموو لایەکمان دەزانین، هەمان سیاسەت لە سەرتاسەری باشورو رۆژهەڵاتدا، بەپاساوی رێکخستنی پەیکەربەندی پەیڕەوکراوە، کە تەنها ناوێکی دیکەیە بۆ نیولیبڕالیزم. من تاتچەرو ریگانم بەکارهێنا بۆ دەرخستنو روونکردنەوەی سیاسەتی نیشتیمانی. بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، نیولیبڕاڵەکان هەموو هەوڵی خۆیان لەسەر سێ خاڵی سەرەکیدا چڕکردۆتەوە، ئەوانیش بریتین لە: ئازادی بازرگانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانو ئازادی خوولانەوەو دەستاودەستکردنی سەرمایەو ئازادی وەبەرهێنانو سەرمایەگوزاریی.

لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بەهۆی قەیرانی قەرزو میکانیزمی مەرجدانانەوە بەهێز بووەو تواناکانی خۆی بەرەو ئاراستەیەکی باش بردووە، لە پاڵپشتیکردنێکی هاوسەنگی پارەدانەوە هەنگاوی ناوە تا بووە بە نیمچە دیکتاتۆرێکی گەردوونی لەوەی کە پێی دەوترێت سیاسەتی ئابوری "ساغو تەندروست" یان سیاسەتی ئابوری نیولیبڕالی.

دواجار "رێکخراوی بازرگانی جیهانی" لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٥دا دوای دانوستانێکی دوورودرێژو تاقەتپروکێن دامەزراو زۆرتر لەو پەرلەمانانەدا تێپەڕێنرا کە ئەندامەکانیان زانیاری زۆریان دەربارەی ئەوە نییە کە بڕیاریان لێیداوەو پەسندیان کردووە. خۆشبەختانە، دوا هەوڵی داڕشتنی بنەما جیهانیو پابەندەکانی نیولیبڕالیزم لە شێوەی "رێککەوتنی فرەلایەنە بۆ وەبەرهێنان" لانیکەم بەشێوەیەکی کاتیی لەوەدا شکستی هێنا، کە هەموو مافێکی بە گەورە کۆمپانیاکان دەداو هەموو ئەرکێکی دەخستە ئەستۆی حکومەتەکانو هاووڵاتیانیشی لەهەموو مافێك بێ بەش دەکرد.

خاڵی هاوبەشی ئەم دامەزراوانە نەبوونی شەفافیەتو لێپرسینەوەی دیموکراسیانەیە، ئەمەش کڕۆکی نیولیبڕالیزمە: بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێ ئابووری یاساکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت، نەك بەپێچەوانەوە. دیموکراسی بارگرانییە،

چونکە نیولیبڕالیزم بۆ براوەکان داڕێژراوە، نەك بۆ دەنگدەران کە بەردەوام هەردوو گرووپی دۆڕاوو براوەکان لەخۆدەگرێت.

دەمەوێ لە کۆتاییدا داواتان لێبکەم پێناسەی نیولیبڕالیزم بۆ دۆڕاو، زۆر بەڕژدی وەربگرن، کە هیچ شتێکی تایبەت قەرزاری نییە. دەکرێ هەر کاتێك هەر کەسێك لە سیستمەکەدا دەربکرێت، بەهۆی نەخۆشی یان تەمەن یان دووگیانی، یان هەر شکستێکی هەستپێکراو یاخود بەهۆی بارودۆخێکی ئابووریو پێویستی گواستنەوەی سامان لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەبێ وەستان. بەهای خاوەن پشك هەموو شتێکە. بەمدواییانە رۆژنامەی "ئینتەرناشنال هیرالد تریبیۆن" نووسی بووی: وەبەرهێنەرانی بیانی "دەستیانگرتووە" بەسەر کۆمپانیاو بانکەکانی تایلاندو کۆریادا. هیچ سەیر نییە، ئەم کڕینی پشکانە ببنە هۆی ئەوەی دەرکردنی ژمارەیەکی زۆرو زەوەندی کارمەندو کرێکاران. بەمانایەکی دی، ئەنجامی کاری ساڵەهای ساڵی هەزاران تایلەندیو کۆری دەگوازرێتەوە بۆ دەستی گەورە کۆمپانیا بیانییەکان. زۆربەی ئەوانەی بۆ بەرهەمهێنانی ئەم سامانە کاریان کردووە، ئێستا لە شەقامەکاندان، یان بەمزووانە ئەمە چارەنووسیان دەبێت.

بەگوێرەی پرەنسیپو بنەماکانی کێبڕکێو بەرزکردنەوەی بەهای خاوەن پشکەکان، رەفتاری لەم شێوەیە، ستەمکارانە نییە، بەڵکو زۆر ئاساییەو تەنانەت کارێکی چاکیشە.

دان بەوەدا دەنێم نیولیبڕالیزم سروشتی سیاسەتی لەڕەگو ریشەوە گۆڕی، سیاسەت پێشتر بەپلەی یەك پەیوەست بوو بەوەی کێ فەرمانڕەوایەتی دەکاتو کێ پشکێك لە کێکەکە بەدەست دەهێنێت. بێگومان هێشتا چەند لایەنێکی ئەمە ماونەتەوە، بەڵام پرسیارە گەورەو ناوەندیو نوێیەکەی سیاسەت بووە بەمەی "کێ مافی ژیانی هەیەو کێ ئەو مافەی نییە؟". دوورخستنەوەی ریشەیی ئێستا بووە بە دروشم، مەبەستم ئەوەیە ئەمە بەراستی کارێکی کوشندەیە.

رەنگە لێرەدا هەواڵی ناخۆشم بەئێوە راگەیاندبێت، چونکە مێژووی بیست ساڵی رابردوو پڕبووە لەم جۆرە هەواڵانە. بەڵام نامەوێ قسەکانم بەم ئاوازە خەمناكو رەشبینە کۆتایی پێبێنم. زۆر شت بۆ روبەڕوبوونەوەی ئەو رەوتو ئاراستانە دەکرێت کە هەڕەشە لە ژیان دەکەن، بوارێکی فراوانیش بۆ کردەوەی زیاتر هەیە.

کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانیو گەشەپێدان یارمەتیدەر دەبێت لە دەستنیشانکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەو کردارانەی کە من پێموایە پێویستە هێرشێکی

ئایدیۆلۆژی لەخۆبگرێت. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڕیار بدەین‌و کارنامەیەك دابنێین لەجیاتی ئەوەی ڕێگابدەین دەسەڵاتدارانی جیهان لە داڤۆس دایبنێن. بەو هیوایەی بەخشەرانیش تێبگەن کە نابێت بەتەنها پارە بۆ پڕۆژەکان تەرخان بکەن، بەڵکو پێویستە لەسەریان پارە بۆ ئایدیاو بیرۆکەکانیش تەرخان بکەن. ناتوانرێت پشت بە نیولیبڕالەکان ببەستین تا ئەم کارە لەئەستۆ بگرن، بۆیە پێویستە سیستمێکی کارای نێودەوڵەتی بۆ باج دابڕێژین، "باجی تۆبین Tobin Tax "یش هەموو مامەڵەکانی بازاڕی دارایی وباجی ڕێژەیی لەسەر فرۆشیاریی "کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان" بگرێتەوە... دەبێ داهاتی سیستمی باجی جیهانی بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان باکورو باشور تەرخان بکرێت‌و دووبارە بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا دابەشبکرێتەوە کە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا تووشی دزین‌و بەتاڵانبردن هاتوون. ڕێگام بدەن ئەوەی پێشتر وتومە دووبارەی بکەمەوە: لیبڕالیزمی نوێ مەرج‌و دۆخێکی سروشتی مرۆیی نییە. هێزێکی سەرووی سروشتیش نییە، دەکرێ ئالنگاریی‌و دژایەتی بکرێت‌و جێگەی بگیرێتەوە، چونکە شکستهێنانەکەی ئەوە دەخوازێت. پێویستە بۆ سیاسەتی جێگرەوە ئامادە بین، تا دەسەڵات بۆ کۆمەڵگاو وڵاتانی دیموکراسی بگەڕێنێتەوە، لەهەمان کاتدا کاربکەین بۆ بنیادنانی دیموکراسی‌و فەرمانڕەوایی یاساو دابەشکردنی دادپەروەرانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. بازرگانی‌و بازاڕ پێگەی خۆیان هەیە، بەڵام ناکرێت ئەم پێگەیە تەواوی کایەی بوونی مرۆیی داگیر بکات. هەواڵێکی دیکەی خۆش ئەوەیە بڕە پارەیەکی زۆر لەدەوروبەرماندا هەیە، کە بەشێکی بچووك، بگرە ڕێژەیەکی زۆر کەمی کە شایانی باس نەبێت، بەسە، بۆ فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستە بۆ هەر مرۆڤێك لەسەر ئەم زەوییەدا، بۆ فەراهەمکردنی تەندروستی‌و فێربوون بۆ هەمووان‌و پاککردنەوەی ژینگەو ڕێگریکردن لە وێرانکردنی هەسارەکەمان‌و پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان باکورو باشور، لانیکەم بەپشتبەستن بەوەی "ئاژانسی نەتەوە یەگگرتووەکان بۆ گەشەپێدان" پێشنیاری کردووە، کە پێویستی بە ٤٠ ملیار دۆلار هەیە. کە لەڕاستیدا ئەمە بڕە پارەیەکی زۆر زۆر کەمە.

لە کۆتاییدا، تکا دەکەم ئەوەت لەبیر بێت کە ڕەنگە نیولیبڕالیزم چاوچنۆك‌و چلێس بێت‌و تێر نەبێت، بەڵام بەتەواوەتی سەخت نییە. هەر دوێنێ بوو هاوپەیمایێتییەکی نێودەوڵەتی چاڵاکوانان، نیولیبڕالەکانی ناچار کرد ئەگەر بەشێوەیەکی کاتییش بێت دەستبەرداری پڕۆژەکەیان بن، کە تایبەتە بە ئازادکردنی هەموو وەبەرهێنانەکان لە

ڕێگەی "ڕێککەوتنێکی هەمەلایەن دەربارەی وەبەرهێنان" MAI*، سەرکەوتنی لەناکاوی نەیارانیشی لایەنگرو بانگەشەکارانی حوکمداری کۆمپانیاکانی تووڕە کردو دووپاتیکردەوە کە بوونی تۆڕێکی باشی ڕێکخراوی جەنگاوەران لەتوانایاندا هەیە شەڕەکان ببەنەوە. ئێستایش دەبێ ریزەکانمان دووبارە ڕێکبخەینەوەو پارێزگاریی لە هێزەکەمان بکەین بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەین "ڕێککەوتنی هەمەلایەنە لەپێناو وەبەرهێنان" (ناوی دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتییە MAI Multilateral Agreement on Investment) بگۆڕن بۆ "ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی". با بەم شێوەیە لە شتەکان بڕوانین: ژمارەکان لە بەرژەوەندی ئێمەدان. چونکە ژمارەی دۆڕاوەکان لە یاری نیولیبڕالیزمدا زۆر زیاترە لە براوەکان. ئێمە بیرۆکەو ئایدیامان هەیە، لەکاتێکدا بیرۆکەو ئایدیای ئەوان بەهۆی دووبارەبوونەوەی قەیرانەکانەوە دەکەونە ژێر پرسیارو گومانەوە. ئەوەی تا ئێستا کەموکوریی ئێمەیە، ئەو ڕێکخستنو یەکێتییەیە کە وامان لێدەکات لەم سەردەمە تەکنەلۆژییە پێشکەوتووەدا سەرکەوین.

ڕوونە، هەڕەشەکە بان نەتەوەییە، ئەمەش بەو مانایەیە کە دەبێ وەڵامەکەش دەبێ بان نەتەوەیی بێت. چیتر هاودەنگیی بە مانای یارمەتی نایەت، یان چیتر سنووردار نییە بە یارمەتی، بگرە پێویستی بە دۆزینەوەی وزەی شاراوە هەیە لە ململانێی یەکتردا، تا هێزی ژمارەییو هێزی هزرو ئایدیاکانمان سەردەکەون.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

1 - تاريخ موجز للنيوليبراليه - مجله البدايات- العدد ٣٠ - ٢٠٢١

2 - لەهەمانکاتدا لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەشدا بەراوردم کردووە کە لەم لینکەدا وەرم گرتووە: http://www.socioeco.org/bdf_fiche-document-1007_en.html

3 - *ئابوری کینزی"Keynesian economics" تیۆرێکی مایکرۆ ئابورییە لەسەر بنەمای بیروڕاکانی ئابوریناسی بەریتانی "جۆن ماینارد کینز "دارێژراوە، پشتگیری لە سیاسەتی دەوڵەت دەکات لە هەردوو بواری کەرتی گشتیو ڕوبەڕووبونەوەی قەیرانەکانی سەرمایەداری. "وەرگێڕ"

4 - George, Susan. 1999. "A Short History of Neoliberalism." Presented at the Conference on Economic Sovereignty in a Globalising World, March 24-26, Bangkok, Thailand.

شۆپنهاوەرو دایکی

نووسینی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

لەساڵی (1805) باوکی شۆپنهاوەر بەهۆی خزینو کەوتنە خوارەوەی لە شوێنێکی بەرز بۆ نێو ڕووبارێك، کۆچی دوایی دەکات، ئەوەش زۆر کاریگەری لەسەر شۆپنهاوەری تازە لاو دەبێت، چونکە جگە لەوەی پێویست دەبێت لەمەودوا کار بکاتو لەسەر کارە بارزگانیەکانی باوکی بەردەوام بێت، دەبێت بەرپرسیارێتی بنەماڵەکەشیان بگرێتە ئەستۆ. دوای ئەم ڕووداوە دایکی شۆپنهاوەر لەساڵی (1806) دەستی کچە بچووکەکەی دەگرێتو ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ ڤایمار، بەڵام شۆپنهاوەر بە تەنیا لە هامبۆرگ دەمێنێتەوە، ئەو کات بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا هەست دەکات لەبەردەم دووڕیانێکدایە، یا ئەوەتا ڕێگای باوکی بگرێتەبەرو بچێتە نێو کاری بازرگانی، یا ڕووبچێتەنێو ژیانی بیرکردنەوەو ئایدیاو نووسینو خوێندنەوە. ساڵی دواتر شۆپنهاوەریش بڕیار دەدات بچێتە ڤایمارو لەگەڵ دایکو خوشکە بچووکەکەی بژیت.

لەبارەی مردنی باوکی شۆپنهاوەر کۆمەڵێك ڕاوبۆچوونی زۆرو جیاواز هەن، ئاسانیش نییە توێژەر بتوانێت لە هیچ یەکێك لەم بۆچوونانە دڵنیابیت. بۆچوونێك هەیە گوایە باوکی شۆپنهاوەر بەهۆی زیانێکی زۆر لە کاری بازرگانی خۆی کوشتووە.[1] هەندێك بۆچوون هەن پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن گوایە باوکی شۆپنهاوەر بەڕێکەوت نەخزیوەو بەرنەبۆتەوە، بەڵکو بەهۆی پێوەندی خراپی لەگەڵ ژنەکەی، خۆی کوشتووە. وەکو ئەوەی توێژینەوەکان لەبارەی ژیانی شۆپنهاوەرو باوکو دایکی پیشانی دەدەن، باوکی شۆپنهاوەر هەرگیز لەم پێوەندییەی لەگەڵ دایکی شۆپنهاوەر بەختەوەر نەبووە، ژیانێکی پڕ لە کێشەو گرفتی لەنێو ماڵەکەی خۆیدا هەبووە.

هەندێك بۆچوونی تریش هەن پێیان وایە ژنەکەی پاڵی پێوەناوەو فڕێیداوەتە نێو ڕووبار بۆ ئەوەی لە کۆڵی ببێتەوە. ڕەنگە ئەم بۆچوونانە لەسەر بنەمای ڕەفتارو پێوەندی شۆپنهاوەر لەگەڵ دایکی بونیادنرابێت، چونکە ڕقو کینەیەکی سەختو زۆری بەرانبەر دایکی هەبووە، بەجۆرێك بۆتە هۆی ئەوەی دواتر بەگشتی ڕقی لە هەموو ژنانیش ببێتەوەو لەلای ئەم ژن ببێتە سیمبولی خیانەتو غەدرو ستەمکاری. بەڵام، ئێمە دەبێت ئەوە بزانین باوکی شۆپنهاوەر بە تەمەن زۆر لە دایکی گەورەتر بووە، ڕەنگە بەشێکی زۆری کێشەکانی نێوانیانیشیان پەیوەندی بەم جیاوازییەی تەمەنەوە هەبووبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەو ئاشکرا لەبەردەست نییە دایکی شۆپنهاوەری پێ تاوانبار بکرێت، ئەوەی هەیە زیاتر لێکدانەوەو بۆچوونە، نەك بەڵگەیەکی ڕوونی واقیعی.

دوای ئەوەی باوکی شۆپنهاوەر دەمرێت، دایکی هەموو سەروەتو سامانی بنەماڵەکەیان دەفرۆشێتو لەگەڵ کچەکەی دەچێتە ڤایمار، ئەو ژنە وەکو شازادەیەك ڕەفتاری کردووەو ژیانێکی خۆشی بەسەر بردووە. یۆهانای دایکی شۆپنهاوەر دوای ئەوەی سەروەتو سامانێکی زۆری لە مێردەکەی بۆ بەجێما، شاری هامبۆرگ جێدەهێڵێتو دەچێتە شاری ڤایمار لە خۆرهەڵاتی ئەلمانیا.[2]

لە شاری ڤایمار بە پارەی باوکی شۆپنهاوەر سالۆنێکی ئەدەبیو هونەری دەکاتەوەو ئێواران خەڵکانێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە، کۆمەڵێك شاعیرو چیرۆکنووسو ڕۆماننووس بەردەوام ئێواران لەم سالۆنە شیعرو کورتە چیرۆکیان خوێندۆتەوە، وتوێژی گەرمو گوورییان لەبارەی ئەدەبو هونەر هەبووە، بگرە بەم هۆیەوە دایکی شۆپنهاوەر خۆیشی بۆتە نووسەرو ڕۆماننووسێکی ناسراوو چەند بەرهەمێکی ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە

وەکو (گابرییل) لەساڵی (1819)، (پوور) لەساڵی (1823)، (سیدۆنیا) لەساڵی (1827)، (ڕیچارد وود) لەساڵی (١٨٣٧).

جگە لەم کتێبانە، دوو کتێبیشی لەبارەی ژیاننامەی ڕەخنەگری هونەریو شوێنەوارناسی ئەلمانی "کارل لودویگ فیرنۆ" لەساڵی (1810)و ژیاننامەی شێوەکاری فلیمینگی "جان فان ئیك" لە ساڵی (1822) نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە. کارل لودویگ فیرنۆ یەکێك بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی یۆهاناو کۆی کارە بڵاوکراوەکانی دایکی پێکەوە لەنێو (24) بەرگ چاپو بڵاوکراوەتەوە.[٣]

یەکێك لەو پیاوە ناودارنەی ئەو کات ماوە ماوە سەردانی ماڵەکەی دەکردو لە سالۆنەکەی دادەنیشت، گۆتە بوو، هەروەها هەردوو برا شلیگلیش ئامادەی سالۆنەکەی بوونو بەشداربیان تێدا کردووە.[٤] لەنێو ئەم ماڵەدا شۆپنهاوەر بۆ یەکەمجار گۆتە دەبینێتو دەیناسێتو گوێی لە ڕاوبۆچوونەکانی دەبێتو پەیوەندییەکی هاوڕێیانە لەنێوانیان دروست دەبێت.

بەهۆی ئەم ڕووداوانەو پەیوەندیو ئەزموونی ژیانی لەگەڵ دایکی، هەر کەسێك ژیاننامەی شۆپنهاوەر بخوێنێتەوەو لە فەلسەفەکەی شارەزا بێت، بەڕوونی بۆی دەردەکەوێت ئەم پیاوە کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ ژن بەگشتی هەبووە، ڕەنگە یەکێك لە سیماکانی بەرجەستەکردنی ژنیش لەلای، بریتی بوو بێت لە بەگشتیکردنی وێنەی کەسایەتی ئاڵۆزو توندوتیژی دایکی خۆی. ڕەنگە لە ڕوانگەی کەسایەتیو ڕەفتاری دایکییەوە، شۆپنهاوەر تەماشای وێنەی ژنی کردبێتو ئەم وێنەیەی بەگشتی کردبێت، چونکە لەبارەی پرسی داراییو دەستکەوتو شێوازی بەڕێوەبردنو خەرجکردنی پارەی دەستکەوتی ڕۆژانە یا مانگانەی ماڵدا، شۆپنهاوەر بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەواوی ژنان، جگە لە هەندێك حاڵەتی دەگەمەن نەبێت، حەزیان لە دەستبڵاویو پارە خەرجکردنە، حەزدەکەن پارە خەرج بکەن، بۆیە دەبێت ئەو پارەیەی دەخرێتە بەردەستیان سنووردار بێت.

ئەم بۆچوونو تێگەیشتنە ڕاستەوخۆ لە وێنەی دایکی وەرگیراوە، دایکێك کە لەناکاو بەهۆی مردنی مێردەکەی سامانێکی یەك جار زۆری بۆ ماوەیەو بێ هیچ حیسابێك تەخشانو پەخشانی کردووە. چونکە دایکی شۆپنهاوەر بە پەیداکردنو بەدەستهێنانی ئەم پارەیە ماندوو نەببوو، بۆیە بێ حیساب دەست بڵاو بوو، پارەیەکی زۆری لە شتی پڕوپووچ سەرف دەکرد، ماڵەکەی خۆی کردبووە ڕێستوڕانتو هەفتانە

پارەیەکی خەیاڵی -بە حیسابی ئەو سەردەم- تەنیا لە مێوانداریو شەرابو خواردنو خواردنەوە خەرج کردووە.

بەپێی ئەوەی لە بەشی یەکەم باسی ژیاننامەی شۆپنهاوەرمان کرد، ئێستا بۆمان ڕوونە سروشتی کەسایەتی شۆپنهاوەرو سروشتی کەسایەتی دایکی زۆر لە یەکتری جیاواز بوون، هەردووکیان خاوەنی دوو کەسایەتی زۆر دژکارو ناکۆك بوون لەگەڵ یەکتری، نەیاندەتوانی پێکەوە هەڵبکەن. بەشێکی زۆری ئەم جیاوازییەش کاردانەوەی شۆپنهاوەر بوو بەرامبەر بە ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی دایکی. کاتێك دایکی شۆپنهاوەر لە ڤایمار سالۆنەکەی خۆی کردەوە، وەکو گوتمان شاعیرو نووسەرو بیریاری زۆری لەخۆی کۆکردەوە، یەکێك لەو کەسە ناودارانە گۆتە بوو. ئەو کات بەگشتی لە ڤایمار پڕوپاگەندەیەکی وا بڵاوببۆوە گوایە ئەم دووانە پەیوەندی سێکسییان هەیە، بۆیە شۆپنهاوەر بەهۆی ئەم قسەو قسەلۆکانە لە دایکی تووڕە دەبێتو نێوانیان بە خراپی تێکدەچێت.

بەشێکی زۆری توێژینەوەکان لەبارەی ژیانی دایکی شۆپنهاوەر، جەخت لەوە دەکەنەوە گوایە ئەم قسەو پڕوپاگەندانە ڕاست نەبوون، چونکە پەیوەندی نێوان گۆتەو دایکی شۆپنهاوەر پێوەندی نێوان دوو هاوڕێی ئاسایی بووە، نە سۆزداری بووەو نە سێکسی، بەڵام گۆتە ڕێزی لە دایکی شۆپنهاوەر گرتووەو کردنەوەی سالۆنی نێو ماڵەکەیشی بە کارێکی ڕۆشنبیریو کولتووری باش زانیوە، بۆیە هاتوچۆی ئەوێی کردووە.

ئینجا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەو کات کەسانی دەوڵەمەند لەنێو ماڵەکانی خۆیان ئەو جۆرە سالۆنانەیان کردۆتەوەو سەرنجی کەسانی ڕۆشنبیرو خوێندەوارو نووسەرو بیریارو هونەرمەندانیان بەلای خۆیان ڕاکێشاوە. ئەو جۆرە سالۆنانە شوێنێکی گونجاو بوون بۆ کۆڕو کۆبوونەوەی نووسەرو بیریارانو گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوونی جیاواز لەبارەی بابەتە هزریو ئەدەبییەکان.

ڕەنگە یەکێك لە هۆیەکانی دیکە دابڕانی شۆپنهاوەرو دایکی ئەو پێوەندییەی دایکی بوو بێت لەگەڵ فردریش مولەر فۆن گرستنبێرگ کە هاوڕێی بنەماڵەکەیان بوو، پێشتر هاوڕێی باوکی شۆپنهاوەریش بوو. ئەگەرچی زۆر کەم لەبارەیەوە ئەم پەیوەندییە دەزانرێت، بەڵام پێوەندییەك بوو ڕەخنەگران بەگشتی بە خاڵێکی ڕەشی دەزانن لەنێو مێژووی بنەماڵەی شۆپنهاوەر، بە تایبەتی مێژووی دایکی. شۆپنهاوەر پێی وابوو دوای

مردنی باوکی، ئەم پیاوە پێوەندی لەگەڵ دایکی داناوە، لە کاتێکدا دەبووایە دڵسۆز بێت بۆ ئەو بنەماڵەیەی کە مێژوویێکی کۆنی هاوڕێیەتی پێکەوە کۆی کردبوونەوە.

بەڵام، وەکو ئەوەی فرانکۆ ڤۆلپی لە توێژینەوەیەکی خۆیدا لەبارەی ژیانی شۆپنهاوەرو پێوەندی لەگەڵ دایکی جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەو پێوەندییە لەنێوان دایکی شۆپنهاوەرو فۆن گۆستنبێرگ پێوەندییەکی ڕاشکاوو ئاشکرا بووەو دایکی شۆپنهاوەریش ئامادە نەبووە لەبەر خاتری کۆڕەکەی واز لەم پیاوە بێنێت. ڤۆلپی لەم بارەیەوە دەنووسێت:" یۆهانا لە دووری دایکو باوکی چێژی لەو پیاوانە وەردەگرت کە هاوسەریان هەبوو، بۆیە ئامادە نەبوو لەبەر خۆشەویستی بۆ کوڕەکەی واز لە خۆشەویستەکەی خۆی بهێنێت"(٥)

ئارتەر شۆپنهاوەر تەمەنی (19) ساڵ دەبێتو دوور لە بنەماڵەکەی خەریکی خوێندنە، بەڵام بەشێك لەم دوورکەوتنەوەیەی بەهۆی ئەوەیە کە حەز دەکات دوورەپەرێز بێتو بە تەنیا بێت، بۆیە دەبینین لە مانگی ئاداری ساڵی (1807) یۆهانای دایکی نامەیەکی بۆ دەنێرێت، ئەم نامەیە ئەو کاتەیە کە شۆپنهاوەر دوای کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی (1805) لە دایکی بێزارو تووڕە دەبێتو ماڵی دایکی جێدەهێڵێت.

یۆهانای دایکی لەنێو ئەم نامەیەدا دەنووسێت:" ئەگەر باوەڕم بەوە نەبووایە کە سروشت بۆ هەر کەسێك کە لە تەمەنی تۆدا بێت ڕووی خۆشی خۆی نیشان نادات، ئەوەی ئێستا دنیای تۆ بەدڵی خۆت نییە، ئەو کات زۆر پەرێشان دەبووم، بەڵام تۆ تەنیا لەکاتێکدا لەگەڵ خۆت ڕاستو یەك دڵ دەبیت کە بتوانیت لەگەڵ خۆت سازو تەبا بیت، ئەو کات دنیا بە گوێرەی مەیلو ئارەزووی تۆ هەڵدەسووڕێت. بەڵام ئارتەری خۆشەویستو بێچارەم، دیارە ئەو بارودۆخە گۆشەگیرییەی تۆ هەڵت بژاردووە، بەراورد بە ژیانی خەڵکیتر، ژیانی تۆی قورستر کردووە. لەوانەیە من وەکو خۆم لە قسەکانت تێبگەمو بتوانم گوێت لێ بگرم، هەندێك جاریش ئەو ڕێگاو هەڵدێرەت نیشان بدەمو ئۆقرەییت پێ ببەخشم، بەڵام تۆ ئێستا هیچ کەسێکت نییە بتوانیت لێی دڵنیابیت وپشتی پێ ببەستیت، ئێستا کەسێك بۆ تۆ لە نانی شەو پێویستترە. بەڵام بەهەرحاڵ، چونکە ناتوانرێت ئەم بارودۆخە بگۆڕدرێت، داوات لێدەکەم پێ بەجەرگی خۆتدا بنێیت تا ڕۆژەکانت بە خۆشیو ئاسوودەیی بەسەر ببەیت. ئارتەری خۆشەویستم، ڕێك لەو کاتەدا کە تۆ ئێستا تێیدا دەژی، دنیای ڕەنگاوڕەنگی منداڵیو یەکەمین ڕۆژانی بەهاری ژیانت خەریکە دەپشکوێت، بەڵام تۆ هێشتا ئاگاداری ئەو دنیایە تازەیە نیت کە خەریکە

دەرگاکانی بە ڕووتدا دەکرێنەوە، هێشتا دوودڵیت، تووشی دڵەڕاوکێ هاتوویت، بە ئەندازەیەك سەرت لێ شێواوەو نازانیت ڕوو لەکوێ دەکەیت. بێگومان ئەمەش دەگۆڕدرێتو هەروا نامێنێتەوە، ڕۆژێك ئەو ترسو دڵەڕاوکێیەت لەدڵ دەردەچێت، تۆش وەکو کەسێکی هاوسەنگ بە خۆشیو کامی دڵ دەژیت".[٦]

لەنێو ئەم نامەیەدا جۆرێك لە دڵنەواییو پشتگیری یۆهانای دایك بۆ ئارتەری کوڕ دەبینین، جۆرێك لە تێگەیشتن هەیە بۆ ئەو بارودۆخە سەختەی کە شۆپنهاوەری کوڕ پێیدا تێپەڕ دەبێت، زمانێکی شیرینی دایکانە لەنامەکەدا هەیە. لەپاڵ ئەم زمانە دایکانەیەش، جۆرە زمانێکی وریای یۆهانا هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵ کوڕەکەی، ئەو زمانە بە ڕاشکاوی زۆر شت ناڵێتو ئاشکرای ناکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر شت دەڵێت لەبارەی پێوەندی ئاڵۆزو

شڵەژوای نێوان دایكو کوڕەکەی. ئیتر ئەم پێوەندییە شڵەژاوە لەدوای ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی باوك بەردەوام دەبێت، پێوەندییەکی ئاڵۆزو بێ سەروبەرە، تا لە کۆتاییدا لە خاڵێك دەپچڕێتو کۆتایی دێت، ئەگەرچی نامەو نامەکاری لەنێوانیاندا هەبووە.

ساڵی (1814) شۆپنهاوەر لەسەر کۆمەڵێك پرسی بنەماڵەو خێزانی خۆیان لەگەڵ دایکی دووچاری کێشە دێت، بەم هۆیە دایکی لێی تووڕە دەبێتو پاڵێکی پێوەدەنێتو شۆپنهاوەر لەسەر قاڵدرمەکانی ماڵەوەیان دەکەوێتە خوارەوەو ئازاری زۆری پێدەگات، بۆیە شۆپنهاوەر بە تووڕەییەوە پێی دەڵێت:"نەوەکانی داهاتوو هیچ شتێك لەبارەی تۆوە نازانن، تەنیا ئەوە نەبێت کە دایکی شۆپنهاوەر بوویت".[٧]

ئەم ڕووداوە یەکێکە لەو هۆکارانەی پاڵیان بە هەندێك توێژەر ناوە بڕوایان وابێت دایکی شۆپنهاوەر پاڵی بە باوکی وەناوەو فڕێیداوەتە خوارەوەو کوشتوویەتی، چونکە پێیان وایە نابێت ئەمە یەکەم جاری بێت پاڵ بە کەسێکەوە بنێتو فڕێیبداتە خوارەوە. دوای ئەم ڕووداوە بە تەواوی نێوانی لەگەڵ دایکی تێکدەچێتو دەچێتە ماڵی تایبەتی خۆیو چیتر لە ماڵی دایکی نامێنێتەوە. پێدەچێت دوای ئەم شەڕەیان کە شۆپنهاوەر ماڵی دایکی جێهێشتووە، چیتر دایکی خۆی نەبینیبێتەوەو بە یەکجاری وازی

لێهێنابێت، ئەگەرچی دەزانین بەردەوام نامەشیان ئاڵوگۆڕ کردووەو هەواڵی یەکترییان زانیوە، بەڵام بەشێك لە توێژەران پێیانوایە بەشی هەرە زۆری ئەو نامانەی نێوان هەردوولا، زیاتر پێوەندی بە مشتومڕ هەیە لەبارەی شێوازی دابەشکردنی میراتی باوك‌و مافی هەرلایەك لەم میرات‌و سامانەی کە بۆیان بەجێمابوو.

لە ڕۆژی (1814/5/17) دوای ئەوەی کێشەی نێوان شۆپنهاوەرو دایکی زۆر گەورە دەبێت، دایکی شۆپنهاوەر ماڵەکەی جێدەهێڵێت‌و نامەیەك بۆ شۆپنهاوەر دەنووسێت، لەم نامەیەدا یۆهانا بە لۆمەو سەرزەنشتەوە بۆی دەنووسێت:" ئەو دەرگایانەی کە دوێنێ بەوپەڕی بێڕێزییەوەو بە توندی بەسەر دایکت داتخستن، بۆ هەمیشە لەنێوان من‌و تۆدا بە داخراوی دەمێننەوە. ئیتر من زۆر لەوە ماندووترم بتوانم چیتر بەرگەی ڕەفتارەکانت بگرم. دەچمەوە گوند تا ئەو کاتەی دڵنیا دەبم تۆ لێرە گۆڕبەگۆڕ بوویت‌و ئێرەت جێهێشتووە، من پێ ناخەمەوە ناو ئەو ماڵە. من لە بواری تەندروستی خۆم کەمتەرخەمم، ئەگەر ڕەفتارەکەی دوێنێت جارێکیتر دووبارە ببێتەوە، لەوانەیە دڵم ڕابووەستێت. تۆ نازانیت دڵی دایك چۆنە، تا زیاتر هۆگر بێت لێدانی بە دەستی کەسێك کە سەردەمێك زۆری خۆشوویستووە، بۆی بە ئازارتر دەبێت. نەخێر، مولەریش لێرەیە - مەبەست مولەری دۆستی خۆیەتی - ئامادەم بە خوا سوێند بخۆم گەر وا بیر بکەمەوە، تۆ خۆت بەرامبەر بە من گۆشەگیر کردووە، متمانەت پێم نییە، تۆمەتبارم دەکەیت‌و لەسەر دۆست‌و هاوڕێکانم سەرزەنشتم دەکەیت، ڕەفتارت ناشیرینە لەگەڵم، ڕقی بەردەوامت لە ڕەگەزی من وەك ژن، دژایەتیکردن‌و وەستانەوەت بەرامبەر هەر هەست‌و خۆشییەکی من، هەستی پارەپەرستیت‌و خوو ڕەوشتت کە هەمیشە بە ئاشکراو بەرانبەر بە خۆم تۆمەتبارم دەکەیت، ئەمانەو زۆر شتی تریش تۆیان لەبەرچاوی من ڕەش‌و ناشیرین کردووە، ئەمانە ئێمە لە یەکتری جیا دەکەنەوە. هەر چەندە نامەوێت بۆ هەتاهەتایی بێت، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژو تا ئەو کاتەی پەشیمان دەبیتەوەو بە هەست‌و بیرکردنەوەیەکی ڕاستکراوە دەگەڕێیتەوە لام، ئەو کات منیش بە دڵو بە گیان قبووڵت دەکەمەوەو لە باوەشت دەگرم، بەڵام ئەگەر بە شێوەی ئێستات بمێنیتەوە، هەرگیز تۆ نابینمەوە".[٨]

ئەم نامە پڕ لە تووڕەییەی یۆهانای دایکی شۆپنهاوەر بەشێك لەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە کێشەی نێوان دایك‌و کوڕ، گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی شۆپنهاوەر دەستی لە دایکی بەرز کردۆتەوەو دایکیشی پاڵی پێوەناوەو لەسەر قاڵدرمەکانی ماڵەوە

فڕێیداوەتە خوارەوە، بۆیە دایکی تووڕە دەبێتو ماڵەکە جێدەهێڵێت، چاوەڕێی ئەوەیە شۆپنهاوەر بڕواتو لە ماڵەکەی بچێتە دەرەوە.

ئینجا دوای ئەو دابڕانە، لە نامەیەکی تریش کە ڕەنگە وەکو وەڵامێك بوو بێت، شۆپنهاوەر بۆ دایکی دەنووسێت:"تۆ بارێکی گرانی بەرگە ناگیرییێت، ژیان لەگەڵ تۆ زۆر سەختە، مەغروریت گەیشتۆتە ڕادەیەك هەموو سوختو خەسڵەتە باشەکانتی داپۆشیوە. وات لێهاتووە هیچ سوودێکت نەبێت، چونکە ناتوانیت ڕێگا بە خۆت نەدەیت نەبیتە بەشێك لە نەنگیو کەموکووڕییەکانی خەڵکی".[٩]

دایکیشی کە شانازی بە سالۆنە ئەدەبییەکەی خۆی دەکردو وەکو نووسەرو ڕۆماننووسێك خۆی دەناساند، لەنامەیەك بۆی دەنووسێت:"ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە ڕۆژانی یەك شەممەو پێنج شەممە لە دەوری من کۆ دەبنەوە، بەڕاستی لە هەموو ئەڵمانیادا بێ وێنەیە".[١٠]

ئەم بێنەو بەردەیە ئەگەر بەشێکی بچووکیشی پێوەندی بە دۆستو هاوڕێکانی دایکی شۆپنهاوەرەوە هەبوو بێت، بەڵام بەدڵنیایی بەشێکی زۆری پێوەندی بەو مشتوومڕەی نێوانیان هەبوو لەبارەی چۆنییەتی وەرگرتنەوەی بەشە میراتی خۆی لە دایکیو ڕزگارکردنی سامانەکەی لە دەستی دایکی، چونکە پێی وابوو دایکی بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتی بکات خەرجیان دەکات.

چەند مانگی دواتر نامە لەنێوان شۆپنهاوەرو دایکی بەردەوام دەبێت، پێدەچێت لەسەر هەندێك بنەما جۆرێك لە لێکتێگەیشتنو ڕێککەوتن دروست بووبێت لەسەر ئەو کێشەیەی کە هەموویان بۆیان دروست ببوو بەهۆی شکستیو مایەپووچ بوونی ئەو بانکەی کاتی خۆی باوکی شۆپنهاوەر پارەکانی ئەوانی تێدا دانابوو، بۆ نموونە دایکی شۆپنهاوەر لەنێو یەکێك لە نامەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەر شۆپنهاوەر ئامادە بێت هیچ قسەیەکی ناخۆشی لەگەڵ نەکات -دیارە پێشتر شۆپنهاوەر بەڵێنی ئەمەی پێداوە- ئەمیش ڕازی دەبێت بەشە پارەی شۆپنهاوەر جیابکاتەوەو بیداتێ، ئینجا

ڕێکەوتنێکی تازەش لەگەڵ بانکە موفلیسەکە بکات تا کێشەکەیان کۆتایی بێت. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دایکی شۆپنهاوەرو خوشەکەکەی ناچار بوون لە سەدا حەفتای پارەو سەرمایەکەیان خۆشبنو تەنیا سەدا سی پارەکە بۆ ئەوان بێت، بەڵام شۆپنهاوەر کەمێك زیاتر پێداگیری کردووە بۆ ئەوەی بەشێکی زیاتری پارەکەی خۆی لەو بانکە وەربگرێت.

لویز ئەدەلاید لاڤیتیای خوشکی شۆپنهاوەر، دواتر لە ساڵی (1833) لە نامەیەکدا ئەم پرسە بۆ شۆپنهاوەر ڕوون دەکاتەوەو دەنووسێت:" باوکو دایکم هەر لە تەمەنی (19) ساڵیدا بەشی تایبەتی منیان جیاکردبۆوە، بۆیە دەبووایە تەواوی ئەو پارەیەی تایبەت بوو بە خۆم، پێم بدرێت. من هێشتا نەگەیشتبوومە تەمەنی یاسایی ئەم پرسە لە منداڵییەوە کۆتایی هاتبوو، بەڵام کاتێك بوومە (19) ساڵ، بینیم لە سەدا سی پشکەکانی من کەم کراوەتەوەو لە ڕوانگەی مافەوە من بە بچووك داندرابووم".[11] ئەم کێشەیەش هەر دیسان بەهۆی ئیفلاسبوونی بانکەکە سەری هەڵدابوو، نەوەکو هیچ خەتایەکی شۆپنهاوەر یا دایکی تێدا بوو بێت.

ئیتر پێدەچێت دوای ئەم سازانو ڕێککەوتنە شۆپنهاوەر مافو پشکی خۆی بە زیادەوە وەرگرتبێت، چونکە دیارە بەشێك لەو پشکانەی پێشتر بۆ لویزی خوشکی دانرا بوون، دوای ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ دایکی دراوەتە شۆپنهاوەرو بۆ ئەم بووە. بەڵام ئەم پرسە نەبووە هۆی ئەوەی خوشکەکەی ڕەفتاری بەرانبەر بە شۆپنهاوەر بگۆڕدرێتو لێی تووڕە بێت. بەڵکو بە پێچەوانەی دایکی، هەمیشە میهرەبان بوو بۆ شۆپنهاوەر، تەنانەت دوای ئەوەی زانی بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی دەکات، سەروەتو سامانو پشکە داراییەکانی خۆی بۆ شۆپنهاوەر بەجێهێشت. لەکاتێکدا دایکی شۆپنهاوەر پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، شۆپنهاوەری لە میراتی خۆی بێبەش کردبوو، هەموو میراتەکەی بەخشیبووە کچەکەی. بۆیە لە کۆتاییدا بە هۆی ئەوەی شۆپنهاوەر تەمەنی درێژتر بوو، هەموو میراتی دایکو خوشکی کەوتەوە بەردەستو لە کۆتایی ساڵەکانی تەمەنیدا سامانو پشکەکانی زۆر زیاتر بوون.

دایکی شۆپنهاوەر کەسێکی زۆر ڕۆشنبیر نەبوو، بەڵام خوێندەوار بوو. ژنێکی تەواو ئازاد بوو، شانازی بە ئازادی خۆی دەکردو گوێی بە هیچ کۆتو بەندێکی کۆمەڵایەتی نەدەدا. گەشبین بوو، حەزی لە کۆڕو کۆبوونەوە بوو، حەزی دەکرد پارەی میراتی مێردەکەی بۆ ڕاکێشانی کەسانی ڕۆشنبیر بۆ نێو ماڵەکەی خۆی بەکاربێنێتو خۆی پێ نمایش بکات. زۆر متمانەی بە خەڵکی هەبوو، حەزی لە هاوڕێیەتی خەڵکی بوو، ژنێکی کۆمەڵایەتی بوو، حەزی دەکرد وەکو نووسەر یا ڕۆماننووس بناسرێتو چەند هەوڵێکیشی هەبووە بۆ نووسینی ڕۆمان. حەزی دەکرد بەشێك لە نووسینەکانی خۆی بۆ میوانەکانی بخوێنێتەوەو ئەوانیش گوێی لێ بگرنو ستایشی بکەن.

کەسایەتی شۆپنهاوەر تەواو جیاواز بوو، متمانەی بە مرۆڤ نەبوو، پیاوێکی کۆمەڵایەتی نەبوو، حەزی لە کۆڕو کۆبوونەوەی خەڵکی نەبوو، پێی خۆش نەبوو تێکەڵاوی خەڵکی بێت. لە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی زۆر وریا بوو، هەستی دەکرد هەر کەسێك لەپێناو بەرژەوەندی خۆی لە کەسانیتر نزیك دەکەوێتەوە. پیاوێکی ڕەشبینو خەمبار بوو، هەمیشە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەو دوژمنکارانە تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد، تەنانەت ئەو کاتەی بۆ ماوەیەکی زۆریش بوو لە شاری فرانکفۆرت نیشتەجێ ببوو، دەبینین لەساڵی (1838) نامەیەك بۆ یەکێك لە ئامۆزاکانی خۆی دەنێرێت بە ناوی کارل، لەنێو ئەم نامەیەدا لەبارەی شاری فرانکفۆرتو خەڵکەکەی دەنووسێت:"هەڵبەت بەلای فرانکفۆرتییەکانەوە فرانکفۆرت بە قەد هەموو جیهانەو هەر کەسێكو شتێك لە دەرەوەی فرانکفۆرت بێت، وەکو ئەوەیە لە دەرەوەی جیهاندا بێت. ئەوان مێشکێکی داخراوو نەفرەتی شارچێتیو دواکەوتووانەیان هەیە، منیش لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی وەرزێرو نەزانی خۆبەزلزان سەروکارم هەیە کە هەرگیز حەز ناکەم لێیان نزیك بم. لە کۆتاییدا من لە گۆشەگیری خۆمدامو خەریکی توێژینەوەکانی خۆمم".[١٢]

شۆپنهاوەر خاوەنی کەسایەتییەکی ڕاڕاو دڕدۆنگ بوو، لە هیچ شوێنێك هەستی بە ئارامی نەدەکرد، بۆیە هەمیشە دەرگاو پەنجەرەی ژوورەکەی داخراو بووە، دوای ئەوەی دڵنیا دەبوو دەمانچەکەی سوارە، ئینجا سەری دەخستە سەر بالیفو دەخەوت. حەزی لە هەراو هۆسە نەبوو، پێیوابوو هەموو هەراو هۆسەیەك بەشێك لە نیشانەکانی بێ عەقڵی تێدایە.

بەهۆی ئەوەی زۆر حەزی لە هێمنیو بێدەنگی بوو، یەکێك لە ژنە دراوسێکانی کە بەرگدروو بوو، شەوانە خەریکی ئیشو کار بووەو بە دەنگی بەرز قسەی کردووە، ئەوەش

بۆتە هۆی بێزاری شۆپنهاوەر، بۆیە لە یەکێك لە شەوەکان دەچێتە سەر ژنەکەو لەگەڵی بەشەڕ دێتو پاڵێکی پێوەدەنێت لەسەر قاڵدرمەکان بەری دەداتەوە خوارەوە، ئیتر ژنەکە تووشی ئازارێکی زۆر دێتو چەند شوێنێکی لەشی دەشکێتو چیتر ناتوانێت ئیش بکات. ئەم کەیسە دەچێتە دادگاو دادگاش بڕیار دەدات تا ئەم ژنە لە ژیاندایە، دەبێت شۆپنهاوەر بەشێك لە خەرجییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بۆ دابین بکات.

لەبارەی هەراوهۆسەو دەنگە دەنگیش کە شۆپنهاوەر زۆر پێی تووڕەو بێزار دەبوو، دەڵێت:" پێموایە توانای مرۆڤ لەسەر بەرگەگرتنی هەراو هۆسەو دەنگە دەنگ، بێ ئەوەی تووڕە بێتو هەڵبچێت، بەڵگەیە لەسەر توانای عەقڵی، پێوەری توانای عەقڵی مرۆڤە... هەراو هۆسەو دەنگەدەنگ جۆرێکە لە سزا بۆ ئەو ڕۆشنبیرە زیرەکانەی عەقڵی خۆیان ئیش پێدەکەن ...هەراو هۆسەو دەنگەدەنگی ڕێگاوبانو دراوسێکان بەدرێژایی ژیانم ئازاریان داوم.[١٣]

یەکێك لەو کێشانەی هەر زۆر زوو دوای ئەوەی شۆپنهاوەر لە ماڵی دایکی هاتە دەرێ، بووە کێشەیەکی گەورە لەنێوان خۆیو دایکی، بریتی بوو لەوەی دایکی مافی ئەوەی بە خۆیدا بوو بێ ڕەزامەندی شۆپنهاوەر دەستکاری بەشێك لەو بڕە پارە میراتییەی بکات. ماوەی چەند ساڵێك دایکی شۆپنهاوەر دەستی بەسەر کۆی گشتی میراتی مێردەکەیدا گرتبوو، بە پاساوی ئەوەی شۆپنهاوەر گەنجەو نازانێت پارە لە شوێنی شیاوی خۆیدا خەرج بکات، ئامادە نەبوو بەشە پارەی خۆی لەو میراتە بدات بە شۆپنهاوەر، بەڵکو ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد، گوایە کۆی گشتی پارەی میراتی خستۆتە نێو کارو سەرمایەگوزاری پێدەکات.

شۆپنهاوەریش زۆر ڕژد بەرگری لەو مافەی خۆی دەکرد، چونکە یۆهانای دایکی لە ساڵی (1810) بەشێك لەو بڕە پارەیەی وەکو میرات بەر شۆپنهاوەر کەوتبوو، بەبێ ئەوەی شۆپنهاوەر ڕەزامەندی لەسەر بداتو ئاگای لێ بێت، دابووی بە فرومان کە دۆستو هاوڕێی بوو تاوەکو لە ئیفلاس ڕزگاری بکاتو سەرلەنوێ هەڵسێتەوە سەر پێی خۆی.[١٤]

شۆپنهاوەر لە نامەیەك کە مێژووی (1822/4/20)ی بەسەرەوەیەو بۆ هاوڕێیەکی خۆی ناردووە، لەبارەی وەرگرتنەوەی "میراتو شایستە داراییەکانی خۆیو ڕزگاکردنی میراتو بەشەکەی خۆی لە دەستی دایکی، دەنووسێت:" پێش هەر شتێك، پلانو بەرنامە وردو بنەڕەتییەکانم بۆ وەرگرتنەوەی سامنانە تاڵانکراوەکەم، زیاتر بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە کە چەندین کاژێر لەگەڵ بەڕێزیان ڕاوێژی کردووەو پلانی بۆ داناوەو بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامێکی باشی هەبووە. هەموو شتەکان بەپێی لێکدانەوەو پلانی خۆم چووە پێشەوە. ئەو گەنجینەیەی ببوو بە هەڵمو بە بادا چوو بوو، دووبارە لە بەندی تەلیسم دەرم هێنایەوەو تەواوی سەروەتو داهاتەکەم کە ماوەیەکی زۆر بوو لەژێر پەردە بوو، دووبارە زیندووم کردنەوەو بەدەستم هێنایەوە".[١٥]

لێرەوە لەمیانەی وەسفەکانی شۆپنهاوەر لەنێو ئەم نامەیە، تێدەگەین لە چ جۆرە ململانێیەکدا بووە لەگەڵ دایکیو چۆن بەشێکی زۆری کێشەکانیان، ئەگەر بە ڕوخسار لەمیانەی شتی لابەلا ڕەنگیدابێتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا پێوەندی بەوە هەبوو کە دایکی ئامادە نەبوو بەشە میراتی خۆی بە شۆپنهاوەر بداتو دەیویست بۆ ماوەیەکی زۆرتر بە کەیفی خۆی ئەو پارەو پشكو سامانە خەرج بکات.

بە هۆی وەرگرتنەوەی میراتو پشکەکانی، یۆهانای دایکی لەساڵی (1815) لە نامەیەك دەنووسێت:"کوڕەکەم بەدگومانترینو خەیاڵپلاوترین مرۆڤی سەر زەوییە. لە هەمان کاتیشدا پیسکەو ڕەزیلە". بۆیە (3) جار بە ئاشکرا شۆپنهاوەر لە میراتی خۆی وەکو دایکی بێبەش دەکات، جارێك لەساڵی (1823)، دواتر لە ساڵی (1830)، پاشان کەمێك پێش مردنی لەساڵی (١٨٣٧).[١٦]

پەراوێزەکان:

(١) شوبنهاور وفلسفة التشاؤم، وفيق غريزي، بيروت، دار الفارابي، الطبعة الاولي، 2008، ص 25.

(٢) ارثر شوبنهاور، موسوعة ستانفورد للفلسفة، ترجمة: مايكل ماهر، تحرير: عمار ايمان، موقع الحكمة 2021/10/18.

(٣) ارثر شوبنهاور، موسوعة ستانفورد للفلسفة، ترجمة: مايكل ماهر، تحرير: عمار ايمان، موقع الحكمة 2021/10/18.

(٤) شوبنهاور وفلسفة التشاؤم، وفيق غريزي، بيروت، دار الفارابي، الطبعة الاولي، 2008، ص 25.

(٥) هونەری ڕەفتار لەگەڵ ژنان، ئارتەر شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی: مەحموود هۆمەر باوزی، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، ساڵی 2021، ل24 .

(٦) هونەری هەرمان، ئارسەر شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی: مەحموود هۆمەر باوزی، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، 2021، ل10.

(٧) شوبنهاور وفلسفة التشاؤم، وفيق غريزي، بيروت، دار الفارابي، الطبعة الاولي، 2008، ص 27.

(٨) هونەری هەرمان، ئارسەر شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی: مەحموود هۆمەر باوزی، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، 2021، ل33.

(٩) شوبنهاور بين الفلسفة والادب، الشيخ كامل محمد محمد عويصة، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الاولي، 1993، ص 62.

(١٠) شوبنهاور، عبدالرحمن بدوي، دار القلم، بيروت، بدون سنة طبع، ص16 .

(١١) هونەری هەرمان، ئارسەر شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی: مەحموود هۆمەر باوزی، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، 2021، لـ34.

(١٢) هونەری هەرمان، ئارسەر شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی: مەحموود هۆمەر باوزی، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، 2021، لـ12.

(١٣) شوبنهاور وفلسفة التشاؤم، وفيق غريزي، بيروت، دار الفارابي، الطبعة الاولي، 2008، ص 33.

(١٤) هونەری هەرمان، ئارسەر شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی: مەحموود هۆمەر باوزی، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، 2021، لـ32.

(١٥) هونەری هەرمان، ئارسەر شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی: مەحموود هۆمەر باوزی، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، 2021، لـ34.

(١٦) هونەری هەرمان، ئارسەر شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی: مەحموود هۆمەر باوزی، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، چاپی یەکەم، 2021، لـ34.

شلایرماخێرو ڕاڤەی ئایین

نووسینو وەرگێڕانی: مەسعوود بابایی
بەشی کۆتایی

تا ئەو کاتەی کە ڕاڤەی ئایین، لە ئارادایەو جێی مەبەستە، باندۆری شلایرماخێر لە تیۆرییە هێرمێنۆتیکییەکەیدا کە لەتەك وەدەستهێنانەوەی ئامانجی دانەر بەرەوڕووە، کەمتر لە باندۆری ئەو لە ڕوانگەکانی دیکەی هەستی پێدەکرێت؛ ئەو ڕوانگانەی کە ئەم باوەڕانەیان لێ وەدەر دەکەوێت:

1. ئایین هەڵگری ئەدگاری بنەڕەتیو بەرایی سروشتی مرۆییە؛
2. زمان ئامرازی گواستنەوەی سەرلەبەری تێگەیشتنە.

گریمانەی یەکەم، بووە مایەی وەگەڕکەوتنی گەلێ هەوڵ لەپێناو پەرەدانی ئەو شتەی کە پۆل ڕیکۆر بە "زانستی هێرمێنۆتیکی ناوچەیی" ناودێری کردبوو. زانستی هێرمێنۆتیکی ناوچەیی، واتە یاساگەلی زاڵ بەسەر ڕاڤەی دەربڕینە ئایینیەکان وەك

نموونەیەکی ناوێژەو سەربەخۆ. یەکێك لە یەکەمینو باندۆردانەرترینی ئەم هەوڵانە، شرۆڤەی ڕۆدۆڵف ئوتۆیە-لە "ئاسمانی (هەرامەی سپەنتایانە ـ امر قدسی "numinous") لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی "Das Heiligs"ـ وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی ئەم کتێبە بەم شێوەیەیە The Idea of the Holy, 1917.[46]

ئەو شتەی کە بەڕاشکاوی کەمتر قەرزباری شلایرماخێرە، بەڵام لەسەر بنەمای هەمان گریمانەی گشتێتی ئایینداریی مرۆیی بیچمی گرتووە، کاری ئێجگار کاریگەرو پڕ بڕشتی میرچا ئیلیادە (Mircea Eliade)یە. ئەو وەها بەڵگە دەهێنێتەوە کە پێکهاتەی بنەڕەتی ئایینداری دەتوانی بە ڕوونییەکی زیاتر لە ئایینە کەوناراکان کە لەواندا ژیانی مرۆیی، بە پاژێك لە جیهانی بوون وێنا دەکرێت، ببینی. دەگوترێت هەندێ پێوەندیی قووڵ لەنێوان ڕیتمەکانی ژیانی مرۆییو ژیانی گەردوونیدا هەن. ئەفسانەو سیمبۆلە ئایینیەکان، شیرازەگەلێ لە پەیکاڵێتیەکانی-(تطابق) هاوشێوەییە بچووکی گەورە گەردوونیەکانن. هەر بۆ نموونە، داهێنەری مرۆیی وەك ڕەنگدەرەوەی گەڵاڵەی داهێنەری یەزدانی وێنا دەکرێت. کە وایە، تێکڕای کردەوە مرۆییەکان، بە هەندێ پیرۆزی ئەژمار دەکرێنو مانادار دەکرێن. ئەم گریمانەیە، ئیلیادەی بەرەو دۆزینەوەی چەشنە هەمەچەشنەکانی سیمبۆلە تایبەتە پەیتاپەیتاکانی وەك درەختی پیرۆز، بەردە پیرۆزەکان، مارەکانو ماسیەکانو ئاوی پیرۆز لە ئایینەکانی جیهاندا ڕاناوە.[47] فۆرمی ئایینداری لە ڕوانگەی میرچا ئیلیادەوە بە دوو سیمای سەرەکی بوون- لە ڕوانگەی کەسی ئایینداریەوە-بەندە، کە بریتین لە ئەدگاری پیرۆز (سپەنتا /مقدس)و نا پیرۆز. ئەم لاباسە لە بەشێکی دیکەی ئەم پەرتووکەدا دەخرێتە بەرباس.

یەکێك لەو بابەتانەی کە بەردەوام لەمەڕ دەقی ئایینیەوە دەگوترێ ئەمەیە کە دەقی ئایینی بەڕاستیو لە خۆیدا لێڵو تاریکەو چەندین مانا لە خۆیدا هەڵدەگرێ؛ بۆیە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا لەتەك فرەچەشنیو فرەمانایی بەرەوڕووین. ئەم فرەچەشنیو فرە ماناییە نیشانی پێکهاتەیەکی بە تەوێڵەوەیە کە تا بۆی دەلوێ ناتایەنو بەرەو ناتایەنی مانایی هەمەچەشنە ڕێنوینمان دەکات. ئێمە لە جیهانی دەقدا، خۆبەخۆ لەتەك وەها ناتایەنییەك بەرەوڕووین. لە پەیوەندی لەتەك دەقی ئایینیەوە ڕەخنەیەکی دووسەرە لە شلایرماخێرو گادامێر دەگیرێت. ڕاڤەی دانەرتەوەر (شلایرماخێر)و ڕاڤەی ڕاڤەکارتەوەر (گادامێر) لەمەڕ ڕاڤەی دەقی ئایینیەوە بە کەم بڕشت لەقەڵەم دەدرێت. ئەگەر دەقی ئایینی لە ڕوانگەی نیازی دانەرەوە شەنوکەو بکەینو "پەیڤ"و "مانا"ی دەقی ئایینی

بەگوێرەی مانایەکی لیکسیکۆنیو مرۆیی بەو جۆرەی لە کن مرۆڤ مانا دەکرێتەوە، بزانین، بڕوادارانی دەق بەو شێوەیەی لەسەرەوە گوترا، لەوە دەدوێن کە دەقی ئایینی فرەماناو ئاڵۆزو لێڵەو لە تێگەیشتنی مرۆیی واوەتر دەچێ، دەکەونە مەیدانی "ڕاڤەکارتەوەری"یەوە، لە بارێکی دیکەوە ئەگەر لەمەڕ دەقی ئایینی بە میتۆدی تەنینەوەی ماناو بەشێوەی ڕاڤەکارتەوەری، ڕاڤە بکەین بە "ڕێژەیی باوەڕیی مانا"و نەبوونی دوایین تێگەیشتن ـ تێگەیشتنێکی باو لەمەڕ گادامێر-تۆمەتبار دەکرێین. لەم دۆخەدا "سرکیی مانا" لە دەقی ئایینی خۆی لەمپەری تێگەیشتنی کۆتاییە لە لایەکو پشتبەستن بە "نیازی دانەر"یش سەرێکی دیکەی ڕەخنەکەیە کە لە بەرانبەر ناونیشانی "لێڵیو فرەمانایی"دا لەبار دەبرێت. واتە "ناتایەنیی مانا" لەمپەری تێگەیشتن لە دەقی ئایینییە کە بەم شێوەیە دەقی ئایینی لە تەڵەزگەی "دوایین مانا"و "دوایین تێگەیشتن" قوتار دەکەن.

بە هۆی بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینیو بەتایبەتی ئایینزای پرۆتسانت، سۆنگەیەتی کتێبی پیرۆز لەجێی ژێدەرێتی کڵێسە هاتە ئاراوە.[48] بەمجۆرە لایەنگرانی ئایینزای پرۆتستانت هاتنە مەیدانەوە تا لێکدانەوەیەکی دروستو بڕواپێکراو بخەنەڕوو. چونکە دەبوو کتێبی پیرۆز وەك سەرچاوەیەکی لێبڕاوی ڕەوێنەری ناتەباییەکان خرابایە ڕوو. بەم شێوەیە ئایینزای پرۆتستانت زنجیرەی بزێوی "هێرمێنۆتیکی تایبەت بە کتێبی پیرۆز" لە سەردەمی نوێدا بووە.[49]

"ڕەوتێکی کاریگەری دیکە دوکترینەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری (Aufklärung)ە، کە بیروڕا یەزداننناسیەکەی شلایرماخێر چەشنی یەزداننناسێکی گەورەی پرۆتستانت لە لە بەرەو ڕووبوونەوەو باشار لەگەڵیدا بیچمی گرت. لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا مانایەکی دیکە لەمەڕ ئاوەز بوو بە باو. ئاوەز بە جۆرە توانایيەك لەقەڵەم درا کە تەنیا لە کردەوەو ئەزموونداا دێتەدی نەك لە گەنجینەیەکی پڕ لە گەوهەرانی هەرمان کە پێوەندییان بە دنیای بانی سەرمانەوە هەیە. وەها ئاوەزێك لە کەندوکۆڵی سروشتدا هیچ پێویستییەکی بە گرێدرانەوەی بە یەزداننناسیەوە نەبوو. ئەم ئاوەزە نوێیە هیچ ژێدەرێتیەکی کتێبی پیرۆزو نەریتی لەلا پەسند نەبوو. گەورەترین لەمپەری پێشکەوتنی زانست بە پێشداوەری یان دیاریکردنی ئامانجی پێشوەختە وێنا دەکرا."[50] گادامێر لەبارەی پرۆژەی هێرمێنۆتیکی گشتی شلایرماخێرەوە، دەڵێ:"مێژووی سەدەی نۆزدە لەمەڕ هێرمێنۆتیك، زۆر جیاواز دەردەکەوێت، ئەگەر بێتو لە دوو توێی بۆچوونەکانی

پێشووتری دیلتای سەیری نەکەین. ئەمە کەلێنێکە کە دەکەوێتە نێوان سپینۆزاو کلائایینیوس لەلایەك‌و شلایرماخێر لە لایەکی دیکەوە! بێتوانایی لە تێگەیشتندا، بەلای سپینۆزاوە، بە ئاقاری مێژووییدا دەشکێتەوەو بەلای کلائایینیوسەوە، هونەری ڕاڤە بە مانای سەرنجدانی سەرلەبەری بابەتەکەیە، من دەڵێم؛ ئەم بێتواناییە لە تێگەیشتندا بە لای شلایرماخێرەوە ئاماژەیەکی گشتگرەوەی جیاوازیی هەمەکییە.

جیاوازیی یەکەم-جێی سەرنجە، لە دیدی منەوە-ئەمە شلایرماخێرە زۆر لەبارەی تێنەگەیشتن، چەشنی بەدحاڵیبوون نادوێ. شلایر ماخێر ئەمەی لەبەرچاو نەگرتووە کە کاروکردەی ڕاڤەی فێرکارانە، ئامرازێکە بۆ تێگەیشتنی ئەوانی دیکە (خوێندکار)؛ کە وابوو ڕاڤەو تێگەیشتن بەلای ئەوەوە، چنراوانێکی هەماهەنگن کە هەر چوار دەوری نێوەکی‌و دەرەکیی وشەکانی تەنیوەو ڕاستییەکەش ئەوەیە کە هەموو کێشەیەکی ڕاڤە لە کێشەی تێگەیشتندایە. ئەمە بە مانای هێزی تێگەیشتن Subtilitas intelligendiە، نەك هێزی ڕاڤە Subtilitas explicandi بەڵکو پەیکاڵکردن- application)"ە. [51]

مانا‌ناسی شلایر ماخێرو بنەما هزرییەکانی

پوختە

پەرۆشی سەرەکی هێرمێنۆتیکی میتۆدناسانە کە چەشنی هێرمێنۆتیکی میتۆدیك بڕوای بە مانادارییی دەق‌و دیاریکردنی لێبڕاوی دەق -بەدەر لە خوێنەر-ەو لە سەردەمی شلایرماخێر بەدواوە لەلایەن ئەوەوە ئەم تێڕوانینەی پەیدا کردووەو بەپێچەوانەی هێرمێنۆتیکی میتۆدیك کە تەنیا شوناسێکی تکنیکی هەبوو، خودان شوناسێکی مەعریفیشە، پەیداکردنی سیستمی ڕێساکانی هەڵهێنجانی مانایە. بارستگەی سەرەکی ئەم سیستمە، هەڵهێنجانی لە چیەتی مانایە، ئەم هەڵهێنجانەش تا ئاستێکی زۆر لە بنەماگەلی جوانیناسانەو ڕۆمانتیسیزم سەرچاوەی گرتوو. هۆیەکەش ئەوەیە کە هزرەکانی شلایر ماخێر لەنێو هزرڤانانی ئەم زانستەدا ماخۆی تەوەرێتیەکی تایبەتە. ناسینی مانا‌ناسی ئەو لە ناسینی وردی ئەم هێرمێنۆتیکەدا ئێجگار شوێندانەرە؛ لەم ڕووەوە، لەم وتارەدا هەوڵ دراوە بپرژێینە سەر مانا لە لایەن شلایر ماخێر کە لە ئاماژەگەلی پەسندکراوەوە چاودێری چەمکی تاکایەتی لە لای ئەوەو لە ئاماژەگەلی وێناییدا چاودێری پایەی بەکارهێنانی وشەیە. لە دیدی ئەوەوە، دەق بەتەواوەتی

دەرکەوتی تاکایەتی نووسەرەو ماناکەیشی بۆ تاکایەتی ئەو دەگەڕێتەوە. مانای وشەکانیش هەرچەند لە ڕێڕەوی بەکارهێنانیان لە بەستێنێکی تایبەتدا دیاری دەکرێت، یەکبوونێکی نێوەکی لەنێوان هەموویاندا لە بەکارهێنانە جیاوازەکاندا هەیە کە دەتوانی بە ڕۆحی مانای وشە ناودێری بکەیت.

کلیلە وشەکان: هێرمێنۆتیکی میتۆدیك، هێرمێنۆتیکی میتۆدناسانە، شلایر ماخێر، مانا‌ناسی، ڕۆمانتیزم، جوانیناسی.

بەرایی

هێرمێنۆتیکی میتۆدیك "تەکنیك"ە؛ بەڵام هێرمێنۆتیکی میتۆدناسانە "زانست"ەو هەر لەبەر ئەمەش شلایرماخێر بە دامەزرێنەری زانستی هێرمێنۆتیك دەزانن (Delthey, 1996, p. 141)و ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێساگەلی هێرمێنۆتیکی بە خودان مێژینەیەکی چەند بارتەقا زیاتر لە هێرمێنۆتیکی ئەوە؛ چونکە لەم هێرمێنۆتیکەدا، بەرئەنجامە وەدەستهاتووەکان بە جۆرێکن کە شیاوی تاوتوێی زانستین؛ بەڵام تاپێش ئەمە، دواین بەرئەنجامەکانی کردە هێرمێنۆتیکیەکان تەنیا پێکەوە بەراورد دەکران (Ibid). بەڵام هێرمێنۆتیکی میتۆدناسانە لەسەر بنەمای ڕوانینە فەلسەفیەکان، بە تایبەتی ڕوانینی فەلسەفی بۆ مێژوو دارێژراوە، بۆیە وەك زانستێك خودان شوناسێکی تایبەتو بنەماو ئاخێزگەی دیاریکراو، بابەتی دیاریکراوو تایبەتمەندی خۆیەتی. لەم سۆنگەوە دەتوانی هێرمێنۆتیکی ئەو بە تەرزناسی بە مانای زاراوەییو هێرمێنۆتیکی پێش ئەو بە تەرزناسی بە مانای وشەیی لە قەڵەم بدەیت.

وێڕای ئەو دوو جیاوازییەی سەرەوە، هێرمێنۆتیکی تەرزناسانە تەنیا گرێدراوی میکانیزمی "تێگەیشتنە-Understanding)، دیارە زێدەباری ئەوەش بە میکانیزمی خستنەڕووی تێگەیشتن (Presentation of understanding) بۆ ئەویدی گرێدراوەو

ئەمە لەو کاتەدایە کە هێرمێنۆتیکی میتۆدیك خاڵی دووەمیشی لە خۆ گرتووە. شلایر ماخێر لەم پێناوەدا دەڵێ: هێرمێنۆتیك هێشتا لە ڕێچکەیەکی زانستیدا بنەجێ نەکراوە، دەتوانێ ناوێك بۆ سێ تەکنیك بێت: یەکەم تەکنیکی وردو دروستی هزرەکانی کابرایەك، دووەم تەکنیکی گواستنەوەی ئاخێوی کەسێکی دیکە بە کەسی سێیەمو سێیەم؛ تەکنیکی تێگەیشتنی وردو دروستی قسەی کەسێکی دیکە. چەمکی زانستی [هێرمێنۆتیك] هێما بە سێیەمین دەکات (Schleiermacher, 1998, p. 5).

لەم دەربڕینە وەدیار دەکەوێت کە "شەنوکەوو خستنەڕووی بابەتی فامکراو" بۆ ئەوانی دیکەش لەوەو پێش بە بەشێك لە تەکنیکی هێرمێنۆتیك لە قەڵەم دراوە. هۆی گۆڕانی ناوی (ناوو ناولێنراو) ئەم هێرمێنۆتیکە لە میتۆدیکەوە بۆ میتۆدناسانەش ئەمە بوو کە شلایر ماخێر کە خۆی لە گرنگترین هزرمەندانی پرۆتستانتە (مەك گراس، 1392، لا 168) لەسەر بنچینەی هەندێ لە بنەما فیکرییەکانی خۆی لەو باوەڕەدایە لە هەمانکاتدا کە دەق خاوەنی دیاریکارو مانای لێبڕاوەو پێوەرەکەیشی نووسەرە (Delthey, 1996, p. 150)؛ بەڵام لە تێگەیشتن لە ماناکەی هەر لە سەرەتاوە ئێمە گیرۆدەی بەدحاڵیبوونین (Schleiermacher, 1998, pp. 22 - 23). درێژ دادڕی ئەم بۆچوونەش دەبێ لە جێیەکی دیکە بخرێتە بەرباس؛ بەڵام جارێ دەکرێ بە دوو شێوە لەم بنەمایە تێبگەین: یەکەم ئەوەیە کە بێژین مەبەستی ئەو ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام خراپ لە دەقێك تێدەگەین؛ واتە هەموو هەوڵەکان بۆ تێگەیشتن لە مانا بەدحاڵیبوونی لێدەکەوێتەوە، بەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە سەرلەبەری نەریتی ڕاڤە هەڵە بووە. دووەم، ئەوەیە کە بێژین مەبەستی ناوبراو ئەوەیە کە ئەگەر بەرەنجامە ڕاڤەییەکانی پێشوو کاتێك دەبرێنە بەردەمی دادگای ئاوەز، دروست بن، دەشێ پەسند بکرێن، ئەگینا دەبێ وەك مژاری پووچ وەلا بنرێن (Seebohm, 2004, p. 53). هەرچەند هەڵهێنجانی یەکەم جێی مەبەستی شلایر ماخێر نییە، بەرئەنجامی هەردووك هەڵهێنجانەکە ئەمەیە کە بەگوتەی وۆلڤو بۆیك "میتۆد" دەتوانێ پێش بە بەدحاڵیبوون بگرێت. بەرئەنجامەکەش ئەوەیە کە ڕێگەی دروست تێگەیشتنو پێشگرتنە لە بەدحاڵیبوونو ئاوەزو میتۆد. هەر لەبەر ئەم هۆیەش چەقی سەرنجی شلایرماخێر لەسەر ناسینی ئاوەزەکیەو هەر بۆیە هێرمێنۆتیکی ئەو لەجێی هێرمێنۆتیکی میتۆدیکە کە تەنیا لە کۆکردنەوە، دەربڕینو چلۆنایەتیی بەکارهێنانی میتۆدە ڕاڤەییەکاندا قەتیس دەکرایەوە، ناسینی میتۆدە ئاوەزەکییەکانو توێژینەوەی زانستیانە لەو میتۆدانەی لێکەوتەوەو هەر بۆیە ناوی

هێرمێنۆتیکی تەرزناسانەی لێنرا (Ibid, p. 54). خاڵی گرنگ لێرەدا ئەمەیە کە ئەم تێڕوانینە بووەتە هۆی ئەوەی دەراوی هێرمێنۆتیکی تەرزناسانە دەستڕاگەیشتن بە تێۆریی ڕاڤەی ڕۆنراو لەسەر بنەماگەلی ئاوەزەکیو ئاوەزگەرانە بێت. لەم تیۆرییەدا تێکڕای توخمگەلی هەڵقورتاو لە پرۆسەی هەڵهێنجانی مانا، جێدۆزیی وردو پاشان کارایی چاوەڕوانکراو لێیان وەدیار بخرێت، تا لەبەرئەنجامدا سیستمی ڕاڤە بەباشی ڕۆشن ببێتەوە. ئەم سوودە دەتوانێ لە زانستگەلی ڕاڤەیی وەك ڕاڤەی قورئانو بنەواشەکانی فیقھ بەکار بێنو وێدەچێ ئەگەر کارامەییان بسەلمێنرێ، هەڵکشانی ئەم زانستانەی لێبکەوێتەوە.

هەڵبەت هێرمێنۆتیکی شلایرماخێر گشتییە؛ بەم مانایە کە بانگەشەی بەکارهێنان لە هەموو دەقێکدا دەکات. هەڵبەت هەرچەند ئاخێزگەی هێرمێنۆتیکی گشتیی شلایر ماخێر لە هێرمێنۆتیکزانانی پێش خۆی جیاوازە، پەرۆشی دەستڕاگەیشتن بە هێرمێنۆتیکی گشتی یەکەمین جار لە لایەن کلادنیوس (Johan Martin Chladenius) (1710 ـ 1759) دانەدوو کرا؛ چونکە تا ئەودەم هێرمێنۆتیك لایەنێکی گشتیی نەبوو کە بتوانی لە هەموو ڕەهەندو مەیدانێکی هزرییانەدا سوودی لێ وەربگری، بەڵکو زیاتر لە دەقەکانی پێوەندیدار بە کتێبی پیرۆزو دەقە یاساییو مێژووییەکان بەکار دەهات (ساجدی، 1391، لا 31)و یەکەمین کەسێك کە هەوڵی داوە هێرمێنۆتیك لە دۆخی نەریتی دەرهاوێژێتو دۆخی گشتێتی پێبەخشێ تا لە هەموو دەقێکدا بشێ بەکار بێت، کلادنیوسە (szondi, p. 195, p. 16). ئەو لە بەرایی کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: عەودالی تیۆرییەکی گشتگرە کە لە تێکڕای نووسینەکانو هزرە ئاوەزپەسندەکاندا مایەی پشتڕاست کردنەوە بێت (Ibid). شلایرماخێریش بە شوێنکەوتەی کلادنیوس پەرۆشی دەستڕاگەیشتن بە هێرمێنۆتیکی گشتی هەبوو، لەم بارەیەشەوە دەڵێ: "هێرمێنۆتیك چەشنی هونەری تێگەیشتن (Understanding) هەتا ئێستە شێوەیەکی گشتی نییەو تەنیا هەندێ کەستەکی هەمەچەشنە لە هێرمێنۆتیك تایبەتن (Schleiermacher, 1998, p. 5).

هەروەك گوترا، هێرمێنۆتیکی تەرزناسانە دەتوانێ باندۆریی جێی سەرنجی لە زانستە ئیسلامییەکاندا هەبێت؛ بەڵام بارستگەی سەرەکی ئەم هێرمێنۆتیکە، تێگەیشتن لە هەڵهێنجانی تایبەتیەتی لە مانای دەق؛ چونکە ئەو بگۆڕانەی کە لەم ڕێڕەوەدا دیاری دەکرێن، یەکلاکەرەوەی پێکهاتەی تیۆریی مێژوون. هزرەکانی شلایرماخێر لەبەرئەوەی کە ڕۆحی زاڵ لە هێرمێنۆتیکی تەرزناسانەنو هێرمێنۆتیکزانانی دواتری ئەم ڕێبازەش بەکردەوەی ئێجگار کاریگەریی ئەویان لەسەرە، لەم ئامانجەدا گەلێ یەکلاکەرەوەیە؛ لەم وتارەدا هەوڵمان داوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنیەوە کە مانا لە دیدی هێرمێنۆتیکی میتۆدناسانەی شلایرماخێرەوە وەك کلیلی تێگەیشتن لە هێرمێنۆتیکی میتۆدناسانە بەشێوەیەکی گشتی چییە؟

لەم ڕاستەڕێیەدا لەبەر ئەوەی ئاماژەپێکەری نێوەندیی هێرمێنۆتیکی شلایرماخێر ڕۆنراو ونبینیی "تاکایەتی" (Individuality)ی نووسەرە (Delthey, 1996, p. 115) دەبێ ئەم چەمکە لە دیدی ئەوەوە بە دروستی بناسین، تا بتوانین درك بە مەبەستی ئەو بکەین. سروشتیە پەیبردن بەم چەمکەش لە گرەوی بنەماگەلی هزرییانەی شلایرماخێرە کە لە ئاستێکی ئێجگار زۆردا کاریگەریی بزووتنەوەی زانستیو هونەری جوانیناسی بەسەرەوە دیارە (Ibid, p. 118)و لە ئاستێکی ئێجگار بەرینتردا باندۆری بزووتنەوەی ڕۆمانتیزم (گرۆندان، 1392، لا 107)ی بەسەرەوە بووە. هەڵبەت هزرەکانی کانتو تا ڕادەیەکی زۆر فیشتەش بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییان لەسەر ئەو داناوە (Ibid) کە دەبێ بەکورتی بپڕژێینە سەریان. هەر بۆیە دەبێ سەرەتا بەشێوەیەکی زۆر کورت باسی ئەم بنەمایانە بکەین تا لە مەسەلەی ناسینی مانا لە دیدی شلایرماخێرەوە بە ئامانج بگەین.

لەم ڕووەوە لە درێژەی بنەماگەلی هزریی جوانیناسان -لە ئاستێکدا کە کاریگەریان بەسەر هزری شلایرماخێر داناوە- پاشان ڕۆمانتیستەکان دەخەینە بەرباسو دواتر مانانانسی شلایرماخێر شەنوکەو دەکەین. لە پەنای باسوخواسی باسکراویشدا ئاناژە بە هەندێك لە ڕەوتە شوێندانەرەکانی وەك ڕەوتی فیکریی زاڵ لە چاخی ڕۆشنگەریو پاشان بزووتنەوەی دنیاپەرێزی دەکەین، بە شێوەیەك کە لەگەڵ پێویستیو تێگونجانی ئەم وتارەدا بگونجێت. لەکۆتایی پێشەکیەکەدا ئاماژە بەم خاڵەش دەکەین کە کەڵکوەرگرتن لە باسوخواسەکانی هێرمێنۆتیکی تەرزناسانە -وەك تەوەرەکانی مانانانسی لەم وتارەدا پەڕژاوینەتە سەری- لە زانستە ڕاڤەییە ئیسلامییەکانی وەك زانستەکانی

ڕاڤەی قورئانو زانستی (اصول فقه)، دیارە مەرجێك لێرەدا هەیەو ئەوەش ڕووبەڕوونەوەی ڕەخنەگرانە لەتەك ئەم تەوەرانەدا؛ چونکە تەنیا لەڕێڕەوی ئەمجۆرە ڕووبەڕوونەوەیەدا ئەو ڕێساو فێرکارییانە بەدەر دەکەون کە لەم زانستانەدا مایەی کەڵك وەرگرتنن، هەرچەند زۆرێك لەم هیراو فێرکارییانە لەسەر بنەمای ڕەچە ئاوەزمەندانەکانن کە لە هەنتەشی هەموواندا هەن، گەڵاڵە کراونو هەر بۆیە بانگەشەی گشتێتی دەکەنو خۆیان لە بەرەوڕووبوونەوە لەتەك هەموو دەقێکدا بە کارپێکراو دەزانن؛ بەڵام توێژینەوەی وردی باسوخواسە گەڵاڵەکراوەکان لەم هیراو فێرکارییانەدا نیشان دەدات کە کاریگەرییەکانی بنەماگەلی یەزداناسی کریستانیانە بەتەواوەتی نەڕەویونەتەوە؛ زێدەباری ئەوەی کە بنەماگەلی مرۆڤناسانە، ژێدەرناسانەو جیهاننناسانەی ئەم فێرکارییانە لەتەك بنەما ناوبراوەکان لە زانستە ئیسلامییەکاندا جیاوازن. هەر لەبەر ئەم هۆیە، تەنیا بە تاوتوێی پەیکاڵەکیو ڕەخنەگرانەو لێکهەڵاوێری دەزگا هزرییەکەیەتی کە دەکرێ هەڵبژاردنێکی هۆشمەندانە لە تەوەرەکان ڕایی بکەی. هەڵبەت هەر لەم پێناوەدایە کە نووسەر وتارێکی نووسیوەو تاوتوێی پەیکاڵەکی بنەماگەلی یەزداننناسانەی هێرمێنۆتیکی تەرزناسانەو بنەماکانی فیقە دەکاتو تا ڕادەیەك کاریگەری یەزداننناسی کریستانیانەی لەسەر ئەم هێرمێنۆتیکە نیشان داوە.

بنەماگەلی تیۆریی هزرەکانی شلایرماخێر

1 ـ1. تاوتوێی بنەماگەلی تیۆریی جوانیناسانەی هزرەکانی شلایرماخێر

دەتوانین شوێنپێی هزرەکانی بزووتنەوەی زانستیو هونەری جوانیناسی لە هزرەکانی ئەرستۆدا پەیجۆر بکەین. کاتێك کە ئەو- لەبەرانبەر تیۆرییەکانی ئەفلاتوون کە ڕۆنراوی ئەوەن هونەر پشکی لە کەتوارنوێنیو کاروباری ئیپستمۆلۆژیکدا نییە- ڕایگەیاند کە هونەر، بە تایبەتی شیعر، بەپێچەوانەی مێژوو، کاتێك خۆی بە کاروباری پاژەکیەوە خەریك دەکات، توانایی ئەوەی هەیە، ڕاستیە هەمەکیەکان بەئاسانیو بە جۆرێك کە مایەی تێگەیشتن بن، دەربڕێت (Aristotle, 2006, p. 32)و لە پەڕانپەڕی ڕەوشتیشدا بە دەربڕینی ڕاستیە ڕەوشتییەکان، پەروەراندنی ڕەوشتی لێبکەوێتەوە؛ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم تێڕوانینە فەلسەفیە یەکەمین جار لە لایەن ئەلکساندێر گۆتلیب باومگارتن (Alexander Gottlieb Baumgarten) لە ساڵی 1735ی زایینی بەم ناوەوە، ناونرا (گایەر، 1394، لا 11)، هەڵبەت لەنێو هزرمەندانی ئەم ڕێبازە فیکرییەشدا،

پێگەی سەرەکیو یەکەمین گرێدراوی کریستیان وۆڵف (1679 ـ 1754 ز)ە کە بە شەنوکەوی جیهانبینی لەسەر بنەمای تێڕوانینە جوانیناسانەکان، باندۆرێکی زۆری لەسەر هزرڤانانی سەدەی هەژدەیەم دانا. مایەر (Georg Friedrich Maier)، مێندلسۆن (Mendelssohn Moses)، وینکلمان (Johann Joachim Winckelmann)، لسینگ (Ephraim Lessing Gotthold)، هێردێر (Herder) Johann Gottfried، کانت (Kant Immanuel)و شیلێر (Friedrich Schiller) لە هزرڤانە گرنگەکانی دیکەی ئەم بزووتنەوەیەن.

دوو تێڕوانینی سەرەکی لە ڕێبازی جوانیناسیدا

ڕێبازی جوانیناسی لە سەرەتاوە تێڕوانینی ماریفەتناسانەی کەتوارنوێنی هەبوو. هەر لەبەر ئەم هۆیەش، پێوەری هونەریبوونی دیاردەیەکو ساخی چەشەی هونەرمەند، لە ڕادەی نیشاندانی کەتوارەکانو تاودانەوەی ڕاستیە دەرەکیەکانیدا بوو کە هەڵبەت چلۆنایەتی ئەم هەمدیسنوێنیە لە هەر هونەرێکدا لەتەك هونەرێکی دیکەدا جیاواز بوو (هەمان سەرچاوە، لا 42). ئەم هیرایەیان بە "لاساییکردنەوەی سروشت" ناودێر دەکرد کە هەڵبەت مەبەستیان لەم لاساییکردنەوەیە، تەنیا هەمدیسنوێنی دیاردە دەرەکیەکان نەبوو، بەڵکو مەبەستیان نیشاندانی هەر هەرامەیەکی ڕاستەقینە، تەنانەت مەسەلەکانی بیاقی ڕەوشت بوو. هەر ئەم تێڕوانینە بوو کە پێوەری جوانی لە هەمدیسنوێنی بەینەتدارانە (وەفادارانە)ی ڕەسیوییە بەرهەستەکیو ڕاستەقینەکانی لەشو هۆش دەزانی، نەك لە وروژاندنی گەمەی هێزە دەرهەستەکیەکانی چاودێر بەسەر جوانی لە لای بەربێژ (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 104). ئەم تێڕوانینە جێی پژڕاسی شلایرماخێر بووەو بەشێکی گرنگ لە جیهانبینی ئەویش کاریگەریی ئەم تێڕوانینەی پێوە دیار بوو. لە دیدی شلایرماخێرەوە، وەك زۆرێك لە جوانیناسانی دیکە، "دەق" جۆرە بەرهەمێکی هونەری بووەو چەشنی بەرهەمە هونەرییەکانی دیکە لە هەڵکەوتێکی کاتەکیو شوێنەکی تایبەتدا ئافراوەو بەشێوەیەکی بەینەتدارانە تاکایەتی نووسەر نیشان دەداتو هەر لەبەر ئەم هۆیەش (شلایرماخێر) هێرمێنۆتیکی بە زانستێك بۆ دۆزینەوەی ئەم تاکایەتیە لە ڕێگەی دەقەوە پێناسە کرد. شلایرماخێر بە پەیڕەوی لە شێلگێل (Friedrich Schlegel) لەو باوەڕەدا بوو ئەدەبیات بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمێکی هونەریی گرنگە کە تۆکمەییەکی ئاستبەرزی هەیەو خودان پێکهاتەیەکی ئۆرگانیکی،

تەسەڵو پاژ یەکگرتووە کە خۆی لەبەرگرەوەی گەلێ جیهانی هونەرییە.(Delthey, 1996, p. 112).

وردەوردە ئەم تێڕوانینە بنەڕەتیە گۆڕدراو چاوگی هونەر لەجێی ڕاستیە بەرهەستەکیە دەرەکیەکان، بە داهێنانو کایەی ئازادی زەین ناسێنرا. لەم تێڕوانینە نوێیەدا "هونەر بۆ هونەر"ە، نەك تەنیاو تەنیا بۆ کەتوارنوێنی بێت. لەم هەڵهێنجانەدا، بەرهەمی هونەریی دانسقە بەرهەمێك نییە کە کەتوار باشتر نیشان بدات، بەڵکو بەرهەمێکە کە هێزی خەیاڵگەریی بەربێژ چالاکتر بکات، تا بتوانێ بەشێوەیەکی ئازاد هەندێ هەڵهێنجانی زیاتر لێی بنوێنێ (گایەر، 1394، لا 117). لەم تێڕوانینەدا سەرەتا ئەم ئەگەرە لە گۆڕێدا نەبوو؛ چونکە کەتوار هەرامەیەکی یەکتایانەیەو هەر بۆیە دەستی هێزی خەیاڵگەریی بەربێژ بەستراوەو ناتوانێ هەر مانایەك کە دەیەوێت وەپاڵ بەرهەمی بدات، بەڵکو دەبێ هەموو هەوڵی خۆی بۆ ناسینی کەتوارێك خەرج بکات کە ئەم بەرهەمە هونەرییە هەڵوەدای گێڕانەوەیەتی.

تێڕوانینی دووەم لە "کانت"دا بە ڕەسیویی خۆی دەگاتو بەشێوەیەکی شیرازەدارتر شەنوکەو دەکرێت. کانت لەو باوەڕەدایە چێژی ئێمە لە بەرهەمی هونەری، هەر لە بنەڕەتەوە دەرکەوتێك لە کایەی ئازادانە هێزە ئیپستمیکیەکانی خەیاڵگەریو تێگەیشتنمانە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 190)، نەك دۆزینەوەیەك بێت کە لە ڕێگەی ئەم بەرهەمە هونەرییە لەهەمبەر کەتوارەوە ڕوو دەدات.

شلایرماخێرو هێرمێنۆتیکزانانی میتۆدیك، سەر بە تێڕوانینی یەکەمینی جوانیناسین. لە بەرانبەردا دەتوانی شوێنپێی هزرگەلی هێرمێنۆتیکزانانی فەلسەفی سەدەی بیستەم کە ڕاڤەکارتەوەرن نەك دانەرتەوەر، لە تێڕوانینی دووەمدا بەباشی ببینی.

وۆلف وەك یەکەمین بیرۆدۆزەپەرژێنی جیهانبینی ڕێبازی جوانیناسی، تێڕوانینی یەکەمین تیۆریزە دەکاتو خاترانەکەی بەباشی دەخاتە ڕوو. ئەو پاش ئەوەی لە پەسندی بنەواشە بەرایيو بەڵگەنەویستەکانی وەك بنەواشەی نەبوونی ناکۆکی، هێما بە چەمکی "ڕەسیوی-(کمال)" وەك بنەماییترین چەمکی تیۆرییەکەی دەکات. "ڕەسیوی" لە دیدی ئەوەوە "هەماهەنگی"ی فرەیی یان کەڵەکەیەك لە شمەکان یان پاژەکانیانە (Wolf, 1992, p. 390). بە لای ئەوەوە پوختەیی (ڕەسیوی) دوو سیمای "بیچمەکی"و "نێوەرۆکی"ی هەن. پوختەیی لە باری بیچمەکیەوە تەنیاو تەنیا شیرازە یان هەماهەنگی

پاژەکان لە یەك "هەمەك"دان؛ بەڵام لەبارەی نێوەرۆکیەوە هەڤبەرایەتی ئەم شیرازە یان هەماهەنگی پاژەکان بۆ وەدیهاتنی ئامانجێکە کە لە هەمەك چاوەڕوان دەکرێت (گایەر، 1394، لا 21). لە دیدی ئەوەوە "ڕاستی" هەمان تایبەتمەندیی بەرهەستەکیو دەرەکی شمەکە کە بریتییە لە تۆکمەیی نێوەوەیو کتومت هەر ئەو شتەیە کە پوختەیی (ڕەسیوی، کمال) دەڕەخسێنێ (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 22). ئەو "توانایی هەبوونی پەیبردنەکان" بە "هەستەکان" لێك دەداتەوە (هەمان، لا 23)و دەڵێ کە پەیبردنە هەستەکیەکان لە ڕادەی ڕوونیدا پێکەوە جیاوازنو هەموو پەیبردنە هەستەکیەکان بە بەراورد بە پەیبردنە ناهەستەکییەکان، تاڕادەیەك لێڵو ناڕوونن. مانای ئەم دەربڕینە ئەوەیە کە لە دیدی ئەوەوە هەمدیس دەرکەوتە ئاوەزییە دەرەکیەکان بە بەراورد بە هەمدیسدەرکەوتە هەستەکیەکانیان بەردەوام بۆ ناسین سەرچاوەیەکی باشترنو ئەمە گێڕەرەوەی ئەوەیە کە پەیبردنی جوانیناسانەی پوختەییەك هەرگیز بە بنەتای ناسینە خوازراوەکەی ناگات (هەمان سەرچاوە). لە دیدی وۆڵفەوە "جوانی"ی پوختەیی دیاردەی دەرەکی، لەو سۆنگەوەیە کە بۆ ڕەخساندنی چێژ لە ئێمەدا گونجاوە؛ لەم ڕووەوە بە سەرنجدان لە پێناسەی ئەو لە پوختەییو جوانی دەتوانین پوختەیی دیاردەیەکی دەرەکی بە هەمان جوانییەکەی بزانین، لەو سۆنگەوە کە لەبەر هەماهەنگیو تۆکمەیی پاژەکانی، بە هەستکردنی چێژ لە مرۆڤدا درك دەکرێن.

لەم ڕووەوە وۆڵف جوانیناسی خۆی لەسەر بنەمای هەقیقەت، نەك تەنیاو تەنیا خەیاڵگەرییە ئازادە زەینییەکان دادەنێو گشتیترین بنەواشەی زاڵ لە تیۆرییەکانی خۆی لەمەدا دەزانێ کە ئەزموونی جوانیناسانە، ئەزموونێکی هەستەکی لەمەڕ هەقیقەتە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 33). لە ئاکامی ئەم تێڕوانینەشدا ئەو بەمجۆرە بەرئەنجامگیری دەکات کە جیهان لەبەر ئەوەی تاودەرەوەی ڕەسیویی خودایە، تۆکمەترینو تەکووزترین هەمەکەو هەر بۆیە دواجار خۆیشی جوانی بووەو جوانی ڕەها گرێدراوی هەمەکە. فەلسەفەی بوونی بوونەوەرانێکی پەیبەری وەك مرۆڤەکانیش لەو سۆنگەوەیە کە لە ڕەسیویی خوداوە چاوگە دەگرێت (هەمان سەرچاوە). لەم سۆنگەوەیە کە باسو بابەتەکانی جوانیناسی وۆڵفو شوێنکەوتووانی چیەتیەکی ماریفەتناسانە بەخۆوە دەگرێت.

لەم تێڕوانینەدا، جیهانو پوختەییەکانی چەشنی بەرهەمێکی هونەرین کە (ناسکار -Subject) دەبێ جوانیو لە بەرەنجامدا پوختەییەکانی درك بکات. هەڵبەت لە هەردووك تێڕوانینەکەدا هزرمەندانێکی هەمەچەشنە هەن کە سەرنج لە بیردۆزەکانیان لە

باسوخواسەکانی جوانیناسیدا گرنگیەکی زۆری هەیە -پێشتر ناوەکانیان هێنرا- بەڵام لەبەر ئەوەی پەیامنامەی ئەم نووسینە تەنیا باس و بابەتەکانی جوانیناسی نییە، لە باسکردنی بۆچوون و هزرەکانیان خۆ دەبوێرین.

2 ـ 1. تاوتوێی بنەما ڕۆمانتیسیزمیەکانی شلایرماخێر

ڕۆمانتیسیزم لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم سەری هەڵداو بەپێچەوانەی بزووتنەوەی زانستی و هونەریی جوانیناسی، لە هەمانکاتدا لەبەرانبەر تێڕوانینی زاڵی چاخی ڕۆشنگەری لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا بزووتنەوەیەکی یاخی بوو. ڕۆمانتیسیزم پێناسەیەکی بەرگرو لاگر (جامع و مانع)ی نییە؛ چونکە لە قۆناخێکی مێژووییدا قەتیس نەمایەوەو بۆ بارودۆخێکی هەمیشەیی زەین گۆڕدراو توانستی ئەمەی پەیدا کرد کە لە هەموو شوێنێکدا بشێ دەست بکەوێ، (بەرلین، 1378، لا 26)و بەرئەنجامە دڵخوازەکانی خۆی وەربگرێتەوە. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەم ڕێسایانە، هۆیەکی و بەرهۆیەکین و تەنیا بە ئاوەز- نەك بە هیچ ئامرازێکی دیکە، تەنانەت نەریت، ئیلهام، سروش و ...- دەدۆزرێنەوەو وەدەستهێنانی بەرئەنجامیش لە بەکارهێنانیاندا لێبڕاوو لە سەرپێچی بەدەرە. "سۆنگە" لە بیرکاری و "تێخوێندنەوە" لە زانستە سروشتییەکاندا کاری سەرەکی ئاوەز لە دۆزینەوەی ئەم پەیوەندیانەدا بوو. بەکارهێنانی ئەم بنەمایانە لە بیرکاری و زانستە سروشتیەکاندا گەلێ دەستکەوتی زانستی بەرچاوی وەدەست هێناو هەر ئەم دەسکەوتانە، تەرازێك لەسەر دروستی ئەم تێهزرێنە لە هەموو بوارەکان بەتایبەت مرۆڤ، پێوەندییە هەمەچەشنە مرۆییەکان، پرسیارە سەرەکیەکانی مرۆڤ کە مانادارییی لێدەکەوێتەوە، شێوەی شیرازە پەیداکردنی جڤاتەکەی وەدیار دەخات، بایەخە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیەکانی دیاری دەکات و.. بەشێوەیەك کە لەو سەردەمەدا، گەلێ کەسان لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە بەبێ دڕدۆنگی، دەکرێ دەسکەوتەکانی نیوتن لە فیزیك لە بواری ڕەوشت و سیاسەتیشدا بەکار بهێنیت (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 51 ـ 52).

ڕۆمانتیسیزم لەتەك ئەم تێهزرینەو تێکڕای بنەماکانی، هەرگیز نەدەسازاو لەبەرانبەر ئەم تێهزرینە وشك، میکانیکی و بیرکاری ئاسایەو لە هەموو ڕەهەندەکانی بوون-بەتایبەتی مرۆڤو پێوەندییە مرۆییەکان-یاخی بوو. هەڵبەت یەکەمین بزووتنەوەیەك کە بە دژی ڕەوتی ڕۆشنگەری وەڕێ کەوت، بزاڤی "دنیاپەرێزی" (pietism) لە ئاڵمانیا بوو، هەر ئەم تێهزرینەش بوو کە لە ڕیشە سەرەکیەکانیەوە

ڕۆمانتیسیزم چەکەرەی کرد. دنیاپەرێزی، لقێك لە ڕێو ڕەچەی لۆتەری بوو کە هەوێنەکەی خوێندنەوەی وردی کتێبی پیرۆزی کریستانیەتیو ڕێزدانان بۆ پەیوەندییە کەسیەکانی مرۆڤ لەتەك خودا بوو؛ کە وایە جەختێکی زۆری لەسەر ژیانی مینەوی دەکردو گرنگیەکی زۆری بە پێوەندیی ڕۆحی مرۆڤ لەتەك ئافرێنەرەکەی دەدا. لە ڕاستیدا دنیاپەرێزی جۆرێك بوو لە ڕۆچوونە نێو قوولایی ناخ (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 71). پاش دنیاپەرێزی بوو کە ڕۆمانتیسیزم بیچمی گرتو بەرزاخەکەی گەلێ لە دنیاپەرێزی بەرینتر بووەوە. ئەگەر بمانەوێ کورتەباسێك لە بۆچوونەکانی ئەم ڕەوتە بەهێزە بەیان بکەین کە باندۆرێکی ڕاستەوخۆی لەسەر بیروبۆچوونی هێرمێنۆتیکزانانی میتۆدیکی وەك شلایرماخێر داناو پێکهاتەی هێرمێنۆتیکی ئەوانی دیاری دەکرد، دەبێ لە تێهزرینەکانی سێ ڕێبەری سەرەکیی فیکریی ئەم ڕەوتە بدوێین. دوو کەس لەم هزرڤانانە لەهۆگرانی دنیاپەرێزیو پاشان ڕۆمانتیزمن؛ بەڵام یەکێك لەوان لە نەیارانی ڕژدی ڕۆمانتیزمەو تومەز هەندێ لەبۆچوونەکانی لەنێو ڕۆمانتیکخوازاندا ئێجگار کاریگەریی داناو بەشێوەیەکی نەخوازراو بووە مایەی ڕۆمانتیسیزم. یوهان گیۆرگ هامانو هێردەر سەر بە دەستەی یەکەمنو کانتیش نەیارەکەیە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 104).

1-2-1. هزرە شوێندانەرەکانی یوهان گیۆرگ هامان لەسەر هێرمێنۆتیکی شلایرماخێر

هامان لەو باوەڕەدا بوو کە ناتوانی تەنیا بە ئاوەز جیهان بناسیت، بەڵکو ئامرازانی دیکەی وەك ئیمانو ونبینی (شهود) هەنو ئامرازی دروستی ناسینی جیهانن. ئەو لەو باوەڕەدا بوو پێوەندیی دوو مرۆڤیش هەر لەمجۆرەیە؛ چونکە ئەم پێوەندییە پرۆسەیەکی میکانیکی نییەو تاکە ڕێگەی پەیبردن بە کەسەکان، ڕایەڵکردنی پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵیانە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 79) کە لەبەر ئەم پێوەندییە دەبێ ناخی مرۆڤ ببینی تا بتوانی لێی تێبگەیت. ئەو دەیگوت هەوڵدان بۆ شرۆڤەی ئەم پێوەندییە لە چوارچێوەی گوزارە هەمەکییە زانستییەکاندا بێسوودو زیاندەرە؛ چونکە گوزارەکانو چەمکگەلی زانستی گوتەزایانێکن، کەوا مژاری تاقانەو ساکاری هاوبەشی نێوان هەموو مرۆڤان-کە مژارێکی ناخەکیشە-لەم یەکبوونە دەردەهاوێژێو بەشێوەیەکی چەوت بەسەر خاڵگەلی جیاوازدا دابەشیان دەکات. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەو بابەتە هاوبەشەی کە سیفەتی تایبەتی مرۆییەو بەم گوتەزایانە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی سەرنج، بنەڕەتی

دۆزەکەیەو سەرباقی لە گرەوی تێگەیشتنیدان. ئەو، لەو باوەڕەدایە ڕەوتێك لە ژیان لەنێوان مرۆڤانو تەنانەت سەرلەبەری بووندا هەیە کە لەت لەتکردنی بە مانای کوشتنیەتی. هەڵبەت ئەو لەو باوەڕەشدایە زانستەکان بۆ مەبەستەکانیان باشن؛ بەڵام ئەمە، سەرەنجامی پەیجۆری مرۆیی نییە. لەدیدی ئەوەوە ئافراندنی بەرهەمی هونەری، یان هەر شتێکی دیکەی وەك دەق لە لایەن مرۆڤەوە، لە پەسندەرترین کردەی کەسییە کە لەڕێگەیەوە، مرۆڤ ئەو شتەی لە ناخیدایەو لە هیچ لەمپەرێك ناپرینگێتەوە، بە زمان دەری دەربڕێ. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 81)؛ بۆیە لە دیدی ئەوەوە تێکڕای فێرکارییەکانی چاخی ڕۆشنگەری شتێکن بە لەنێوبردنی شتێك کە لە ناخی مرۆڤەکاندا زیندووەو لەدیدی ئەوەوە هەوێنو "هەمەك"ی تۆکمەی ناخەکی مرۆڤ کە مژارێکی تاقانەو ساکارە، خۆی لە ئافراندنەکانی ئەو هەڵدەقورتێنێو تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی ئەو (هامان) لە گرەوی پەیبردن بەم هەوێنەیە؛ هەر بۆ نموونە هامان لەو باوەڕەدابوو، زمان شتێکە کە خۆمان بەوەوە دەردەبڕین نەك ئەوەی لە لایەکەوە زمانمان هەبێتو لە لایەکی دیکەوە هزر، (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 83). هەرچییەك کە بەدەر لەمە بێت، ڕێگەیەکە بۆ سەپاندنی چەمکەکانو گوزارە کرۆمۆڵەکان بەسەر میناکی ناوێزە هەموو کەسێکدا کە لە هیچ ڕیزبەندیەکدا سەقام ناگرێت.

2-2-1. هزرە شوێندانەرەکانی هێردەر لەسەر هێرمێنۆتیکی شلایرماخێر

مرۆڤناسی هێردەر کە یەکێك لە پێشەنگە سەرەکیەکانی ڕۆمانتیسیزمە، لە چیەتیی هێرمێنۆتیکی تەرزناسانەدا باندۆرێکی زۆری هەیە. ئەو لەسەر"مرۆڤایەتی"ی وەشێراو لە ناخی مرۆڤ دەگیرسێتەوە(کاپلستۆن، 1373، لا 193)و لەو باوەڕەدایە بزاڤی هەمەکی مێژوو بەرەو وەگەڕکەوتنی هێز بەرەو بەکرداربوونی بەهرەی میناکی مرۆڤ بۆ مرۆڤایەتییە.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 197). ئەو لەو باوەڕەدایە تەشکی مرۆیی ماخۆی یەکبوونە.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 194). ئەو

تێگەیشتنەی ئەو لە مرۆڤایەتی لە ئاراستەکرانی هێرمێنۆتیکزانانی میتۆدیك، بەتایبەتی شلایرماخێر بەرەو چەمکی تاکایەتی باندۆرێکی زۆری هەبووە.

لە تێهزرینی ئەودا سێ چەمکی کلیلی هەن کە باندۆری دوانیان لە هێرمێنۆتیکدا زۆرو زەوەندە. ئەو لە چەمکی یەکەمدا کە بە "ئیکسپرسیۆنیزم" لێی دەدوێ، دەڵێ کە مرۆڤ هەرچییەك دەکات دەربڕی چیەتی خۆیەتی. یەکێك لە کردارەکانی ئەویش (مرۆڤ) دەربڕینو ئاخاوتنیەتی (بەرلین، 1387، لا 105). لە دیدی (هێردەر)ەوە بەرهەمی هونەری ((چەشنی دەق)) دەنگی مرۆییە کە خۆی بەوانی دیکە دەنوێنێ؛ بۆیە هەر بەرهەمێکی هونەری بە شێوەیەك لە شێوەکان دەربڕی تێڕوانینی بنیاتنەری هونەرمەند بۆ ژیانە، جا چ خودئاگا بێت یان ناخودئاگا. ئێمەش کاتێك بەرهەمی هونەری دەنرخێنین بە شێوەیەك لە شێوەکان لەتەك دروستکەرەکەیدا پەیوەندی ڕایەڵ دەکەینو بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو بەرهەمە لەتەك ئێمە دەدوێ. لەم سۆنگەوە، ئەم تێهزرینە کە بتوانی کابرایەك بە چەند پارچەیەك دابەش بکەیت کە بۆ نموونە باوەڕەکانی ببنە بەشێكو ڕەوشتو حەزەکانی بەشێكو مۆدێلە ڕەفتارییەکانیشی ببنە بەشێکی دیکەو بەرهەمەکەش بەشێکی دیکە بێت، ئەمە هەڵەیە. ئەو دەڵێ، لە هەموو کردارەکانی مرۆڤدا، سەرلەبەری مرۆڤ لەگەڕدایە، هەرچەند ئەویش لەهەمبەریدا لە دۆخی خودئاگادا نەبێت. (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 106 ـ 107)

چەمکی دووەمیش کە چەمکی"هاوپەیوەستی" (belonging) (هاوپەیوەستبوون بە گرۆیەك) ناوی لێنراوە، هەڵگری ئەم خاڵەیە کە هیچ مرۆڤێك تاقو تەنیا نییە، بەڵکو هاوپەیوەست بە کۆمەڵو گرۆیەکە کە زۆرێك لە باشقە-مۆدێلەکانی خۆی لەوان وەرگرتووەو زۆرێك لەو توانستانەی کە تاکەکەس لەبەردەستیدان، دروستکراوی خۆی نین؛ بەڵکو دروستکراوی گرۆن. ئەم دروستکردنانەش هەندێ جار خودئاگانو هەندێ جار ناخودئاگان. زۆرێك لە نۆرمەکانی نێو بەندوباوەکانی کۆمەڵگەکان لەم چەشنەن؛ هەر بۆ نموونە دروستکەری بەشێکی زۆر لە بەندوباوەکان دیار نییە؛ بەڵام هەر چۆنێك بێت ئاشکراو دیارە کە دروستکراوی خودی مرۆڤانە؛ هەموو مرۆڤێك دەیەوێت هزری خۆی دەربڕێت، کەڵك لە وشانێك وەردەگرێت کە دروستکراوی خۆی نین، بەڵکو گرێدراوی گرۆیەکی مرۆیین کە خۆیشی بەشێك لەوانە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 108 ـ 109). ئەو، هەر لەم ڕاستەڕێیەدا، لەو باوەڕەدایە هەر گرۆیەك هەمەکێتیەکی شیرازەداری هەیە کە شتێکە سەرتر لە پاژە پێکهێنەرەکانی ئەو گشتکۆیەو کەسەکانی ئەو گشتکۆیە دروستی

دەکەنو لەنێو تێکڕای ئەندامانی گرۆدا بەشێوەیەکی هەستپێنەکراو هاوبەشە. ئەم هەمەکێتیە کە شوناسی کۆمایی ئەم گشتکۆیەو کەسەکانی پێکەوە دەنێو لە هەموو ڕەفتارە بچووکەکانی کەسانی سەر بەم گرۆیە، لە شێوەی گەل یان نەتەوەیەکیشدا وەبەرچاو دەکەوێت، دەبێتە مایەی هەڵاوێردنی ئەوان لە گرۆپەکان، گەلان یان نەتەوەکانی دیکە. هەر لەبەر ئەمە، ناسینی وردی کەسانی ئەو گرۆیە، لە گرەوی ناسینی ئەم هەمەکەدایە کە لەشوناسی کۆمایی ئەواندا خۆی دەردەخات. ناسینیشی، بەناسینی جوگرافیای ژیانی ئەوان، داب‌و دەستووریان، پەرۆشییە ژینگەیی‌و پەڕانپەڕەکیەکانیان‌و تێکڕای ئەو مەسەلانەوە گرێدراوە کە شوناسی کۆماییان پێوەی بەندە. گرۆ ئەوو لە بەرەنجامدا خۆیشی دەستنیشان دەکات (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 112). لەسەر ئەم بنەمایە ئەو لەو باوەڕەدایە، هەر فەرهەنگێك دەبێ بەگوێرەی لێوەشاوەییەکانی بەشێوەیەکی بەرهەستەکی‌و بەدەر لەمەبەست‌و تەمایەك‌و بەدەر لەبەندبوون بەتێوریيە پێشتر وێناکراوەکان، تاوتوێ بکەیت (کاپلستۆن،1373،لا 197). بەرئەنجامی ئەم دوو چەمکەش بەڕوونی وەسفکردنی هەر بەرهەمێکی هونەرە (وەك دەقێك) بەبێ هێماکردن بە دروستکەرەکەی لواو نییەو بایەخی بەرهەمی هونەری (وەك دەق) دەبێ بەگوێرەی گرۆیەکی تایبەت کە نووسەر بەشێکیەتی، پاڵنەری کەسێك کە گوتوویەتی، باندۆری ئەم گوتەیە لەسەر بەربێژەکانی‌و پێوەندییەك کە ئەم بەرهەمە خۆبەخۆ لەنێوان ئاخێوەرو بەربێژەکانی ڕایەڵی دەکات، هەڵبسەنگێنرێت. ئەم بەرهەمە جۆرە ئامرازێکی پێوەندییەو ئەگەر ئامرازی پێوەندییە، ئیدی نابێت بایەخێکی ناکەسەکی یان تاهەتایی هەبێت. (بەرلین، 1387، لا 110).

هەڵبەت ئەم دەربڕینە بەرئەنجامێکی دیکەشی هەیەو ئەمەش ئەوەیە کە هەر فەرهەنگێك بارستگە (هەمەکێکی دووەم) یەکی هەیە کە لەوانی دیکەی جیا دەکاتەوەو کردارەکانی خەڵکی سەر بە هەر نەتەوەیەك شوێنکەوتەی ئەم بارستگەیە؛ لەم ڕووەوە، وێڕای ئەمە دەبێ تێبگەین خەڵکانی هاوگرۆی نووسەر چیان کردووە، چ مەسەلانێکیان هەبووەو... دەبێ درك بەم بارستگەیە بکەین. ئەمانە باسوخواسانێکن کە دواتر لە یاساگەلی هێرمێنۆتیکی هێرمێنۆتیکزانانی میتۆدیك بەتایبەتی مانانسیی ئەوان‌و ڕێسای هەمەك‌و هەندەکییاندا ڕۆڵێکی ئێجگار یەکلاییکەرەوەیان هەیە. لە ڕاستیدا هێردەر بەو باوەڕانەی کە گوتران، یەکەمین کەس بوو کە ڕەوتی ڕاڤەی بەرەو تەواوەت‌و

سەرلەبەری بەرهەمی (The totality of a work)، بۆ ڕۆحی نێوەکیو بۆ کەشێك کە بەرهەم لێوەی سەری دەرهێناوە، ئاراستە دەکرد (Delthey, 1996, p. 89).

3 ـ 2 ـ 1. هزرە شوێندانەرەکانی کانت لەسەر هێرمێنۆتیکی شلایرماخێر

کانت لە پەڕانپەڕی "دنیاپەرێزی"دا گەشەی کردووە، بۆیە لە باندۆری ئەم تێهزرینە بەدەر نەبوو. ئەو ڕۆمانتیست نەبوو، لەم تێهزرینەش دەتارا، یەکەمین باسوخواسێك کە لە فەلسەفەی ڕەوشتی خۆیدا هێناویەتە کایەوە، باندۆرێکی زۆری لەسەر هزری ڕۆمانتیستی داناوە. هەڵبەت بەشێوەیەکی گشتی "ڕەخنەکان"ی کانت ئاراستەی بە تێکڕای هەوداکانو ئەو زانستانە بەخشی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان بە ڕۆحو تەشکی مرۆیی لە سەدەی نۆزدەیەم گرێ دەدران، (Ibid, p. 110)و لەم سۆنگەیەوە ڕۆمانتیزمو دوابەدوای ئەوە هێرمێنۆتیکی تەرزناسانەش کاریگەریی خۆیان دانا.

ئەو لە فەلسەفەی ڕەوشتدا تێدەکۆشێت هەمەکێتیە بنەڕەتیەکانی ڕەوشت لە چەمکی خواس (مجرد)ی ئاوەزمەندی یان ئاوەزتێگەڕاوبوون بەرەنجامهەنجێنی بکات (مەگی، 1390، لا 296). مانای ئەم ئاخاوتەیەش ئەوەیە کە ڕەوشت بەتەواوەتی ڕەگی لە ئاوەز داکوتاوەو بێ یەکو دوو پێشینیە (کانت 1384، لا 31). بەرئەنجامی تاوتوێیەکانی ئەویش بڕوای قووڵە بە ئازادیی مرۆڤ (هەمان سەرچاوەی پێشوو). ئەو مرۆڤایەتی مرۆڤ بە تایبەتمەندیی هەڵبژاردنگەریی ئەو دەزانێو لەو باوەڕەدایە سەرباقی بوونەوەران لەژێر زەبری هۆیەکیو بەرهۆیەکیدان؛ بەڵام مرۆڤ دەتوانێ هەڵبژێرێتو هەر ئەم هەرامەیەش ڕووی هەڵاوێردنی ئەوە لەتەك ئەوانی دیکەش (بوونەوەران)یە (بەرلین، 1387، لا 121). ئەو ڕیشەی بابەتە ڕەوشتیەکان لە ئاوەزدا دەزانێو دەڵێ هەر بوونەوەرێکی ئاوەزگەر ناچارە بەشێوەیەکی پێشینی، واتە سەربەخۆ لە هەر ئەزموونێك دەروەستانەبوونی ڕەوشتەکان وەڕاست بگەڕێنێت (مەگی، 1390، لا 297). هەر ئەم هەرامەیەش دەبێتە مایەی خۆبەرپرسیارزانینی ئەو، ئەگینا لە بازنەی مرۆڤایەتی دەردەهاوێژرێت.

هەر ئەم تێهزرینە لەنێو ڕۆمانتیستەکانیشدا بڵاوبووەوە؛ هەر بۆ نموونە فیشتە (Johann Gottlieb Fichte) ئەگەر بتوانی ئەو بە ڕۆمانتیست ناودێر بکەی- کە باندۆرێکی زۆری لەسەر شلایرماخێر هەبوو (Delthey, 1996, p. 181) لە کانت کاریگەریی وەرگرتووەو لەسەر میتۆدی خۆی لەمەڕ چەمکی ئازادی بەشێوەی کانت، جەختێکی زۆر دەکات (کاپلستۆن، 1375، لا 72). ئەو لەو باوەڕەدایە ناسینی "من"ی ناخ

لە تێگەیین لە شمەکان بەرهەستێتی بە خۆی دەداتو ئەم بابەتە لە ناسینی ئەو ڕەنگ دەداتەوە. لە ڕاستیدا ئەو ئەدگارە زەینییەکان بە بەرهەمی بەرهەستێتی پەیداکردنی منی ناخی مرۆڤ دەزانێت (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 53). ئەم باوەڕە واتە چەقبەند لەسەر منی ناخ-کە دواتر بەشێوەیەك لە شێوەکان شلایرماخێر بە "تاکایەتی" تاك لێی دەدوێو مانای تۆمارکراو لە بەرهەمی بەرهەمهێنراودا لە گرەوی درککردنیدا دەزانێ- ئەمەی لێدەکەوێتەوە کە لەبەرئەوەی کابرایەك بەشێوەیەکی تایبەت دەژی، هەموو خاڵگەلی دەوروبەریشی گونجاو لەگەڵیدا بەڕوویدا دەردەکەون. لەم ڕووەوە دەرکەوتنی ڕاستییەکان بۆ مرۆڤانی هەمەچەشنە لە هەلومەرجی کاتەکیو شوێنەکی هەمەجۆردا بەندە بە هەلومەرجی خۆیانو بێجگە لە درك کردنیان ناتوانی ئەو ڕاستییە جێ مەبەستانە درك بکەیت؛ بۆیە ئەو دەڵێت جیهانی ئاوازدانەر لەتەك جیهانی قەساب جیاوازیی هەیە. جیهانی مرۆڤی سەدەی حەڤدەیەم لەتەك جیهانی سەدەی دوانزدەیەم جیاوازیی هەیە؛ چونکە مرۆڤەکان خۆیان جیهانی خۆیان دەسازێنن (بەرلین، 1387، لا 151) لە دیدی ئەوەوە ڕۆحی مرۆیی هەرامەیەکی هەمەکیە کە لە هەموو تاکەکانی مرۆڤدا هاوبەشە. ئەو دەڵێ ئەم ڕۆحە هەمەکییە ئاگری چەقێکە کە هەرکام لە مرۆڤەکان لەنێویدا پشکۆیەکن (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 152)و ئەمە، هەمان تێهزرینە کە ڕەگاژۆی لە هێردەردا کردبوو، باندۆرێکی زۆری لەسەر شلایرماخێرو ئەوانی دیکە دانا. لەم تێهزرینەدا، ئەگەری تێگەیشتن لە بەرهەمی ئەوی دیکە ئەگەر مەودایەکی مێژوویی بەرچاویشی هەبێت، لە ئارادایە؛ چونکە لە هەمووواندا ئەوە یەك مرۆڤایەتیە کە هۆکاری پەیبردنو ناسینو ئامرازەکانی دیکەو توانستە مرۆییەکانە.

فیشتەش وەك هێردەر بە چەمکی گرۆ دەگات. ئەو تاکی پەرت بە گشتکۆی کەسانێك دەزانێت کە زۆرێك لە توانستەکانی ئەو تەرخاوو ڕەخساوی ئەو کەسانەیە (کاپلستۆن، 1375، لا 78)؛ بۆیە، لەو باوەڕەدایە نەریتی من، باوی من، تێڕوانینی منو هەموو شتێکی من تا ڕادەیەك ئافراوی مرۆڤانی دیکەیە کە من لەگەڵیاندا یەکبوونێکی ئۆرگانیك ڕایەڵ دەکەم؛ لەم ڕووەوە ئەو لە چەمکی تاك بەرەو چەمکی تاك وەك شتێکی گەورەتری نەتەوە، یان چین یان تاقم ڕێ دەکات (بەرلین، 1387، لا 152). هەڵبەت باندۆرێکی دیکە کە کانت لەسەر هێرمێنۆتیکی شلایرماخێر هەیبوو، ئەمە بوو کە شلایرماخێر بە باندۆر وەرگرتن لە کانت، هێرمێنۆتیکی لە "تێگەیشتن" (Understanding)دا قەتیس کردەوە (کەڵباسی، 1387، لا 64)و لەو دەمەوە "تێگەیشتن"

بوو بە بنەواشەو بناخەی هیرای هێرمێنۆتیكو ئیدی باسو تەوەرەكانی پێوەندیدار بە خستنەڕوو (Presentation)ی تێگەیشتن هەر بەو چەشنەی كە لە سەرەتای پێشەكی ئەم بەشەوە گوترا، لە هێرمێنۆتیك دەرهاوێژرا.

4 ـ 2ـ 1. جیهانبینیو مرۆڤناسی شلایرماخێر

ڕیشەكانی هزرگەلی شلایرماخێر بەئاسانی دەتوانی لە هزرەكانی زانایان-كە پێشتر باسكران-و كەسانێكی دیكەی وەك برایانی شلگێل (August Wilhelm von Schlegel and Friedrich von Schlegel) شێلینگ (Friedrich Wilhelm Joseph von Schelling)و شیلێر(Friedrich Schiller) بەدی بكەیت- بەلاّم لێرەدا دەرفەتێك بۆ شەنوكەوی باوەڕەكانیان لەم كورتە بابەتەدا نییە-.

شلایرماخێر كاریگەریی سیستمە فیكرییەكانی پێش خۆی بەسەروەیە كە جیهانیان لە ڕێگەی "منی ناخ"ەوە ڕوون دەكردەوەو تێدەكۆشان هەموو هەستەكان نۆڕینەكانو زانیارییەكان لە بكەری پەیدۆزیی بەرهەمهێنی خۆڕسك بەرەنجامهەنجێنی بكەن (Delthey, 1996, p. 100). بە دوكترینی "تاكایەتی" (individuality) كە ونبینیەكەی بناخەی هێرمێنۆتی ئەو پێك دەهێنێت (Ibid, p. 110) وریا بووەوە. ئەو لە تەنیشت "تاكایەتی"یەوە بڕواشی بە دوو چەمكی تاكایەتیو مەبەستی ئەو لێی، لە گرەوی ناسینیانە. یەكێك لەم دوو چەمكە گرێدراوی چەمكی "مرۆڤایەتی" (Humanity)ی مرۆڤەو ئەویدی بە تێكڕای جیهان.

ئەو بڕوای بە مرۆڤی هەمەكی هەیە كە تێكڕای پوختەییە مرۆییەكانی لەخۆ گرتووەو بە مرۆڤایەتی دەری دەبڕێو دەڵێ تاكایەتی هەموو كەسێك ئەم مرۆڤایەتیە لە بوونی خۆیدا دەنوێنێ (Schleiermacher, 1998, p. 36)؛ چونكە ئەو مرۆڤە هەمەكییە لە هەموو مرۆڤاندا هەیە. لە تەنیشت ئەم چەمكەوە، نیگای ئەو بۆ جیهان بریتیە لەمە كە ئەو جیهانی چەشنی یەك "هەمەكی هونەری"، واتە تەواوەتێكی تاقانەو هەرەپێویست كە ڕۆنراوی ڕێساگەلی نێوەكیی خۆیەتی.(Delthey, 1996, p. 132)، دەبینێ. بەرئەنجامەكەشی سەرنجدان لە باندۆری ئەم هەمەكو تەواوتیەیە لەسەر هەموو پاژەكانی (Ibid). هەر بەم هۆیەوە، هەر بەو چەشنەی كە تاكایەتیی كەسەكان لە مرۆڤایەتی یان هەمەكێتی مرۆڤەوە كاریگەریی وەرگرتووە، ئەم هەمەكێتیەش وەبەر كاریگەریی جیهان دەكەوێت.

بەرەنجامی هێرمێنۆتیکی ئەم باوەڕەش کە خۆی لە مانانا‌سیی هێرمێنۆتیکی تەرزناسانەدا دەردەخاتو تاڕادەیەك بە کەمێك گۆڕان لەنێو هێرمێنۆتیکزانانی تەرزناسانەدا هاوبەشە، بڕوا بە سێ"هەمەك"ە. هەمەکی یەکەم، گرێدراوی ناخی مرۆڤەکانە کە شلایرماخێر بە تاکایەتی مرۆڤ لێی دەدوێو هەموو بەرهەمەکانی مرۆڤ بە دەرکەوتەی دەزانێو لەو باوەڕەدایە درکی مانای هەموو بەرهەمێك لەگرەوی درککردنیدایە. لە ڕاستیدا بە تێبینی کردنی گشتکۆی تیۆرییەکانی شلایرماخێر دەتوانی تاکایەتییەك کە جێی مەبەستی ئەوە، وەپاڵ بوونی ناوێژەی هەموو کەسێك بدەیت کە بەرنهێمیەکەی-فعلیّت- سەرهەڵداوی تێکڕای باندۆرە دەرەکیو نێوەکییەکانەو لەبەرگرەوەی هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو، چ هزر، بابەتگەلی جێی پەسند، هۆگریو چەشەکان، باشقە ڕەفتاریو گوتاریو گۆشە بوونەکیەکانی دیکەی ئەوە.

هەمەکی دووەم، هەمەکێکە کە ئەم تاکایەتییە دەرکەوتیەتی؛ واتە مرۆڤی هەمەکی کە لە هەمووواندا هەیەو تێکڕای مرۆڤەکان لە هەموو کاتو شوێنەکاندا تێیدا هاوبەشنو شلایرماخێریش بە ناونیشانی مرۆڤایەتی لێی دەدوێ. هەمەکی سێیەمیش ڕۆحی زاڵ بەسەر جیهانێکدایە کە مرۆڤی هەمەکی پێوەی هاوپەیوەستە (the world which belongs to it). شلایرماخێر لەو باوەڕەدایە ونبینی ئەم هەمەکەی دوایی دەبێ لەلایەن ئایینەوە سەربگرێتو هەر لەبنەڕەتەوە ئایین بۆ ونبینی ئەم هەمەکانە هاتووە؛ چونکە زەینی مرۆڤ بەتەنیایی لەگەیشتن پێی دۆشداماوە.(Ibid, p. 105) تێکڕای هەوڵەکانی هێرمێنۆتیکی شلایرماخێر لە ونبینی تاکایەتیدایە کە گرێدراوی هەمەکە دوانەیەکانی دیکەیە. بۆ ئەم ونبینیەش پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە دەخرێتەبەر باس.

2. مانا‌سیی شلایرماخێر

پاش ئەوەی بنەما فیکرییەکانی شلایرماخێر وەدیار خران، دەبێ بپرژێینە سەر تەوەری گرنگی مانا‌سی لە دیدی ئەوەوە. لێرەدا باسەکە لەسەر ئەم خاڵە گرساوەتەوە کە مەبەستی شلایرماخێر لە مانای ئاخاوتەی ئاخێوەر، یان مانای دەقی نووسراو لە لایەن نووسەرێکەوە چیە؟ بە ڕێکوەندێکی دیکە، مانای ئاخاوتە بە چی دەزانێ؟ پێش ئەوەی بۆچوونی شلایرماخێر لەمبارەوە بزانین، دەبێ جیاوازی لەنێوان ماناگەلی وەڕاستگەڕێنەکی (تصدیقی)و وێنایەکی بکەین؛ هەمان هەڵاوێردن لە ئاخاوتەی

شلایرماخێریش دەبینرێت. مانای وەڕاستگەڕێنەکی چاودێر بەسەر ڕستە، پەرەگراف‌و دەقەو واتای وێنایەکی، چاودێری واژەو وشەکان‌و هەموو ئاخاوتەیەکی ناگشتیە.

1 ـ2. باندۆری تاکایەتیی نووسەر لەسەر مانای وەڕاستگەڕاوەکی

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئاخۆ مانای دەق-یان هەمان مانای وەڕاستگەڕاوەکی کە وەڕاستگەڕاوی ئەتۆم یان هەمەکی دەقە-لە دیدی شلایرماخێرەوە چ شتێکە؟ سەرەتا دەبێ هەموو سەرنجی خۆمان لەسەر ئاماژەپێکەری نێوەندیی هێرمێنۆتیکی ئەو بگیرسێنینەوە کە بریتیە لە تاکایەتی نووسەر. هەر بەو چەشنەی کە گوترا، لە دیدی شلایرماخێرەوە تاکایەتی نووسەرە کە لە هەموو کردارەکانی ئەودا هەر بۆ نموونە گوتە، یان دەقی نووسراو لەلایەن خۆیەوە دەردەکەوێ، لەم پێناوەدا هزرەکانی ئەو تایەنکارییەکانی تاکایەتی ئەون (Schleiermacher, 1998, p. 7). هەر لەم سۆنگەوەیە کە هەموو کدارەکان، ڕەفتارو ڕەنێوهێنانەکانی کابرایەك دەتوانن گۆڕیای ناخی خۆی بن. دەقی نووسراویش بەدەر لەم ڕێسایە نییەو مانایەك کە لێوەی چۆڕاوە، دەرکەوت‌و تایبەنبووی تاکایەتی نووسەرەکەیەتی. لەم سۆنگەوە یەکەم؛ ناسینی وردو تەسەلی تاکایەتی نووسەر لە دیاریکردنی مەبەستی ئەو لە مانای دەق گەلێ گرنگە، دووەم؛ مانای دەق سەرتر لەو مانایانەیە کە جێی سەرنج‌و تەمای نووسەر بووە؛ چونکە تێکڕای مانایەك کە لە دەقەوە دەچۆڕێ، شوێنکەوتەی تاکایەتی خۆیەتی، نەك تەنیا مەبەستی ئەو بێت؛ چونکە زۆرێك لە ماناکان هەن کە لە لایەن نووسەر-یان باشتر بێژین تاکایەتی نووسەر- بەشێوەیەکی تەواو ناخودئاگایانە لە دەقدا تەڵقین دەکرێن‌و هەرگیز ئەو سەرنجی لێنەداون؛ چونکە تاکایەتی جێ مەبەستی ئەو باندۆری خودئاگایی ئەوی لەسەر نییە، بەڵکو باندۆری مرۆڤایەتی ئەوە، ئەوەش لە جیهانێکەوە کاری تێکراوە کە ئەو تێیدا دەژی‌و پێوەی پەیوەستە؛ لەم ڕووەوە دەلوێ لە ڕەفتارو کردەوەکانی مرۆدا گەلێ خاڵ هەبن کە بەلای ئەوەوە جێی پەسند هەڵهێنجراون‌و بەشێك لە ڕێچکەگرتنەکانی ئەون‌و بەشێوەیەکی تەواو خۆمەش (خودکار، ئۆتۆماتیك) لەلایەن ئەوەوە بەکار هێنراون‌و ئایینە مەیدانی دەرکەوتنەوە؛ بەڵام ئەگەر کەسێك ئەو لەو خاڵانە ئاگادار نەکاتەوە، خۆیشی خۆبەخۆ لێیان بەئاگا نییە (بەهرامی، لا 281). باندۆرە کاتەکی‌و شوێنیەکان بەرپەسندە گشتیەکانی کۆمەڵگە، وەکو بەندوباوو داب‌و نەریت‌و ئەو نیشانە هەنووکەییانەی کە لە کۆمایەك لە بەڵگەنەویستەکاندایەو گەلێ خاڵی هاوشێوەی دیکە

لەم جۆرەن. لەم سۆنگەوە گەلێ جار دەبینرێت کە قسەیەك بۆ کۆمەڵێك بەتەواوەتی مانادارو ڕوونەو زراڤیە مانایەکانی بەباشی درك دەکرێت؛ بەڵام بۆ کەسێك کە لە دەرەوەی ئەواندا دەژی، بەتەواوەتی لێڵو ناگۆیایە، یان مانایەکی ڕوونی هەیە، بەڵام زراڤیە مانایەکانی هەرگیز درك ناکرێن. چیرۆکەکانو گەپو تەنزەکان بەزۆری بۆ نیشاندانی ئەم ڕاستیە گەواهێکی باشن.

لەم ڕووەوە لە دیدی شلایرماخێرەوە هەموو ئەم خاڵانە چ لە خودئاگاو (مانای جێی سەرنجو مەبەستی نووسەر) لە ناخودئاگا لەنێو دەقدان؛ بۆیە مانای دەق تاکە مانایەك نییە کە لە ڕواڵەتی پەیڤەکان بە گۆشەنیگایەکی سەرەتاییەوە، هەڵتروشکێت، بەڵکو بە سەرنجدان لە مەبەستی ئەو لەتاکایەتی دەتوانی مانای دەق بە شێوەیەك لە شێوەکان بە گرێدراوی هەموو ژیانو زەینیەتی دانەر بزانیت (هەمان سەرچاوەی پێشوو)و پێودانگی دروستیو نادروستی تێگەیشتنی خۆ لە مانای دەقیش بە پەیکاڵێتی لەتەك زەینیەتو هەموو ژیانی ئەو لەقەڵەم بدەیت (هەمان سەرچاوەی پێشوو)؛ چونکە زانینی ئەو خاڵانە سەرهەڵدانێك بە پەیڤەکانی دەق دەبەخشێ کە ئەگەر بێتو سەرنجیان لێ نەدرێت، ئاخاوتە هەرگیز ئەو مانایانە ناگەیەنێت. لەم سۆنگەوەیە کە شلایرماخێر لەو باوەڕەدایە ئێمە دەبێ زیاتر لە نووسەرو باشتر لەو، خۆی بناسینو هەر بەم ڕێژەیەش دەبێ بتوانین زیاتر لە خۆی لە مانای دەق تێبگەین (Schleiermacher, 1998, p. 33). هەڵبەت ئەم قسەیە هەرگیز بە مانای مەرگی دانەرو ڕاڤەکارتەوەری نییە، بەڵکو بە مانای دۆزینەوەی ماناگەلێکە کە نووسەر تەواو ناخودئاگایانەو بەبێ ئەوەی ئاگای لێیان بێت، لە دەقدا تەڵقینی کردوونو هەر لە بنەڕەتەوە خۆی لەگەڵیاندا سەروساخت کردووە؛ بە جۆرێك کە ئەگەر کەسێك سەرنجی ئەو بۆ ئەم مانایانە ڕابکێشێت، هەرگیز نکۆڵی لە دەستوەردانیان ناکات، بەڵکو دەڵێ ئەم مانایانە سەر بەو خاڵانە بووبن کە لە پاشخانی زەینو قەڵەمی ئەودا هەبووبنو هەر لە بنەڕەت ڕا بەشێکی گرنگ لە دەزگای چەمکی زەینی ئەون.

سروشتییە ئەم مانایانە بۆ هاوژیانەکانی دانەرو کەسانێك کە لەگەڵ ئەودا هاموشۆو دەمودوویان هەبووەو لە فەزای گشتیو لە بابەتگەلی پسپۆڕانە لە فەزای پسپۆڕانەی ئەودا هەنتەشیان هەبووە، بەتەواوەتی ڕوون بووبن یا خۆ ئەگەر لە سەرەتاوە ڕوونو ئاشکرا نەبوونە، بە کەمێك کنەکردن توانراوە ڕوون ببنەوە؛ بەڵام بەگوێرەی ڕێسا، ئەم مانایانە بۆ بەربێژانێك کە مەودایەکی مێژوویيان لەتەك ئەودا هەیە، ڕوونو ئاشکرا نین؛ لەم ڕووەوە بۆ وەها بەربێژانێك درکی تەسەلی مانا، وێڕای مانای ڕواڵەتیو خودئاگای دانەر، لەبەرگرەوەی ماناگەلی هەبوو لە دەقیشدایە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە درکی تەسەلی مانای دەق لە گرەوی تاکایەتی نووسەردایە، تا ئەو جێیەی کە بلوێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە بەدرێژایی کات دەلوێ ناسینی کەسانی هەمەچەشنە لەمەڕ دەقێك بگۆڕدرێتو تەسەلتر ببێت؛ چونکە دەلوێ بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی زیاتر، ڕەهەندو گۆشەی زیاتر لە ژیانو زەینیەتی دانەر بدۆزرێتەوەو ڕۆچنەیەك کە بۆ ئاخاوتەی ئەو دەکرێتەوە، گۆڕانی بەسەردا بێت.

2 ـ 2. بەکارهێنان؛ تایەنکەر بە مانای وێنایی

پێش شلایرماخێر هێرمێنۆتیکزانانی وەك یوهان ئوگۆست ئێرنستی لەو باوەڕەدا بوو، هەر لە سەروبەندی سەرنجدان لە مانای وشەکان لە ڕووی ڕیشەناسی (Etymology) پێویستە ماناکانیان لە بەکارهێنانەوە بفامین (Delthey, p. 194). لەم ڕووەوە ئێرنستی دەڵێ: " مانای دروستی وشەکانو ڕێکەوەندەکان نابێ لە ڕیشەناسی یان وشانێك وەربگریت کە بەشێوەی جیا جیا تێبینی دەکرێن، بەڵکو مانای دروستی وشەکانو ڕێکەوەندەکان لە بەکارهێنانو نموونەکانیان درك دەکرێن (Ibid). لەڕاستیدا ئەمە میتۆدی زمانناسانەی مێژوویی ڕێبازی ڕێزمانی (Philological method of the Grammatical School)یە؛ ڕێبازێك کە لە ئێرنستیەوە دەستی پێکرد. ئەم میتۆدە بریتییە لە "تێگەیشتن لە مانای جێ مەبەستی نووسەر لەسەر بنەمای بەکارهێنانە زمانییەکەی" (Ibid). ئێرنێستی لەو باوەڕەدا بوو مانایەك کە وشەکان هەیانە، بە ویستێکەوە بەندە کە لێیان هەڵکرێنراوە، بۆیە دەکرێ ماناگەلی هەمەچەشنە لێیانەوە بدەڵێنن. ئەم ویستەش دەلوێ وەپاڵ ویستی کۆمایی نەتەوە جۆربەجۆرەکان لە هەلومەرجی هەمەجۆری ئایینی، سیاسیو شتی لەو چەشنە بدرێت؛ بەڵام لەودا قەتیس نییە؛ چونکە ئەم فرەچەشنیە دەکرێ بۆ حاڵوباری زەینی کابرایەکیش بگەڕێتەوەو لە

ڕاستیدا سنووردارترین بیاڤێك كە بەكارهێنانی وشە دەتوانێ مانایەكی نوێی هەبێت، هەر بەم جۆرە، واتە بۆ بەكارهێنانی وشە لە لایەن نووسەرەوە تەرخانكراوە؛ چونكە تاكایەتی هەموو نووسەرێك دەتوانێ شتێك بەسەر بەكارهێنانی گشتیی وشەدا بار بكات. هەر ئەم بەكارهێنانە زمانییانەی وشانو ڕێكەوەندەكانن كە پایەی ڕاڤەن (Ibid).

شلایرماخێریش لەتەك ئێرنستی هاوڕایە؛ بەڵام لەو باوەڕەدایە كە تاكایەتی نووسەر ئەم هێزەی ئافراندنی زمانو داهێنانی مانا نوێیەكانی هەیە (Ibid). ئەو لە تەنیشت ئەم ئەركە گرنگەوە جەخت لەسەر مانای دەڵاندوو لە ڕیشەناسیش دەكاتو گوتەی كەسانێك كە هیچ بایەخێك بە ڕیشەناسی لە مانای وشەدا نادەن، بە لێبڕاوێتیەوە بە چەوت لەقەڵەم دەدات (Ibid, p. 195). ئەو پێگەی مانای وەبارهاتوو لە ڕیشەناسی لە یەكبوونی مانا، یان ڕۆحی مانا دەزانێ كە لە هەموو بارێكی بەكارهێناندا لە ئارادایەو لێرە بەدواوە ڕوون دەكرێتەوە. لە تەنیشت ئەم سازانەوە، شلایرماخێر لەتەك بڕێك تیۆریگەلی ماناناسانەی هزرڤانانی پێشی خۆیشی نەیاری دەنوێتێ؛ هەر بۆ نموونە بڕێك لەم هزرمەندانە لەنێوان سێ ڕێكەوەندی Meaning، Senseو Significance جیاكارییان دەكرد. ئەگەر بمانەوێ وەرگێڕانێكی كتومتمان لەم سێ ڕێكەوەندە هەبێت، دەتوانین یەكەمین بە "بەربابەت" یان هەمان "ئاماژەپێكراو"ی وشە ناودێر بكەین، دووەمیشیان بە "مانا" ناو بنێینو سێیەمیش بە "نێوەرۆك" لەقەڵەم بدەین؛ هەرچەند دەلوێ كەسانی دیكە جۆرێكی دیكە وەریان بگێڕن.

ئەوان لەو باوەڕەدا بوون كە ئەم سێ وشەیە پێكەوە جیاوازن. ئەوان دەیانگوت؛ بەربابەت یان ئاماژەپێكراوی وشەی (Meaning) هەمان مانایە كە لە وشەكەوە خۆبەخۆ دەزێتە زەینەوەو مانای (Sense)یش هەمان مانایە كە لە بەستێنو بوارەوە دێتە بەرهەم. بە ڕێكەوەندێكی دیكە لەدیدی ئەوانەوە مانا (Sense) هەر ئەو واتایەیە كە لە ڕێڕەوی كاربڕشتو بەكارهێناندا بۆ وشەكە پەیدا دەبێت (Schleiermacher, 1998, p.30). بڕێكی دیكە دەیانگوت وشە تەنیا دروستكەری ئاماژەپێكراو، یان هەمان بەربابەتە كە ئێمە بە مانایەكی بەربابەتی لێكی دەدەینەوە؛ بەڵام بەدەر لە مانا (Sense)یە؛ چونكە مانا تەنیا گرێدراوی گوزارەو ڕێكەوەندە نەك وشەیەكی تاقانە. لەم هەڵهێنجانەدا، مەبەست لە مانا خۆی بەباشی لەبەرانبەر "نێوەرۆك" (Significance) نیشان دەدات؛ چونكە ڕێكەوەندێكو گوزارەیەك هەر بە تەنێ بەدەر لە نێوەرۆكە؛ بەڵام خاوەنی مانایەو كاتێك نێوەرۆكی بۆ پەیدا دەبێ، كە ئاخاوتە ببێتە هەمەكێكی تەسەلو

ڕێکەوەندی ناوبراو لە هەمبەریدا هەڵبسەنگێنرێت (Ibid). هەڵبەت دەتوانی ئەم ڕێچکەگرتنە درێژە بدەیتو دەری ببڕیت کە ئەم نێوەرۆکەش ئەگەر لە بەستێنی دەفری دەربڕینو زەمینەی جیهانی هاوپەیوەست بەو تێبینی بکرێت، مانایەکی زیاتر دەگەیەنێتو تەسەلتر دەبێت کە بە باوەڕی شلایرماخێر ئەم تاوتوێیە دەکەوێتە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ڕاڤەوە (Ibid).

بەڵام بۆچوونی شلایرماخێر لەتەك ئەم هزرمەندانەدا یەکسان نییە. ئەو دەڵێ:

ئەم جیاکردنەوەیە بەڕاستی بەگوێرەی خواستەکانی زمان نییە؛ چونکە مانا(Sense) بە بەراورد بە نێوەرۆك (Significance) تەنیا ئاماژەپێکراو (Meaning) -لێرە مەبەست "مدلول"ە-شتێکی دیکە نییە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە بزاوت لە مژاری ناتایەنتر بەرەو مژاری تایەنو دیاریکراو، ئەرکێکی بێکۆتایی لە هەموو پرۆسەیەکی شەنوکەوکەرانەیە. هەندێ جار ڕووی داوە کە تاك ڕستەیەك، بە تەنیایی هەمەکێکی داخراو بۆ خۆی پێك دەهێنێت، لەم خاڵانەدا وا دێتە بەرچاو کە جیاوازیی نێوان ماناو نێوەرۆك لەنێو دەچێت، وەك گەپو پەندەکان. تایەنکاریی مانایی پەندەکان بە دەساوێژی ڕەنگدانەوەی ماناگەلی بەربێژ چێ دەبێو دیاریکاریی مانایی گەپ بە دەساوێژی پەیوەندی بە بابەتێکەوە دێتە دی (نەك لە هەڤبەر لەتەك بەستێنی مانایی کە لەبەرگرەوەیەتی). کەوایە هەر ڕستەیەك کە لە بەستێنی خۆی هەڵکەنراوە، بە تەنیایی لەباری ماناییەوە ناتایەنە؛ بەڵام هەندێ خاڵی وەك پەندەکانو گەپ هەن بە تەنیاییو بە بێ ئەوەی هیچ بەستێنێکیان هەبێت، دیاری کراونو تەسەلن (Ibid, p. 31). هەڵبەت ئەو بڕوای بە مانایەك هەیە کە لە ڕێڕەوی بەکارهێناندا تەنانەت بۆ یەك تاکە وشەش -نەك تەنیا بۆ ڕێکەوەند پەیدا دەبێت؛ بۆیە دەڵێ بۆ درکی مانی وشانێك کە بە بەستێنێکی دەستنیشان کراوەوە بەندن، ناتوانی دەستت بە سەرنجدان بە مانا دەوروبەرییەکەی ڕابگات، چونکە ڕادەی ئەرخەیانکەرەوەی بەستێنێکە کە لەنێو خودی دەقدایە؛ بەڵام لە ڕێکەوەندانێکدا کە چەشنی پەندەکان، یان تاك درینگەکان بە بەستێنی دەقێکی سەرتر لە خۆیان بەند نین، دەبێ ئاوڕ لە زەمینەی دەرەکی بدەیتەوە (Ibid)و ئەم زەمینە دەرەکییەش دەبێ بە جۆرێك بێت کە لەتەك خوێنەردا هاوبەش بێتو خوێنەر بتوانێ دەستی پێڕابگات؛ چونکە ئەگەر وانەبێت، هەرچەند ئەو ڕستە یان ڕێکەوەندە خۆبەخۆ تەسەلو تایەنە، تێگەیشتنێکی دروست لێی بۆ بەربێژ نارەخسێ. لەڕاستیدا ئەم دەتوانی لەم حاڵوبارەشدا بڵێی تایەنی ڕستە بە هەرامەیەکی بەدەرلەخۆیە کە لە بواری پەندەکان

یان گەپو نوکتەکان هەمان زەمینەی مانایی، (خاڵی) هاوبەشی نێوان بەربێژو ئاخێوەرە.

لەم سۆنگەوە، شلایرماخێر بڕوای بە مانابەخشی بە وشە لە ڕێڕەوی بەکارهێنانە؛ بۆیە لەو باوەڕەدایە کە بۆ درکی مانای وشەگەلی بەکارهاتوو لە لایەن نووسەرەوە -نەك وشە بەبێ ئەوەی لە بەستێنێکدا بەکار هاتبێت- دەبێ بەتەواوەتی سەرنج لە هەلومەرجی هەرچواردەوری وشە بدەین. ئەو لەمبارەوە دەڵێ: " زمانێکی زیندووەو بەشێوەیەکی سروشتی بەرگەشە کە لە هەڵهێنجانەکانو پەیبردنەکانەوە لقو پۆی دەرکردووە، ئەوانە دەسەلمێنێو ئەمەش هەمان سەرچاوەی هەمەچەشنی لە بەکارهێناندایە؛ چونکە وەرگرتنو درك کردنی بە بەردەوامی لەبەرگرەوەی مانادانەوە هەمەجۆرەکانە (Ibid, p. 188). هەر لەبەر ئەمەش ئەو دەڵێ وشانێك کە لە لایەن نووسەر یان ئاخێوەرەوە بەکار ئایین، بە هیچ جۆرێك ناتوانن وەك کاروباری جیاجیاو تەرا وەبەر تێبینی بکەین، بەڵکو لەم پێگەو پایەیەدا، هەر وشەیەك هەر لە سەرەتاوە پێکهێنەرێکە لە هەڤبەرەکانو گواستنەوە هەمەجۆرەکانە (Ibid).

چەشنگەلی ماناکان

هەڵبەت شلایرماخێر لەو باوەڕەدایە بۆ درکی باشتری مانای وشەکان لەم بەکارهێنانانەشدا دەبێ دابەشکارییە دروستو وێناکراوەکان لەنێو ماناگەلی وشەکان بەباشی بناسین -کە بەش بە حاڵی خۆیان هەندێ دوانێتین کە لە هەردووك لاوە پێکەوە لە دژایەتیدان- چونکە ئیدی لەو دەمەدایە کە دەتوانین فرەیی ماناکانی وشەیەكو لۆژیکی زاڵ بە سەریاندا بپاژێنینو شرۆڤە بکەین (Ibid, p. 34).

لەم ڕاستەڕێیەدا یەکەمین دابەشکاریی دووفلیقانەیش کە وەك یەکەمین دابەشکارییەکان لە لایەن ئەوەوە ناوی دەهێنرێت، دابەشکاریی ماناکانە بەسەر ڕاستەقینەیی-(literal)و خوازەیی (metaphorical) (Ibid, p. 31). هەڵبەت لێرەدا وشەی metaphorical ی بەکار هێناوەو هەر لەبەر ئەم هۆیە دەلوێ لە سەرەتاوە ئەم وێنایە بڕەخسێت کە مەبەستی ئەو لەم ڕێکەوەندە مانای خواستەنیە، نەك مانای خوازەیی. خۆ ئەگەر بۆ بەستێنی ئاخاوتەی ئەو بگەڕێینەوە، دەبینین مەبەستی ئەو لەم وشەیە، مانای خوازەیی بەشێوەیەکی گشتیە کە لەبەرگرەوەی خواستنیشە. ئەو لەم ڕێکەوەندەدا نموونەی "شێر = شای ئاژەڵان" دەهێنێتەوە. لەم ڕێکەوەندەدا وشەی "شا"

لە مانای ڕاستەقینەی خۆی بەکار نەهاتووەو تەنیا هێما بە بەشێك لە مانای ڕاستەقینەی دەکات؛ چونکە ئەم وشەیە لەمەڕ شای مرۆیی بە کاروبارو ڕێساگەلی تایبەتی خۆیەوە بەکاردێت کە زۆرێك لەوانە لەم بەرکارهێنانەدا جێی مەبەست نین. شلایرماخێر ڕاشکاوانە جەخت دەکات کە درکی ئەم مانایە لە وشەی "پادشا" تەنیا لە گشتکۆی ڕێکەوەندەکانەوە سەرەتاتکێ دەکات، نەك لە خودی وشەکە بە تەنیایی‌و هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ڕێسای گشتی بریتیە لەوەی هەموو ئەو مانایانەی کە دەبوو دارنرێن‌و وشە خۆبەخۆ هەموو ئەو واتایانەی نەدەگەیاند، دەبوو لە پەنای بەکارهێنان‌و لە هەمبەر سەرباقی پاژەکان فام بکرێت (Ibid, p. 34). دابەشکاریی دووەم کە شلایرماخێر لەمەڕ مانای وشان دەیخاتەڕوو، دابەشکاریی وشەکانە بەسەر ماناگەلی یەکەمین‌و دووەمین. ئەو مانای بەرایی‌و مانای گشتی‌و مانای دووەمین بە مانای تایبەت دەژمێرێ (Ibid). مانای بەرایی، یان هەمان مانای گشتی، مانایەکە کە لە زۆربەی پێوەندییە جۆربەجۆرەکاندا بەکار دەهێنرێت؛ بەڵام مانای دووەمین، یان هەمان مانای تایبەت وەبارهاتووی ڕێڕەوی بەکارهێنانی وشەوە لە بەستێنێکی تایبەتدایە.(Ibid).

ڕۆحی مانا

بەڵام شلایرماخێر لەوەی کە دەتوانی وشە لە گەلێ خاڵدا بەکاربهێنیت، بەرەنجامگیرییەکی گرنگی دیکە وەدەست دەهێنێت، کە بەروبوومێکی زۆری لە تێگەیشتنی مانای مەبەست لە مژارە جۆربەجۆرەکاندا هەیە. ئەو دەڵێ خۆ ئەگەر دەتوانی لە بەستێنە هەمەچەشنەکاندا بەکاری بهێنیت‌و لە پایەی بەکارهێناندا، ماناگەلی هەمەچەشنەی لێ وەربگری، کە وابوو بە مسۆگەری دەبێ هەرامەیەکی یەکتا لە مانای وشەدا هەبێت کە بەکارهێنانی وشە لە بەکارهێنانە جۆربەجۆرەکاندا لواو بکات (Ibid, p.35). ئەو هەرامە یەکتایەش هەر بەسروشت دەبێ کەمێك نەرمیکێش بێت‌و بەرگەی هەلومەرجە فرەجۆرەکانی وشە بگرێت، تابتوانێ خۆی لەتەك ئەم بەکارهێنانەدا بگونجێنێ. هەر ئەم ڕۆحە یەکتایەیە کە هەل بە ئاخێوەر، یان نووسەر دەدات کە لە گەلێ خاڵدا کەڵك لەم وشەیە وەربگرێت‌و لە دەمی تۆکمەییدا، مانای جێ مەبەستی خۆیشی لێ وەربگرێت. زێدەباری ئەوەش ئەم ڕۆحە یەکتایە دەبێتە مایەی ئەوەی بەکارهێنانی وشە گەلێ جار لەگەڵ ئەوەی واتا وەرگیراوەکان، بەتەواوەتی یەکسان نین، خوازەیی نەبێت‌و ڕاستەقینە بێت (Ibid, P. 196). ئەو دەڵێ ئەم مانا یەکتا

هەمەکیە کە خۆی ڕوحی مانایەو بە "یەکبوونی وشە" (The unity of the world) لێکی دەداتەوە، لە هەمان کاتدا کە کورتە، ڕوونکردنەوەی تەسەلی تێکڕای خاڵەکانیشە (Ibid, P. 15)؛ واتە لە هەموو ئەو بابەتانەی کە وشە تێیدا بەکار هاتووە، بە باشی دەتوانێ مەبەستی ئاخێوەر لەو بەکارهێنانەدا وەدیار بخات.

ئەو لەو باوەڕەدایە ڕاڤەکار دەبێت لە هەموو بەکارهێنانە جیاجیاکانی وشەدا بتوانێ لەو هەرامە یەکتایە تێبگاتو بەسەر خاڵە جۆربەجۆرەکاندا پەیکاڵی بکات. ئەو دەڵێ لە ڕاڤەدا دەبێ بتوانی وشە لە یەکبوونی چەشنی هەرامەیەك کە شیانی گۆڕان لە ئاراستە فرەچەشنەکانە درك بکەیت. (Delthey, 1996, p. 188). هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەو لەو باوەڕەدایە وشەنامەکان بەکارهێنانەکانی وشە گەلێ جار نیشان دەدەن؛ بەڵام ئەرکی سەرەکی کەسێك کە دەیەوێت شەنوکەوێکی دروست لە مانا وەدەست بهێنێ، ئەمەیە کە پەیجۆر بکاتو ئەو هەرامە یەکتایەی کە لە هەموو مژارەکاندا ڕەوانو گوێزراوەیە فام بکات. (Schleiermacher, 1996, p. 35).

5 ـ 2. سیستمی چەمکەکان

هەر بەو جۆرەی کە پێشتر لە بنەماگەلی هزریی ڕۆمانتیزمی شلایرماخێر گوترا، ڕۆمانتیستەکانو دوابەدوای ئەوان شلایرماخێر لەو بڕوایەدا بوون ڕەوتێك لە ژیانی نێوان مرۆڤەکانو تەنانەت سەرلەبەری بووندا هەیە کە شیانی لەتو کوتکردن نییە (بەرلین، 1387، لا 81)؛ لەم ڕووەوە هەوێنو "هەمەك"ی تۆکمەی نێوەکی مرۆڤیش کە هەرامەیەکی یەکتاو ساکارە، لە ئافراندنەکانی ئەودا باندۆرێکی تێروتەسەلی هەیەو لەبەر ئەم هۆیەش بەرهەمەکانی ئەو لە گرەوی درککردن دایە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 83). لە لایەکی دیکەوە شلایرماخێر لەو باوەڕەدایە تێهزرینی مرۆڤ لە کەستەکی زماندا تایەن دەبێت (Schleiermacher, 1998, pp. 7–8)؛ زمانێك کە تێیدا لەتەك بەربێژەکانی خۆیدا هاوبەشە (Ibid, P. 30). بەرەنجامی ئەم بابەتە ئەمەیە کە زمانیش ماخۆی یەکبوونێکە کە بە سیستمی چەمکەکان (The System of Concepts) ناوی هێنراوە.(Delthey, 1992, p. 190).

شلایرماخێر، بڕوای وایە کە وشەکان کارکردێکی نیشانەییان هەیەو هەرامەیەکی بەرهەستەکی دەرەکی -بە شێوەیەك کە بۆ زەین لە تێگەیشتن بێتو شیانی نوێبوونەوە بێت- وەردەگۆڕن (Schleiermacher, 1998, p. 273). لەم سۆنگەیەوە ئەو لە زمان، یان

ڕێکەوەندی "سیستمی گشتیی نیشانەدانان" (a general system of designation) دواوەو لەمەڕ شێوەی پەیکاڵێتی وێناگەلێ کە لەبەر پێوەندی بە بابەتگەلی دەرەکی بۆ زەین ڕەخساوە، بە چەمکگەلی زمانی هاوپێوەندبوونی ناسینی بابەتگەلی دەرەکی بەم پەیکاڵێتیە، دەڵێ: "وێناگەلی گشتی کە خۆیان (لەبەر پەیوەندی لەتەك دیاردە دەرەکیەکان) لە ئێمە بیچمیان دەدەنو لەتەك سیستمی چەمکگەلی میناکی یەکسانن". (Ibid, p. 271). لەم ڕووەوە ئەم ڕوانگەیە ئەمە دەپەروەرێنێ کە زمان لەبەرگرەوەی سیستمێکی چەمکەکانە کە دەتوانێ تێهزرینی چاودێر بەسەر یەکبوون، بەتەواوەتی وەچنگ بهێنێو لە خۆیدا بینوێنێت. (دیلتای 1391، لا 28).

بەرەنجامگیری

بە سەرنجدان لەو بابەتانەی کە گوتران، دەتوانین وەها بێژین کە ناسینی چیەتی مانا لە دیدی شلایرماخێرەوە لە گرەوی ناسینی بنەماگەلی تیۆریکی ئەوە؛ چونکە پنتی چەقبەندی هێرمێنۆتیکی ئەو ونبینی تاکایەتی نووسەرەو ونبینی تاکایەتی ئەویش لە گرەوی درکی ژیانو زەینیەتی ئەوە کە باندۆری مرۆڤایەتی هەمەکییەو هەروەها باندۆری جیهانی هاوپەیوەست بەو زەینیەتەی پێوە دیارە.

لەسەر ئەم بنەمایە، مانا لە هەنگاوی یەکەمدا دەرکەوتی نووسەر لە دەقدایەو هەر لەبەر ئەوەش ناسینی مانای دەق لە گرەوی ونبینی ئەو تاکایەتیەیە. لە هەنگاوی دووەمیشدا دەتوانی لەمەڕ مانای وشەکان بەشێوەیەکی تایبەت بێژیت کە درکی مانایان لە گرەوی چەند خاڵێکدایە:

یەکەم، بۆ درکی مانای دەق دەبێ دابەشکارییە سەرەکیەکانی وەك دابەشکردنی بە ڕاستەقینەو خوازەیی، یەکەمینو دووەمینو گشتیو تایبەت بزانین.

دووەم، دەبێ بزانین کە مانای وشەکان گەلێ جار لە گرەوی بەکارهێنانیان لە ڕستەو بەستێنی دەوروبەریەتی؛ چونکە ئەمە بەکارهێنانە کە تایەنێتی بە مانا دەدات. ئەم بەستێنەش یان لە دەقدایە، یان لە هەرامەی دەرەکی لێکتێگەیشتراو لەنێوان بەربێژو نووسەرە. هەر لەبەر ئەم هۆیە درك نەکردنیان درکی مانای لێناکەوێتەوە.

سێیەم، بەکارهێنانی وشەی تاقانە لە گەلێ خاڵدا وا نیشان دەدات، کە یەك هەرامەی تاقانە لە مانای وشەدا هەیەو بووەتە بەنی تەزبێح لە هەموو ئەم

بەکارهێنانەداو دەبێتە هۆی ئەوەی بەکارهێنانی وشە، لەم خاڵانەدا خوازەیی نەبێت؛ بۆیە لە ڕاڤەدا دەبێ بەشێوەیەکی کارزانانە لێی تێبگەین.

چوارەم، لەنێو چەمكو ماناكاندا یەك سیستمی تاقانە زاڵە؛ چونكە یەكەم زمان تایەنبووی هزرگەلی مرۆڤە، مرۆڤیش باندۆروەرگری هەمەكی دەرەوەی خۆی بە ناوی جیهانی دەوروبەریەتیو لەبەر ئەوەی ئەو سیستمە دەرەكیەش یەكتاو تۆكمەیە، كە وابوو هزرەكانی مرۆڤ و دوابەدوای ئەوەش سیستەمی چەمكەكان بەرەنجامی ئەو سیستەمە ئاساییەن.

پەراوێزەكان:

(46). ون. ای. هاروی، علم هرمنوتیك (توێژینەوە) ترجمەی: محمد ناصحی، ص 260.

(47). هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 260.

(48). یوزف بلایشر، گزیدە هرمنوتیك معاصر، ترجمەی سعید جهانگیری، آبادان، نشر ثرسش، چاپ سوم، 1393، ص 8.

(49). محمدرضا ریختەگران، هرمنوتیك، ص 46.

(50). ارنست كاسیرر، فلسفەی روشنگری، یدا موقن، ض اول، نیلوفر، 1370، صص 109 ـ 100.

(51). غادامیر، هانس جورج، الحقیقةء المنهج، الخطوة الاساسیّة لتأویلیة فلسفیة، ترجمة: د. حسن ناظم/ علی حاكم صالح، مراجعة عن الألمانیة: د. جورج كنورة، دار اوّیا، مشروع ثورة المعرفة للجمیع، 2006، صص 270 - 271 (pdf).

* ئەم توێژینەوە لە نووسینی "مەسعود فەییازی"یە. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە كە باس لە "ماناناسی"ی شلایر ماخێرو تێگەیشتنی شلایر ماخێر لە ماناو ئاخێزگەی مانا دەكات. بەندە، لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەكی پوخت پێشینەی هزریی شلایر ماخێرو كاریگەریی فەیلەسووفانو بیرمەندانی پێش شلایرماخێر دەخاتە ڕووو هەروەها لە گەلێ ڕووەوە كاری ئێمە لە تێگەیشتنی هەرچی زیاتر لە هێرمێنۆتیكی شلایر ماخێر ئاسانتر دەكات، وەرم گێڕاوە.

سەرچاوە: وەرگیراو لە؛ فصلنامەی قبسات، سال بیستء یكم، پاییز 1395، صص 57 تا 84.

سەرچاوەكان:

1. احمدی، بابك، ساختارء تأویل متن، ج سوم، تهران، نشر مركز، 1375.

ئەم كتێبە بە كوردی وەرگێڕدراوە: بابەك ئەحمەدی، پێكهاتەو ڕاڤەی دەق، وەرگێڕانی: مەسعوود بابایی، (4) بەرگ، 2007، سەنتەری نما، هەولێر، 2004 ـ 2007.

2. بهرامی، محمد؛"**نگرش** بة دانش تفسیرو هرمنوتیك شلایرماخر"؛ مجلة **پژوهشهای** قرآنی، ش 29 ـ 30، 1381.

3. ساجدی، ابولفضلء همکاران؛ "نقد مبانی هرمنوتیکی شلایرماخیَر"؛ مجلة کلام اسلامی، ش 83، 1391.

4. کلباسی، حسینء غلام حسین احمدی، "هرمنوتیك فهم عامء تفسیر از نظر شلایرماخر"؛ مجلة **پژوهش** های فلسفی، ش 205، 1387.

5. دیلتای، ویلهلم؛ دانش هرمنوتیك مطالعه تاریخ؛ ترجمة **منوچهر** صانعی **درهبیدی**؛ ض اول، تهران: انتشارات ققنوس، 1391.

6. کانت، ایمانوئل؛ *درس های فلسفة اخلاق*؛ ترجمة **منوچهر** صانعی **درهبیدی**؛ ض سوم، تهران انتشارات **نقش**ء نطار، 1384.

7. **کاپلستون**، فردریك؛ تاریخ فلسفة، ج 7: از فیشتة تا **نیچه**؛ ترجمة داریوش آشوری؛ ض دوم، تهران، انتشارات سروش، 1375.

8. کاثلستون، فردریك؛ تاریخ فلسفة، ج 6: از ولف تا کانت؛ ترجمةی اسماعیل سعادتء **منوچهر بزرگمهر**؛ ض اول، تهران: انتشارات سروش، 1373.

9. **گروندن**، ذان؛ درآمدی بة علم هرمنوتیك فلسفی؛ ترجمة محمد سعید حنایی کاشانی؛ چ اول، تهران: انتشارات مینوی خرد، 1391.

10. برلین، آیزایا، ریشةهای رومانتیسم، ترجمة عبدالله کوثری؛ ج 2، تهران، نشر ماهی، 1387.

11. **گایر**، **پل**، زیبایی شناسی آلمانی در قرن هجدهم، ت:سید مسعود حسینی، ج 1، تهران: **ققنوس**، 1394.

12. **مك گراپ**، آلیستر؛ درسنامة الاهیات مسیحی، ترجمة بهروز حدادی؛ ض اول، قم: انتشارات **دانشگاه** ادیانء مذاهب، 1392.

13. **مگی**، **براین**؛ فلاسفة بزرط: آشنایی با فلسفة غرب؛ ترجمة عزت الله فولادوند، **چ چهارم**، تهران: شرکت سهامی انتشارات خوارزمی، 1390.

14. Wolf, Christian; philosophia Prima sive Ontologia, new edition (Frankfurt and Leipzig: Renger, 1736), reprint edited by Jean Ecole (Hildesheim: Georg Olms, 1962).

به وەرگرتن لة **گایر**، **پل**، زیبایی شناسی آلمانی در قرن هجدهم؛ ترجمة سید مسعود حسینی، چ اول، تهران: ققنوس، 1394.

15. Sachs, Joe; Aristotle poetics; United States of America, by Focus Publishing, 2006.

16.Scheiermacher, Friedrich; Hermeneutics and Criticism And Other Writing Translated and edited by Andrew Bowie; frist published, United Kingdom, by Cambridge University Press, 1996.

17. Schleiermacher, Friedrich; Monologen; Sämmtliche WerkeIII, quoted by Dilthey, Wilhelm, Hermeneutics and the Study of History, edited with an introduction, by Rudolf A Markkeel and Frithjorf Rodi, the United States of America, by Princeton Academic Press, 1996.
18.Delthey, Wilhelm; Hermeneutics and the Study of History; edited with an introduction, by Rudol A. Makkreel and Frithjorf Rodi, the United States of America, by Princeton Academic Press, 1996.
19. Szondi, Peter; Introduction To litrary Hermeneutics; Translated by Martha Woodmansee; USA, Cambridge University Press,1995.
20. Seebohm, T.M; Hermeneutics. Method and Methodology; USA. Kluwer Academic Publishers, 20(4).
21. Shiris, Tirhekar Sushma; Research Methodology in Education; usa, by lulu publication

چەند تێزێک سەبارەت بە
گرفتەکانی ڕەخنەی مارکسیستیی

نووسینی: ئەناتۆلی ڤاسیلیڤیچ لۆناشارسکی
وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزیی: ی. گانوسکین
وەرگێڕانی بۆ کوردیی: عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

یەك

ئەدەبی ئێمە بە گرنگترین ساتەوەختی گەشەکردنی خۆیدا تێدەپەڕێ. ژیانێکی نوێ لە وڵاتەکەمان بنیادنراوەو ئەدەبیش زیاترو زیاتر دەسازێت کە چۆن ئەم ژیانە لەشێوە نادیارو ناجێگیرەکەی خۆیدا ڕەنگڕێژ بکات. بەوپەڕی ڕوونیشەوە دەتوانێت ئاستەنگەکان لە بەرزترین ئاستی سیاسیدا بگوازێتەوەو بە تایبەتیش کاریگەری مۆرالێ لەسەر سەرجەم پرۆسەی بنیادنانەکەدا دەبێت.

هەرچەندە لە وڵاتەکەمان کەمترین جیاوازی لەنێوان تاك (ئیندیڤیژواڵ)ی چینەکانی بەبەراورد بە چینەکانی وڵاتانی تر هەیە، بەڵام هێشتا مەحاڵە وا بیربکەینەوە کە بەتەواوەتی ناچینایەتییە. بە لەبەر چاوگرتنی حەتمییەتی جیاوازی مەیلەکانی نێوان ئەدەبی جووتیاریو ئەدەبی پرۆلیتاری لەم وڵاتەدا؛ چەند ڕەگەزێك هەن کە هەڵوێستە کۆنەکانی خۆیان پاراستووە، ڕەگەزگەلێك کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بەرژەوندییەکانی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا ناسازێتو ناشتوانێت لەگەڵ ئاراستە بنچینەییەکانی بیناکردنی سۆشیالیزم لەلایەن پرۆلیتاریاوە، هەڵبکات. ململانێی نێوان کۆنو نوێ بەردەوامە. کاریگەری ئەوروپا، ڕابردووی ئەوروپا، پاشماوەی چینە حوکمدارەکان، بۆرژوازی نوێ کە گەشەی زیاتر لەژێر ڕێنماییە ئابوورییە تازەکان دەکات، هەموو ئەمانە وا لە خۆیان دەکەن؛ هەستیان پێ بکەین. ئەمانە پەردەیان لەڕووی نەك تەنها تەنینەوەی میزاجی تاكو گروپو خەڵك هەڵداوەتەوە، بەڵکو لە ئاوێتەبوونی هەموو ئەم جۆرانەوە هاتونەتە بوون. پێویستە بیرمان نەچێت بە لە بەرچاوگرتنی ڕەوتە بەرهەڵستکارە بۆرژوازییەکان؛ ڕاستەوخۆو بەدەستی ئەنقەست، توخمێکیتر هەیە ڕەنگە زۆر مەترسیدارتر بێت؛ بەزاندنیشی ئاسان نییە؛ ئەویش هەڵوێستی بۆرژوازی بچووکە لەهەمبەر ژیانی ڕۆژانەوە. ئەمەش بەقووڵی شوێنپێی خۆی لە هەڵوێستە ڕۆژانەییەکانی خودی پرۆلیتاریاو تەنانەت لای زۆربەی کۆمۆنیستەکانیش دەکاتەوە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بۆچی خەباتی چینایەتی هەر لەسەر شێوەی خەبات لەپێناو بنیادنانی شێوازی ژیانێکی نوێ کە تەنها هەڵگری جێپەنجەی خواستە سۆشیالیستەکانی پرۆلیتاریا بێت، ڕاناوەستێت، بەڵکو لەگەڵ دەستگرتن بە هێزی ڕابردووی خۆی کە لەهەرکات زیاتر شکڵو شێوەی وردترو قووڵتر دەسەپێنێت. ئەمە ئەو دۆخەیە کە وا دەکات چەکی هونەر؛ بەتایبەتی ئەدەب لەمڕۆدا زۆر گرنگ بێت. هەورەها دەبێتە هۆی دەرکەوتنی بنیادنانی ئەدەبێکی دوژمنکارانە؛ شانبەشانی ئەدەبی پرۆلیتاریو ئەدەبی خێڵەکیی. مەبەستم لەم دژە توخمە تەنهاو تەنها دژە توخمە بە هۆشیاری، بەڵام لەولاشەوە دژە توخمی ناهۆشیاریشمان هەیە کە لەگەڵ نیگەتیڤیو ڕەشبینیو ئیندیڤیژواڵیو بێلایەنیو شێواندنەکانی خۆیاندا دژە.

دوو

لەگەڵ ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی کە ئەدەب لەژێر هەلومەرجی لەم جۆرەدا دەیگێڕێ، ڕەخنەی مارکسیستی بەرپرسیارێتێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان. ڕەخنەی

مارکسیستی شانبەشانی ئەدەب کە ئێستا بێگومان ئەرکیەتی بەوپەڕی هێزو تواناوە بەشداری چڕو بەهێز لە پرۆسەی شکڵگیری ئینسانی نوێو شێوازی نوێی ژیاندا بکات.

سێ

ڕەخنەی مارکسیستی بە پلەی یەکەم بەوەدا لە هەموو جۆرەکانی تری ڕەخنەی ئەدەبی جیا دەکرێتەوە کە ناتوانێت سروشتی سۆسیۆلۆژی نەبێت، بێگومان بە ڕۆحی کۆمەڵناسی زانستی مارکسو لینین. هەندێکجار جیاوازی لەنێوان ئەرکی ڕەخنەگری ئەدەبیی‌و ئەرکی مێژوونووسی ئەدەبی دەکرێت. ئەم جیاوازیکردنە پشت بە شیکردنەوەکانی ئێستا ڕابردوو نابەستێت، ئەوەندەی کە مێژوونووسی ئەدەبی هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی بابەتییانەی بنبەماکانی کارکردنو جێوشوێنی لە ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی‌و کاریگەری بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. لەکاتێکدا بەنسبەت ڕەخنەگری ئەدەبییەوە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی کارەکە؛ لەڕوانگەی دەستکەوت‌و هەڵە، تا دەگاتە سەر شکڵی‌و کۆمەڵایەتیەکان.

بۆ ڕەخنەگری مارکسیستی ئەم جیاوازیکردنە دەبێتە هۆی لە دەستدانی نزیکەی هەموو دەستەڵاتەکانی. هەرچەندە ڕەخنە بەمانای وردی وشەکە دەبێت وەك پێویستییەك بەشێك بێت لەکاری ڕەخنەی مارکسیستی، هەروەها دەبێت لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی توخمێکی بنچینەیی گرنگی ئەو ڕەخنەیە بێت.

چوار

ئەی ڕەخنەگری مارکسیستی چۆن شیکردنەوە کۆمەڵناسییەکەی بە ئەنجام دەگەیێنێت؟ مارکسیزم پێیوایە کە ژیانی کۆمەڵایەتی وەك هەر بەشێکی جیاوازی ئەندامێکی ئۆرگانیکی پشت بەیەکتر دەبەستن. لێرەوە یارییەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن، ئەمەش لەمیانەی پەیوەندییە ئابوورییە زۆر سروشتی‌و ماددییەکانەوە لە پێش هەمووشیانەوە شێوازەکانی کارکردن. بۆ نموونە لەشیکردنەوەی گشتی سەردەمێکی دیاریکراودا، پێویستە ڕەخنەگری مارکسیستی تێبکۆشێت تا وێنەیەکی تەواوی گەشەی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە نیشان بدات. کاتێك کە گفتوگۆی نووسەرێك یان کارێکی ئەدەبی دەکرێت، هیچ پێویست ناکات هەلومەرجی بنەرەتی ئابووری شیبکرێتەوە. لەبەر ئەوەی بۆچوونی هەمیشە سوودبەخش کە دەتوانین بە بۆچوونی پلیخانۆف ناوزەدی بکەین

بەهێزێکی تایبەتەوە دێتە پێشەوە. کە دەڵێت کارە هونەرییەکان زۆر بەکەمی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشت بەشێوازەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەبەستن. ئەوان لە میانەی ڕایەڵە نێوەندگیرەکانی وەکو سەرخانە چینایەتییەکانو سایکۆلۆژیای چینایەتی کە لەئەنجامی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان پێکئایین، پشتیان پێدەبەستن. هەر کارێکی ئەدەبی هەمیشە، هۆشیارانە بێت، یان ناهۆشیارانە، ڕەنگدانەوەی ئەو سایکۆلۆژیا چینایەتیە کە نووسەرەکە نوێنەرایەتی دەکات، ئەگەر نا وەك زۆربەیجار ڕەنگدانەوەی تێکەڵیەکە لەو توخمانەدا ڕوودەدات کە کاریگەری چینە جیاوازەکان لەسەر نووسەر نیشان دەدەن. ئەمەش دەبێت بخرێتە ژێر شیکردنەوەیەکی ورد.

پێنج

هەر کارێکی هونەریی، بەشێوەیەکی بنچینەیی پەیوەندی بە سایکۆلۆژیای ئەم یان ئەو چین، ئەم یان ئەو کۆڕو کۆمەڵی کۆمەڵایەتی فراوان هەیە کە لەڕێگەی ناوەڕۆکەوە دیاری دەکرێت. ئەدەب، هونەری وشە، هونەری نزیك لە فیکرو شێوەکانی تری هونەر زیاتر بەوە جیادەکرێتەوە کە بە بەراورد بە شێوە، بایەخێکی زۆر بە ناوەڕۆك دەکات. لە ئەدەبدا بەشێوەیەکی تایبەت ئەوە ڕوونە، چونکە ئەوە ناوەڕۆکی هونەرییە کە بیروڕاو هەستەکان لەشێوەی وێنە یان پەیوەند بە وێنەوە؛ وەك توخێکی یەکلاکەرەوەیە لە سەرجەم کارەکە، فرێ دەداتە دەرەوە. ناوەڕۆك هەوڵ دەدات لەخودی خۆیدا شێوەیەکی دیاریکراو بەدی بهێنێت. دەتوانین بڵێین لە یەك شێوەی نموونەیی زیاتر بوونی نییە کە لەگەڵ ناوەڕۆکێکی دیاریکراودا بگونجێت. نووسەر دەتوانێت بڕێك زیاتر، یان کەمتر بۆ بیروباوەڕو ڕووداوو ئەو هەستانەی کە جێی بایەخین، شێوازی گوزارشتکردن بدۆزێتەوەو زۆرترین بڕ لە ڕوونیو بەهێزترین کاریگەری لای ئەو خوێنەرانە جێبێڵێت، کە بەرهەمەکەیان لەپێناودا نووسراوە.

بەم شێوەیە ڕەخنەگری مارکسیستی بابەتی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کارەکەو ئەو کرۆکە کۆمەڵایەتیەی کە بەرجەستەی دەکاتەوە، بەپلەی یەکەم وەردەگرێت. پەیوەندی ڕەخنەگری مارکسیستی لەگەڵ ئەم یان ئەو کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەو ئەو کاریگەرییەی کاری ئەدەبی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەیەتی، دیاریدەکات. دوای ئەوە بەشێوەیەکی بنچینەیی دەچێتە سەر شێوە لەگۆشەنیگای شیکردنەوەی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەم

نموونانە لەپێناو ئامانجەکانی دەق. ئەمەش بەو مانایەیە کە تێدەکۆشێت تا کارەکەی بەپێی توانا گوزارشتکەرو جێی باوەڕ بێت.

شەش

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەحاڵە ئەرکی تایبەتی شیکردنەوەی شێوازە ئەدەبییەکان، فەرامۆش بکرێتو ڕەخنەگری مارکسیستیش نابێت چاوپۆشی لەم مەسەلەیە بکات. لەواقیعدا، شێوەی هەر کارێکی ئەدەبی هەر بە ناوەڕۆکەکەی دیاری ناکرێت، بەڵکو کۆمەڵێ توخمیتر هەن کە ناکرێت ڕۆڵیان لەبەرچاو نەگیرێن. پرۆسە، یان کرداری بیرکردنەوەو گفتوگۆی سایکۆلۆژی کە مرۆڤ دەتوانێت ناوی بنێت شێوازی ژیانی چینێکی دیاریکراو (یان کۆڕو کۆمەڵی چینایەتی کە کاریگەری بەسەر دەقەکەوە هەیە)، ئاستی گشتی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوو کاریگەری دەوروبەرو بێتاقەتبوون بۆ ڕابردوو، هەوڵدان بۆ نوێبوونەوە، کە دەشێت لەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیان دەربکەون، تێکڕای ئەمانەش دەتوانن کاریگەری لەسەر شێوە دابنێنو دەکرێت وەکو هۆکاری یارمەتیدەری دیاریکردنی شێوە لەبەرچاو بگیرێن.

زۆربەیجار شێوە بە تەنها کارێکەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بە قوتابخانەیەکی تەواو، یان سەردەمێکی تەواوەوە پەیوەستە. لەوانەشە ببێتە هێزێك زیان بە ناوەڕۆكو ئەوەی دژی دەوەستێتەوە، بگەیێنێت. هەندێکجار دەکرێت لە ناوەڕۆك جیابکرێتەوەو ئەوکات سروشتێکی گۆشەگیرو بزێو وەردەگرێت.

ئەمەش کاتێك ڕوو دەدات کە کارە ئەدەبییەکان گوزارشت بن لەو تێڕوانینە چینایەتیەی کە خاڵین لە ناوەڕۆكو سڵ لە ژیانی واقیعی دەکەنەوەو سروشتێکی خۆبەدەستەوەدەرو گۆشەگیریان هەیە. بەپێچەوانەی سروشتی ئاسانخوازیو بێهودەیی، هەموو ئەم توخمانە پێویستە بەشێك بن لە لێکدانەوەی مارکسیستی. وەك خوێنەر دەبینێت ئەم توخمە شێوەخوازانەی کە بەرەنگاری شێوازی ڕاستەوخۆیی لەهەر شاکارێکی هونەری دەکەن، بە تەواوەتی "شێوە" لەڕێگەی ناوەڕۆکەوە دیاری دەکەن.

هەورەها هەر کارێکی ئەدەبیش ئەگەر دەیەوێت ببێتە شاکار، بەهیچ جۆرێك نابێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی دابڕاو بێت. ئەمانەش بەڕۆڵی خۆیان دەبێت کۆمەڵایەتیانە شی بکرێنەوە.

پلیخانۆڤ

ئێمە تا ئێستا سەرنجی خۆمان بەشێوەیەکی بنەڕیتی لەبواری ڕەخنەی مارکسیستی وەك ئەرکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، قەتیس کردووە. ڕەخنەگری مارکسیستی لێرەدا وەکو زاناو لێکۆڵەرەوەیەکی کۆمەڵناسی بەدیار دەکەوێت، کە زۆر بە وردی میتۆدی شیکردنەوەی مارکسیستی لەبوارێکی دیاریکراودا (واتە ئەدەب) پیادە دەکات. دامەزرێنەری ڕەخنەی مارکسیستی بلیخانۆڤ؛ بە توندی پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتو دەڵێت: ئەمە ئەو ڕۆڵە ڕاستەقینەیە کە ڕەخنەگری مارکسیستی دەبێت پێی هەڵبسێت. بلیخانۆڤ جەخت دەکاتەوەو دەڵێت: مارکسیستێك بەوەدا لە کەسی ڕۆشنگەر جیادەکرێتەوە کە ئامانجو داواکاری تایبەت بۆ ئەدەب دیاری دەکات، بەڵام ڕۆشنگەر لە گۆشە نیگای ئایدیایەکی تایبەتەوە حوکمی بەسەردا دەدات، ڕەخنەگری مارکسیستی هۆکارە سروشتییەکانی دەرکەوتنی ئەم، یان ئەو کاری ئەدەبی ڕوون دەکاتەوە.

لە بەرەنگاربوونەوەی میتۆدی بابەتییانەو زانستییانەی مارکسیستی بۆ ڕەخنەگرتن لە خودگەرایی کۆنو میتۆدی هەڵگێڕدراوەی ئیستاتیکاو چێژ، پلیخانۆف نەك هەر لەسەر هەق بوو، بەڵکو گەلێ کاری لەپیناو دۆزینەوەی ڕێڕەوی ڕاستەقینەی داهاتووی ڕەخنەی مارکسیستیو هەنگاوەکانی ئەو ڕەخنەیە ئەنجامدا.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بەهیچ شێوەیەك بیر لە تایبەتمەندییەکانی پرۆلیتاریا بکرێتەوەو تەنها وەك دیاریکردنو لێکدانەوەی کۆمەڵێ زانیاری دەرەکیی چاوی لێبکەین. مارکسیزم هەر بە تەنها تێزێکی سادەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بەرنامەیەکی چالاکە بۆ بنیادنان، بنیادنانێکی لەو جۆرەش بەبێ هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەی ڕاستییەکان بیری لێناکرێتەوە. ئەگەر مارکسیستێك نەتوانێت بەشێوەیەکی بابەتیانە هەست بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دیاردانە بکات کە دەوری دەدەن، ئەوا وەك مارکسیستێك تەواو بووە. بەڵام ئێمە داوای زیاتریش لە مارکسیستێکی ڕاستەقینەو گشتگیر دەکەین، ئەویش کاریگەری دانانە لەسەر ئەم ژینگەیە. ڕەخنەگری

مارکسیستی زانای فەلەکناسی ئەدەبی نییە تا یاساکانی جوولانەوەی حەقی تەنی ئەدەبی لە گەورەوە تا زۆر بچووك شیبکاتەوە، ئەو زۆر لەوە زیاترە. ئەو جەنگاوەرو بنیادنەرە. ئەمەش بەو مانایەیە کە پێویستە هۆکاری هەڵسەنگاندن لە ڕەخنەی مارکسیستی هاوچەرخ بە گرنگو پڕبایەخ بزانین.

هەشت

ئەی ئەو پێوەرانە چین کە دەبێت هەڵسەنگاندنی کاری ئەدەبی لەسەر بنیادبنرێت؟ با پێش هەموو شتێك لە ڕوانگەی ناوەڕۆکەوە لەم بابەتە نزیك ببینەوە. لێرەدا بەگشتی هەموو شتێك ڕوونە. پێوەرە بنەڕەتییەکە لێرە هەمان پێوەری ئەخلاقی پرۆلیتاریای لەدایکبووە. هەموو شتێك کە یارمەتیدەر بێت بۆ گەشەو هەوڵی سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بدات باشەو ئەوەشی زیانی پێبگەیێنێت، خراپە. ڕەخنەگری مارکسیست دەبێت هەوڵ بدات ڕەوتی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی لە بەرهەمێکی دیاریکراودا بدۆزێتەوە؛ دەبێت بزانێت بەرەو کوێ دەڕوات، ئایا ئەم پرۆسەیە ئارەزوومەندانەیە یان نا. هەروەك دەبێت هەڵسەنگاندنی خۆی لەسەر ئەم بیرۆکە بنەڕەتیو کۆمەڵایەتیو ئایینامیکیە بنیات بنێت. تەنانەت لەبواری هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی هەر کارێکی ئەدەبیش، هەموو شتێك لە سادەخوازییەوە دوورە. ڕەخنەگری مارکسیستی دەبێت زۆر زیرەكو هەستیار بێت، ئەمەش بە تەنها بەمانای مەشق یان ڕاهێنانی مارکسیستی نییە، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێ بەهرەی تیا بێت، کە بەبێ ئەم بەهرانەش ناکرێت هیچ ڕەخنەیەك بوونی هەبێت. لەحاڵەتی کارێکی ئەدەبی بە ڕاستی مەزندا گەلێ لایەنی جیاجیا هەن کە دەبێت هەڵبسەنگێنرێن. لەم حاڵەتەدا زۆر زەحمەتە هیچ پێوانەو پێوەرێك بەکاربهێنرێت. ئەوەی لێرە بەدواوەین پێی دەوترێت هەستیاری کۆمەڵایەتی، ئەگەرنا بێگومان هەڵە ڕوودەدات. نابێ ڕەخنەگری مارکسیستی تەنها دڵی بەو کارانە خۆش بێت کە باس لە گرفتە هەنوکەییەکان دەکەن، چونکە بەبێ ئەوەی نکۆڵی لە گرنگی کێشەکانی ئێستا بکەین، بە تەواوی مەحاڵە گرنگییەکی گەورەی ئەو پرسانە پشتگوێ بخەین کە لە یەکەم بینیندا زۆر گشتیو دوور دەردەکەون، بەڵام لەکاتی وردبوونەوە لێیان کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە.

لێرەدا هەمان دیاردەمان لەبەردەستدایە کە لەزانستدا هەیە. خواستی ئەوەی کە زانست بە تەواوەتی دەستبەرداری ئەرکە پراکتیکییەکان بێت، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە.

ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەبستراکترین کێشە زانستییەکان لەکاتی شیکارکردنیاندا ڕەنگە هەندێکجار ببنە هۆی زۆرترین گرفتو ئاریشە. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك نووسەرێك یان شاعیرێك پەنا دەباتە بەر شیکاری ئەرکە گشتییەکان، ئەگەر نووسەرێکی پرۆلیتاریی بێت هەوڵ دەدات بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی پرۆلیتارییانە، پەنا بۆ بنەما ڕۆشنبیرییەکان ببات، کە ڕەنگە زۆر بە ئاسانی ڕەخنەگر تووشی سەرلێشێوان بکات. **یەکەم:** چونکە لەم حاڵەتانەدا هیچ پێوەرێکی ڕاستەقینەمان نییە. **دووەم:** ڕەنگە گریمانەکان لێرەدا بەهایەکیان هەبێت؛ لەبەرئەوەی بوێرترین گریمانەکانیش بایەخ بە شیکاری کۆتایی کێشەکان نادەن، بەڵکو کێشەکان دەخاتە بەرچاوو شیان دکاتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەمانە تا ئاستێك ئاماژە بەو کارە ئەدەبییانە دەدەن کە بایەخی تەواو بابەتییانەیان هەیە. ئەو نووسەرەی کە لە کارەکانیدا خاڵەکانی بەرنامەی ئێمە ڕوون دەکاتەوەو گەشەی پێدەدات، ئەوە بەکردەوە هونەرمەندێکی خراپە. نووسەر کاتێك بەهاداره کە زەوییەکی دەستلێنەدراو بکێڵێتو بەشێوەیەکی هەستیارانە بوارێك بدۆزێتەوە کە زەحمەت بێت بۆ لۆژیكو ئامار بتوانن بچنە ناوییەوە. بڕیاردان لەسەر نووسەر لەسەر هەقە یان نا، یان بە ڕێگەیەکی دروست؛ ڕاستیو خواستە بنچینەییەکانی کۆمۆنیزم پێکەوە کۆدەکاتەوە، کارێکی هەروا ئاسان نییەو لەوانەیە نەتگەیێنێتە بڕیارێکی دروست، تەنها لەحاڵەتی بەریەککەوتنی بیروباوەڕی خوێنەرو ڕەخنەگر نەبێت. بەڵام هەموو ئەمانە کاری ڕەخنەگر بێبایەخو ناپێویست ناکەن.

فاکتەرێکی زۆر گرنگ لە هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی کارە ئەدەبیەکاندا ئەوەیە کە بەپێی حوکمی دووەم لەسەر کارەکە؛ دەبێت قەزاوەت بکرێت. ئەویش لە هەنگاوی یەکەمدا پێدەچوو کە سەر بە کۆمەڵێ دیاردەی نامۆ بێتو هەندێکجاریش دژ بە خۆمان بێت. لەڕاستیدا زۆریش گرنگە هەڵوێستی دووژمنانی بناسینو سوود لە قسەی ئەو گەواهیدەرانە وەربگرین کە پاشخانی بیرکردنەوەیان لە پاشخانی ئێمە جیاوازە. ڕەنگە ئەمانەش زۆربەی کات بمانگەیێننە ئەنجامگەلێکی قووڵ. لەهەر حاڵەتێکدا دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زیاتری مەعریفەی کەڵکەکراومان دەربارەی دیاردەکانی ژیان. ڕەخنەگری مارکسیستی کە دەڵێت ئەو نووسەرە، یان ئەو بەرهەمە ئاواو ئاوایە، بۆ نموونە بڵێت ئەوە دیاردەی وردەبۆرژوازییەو ڕەخنەگر نابێت هەرگیز ئەو کارە یان ئەو نووسەرە بەجووڵەیەکی دەستی ڕەتبکاتەوە. دەشێت لەزۆربەی کاتدا

سوودێکی زۆری لێ ببینرێت. لەبەر ئەم هۆیە، پێویستە هەڵسەنگاندنی دووەم لەدیدگایەکەوە بێت، نەك لە دیدگای ئەسڵو ستایشی کارێکی تایبەتەوە، بەڵکو لە ئەگەری بەکارهێنانی هەوڵە بنیادنەرەکانمانەوە بێت کە ڕەنگە ئەمە ئەرکێکی ڕاستەوخۆی ڕەخنەگری مارکسیستی بێت.

من دەمەوێت پڕ بە پێستی ئەم کارە بم، دیاردە نامۆو دووژمناکارەکانی دەقی ئەدەبی تەنانەت ئەگەر بەو مانایەی سەرەوەش هەندێك سوودیان هەبێت، بێگومان دەتوانن لەڕادەبەدەر زیانبەخشو ژەهراوی بنو دەرکەوتنی مەترسیدارانەی پڕوپاگەندەی دژە شۆڕش بن. ئەمەش بێ هیچ وتنێك سەردەکێشێت بۆ دەرکەوتنی نەك تەنها ڕەخنەی مارکسیستی؛ بەڵکو دەبێتە دەرکەوتنی سانسۆری مارکسیستی.

نۆ

ئەرکی ڕەخنەگری مارکسیستی لەوانەیە زۆر ئاڵۆزتر بێت، کاتێ لە هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکەوە بەرەو هەڵسەنگاندنی "شێوە" وەردەچەرخێ. ئەم ئەرکە زۆر گرنگەو پلیخانۆفیش جەختی لەسەر گرنگییەکەی کردۆتەوە. کەوابوو لێرەدا پێوەری گشتی بۆ هەڵسەنگاندن چییە؟ پێویستە شێوە تا دەکرێت لەگەڵ ناوەڕۆدا بگونجێت. ئەمەش زۆرترین توانای گوزارشتکردنی پێدەبەخشێتو زۆرترین دڵنیاییش بەو خوێنەرانەی دەدات کە دەقەکەیان لەپێناودا نووسراوە. لەسەرووی هەموو شتێکیشەوە، پێویستە ئاماژە بەو پێوەرە فەرمیو زۆر گرنگە بدرێت کە پلیخانۆفیش لێرەدا بانگەشەی بۆ دەکا. ئەدەب هونەری وێنەکانەو هەر دەستدرێژییەك دژ بە ئایدیا پەتییەکانو پروپاگەندە بێت، هەمیشە زیان بە بەرهەمەکە دەگەێنێت. ئاشکرایە کە ئەم پێوەرەی پلێخانۆڤ ڕەها نییە. بۆ نموونە بەرهەمی نایابی سالتیکۆڤ-شچێدرین، ئوسپێنسکیو فورمانۆڤ هەن، کە بەڕوونی لەبەرامبەر ئەم پێوەرەدا هەڵە دەکەنو ئەمەش بەو مانایەیە کە کارە ئەدەبییە تێك هەڵشێلدراوەکان کاتێك وتارە ڕەخنەییەکان لەگەڵ بیری جاڕدان تێکەڵ دەکەنو ئەدەبو ڕای گشتی پێکەوە کۆ دەکەنەوە، دەکرێت لە مافی گشتی خۆیاندا بوونیان هەبێت. بەڵام بەگشتی مرۆڤ دەبێ خۆی لەم شتانە بەدوور بگرێت. بێگومان ئەدەبی کاروباری گشتی یان (جاڕدان) کە لە فۆرمدا درەوشاوەیە، جۆرێکی نایابی پڕوپاگەندەی ئەدەبییە بە فراوانترین مانای وشەکە، بەڵام بە پێچەوانەوە، وتارە ڕەخنەییە هونەرییەکان کە بارگاوی بوون بە توخمە جاردانەکانەوە، هەر چەندە

ئارگیومێنتەکانیشیان درەوشاوە بن، خوێنەر بە ساردیی دەهێڵنەوە. ئەمەش بەم مانایەیە کە ڕەخنەگر هەموو مافێکی هەیە باس لە ناتەواوی هەرسکردنی ناوەڕۆکەکە لەلایەن نووسەرەوە بکات، ئەگەر ئەم ناوەڕۆکە لەبری ئەوەی بە ئازادی لە بەرهەمی هونەریدا لە وێنەی کانزای تواوەی درەوشاوەدا بڕژێت، لە دەرەوەی ئەم ڕێڕەوەدا پرشنگدارو گەشاوە دەمێنێتەوە.

پێوەرە تایبەتەکەی دووەم کە لە پێوەرە گشتییەکەوە سەرچاوە دەگرێت، وەك ئەوەی لە سەرەوە پێناسە کراوە، پەیوەندی بە ڕەسەنایەتی فۆرمەکەوە هەیە. ئەم ڕەسەنایەتییە دەبێ لە چی پێك بێت؟ ڕێك لەم بابەتەدا: جەستەی فەرمی بەرهەمێکی دیاریکراو دەبێ لەگەڵ بیرۆکەکەیدا، لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا تێکەڵ بە یەك "کۆی" دابەشنەکراو بێت. بێگومان کارێکی هونەری ڕاستەقینە دەبێ لە ناوەڕۆکدا نوێ بێت. ئەگەر ناوەڕۆکەکە تازە نەبێت، بەرهەمەکە بەهایەکی کەمی هەیە. ئەمەش ئاشکرایە. هونەرمەند پێویستە شتێك دەربڕێت کە پێشتر دەرنەبڕدراوە. دووبارە بەرهەمهێنانەوە، هونەر نییە، بەڵکو تەنها پیشەیەکی دەستییە، هەرچەندە هەندێك جار زۆر وردە. (هەندێك لە نیگارکێشان بەزەحمەت دەتوانن لەم بابەتە تێبگەن). لەم ڕوانگەیەوە ناوەڕۆکی نوێ لە هەموو بەرهەمێکی نوێدا داوای فۆرمی نوێ دەکات.

دەتوانین ئەم ڕەسەنایەتییە ڕاستەقینەیەی فۆرم لەگەڵ چیدا بەراورد بکەین؟ لە پلەی یەکەمدا فۆرمی کۆنەپەرستانە هەیە کە ڕێگری دەکات لە بەڕاستی جێگیرکردنی بیرۆکەیەکی نوێ لە کارەکەدا. نووسەر دەتوانێت بە فۆرمەکانی پێشتر بەکارهێنراو سەرسام بێت، لەو کاتەدا هەرچەندە ناوەڕۆکەکەی نوێیە، بەڵام دەڕژێتە ناو کووندەی شەرابی کۆنەوە. ناتەواوییەکانی ئەم جۆرەش ناکرێ جێی سەرنج نەبن. لە پلەی دووەمدا، ڕەنگە فۆرمەکە بەوپەڕی سادەییەوە لاواز بێت، بۆ نموونە ڕەنگە نووسەر بە نیەتێکی نوێو سەرنجڕاکێشەوە، خاوەنی وشەسازی، بنیاتنانی دەستەواژەکە، تەواوی چیرۆك، بابەت، ڕۆمان، شانۆنامەو...هتد بە مانای ڕیتمو جۆرەکانی تری شیعر نەبێت. هەموو ئەمانە دەبێت لەلایەن ڕەخنەگری مارکسیستەوە ئاماژەیان پێبدرێت. ڕەخنەگری مارکسیستی ڕاستەقینە جۆرێکی یەکپارچەیە، دەتوانین بڵێین ڕەخنەگرێکی لەو جۆرە دەبێ مامۆستا بێت، بە تایبەت مامۆستای نووسەرانی گەنج، یان تازە دەستپێکردووان بێت.

لە کۆتاییدا، سێیەم گوناهی سەرەکی دژی یاسا تایبەتەکەی سەرەوە بۆ ڕەسەنایەتی فۆرم، "زۆر ڕەسەنایەتی" فۆرمە، کە تێیدا بەتاڵی ناوەڕۆکەکە بە داهێنانو ڕازاندنەوەی فەرمی دەشارێتەوە. ئەو نووسەرانەی کە لەلایەن فۆرمالیستەکانەوە تووشی بوون، ئەو نوێنەرە تایبەتانەی دارمانی بۆرژوازی، بەو شێوەیە ناسراون کە هەوڵدەدەن ناوەڕۆکی ڕاستگۆو قورسیان بە فێڵی جۆراوجۆر بڕازێننەوە، بەمەش کارەکانیان تێکدەدەن. هەروەها مرۆڤ دەبێ بە وریاییەوە لە پێوەری سێیەمی سروشتێکی فۆرماڵی گشتگیربوونی کارەکە نزیك بێتەوە. تۆلستۆی بەشێڵگیرییەوە قسەی لەسەر ئەمە دەکرد. ئێمە کە لەڕادەبەدەر ئارەزووی دروستکردنی ئەدەبێکین کە ئاراستەی جەماوەر بکرێتو سەبارەت بە خولقێنەرانی سەرەکی ژیان بانگەوازیان بۆ بکەین. هەموو شێوەکانی خۆبەدوورگرتن لە گۆشەگیری، مەبەست لێی بازنەیەکی بچووکی جوانیناسە تایبەتمەندەکانە، هەموو ڕێکەوتنو وردبینیەکی هونەریش دەبێ لەلایەن ڕەخنەی مارکسیستەوە ڕەتبکرێنەوە. ڕەخنەی مارکسیستی نەك هەر دەتوانێت، بەڵکو دەبێت لە ڕابردوو، ئێستادا ئاماژە بە شایستەییەکانی ناوەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە بکات، لە هەمان کاتدا چوارچێوەی عەقڵی ئەو هونەرمەندەش شەرمەزار بکات کە هەوڵدەدات بەو جۆرە میتۆدە فۆرماڵییانە خۆی لە واقیع دابڕێت.

بەڵام وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پێوەرەکانی گشتگیریدا بکرێت. لە چاپەمەنییەکانی ئێمەدا، لە ئەدەبیاتی پڕوپاگەندەخوازی خۆماندا، لە کتێبو گۆڤارو توێژینەوە زۆر ئاڵۆزەکانەوە داوای زیرەکیەکی بەرچاو لە سەرەتاییترین ئاستی جەماوەری خوێنەر دەکەن. بە هەمان شێوە ناتوانن هەموو ئەدەبیاتەکانمان بگەیەنینە ئاستی جەماوەری جووتیاری کەم فەرهەنگ، یان تەنانەت کرێکاران. ئەمەش هەڵەیەکی زۆر کوشندەیە.

نووسەری شکۆدار دەتوانێت بە سادەییەکی هونەریی؛ هێندە بەهێز گوزارشت لە بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزو بەنرخ بکات کە بگاتە دڵی ملیۆنان کەس. هەروەها نووسەری شکۆدار دەتوانێت بە ناوەڕۆکێکی بەراوردکاری سادەو سەرەتایی بگاتە دڵی ئەم ملیۆنان کەسە؛ ڕەخنەگری مارکسیست دەبێ بەهایەکی زۆر بە نووسەرگەلی لەو شێوەیە بدات. لێرەدا سەرنجی تایبەتی ڕەخنەگری مارکسیستو یارمەتی ژیرانەش پێویستە. بەڵام بێگومان نابێت نکۆڵی لە بەهای ئەو بەرهەمانە بکات کە بۆ هەموو کەسێکی خوێندەوار بەڕادەیەکی پێویست؛ تێگەیشتنیان ئاسان نییەو بابەتەکە ئاراستەی

چینی سەرەوەی پرۆلیتاریا، ئەندامە ئاڵۆزەکانی حیزب، ئەو خوێنەرەی کە گەیشتووەتە ئاستێکی بەرچاو لەفەرهەنگ؛ دەکرێت. ژیان چەندین کێشەی گەرموگوڕ دەخاتە بەردەم ئەم حیزبی ئەو خەڵکەی کە ڕۆڵێکی بێئەندازە گرنگ لە بنیاتنانی سۆسیالیزمدا دەگێڕێت، بێگومان نابێت ئەم کێشانە بەبێ وەڵامێکی هونەری بمێننەوە، تەنها لەبەر ئەوەی هێشتا ڕووبەڕووی جەماوەری بەرفراوان نەبوونەتەوە، یان لەبەر ئەوەی هێشتا ناتوانرێت بە فۆرمی گشتگیر کاریان لەسەر بکرێت. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئێمە زۆر بە پێچەوانەوە ڕۆیشتین، نووسەرانمان سەرنجیان لەسەر ئەرکێکی ئاسانتر چڕکردووەتەوە، نووسین بۆ بازنەیەکی فەرهەنگیە لە خوێنەران، لەکاتێکدا دووبارەی دەکەمەوە، ئەدەب بۆ باشبوونی ژیانی کرێکاران‌و جووتیارانە بە مەرجێك ئەدەبێکی بەتواناو سەرکەوتوو بێت، ئەوکاتە دەبێ بە تایبەتی بەهایان پێ بدرێت.

دە

وەك پێشتر وترا ڕەخنەگری مارکسیستیش تاڕادەیەکی بەرچاو مامۆستایە. ڕەخنەگرتن بێمانایە مەگەر ڕەخنەکە هەندێك چاکە، جۆرێك لە پێشکەوتن بەرهەم بهێنێت. هەروەك دەبێت ئەم پێشکەوتنە چی بێت؟ یەکەم: ڕەخنەگری مارکسیستی دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ نووسەردا مامۆستا بێت. تەواو ئەگەری ئەوە هەیە کە دەنگی تووڕە لەم بارەیەوە بەرز بکرێتەوەو بڵێت کەس مافی بە ڕەخنەگر نەداوە کە خۆی لە نووسەر بە باڵاتر بزانێت‌و...هتد. کاتێك پرسیارەکە بە دروستی دادەڕێژرێت، ئەم جۆرە ناڕەزایەتیانە بە تەواوی بێبەها دەبن. **یەکەم:** بە سەرنجدان بەوەی کە ڕەخنەگری مارکسیست دەبێ مامۆستای نووسەران بێت، ئەوە بەدوای خۆیدا ئایینێت کە دەبێ مارکسیستێکی لەڕادەبەدەر خاوەن ئیرادە بێت، کەسێکی زاناو سەلیقەی بێ ئیدانە بێت. دەوترێت ئێمە ڕەخنەگرێکی لەو جۆرەمان نییە یان تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێت. لەحاڵەتی یەکەمدا نەیارەکانمان هەڵەن؛ لە دووەمدا لە ڕاستییەکان نزیکتر دەبنەوە. بەڵام تەنها یەك دەرەنجام هەیە کە لەمەوە دەربهێنرێت؛ ئەویش ئەوەیە: پێویستە فێر بین. لە نیشتمانە گەورەکەماندا نیازپاکی‌و بەهرە کەم نابێتەوە، بەڵام فێربوونێکی زۆر سەخت هەیە کە دەبێ ئەنجام بدرێت. **دووەم:** بێگومان ڕەخنەگر نەك هەر نووسەر فێر دەکات بەبێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك خۆی بە باڵاتر بزانێت، بەڵکو زۆر شتیش لە نووسەرەوە فێردەبێت. باشترین ڕەخنەگر ئەو کەسەیە کە بتوانێت بە

سەرسامیو جۆشو خرۆشەوە لە نووسەر بڕوانێتو لەهەر ئاستێکدا نیازی باشی هەبێت بەرامبەری. ڕەخنەگری مارکسیستی دەتوانێتو دەبێ لە دوو ڕووەوە مامۆستا بێت بۆ نووسەر: یەکەم: دەبێت ئاماژە بە نووسەرە گەنجەکان بکات، بە گشتی ئاماژە بۆ ئەو نووسەرانە بکات کە توانای ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر هەڵەی فەرمیان هەیە، مەبەست لە هەڵەکانی ناو بەرهەمەکانیانە. جاران بە شێوەیەکی بەرفراوان دەگوترا کە ئێمە پێویستمان بە هیچ (بێلینسکی)یەك نییە، چونکە نووسەرانمان چیتر پێویستیان بەڕێنمایی نییە. ڕەنگە ئەمە پێش شۆڕش ڕاست بووبێت، بەڵام دوای شۆڕش بە سادەیی ئەمە دەبێتە شتێکی پێکەنیناوی، کاتێك جەماوەر سەدانو هەزاران نووسەری نوێ ئایینێتە دەرەوە. ڕەخنەیەکی پتەوی ڕێنماییکەر، بێلینسکی هەموو عەیارەکان، ئەو کەسە بە ویژدانەیە کە زانیارییەکی باشی لەسەر پیشە ئەدەبییەکەی هەیە. هەموو ئەمانەش بە تەواوی جەوهەرین.

لە بەرامبەردا ڕەخنەی مارکسیست دەبێ بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی مامۆستا بێت بۆ نووسەر. نەك هەر نووسەری غەیرە پرۆلیتاریا کە زۆرجار تەنیا منداڵێکە لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانیدا، کە لە ئەنجامی بیرۆکە سەرەتاییەکانی سەبارەت بە یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو تێنەگەیشتنی لە بنەماکانی سەردەمو..تاد، کاڵوکرچترین هەڵە ئەنجام دەدات، بەڵام ئەمەش زۆرجار لەگەڵ نووسەرێکی مارکسیستو پرۆلیتاریاشدا ڕوودەدات. ئەمەش وەك سووکایەتیەك بە کەسی نووسەر ناگوترێ، بەڵکو بەشێکی نزیکە لە ستایشکردنی. نووسەران بوونەوەرێکی هەستیارن، یەکسەر کاریگەرییەکانی واقیع لە سەریان ڕەنگ دەداتەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نووسەران نە بەهرەیەکی تایبەتیان هەیە بۆ بیرکردنەوەی ئەبستراکتو زانستیو نە گرنگییەکی تایبەتیش بە بیرکردنەوەی ئەبستراکتو زانستی دەدەن: بێگومان هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هەندێکجار بەبێ تاقەتییەوە هەر پێشنیارێکی یارمەتی لەلایەن ڕەخنەگرەوە ڕەتدەکەنەوە. زۆرجاریش دەتوانرێت ئەم جۆرە یارمەتییەی پێشکەش دەکرێت بەو شێوازە کەللەپووتیە ڕوون

بکرێتەوە. بەڵام لەڕاستیدا ئەوە ڕێك لە ئەنجامی هاوکاری نێوان نووسەرانی ناودارو ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەهرەمەندە رووەدەدات، بەو شێویەش هەمیشە شاکاری ئەدەبی گەورە سەریان هەڵداوەو بەردەوامیش سەرهەڵدەدەن.

یانزە

لە هەوڵی فێرکردنی سەرکەوتووانەی نووسەردا، ڕەخنەگری مارکسیستی لەسەریەتی خوێنەرانیش فێر بکات. بەڵێ دەبێت خوێنەر فێری خوێندنەوە بکرێت. ڕەخنەگر وەك شرۆڤەکارێك، وەك ئەو کەسەی هۆشداری لەبارەی ژەهر دەدات، کە ڕەنگە تامی شیرین بێت، وەك ئەو کەسەی کە تویکڵێکی ڕەق دەشکێنێت بۆ ئەوەی مرواریەکەی ناوەوە دەربخات، وەك ئەو کەسەی گەنجینەی لە سێبەر نێژراودا دەدۆزێتەوە، وەك ئەو کەسەی گشتاندن لەسەر بنەمای ماددەی هونەری دەکاتو هەموو خاڵێك دەکات بە خاوەندارێتی. ئەمە ئەو ڕێنمایەیە کە لە ئێستادا جەوهەرییە، لە کاتێکدا کە زۆر خوێنەری بەنرخ، بەڵام هێشتا بێ ئەزموون دەرکەوتوون. ئەمەش پەیوەندی ڕەخنەگرە بە ڕابردووی ئەدەبیاتی ڕووسیو جیهانییەوەو دەبێ بەو شێوەیە پەیوەندی بە ئەدەبی هاوچەرخەوە هەبێت. بۆیە ئێمە جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەو داواکارییە ناوازانە دەکەینەوە کە سەردەمەکە لە ڕەخنەگری مارکسیستی دەخوازێت. ئێمە هیچ ئارەزوویەکمان نییە تا بە تێزەکانمان کەس بترسێنین. ڕەخنەگری مارکسیست دەتوانێت خاکییانە، یان تەنانەت دەتوانێت بە هەڵە دەستپێبکات، بەڵام لەبیریەتی پێش ئەوەی بگاتە یەکەم نیشتنەوە دەبێت بە پلیکانەیەکی درێژو بەرزدا سەرکەوێتو تەنانەت ئەو کاتەش دەبێت تەنها وەك شاگردێك سەیری خۆی بکات. بەڵام مەحاڵە حساب بۆ ئەو شەپۆلە زەبەلاحەی بەرزبوونەوەی کلتووری فراوانمان نەکەین، لەسەر کانیاوی ئەدەبی بە توانادا کە لە هەموو شوێنێکدا سەرهەڵدەدات؛ مەحاڵە باوەڕ نەکەین کە دۆخی ئێستا، بە تەواوی جێگەی ڕەزامەندی نییە. ڕەخنەی مارکسیزم بەم زووانە زۆر باشتر بەرەوپێش دەچێت.

دوانزە

حەز ئەکەم وەك دەرئەنجامێك دوو پرسیاری تر بوروژێنم. **یەکەمیان؛** زۆربەی کات ڕەخنەگرانی مارکسیست بەوە تاوانبار دەکرێن کە دادەبەزنە ئاستی ڕاگەیاندنەکان.

ئێستا بەڕاستی جێی مەترسییە بە نووسەرێك بڵێین كە چێژ لە باوەڕە نا هۆشیارەكانو نیمچە هۆشیارە دژە بە شۆڕشەكان دەبینێت. لەم دۆخانەدا كاتێك نووسەر بە ڕەگەزێكی نامۆ دەستنیشان دەكرێت، یان بەرەو ڕاست وەرچەرخاوە، یان كاتێك یەكێك لە نووسەرەكانمان بە هەندێك لادان یان شتی تر تاوانبار دەكرێت، ئەوكات سەرجەم ئیشەكە تا ئاستێك جێی گومان دەبێت، خەڵكیش دەپرسن ئەی مافی ڕەخنەگر نییە بڵێت: ئەم یان ئەو نووسەرە لەڕووی سیاسیەوە جێی گومانەو یان لەڕووی سیاسیەوە دروست هەنگاو نانێت یان دووچاری شكستی سیاسی بووە. ئێمە دەبێت بە توندی ئەمجۆرە نارەزایەتیانە ڕەتبكەینەوە. ئەو ڕەخنەگرەی میتۆدی لەمشێوەیە بۆ یەكلاكردنەوەی كێشە كەسیەكانی دەگرێتەبەر، یان بە ئەنقەست بوختان بە كەسێك دەكا، ئەوا ئەو ڕەخنەگرە شەڕانگێزەو ئەوجۆرە شەڕانگێزییانەش درەنگ یان زوو دەردەكەون. ئەوە ڕەخنەگری بێباكە كە ئەمجۆرە بوختانانە بێ بیركردنەوەو بێ هیچ پێوەرێك دەبەخشنەوە. بەڵام ئەو كەسەی جەوهەری ڕەخنەی ماركسیستی دەشێوێنێت، لەبەرئەوەی دەترسێت بە دەنگی بەرز ئەنجامی لێكدانەوە كۆمەڵایەتیو بابەتییەكانی رابگەێنێت، پێویستە لەڕووی سیاسیەوە بە خەمساردو نێگەتیڤ وەسف بكرێت.

ئەمەش بەو مانایە نییە كە ڕەخنەگری ماركسیستی بەدەنگی بەرز هاوار بكاتو بڵێت: ئاگادار بن! خۆ ئەمە بانگەوازێكی دەزگا فەرمییەكانی دەوڵەت نییە، بەڵكو ئەمە هەڵسەنگاندنێكی بابەتییانەیە بۆ بەهاو بنیادنانی هەندێك كارو شتی لەوجۆرە. نووسەر دەبێت خۆی لە دەرئەنجامەكان قورتار بكاتو هەڵەكانی ڕاست بكاتەوە. چونكە ئێمە لە بواری ململانێی بیروڕاكانداین. ناكرێت كەسێكی خاوەن ویژدانی كۆمۆنیستیو ڕاستگۆ، نكۆڵی سروشتی خەبات لە پرسی ئەدەبی ئێستاو هەڵسەنگاندنی بكات.

سیانزە

دواجاریش ئەم پرسیارە: ئایا مشتومڕ، یان (گفتوگۆ)ی تاڵو زبر ڕێگەپێدراوە؟ بەشێوەیەكی گشتی، گفتوگۆی توندوتیژ سوودبەخشە لەبەر ئەوەی خوێنەر لەباری سەرنجەدا دەهێڵێتەوە. بابەتی مشتومڕ بە تایبەت لەو شوێنانەی كە هەردوو لا هەڵەنو هەموو شتەكانیتر یەكسانن، كاریگەرییەكی زیاتری لەسەر جەماوەر هەیەو باشتریش تێی دەگەن. بێجگە لەمەش بوونی روحی جەنگیان لەلای ڕەخنەگری ماركسیستی وەك شۆڕشگێڕێك پاڵی پێوە دەنێت بۆ گوزارشتكردنی توند لە بیروباوەڕەكەی، بەڵام

لەهەمان کاتیشدا دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت شاردنەوەی لاوازییەکان بەبیانووی درەوشاوەیی دیالیکتیکی، یەکێکە لە هەڵە گوناهەکانی ڕەخنەگر. بەگشتی، کاتێك کە ئارگیومێنتگەلێکی زۆر لەئارادا نین، کۆمەڵێك تێبینی توندڕەوی جۆراوجۆری وەك بەراوردکردن، هاوارکردنی گاڵتەجاڕانەو پرسیاری فێڵبازانە، ڕەنگە کاریگەرییەکەی دوولایەنە بێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك جددی نەبێت. ڕەخنە دەبێ بۆ خودی ڕەخنە کارپێکراو بێت، چونکە ڕەخنەی مارکسیستی لە هەمان کاتدا زانستیەو بە جۆرێك لە جۆرەکانیش کارێکی هونەرییە. دواجار تورەیی باشترین ڕێنوێنیکەر نییە لە ڕەخنەداو زۆر جار مانای ئەوەیە ڕەخنەگرەکە هەڵەیە.

دەبێت دان بەوەدا بنێین کە هەندێك جار نوقورچە گرتنی گاڵتەئامێزانەو قسەی ناشیرین لە دەرەوەی دڵی ڕەخنەگرەکەوە دەدرێت. گوێگری کەم تا زۆر تێگەیشتوو لە ڕەخنەگرێك یان خوێنەرێك، یان بە تایبەتی لە نووسەرێکی دیکە؛ هەمیشە دەتوانێت جیاوازی لەنێوان تووڕەیی سروشتیو سنووری بەدخوازی بکات. لە هەوڵە بنیاتنەرەکانماندا دەبێت تا دەتوانین خراپەکاری کەم بێتو نابێت تێکەڵ بە ڕقو کینەی چینایەتی بکرێت. ڕقی چینایەتی بە مەبەستەوە لێدەدرێت، بەڵام وەك هەورێکە بەسەر زەویداو لە سەرووی خراپەکاری کەسیەوەیە. بەگشتی ڕەخنەگری مارکسیست، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ناو ئاسانکاری دڵخۆشەوە، کە لەلایەن خۆشیەوە زۆر هەڵەیە، دەبێت بە شێوەیەکی پێشوەختە ئاسانکار بێت. چێژی باڵای ئەو، دەبێت لە دۆزینەوەی ئەرێنیو ئاشکراکردنی بۆ خوێنەر بە هەموو شکۆمەندیەکەیەوە بێت. دەبێ یارمەتی یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی بێت، لە کەناڵکردنو ئاگادارکردنەوەو پێویستە بە دەگمەن هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی خراپەکارەکە بە تیری کونکەری پێکەنین یان سووکایەتی یان بە ڕەخنەی سەرسەخت بدات، لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانێت بە ئاسانی هەر نامۆبوونێکی پفکراو لەناو ببات.

١٩٢٨

ئەناتۆلی ڤاسیلیڤیچ لۆناشارسکی ڕەخنەگری ڕووسی شۆڕشگێڕو یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی شوراکانی خەڵك لە یانزەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٧٥ لە شاری پۆلتاڤا لە ئۆکرانیا لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیا لە دایك بووە. لەتەمەنی پانزە ساڵی ئاشنایەتی لەگەڵ مارکیسیزم پەیدا دەکاتو دەبێتە هەڵگری ئەو بیروباوەڕە. بۆ ماوەی

دوو ساڵ لە زانکۆی زیورخ دەخوێنێ بێ ئەوەی بڕوانامە بەدەست بهێنێت. ئەو کاتەی لە زانکۆ دەبێت هەریەك لە ڕۆزا لۆکسەمبۆرگو لیۆ جۆگیش دەناسێتو پەیوەندی بە حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیاوە دەکات. لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٠٢ لەگەڵ ئەلکسەندەر بوگدانۆڤ دەژێتو دواتر لەگەڵ خوشکی بۆگدانۆڤ هاوسەرگیری دەکات. ساڵی ١٩٠٣ کاتێك حیزب دەبێتە دوو بەش؛ بەلشەفیکەکانو مەنشەفیکەکان، لۆناشارسکی لایەنگیری بەلشەفیکەکان بە ڕابەرایەتی لینین دەکات. ساڵی ١٩٠٧ بەشداری کۆنگرەی سۆشیالیستی نێونەتەوەیی دەکات. ساڵی ١٩٠٩ لەگەڵ بۆگدانۆڤو مەکسیم گۆرکی دەستیان کرد بە وانە وتنەوە لە قوتابخانەی کرێکارانی سۆسیالیستی ڕووسیو تا ساڵی ١٩١١ بەردەوام بوون. ساڵی ١٩١٣ دەچێتە پاریسو بازنەی فەرهەنگی پرۆلیتاریا دادەمەزرێنێت. دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم لۆناشارسکی شانبەشانی لینینو لیۆن ترۆتسکی هەڵوێستی دژەجەنگی وەردەگرێت. ساڵی ١٩١٥ لەگەڵ پاڤێڵ پۆلیانسکی ڕۆژنامەی "بۆ پێشەوە"ی سوشیال دیموکرات دەردەکەنەوەو پێ لەسەر فەرهەنگی پرۆلیتاریا دادەگرن. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەگەڕێتەوە ڕووسیاو دەبێتە وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی سۆڤیەتو تا ساڵی ١٩٢٩ بەردەوام دەبێت. ساڵی ١٩١٩ شانۆی درامای بەلشەفی لەگەڵ مەکسیم گۆرکیو ئەلکسەندەر بلۆکو ماریا ئەندەریاڤ دادەمەزرێنێت. دواجار ئەم ڕەخنەگرە مارکسیستە شۆڕشگێڕە لە بیستو شەشی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٣ بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە مارکسیزمو شۆڕشو پرۆلیتاریا دەکات.

تێبینی: ئەناتۆلی ڤاسیلیڤیچ لۆناشارسکی ئەم نووسینەی لەساڵی ١٩٢٨دا نووسیوەو دواتر لە کتێبی دەربارەی ئەدەبو هونەری پێشکەتووخواز لەساڵی ١٩٧٣ بڵاوبۆتەوە.

ذ

سەرچاوەکان:

-Thesese on the Problems of Marxist Criticism

-Harrison Fluss for marxists.org, February 2008.

-https://en.wikipedia.org/wiki/Anatoly_Lunacharsky

ترس لە شکست

نووسینی: د. زەکەریا ئیبراهیم
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

ژیانی مرۆڤ هەر تەنیا بریتی نییە لە زنجیرەیەك خۆشیو شادی، بەڵکو زنجیرەیەك لە ترسو مەترسییەکانیش لەخۆ دەگرێت. وتەیەکی دووبارەیە ئەگەر بڵێین ترسی مرۆڤەکان دیاردەیەکی سروشتیە: دەزانین زانایانی دەروونناسی (ترس) لەسەرووی لیستی هەڵچوونە بنەڕەتییەکان دادەنێنو مرۆڤ هێشتا کۆرپەیەکی بچووکەو هەستی پێدەکات. ئەگەر مرۆڤ ئەو بوونەوەرە بێت کە بەزەحمەت واز لە سۆراغ بەدوای (ئاسایش) دەهێنێت، ئەوا

ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەیە لە هەموو ساتێکدا بەهۆی چەندین (مەترس)یەوە ژیانی لەژێر هەڕەشەدایە: مەترسییەکان لە(دەرەوە) لەلایەن کەسانی دیکەوە هەڕەشەی لێدەکەن، مەترسییەکان لە(ناوەوە) لەلایەن خودی خۆیشییەوە هەڕەشەی لێدەکەن! ئەمەش واتای وایە ئەوەی خەو لە مرۆڤ دەتۆرێنێت ئەو ئەگەرانەن کەوای لێدەکات -لە هەموو کاتێکدا- ببێتە نیشانە بۆ نەخۆشی، شکستی، کڵۆڵی، مردن...تاد. هیچ میکانیزمێکی دڵنیاکەرەوە نییە بتوانێت ئەوە مسۆگەر بکات کە مرۆڤ دووچاری هیچ مەترسییەك نەبێتەوە: هیچ پەناگەیەکی ئارامیش نییە مرۆڤ بۆ پاراستنی خۆی لە گورزەکانی چارەنووس پەنای بۆ ببات.

ڕەنگە ئەم پێویستییە بۆ پاراستن لەبنەڕەتەوە پەیوەستیی منداڵ بێت بە دایکیەوە: چونکە دایك لە دیدی منداڵەکەیدا خۆی لەو پەناگەیە دڵنیاکەرەوەیە دەنوێنێت، کە پێداویستیە بەپەلەکانی لە ئاسایشو دڵنیایی لەلایدا دەبینێتەوە. دیارە مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی بە تامەزرۆی هەستێکی لەم جۆرە ئاسایشە دەمێنێتەوە، بەو بەڵگەیەی لەلایەن پیاوی پێگەیشتووشەوە ئارەزوویەکی گەورە لە هەستکردن بە ئاشتی، یاخود بە ئاسایشو دڵنیایی دەبینین، کە بەڕوونی دەردەکەویتو خۆی لەپەنای ئەو ئافرەتە دەپارێزێت کە خۆشیدەوێت، داوای هاوکاریو خۆشەویستی لێ دەکات، ئەوەش لەبەرانبەر خۆشەویستیو پەیوەست بوونی بە ئەوەوە! ئەم پێویستییە بۆ ئاسایش، ڕەنگە بەرپرس بێت لە سەرهەڵدانی زۆربەی ترسەکانی مرۆڤ، تەنانەت سەرقاڵ بوون بە ژیار، یان کولتووری مرۆڤایەتی بوونەتە کارکردن بۆ زۆرترکردنی گەرەنتیەکی پێویست بۆ تێرکردنی مرۆڤ لە هەستکردن بە ئاسایش.

ئەمە وای لە هەندێکی توێژەران کردووە بڵێن: ئایین، ڕەوشت، یاسا، پزیشکی...تاد؛ لە کرۆکیاندا جگە لە کۆمەڵێك میکانیزم کە هەستکردن بە ئاسایش بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکەن، هیچیتر نین. ڕەنگە بە هەڵەدا نەچین ئەگەر بڵێن لایەنێکی گەورەی هەوڵی خودی مرۆڤی سەردەم ئامانجی بووەتە پێکاندنو لەناوبردنی سەرچاوەگەلێکی ترس لە ژیانی مرۆییدا. لە کاتێکدا هەندێك لە کۆنترین دەروونناسەکان لەبارەی(خولیای ترس)دواون، لێرەدا سەیردەکەین دەروونناسیی سەردەم سەلماندویەتی (خولیاکان) بوونیان نییە، بەڵکو (ئارەزووە خۆڕسکیەکان)، یان (پێداویستییە بنەڕەتییەکان) بوونیان هەیە، کە هەموارکردن، گواستنەوە، ئاڵوگۆڕکردن، بەرزکردنەوە...تاد قبوڵ دەکات.

خولیایەکی دیاریکراو نییە، کە بتوانین ناوی بنێین (خولیای ترس)، بەڵکو لێرەدا (ئەرکێکی دەروونی) هەیە کە (ترس) لە ژیانی مرۆییدا دەخاتە ئەستۆی خۆی، ئەویش بریتییە لە پاراستنی خودی تاك لە دژی هەردوو مەترسییەکانی جیهانی دەرەوەو ناوەوە، دژی هەموو ئەو شتانەی ڕەنگە هەڕەشە لە ساغی مرۆڤ بکەن. واتای ئەمەش ئەوەیە کە ترس (هەڵچوونێکی سروشتیە)و ڕۆڵێکی زیندووی گرنگ دەگێڕێت لە کرۆکی ژیانی دەروونیی مرۆڤدا. خۆ ئەگەر کەسێکیش پێمان بڵێت لە هیچ شتێك ناترسێتو لە کەسیش ناسڵەمێتەوە، ئەوا ئەو کەسە بووەتە قوربانی مەترسیترین جۆر لە جۆرەکانی ترس، ئەویش بریتییە لە ترسی سەنگەرگرتن لە واقیعو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستی!

ژیانی مرۆڤ بریتییە لە زنجیرەیەك مەترسی بەردەوام!

ئەزموون گەواهی ئەوە دەدات کە منداڵ دەترسێت، مرۆڤی سەرەتایی زۆربەی ژیانی لە ترسە بەردەوامەکان بەسەر بردووە. ڕەنگە ـ هەندێکجارـ پێمان وابێت پیاوی تەواو پێگەیشتوو ناترسێت، وەك ئەوە وابێت کاری پێگەیشتنی ئاوەزیی بریتی بێت لە لەناوبردنی تەواوی هەموو هۆکارەکانی ترس لە دەروونی مرۆڤدا، بەڵام واقیع - بەپێچەوانەی ئەمەوە- گەواهی دەدات ئێمە هەموومان دەترسێین؛ لە مردن دەترسێین، لە نەزانراوی تۆقیوین، لە شکست پەشۆکاوین، لە پیری دەسڵەمینەوە، لە بیرۆکەی نەمان دڕدۆنگین...تاد.

لەم ڕووەوە (باسکال) گوتویەتی: خەڵکی چەندین جۆری یاری یا شێوازی کات بەسەربردنیان داهێناوە، تاکو لە ترسی تەنیایی، یان گۆشەگیریی دووربکەونەوە؛ وەك ئەوەی مرۆڤ ئەو بوونەوەرە بێت کە لە سێبەریش دەترسێت. هیچ بژاردەیەکیش نەبێت جگە لە ڕاکردن لە خۆیی، یان خۆی لەدەست خۆی ڕزگار بکات! ڕاستییەکە ئەوەیە ژیانی مرۆیی خەریکە خۆی لە زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوی ئەلقەی ترسە بەردەوامەکان دەنوێنێت، تاڕادەیەك هەندێك پێیانوایە زۆرجار مرۆڤ دەترسێت، تەنیا لەبەرئەوەی بیر لە ترس دەکاتەوە! ئەم (ترسە لە ترس) -وەك ڕۆزفڵت پێیوایە- ڕەنگە خراپترین ئامۆژگاریکەر بێت کە مرۆڤ بتوانێت ڕاوێژی پێبکات بەرلەوەی کارێك ئەنجام بدات! جا لەهەرشتێکدا بێت، ئەوا ترس جەمسەرێکی گرنگە لە جەمسەرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بەڵام ئێمە لێرەدا لەبەردەم (جەمسەرێکی نەرێی) داین کە هەردەبێت لە بەرانبەریدا

(جەمسەرێکی ئەرێی)ش هەبێت کە دەروونناسان واڕاهاتوون ناوی بنێن (هەستکردن بە ئاسایش)، ئەگەر قەدەری هەر هەبوویکی مرۆیی وەهابێت کە بەتەواوی هەموو هەستکردنێکی بە ئاسایش، یان دڵنیایی نەبێت، ئەوا ژیانی بۆتە ترس، یاخود مەترسییەکان، نموونەی ئەم ژیانەش تەنها مردنێکە بەر لە مردن!

دەروونناسەکان نەیانوتووە مانەوەی دایك لەپاڵ منداڵەکەی لە سەرەتای ساڵەکانی منداڵی وا تێبگەن کە پێویستیە، تەنیا سەرنجییانداوە دوورکەوتنەوەی دایك لە منداڵەکەی هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لەسەر هەستکردنی بە ئاسایش. پێشتر تبینیمان کردوو وتمان منداڵ پێویستییەکی زۆری بەم (هەست بە ئاسایشکردن)ە هەیە، چونکە هەستکردن بە دڵنیایی پەرژینێکی گرنگەو پێویستە دەوری ژیانی دەروونی منداڵ بدات، بەتایبەت لە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنیدا. بەهەمان شێوە، دەتوانین بڵێین، هەروەها مرۆڤی پێگەیشتوو خۆیشی پێویستی بەم شێوەیەی هەست بەئاسایشکردنە هەیە، ئەگەرنا ژیانی بووەتە نێچیری مەترسییە بەردەوامەکانو ترسە پەیوەندیدارەکان.

گومانی تێدا نییە ئەو مرۆڤەی مەترسییەکانی شکست، یان ترس لە نەزانراوەکان، یاخود ترس لە ئایندە، یان (ترسە پەیوەندیدارەکانی دیکە) بەسەریدا زاڵ دەبێت، ئەستەمە ببێتە (کەسێکی تەواو) کە بتواندرێت بەلایدا بچین، یان ببێتە کەسێکی هاوسەنگ کە بتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت...

بەڵام هەر دەبێت -لەسەرەتادا- جیاوازی لە نیوان دوو جۆری ترس بکەین: (ترسە پێکەوەییەکان) کە لەلایەن مرۆڤە ئاساییەکاندا سەرنجی دەدەین: وەك ترس لە مەترسی، ترس لە ئایندە، ترس لەمردن، ترس لە نەخۆشی...تاد، (ترسی نەخۆشییەکان)کە بەدیاننناکەین تەنیا لە لایەن کەسانی ئاورتە، یان ئەو کەسانەی نەخۆشی دێوانەیی هەیە، یان کەسانی لادەرەوە نەبێت، بونیان نییە: وەك ترس لە کەسانی نامۆ، ترس لە ژن، ترس لە کۆمەڵگا، ترس لە کارکردن، ترس لە بەرپرسیاریەتیو...تاد.

لەوانەیە سروشتی بێت ئەگەر ڕەگەزێك دوودڵ بێت پێش ئەوەی تێکەڵ بە ڕەگەزی بەرانبەر بێت، بەڵام ڕەنگە ئەم دوودڵیە بگۆڕدرێت بۆ ترسو نەخۆشیی بۆ نموونە: کاتێك گەنجێك بەتەواوی بێ توانا دەبێت لە بەدیهێنانی هەر جۆرێکی پەیوەندی بە تاکێك لە تاکەکانی ڕەگەزی بەرانبەریدا. جا لێرەدا ئاساییە کە مرۆڤ لە نەخۆشی بترسێت، هەوڵ بدات خۆی لە نیشتمانەکانی نەخۆشی دووربخاتەوە، بەڵام سەیر لەمەدایە

لەدوای هەر دیدارێکدا کە تێیدا تەوقەی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کردبێت دەستی بشوات. لە نموونەی ئەم حاڵەتەدا (ترس لە نەخۆشی) دەگۆڕدرێت بۆ (نەخۆشیی ترس) کە نەخۆشیەکی دەروونیەو ڕاستترە -لەم بوارەدا- ناوی بنێین (نەخۆشیی پاکوخاوێنی)!

سەیر نییە مرۆڤ پێش ئەنجامدانی هەرکارێکی گەورە، یان پرۆژەیەکی مەترسیدار دوودڵ بێت، بەڵام سەیرەکە ئەوەیە کە دوودڵیەکە بەردەوام بێتو ویستی بەتەواوی ئیفلیج بکات، لەم کاتەدا پێناچێت وریایی زۆری لەلا بگۆڕدرێت بۆ ترسێکی بەردەوام لە بەرپرسیاریەتی، بەتەواوی بێدەسەڵات بوون لە کارکردن! بەم جۆرە دەبینین (ترسەکانی نەخۆشیی)لە زۆبەی حاڵەتەکاندا بریتین لە نیشانەگەلێك کە چەندین نەخۆشیی دەروونی یاوەری دەکەن: نیشانەگەلێکی نامۆن لە کاریگەرییە خەیاڵییەکان، یان لە ئاگادارکەرەوە ناواقیعیەکان لە دایك دەبن.

ئەو منداڵەی هەر لە کۆرپەلەییەوە واڕاهاتبێت کە لە سێبەر بترسێت، یان لە سایەی سیستەمێکی پەروەردەیی توندا کەسایەتییەکەی پێکهاتبێت؛ دەڵێین لەوانەیە منداڵێکی لەو جۆرە -زیاتر لە کەسانی دیکە- دووچاربێتو بکەوێتە ژێرباری (نەخۆشییە دەماریەکان)، یاخود (نەخۆشییە دەروونییەکان)ەوە. زۆرجاریش ترس بەدڵەڕاوکێییەوە پەیوەست دەبێت: چونکە ئەو منداڵەی بەترس گەشەیکردووە ناتوانێت منداڵێکی پڕ لە ئاسایش بێت، بۆیە یەکسەر دەبێتە نێچیری وەسوەسەو جۆرەکانی دیکەی دڵەڕاوکێ.

کاتێك منداڵ دەزانێت کە ڕاشکاویی باجێکی زۆری دەوێت، ئەوا ترسی لە گەورەکانو سووربوونی لە سەر دوورکەوتنەوەی لە سزادان، دەبنە هۆی ئەوەی کەوا درۆبکات. هەروەها وەك زانراویشە ترس هاوپەیمانی درۆو فێڵو بەلاڕێدابردنە، بۆیە منداڵی ترسا -وەك دەزانین- بەناچاریی خۆی دەبینێتەوە کەوا شێوازەکانی فێڵکردن، پێچو پەنایی، فریودەریی...تاد، دروست بکات.

لەوانەیە مەترسیدارترین سیستەمی پەروەردەیی کە نەوەیەك لە نەوەکان لە سایەیدا گەشە بکەن، ئەو سیستەمە توندڕەوەبێت کە بە شێوازەکانی توندوتیژیی منداڵی تێدا ڕادەهێندرێت، هەرگیز هیچ وەڵامێکی بەڕواڵەتە جۆراوجۆرەکانی ترسی بۆ نادۆزنەوە؛ لەم کاتەشدا متمانە لە نێوان بچووکەکانو گەورەکاندا نامێنێت، منداڵیش هەموو هەستکردنێکی بە ئاسایش ون دەکات، ژیانی کۆمەڵایەتیشی دەگۆڕدرێت بۆ کەشێکی توندڕەویی لە تۆقینو گومانو دڵەڕاوکێو ترسان ...تاد.

ئێمە لە شکست دەترسێین، بەڵام هێشتا خۆمان دەخەینە مەترسیەوە!

بەڵام ئەگەر ئێستا بەردەوام بین بۆ ئەوەی ئەم ئاستە دەروونییە بگوازینەوە بۆ ئاستێکی میتافیزیکی، ئەوا دەبینین مرۆڤ، چ منداڵ، یان مرۆڤێکی سەرەتایی، یان مرۆڤێکی ژیاریی بێت، جیاوازی نییە لەگەڵ ئاژەڵێك کە بەدوای ئاسایشدا دەگەڕێت. هەوڵو تەقەڵا دەکات لە پێناو سەرکەوتنی بە سەر ئارامیو جێگیربوونو دڵنیابووندا. کاتێکیش ئەو بەر ئاستەنگو کۆسپو هەڵەنگوتنەکان دەکەوێت، زۆرناخایەنێت پەی بەوەدەبات ناشێت ژیانی زنجیرەیەك بێت لە دەستکەوتو بەرهەمو سەرکەوتنەکان. ئالێرەدا ترس لە شکست دەردەکەوێت، ئەمەش وەك ئەوە وایە گوزارشتێك بێت لە ترسی مرۆڤ دەربارەی کات، نیگەرانبوونی بێت لەسەر ئایندە، سڵەمینەوەی بێت لە نەزانراویی، سووربوونی بێت لەدەستگرتنی بە برژانگەکانی ژیانەوە! مرۆڤ دەترسێت لە خۆشەویستیو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیو کارکردنیدا شکست بهێنێت. ئەم ترسەی لە شکست -لەسەر ئاستی خۆشەویستیو پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکانو کارکردندا- دەبێتە مۆرکی تایبەتمەندیەتی زۆربەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ. جا کاری ئەو تەواوبوونو گونجاندنو هاوسەنگییە هەرچییەك بێت کە ڕەنگە خودی مرۆڤ لەم قۆناغەدا -یان ئەو- قۆناغانەی بەرزبوونەوەی دەروونین بەدەستی بهێنێت. ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەم هاوسەنگییە ئامادەیە لە هەموو ساتێکدا دووچاری ناهاوسەنگی بێت، ئەو تەواوبوونو گونجاندنەش لە هەموو کاتێکدا هەڕەشەی دارمانی لەسەرە! هۆکاری ئەمەیش ئەوەیە کە ژیانمان لە هەموو ساتێکدا خەریکە خاڵی نابێت لە مەترسیو سەختیو هەڵوێستە لەناکاوەکاندا! خۆ ئەگەر جیهانەکەشمان بەتەواوی بەتاڵ بێت لە هەموو مەترسییەك، ئەوا بووەتە جیهانێکی مردوو کە هیچ ژیانێکی تێدا نییە، هیچ واتایەکیشی نییە! بەڵام ئێمە -لە خۆشبەختی، یان لە بەدبەختی بێت- بەردەوام لە لێواری مەترسیدا دەژین؛ خەریکە خودی بوونیشمان لە پڕۆسەی گەڕان بەدوای ئاسایش و، کارکردن بۆ دوورخستنەوەی هۆکارەکانی مەترسی لەناوبچێت.

لە توانای مرۆڤدا نییە، بەبێ ئەوەی خۆی سەرکەشیی نەکات، ئازادی خۆی بەکاربێنێت، یان سەرچڵیی بە ژیانی خۆی نەکات! ئەگەرنا، ئازادیی واتای چی دەگەیەنیت، ئەگەر واتای ڕووبەڕووبوونەوەی نەزانراوی نەبێت، یان کارکردن نەبێت بۆ بەدەستهێنانی شتێکی چاوەڕواننەکراو؟ ڕاستە ئێمە -هەموومان- دەمانەوێت مەترسی

دووربخەینەوە، هەوڵ دەدەین خۆمان لە هەموو سەختییەکان بپارێزین، بەڵام بەدڵنیاییەوە -لەگەڵ ئەمەشدا- هەردەبێت خۆمان ببینینەوە کە ناچارین بەسەر پارچە بەڵگە ڕەتکراوەو چارەسەرە پێشنیارکراوو ئاسوودەییە دەروونییە ڕەتکراوەکاندا پێشبکەوین! سەیر نییە، مەیلەکانمان بەرەو (ڕەهایی) دەبێت بەر سنووری (کۆتاییهاتن) بکەوێت؛ (کێشەی خراپە) بۆیە سەریهەڵدا تەنها لەبەرئەوەی مرۆڤ (بوونەوەرێکی کۆتاییدارە) ڕەتیدەکاتەوە کە (کۆتاییهاتن) دوا وشە بێت لە درامای ژیانی ناتەواوی خۆیدا! ... ئێمە هەموان لەسەرووی ئەو ڕاستییە جێگیرانەو بەڵگە پتەوانەین کە لەناو دەستدەکانماندایە، تاکو خۆمان بەرەو گومانو دوودڵی جۆرە جیاوازەکانی دڕدۆنگی درێژ بکەینەوە! سەیرە ئێمە لە (نەزانراو) دەترسێینو خۆشیشمان دەوێت، بۆیە خۆمان فڕێدەدەینە ناو مەترسییەکانەوە، بەبێ ئەوەی بزانین ئێمە بەم کارەوە خۆمان خستووەتە جیهانی ترسەکانەوە!

لە ڕاستیدا نەبوونی کێشە -بۆ ئێمە- جگە لە مردنێکی بەدیهاتوو ناشێت هیچ واتایەك دیکە بدات! بەسە بۆ ئەوەی ئێمە سەیری هەر یەکێك لە زاناو فەیلەسوفو ئەخلاقناسو پیاوانی ئایینی بکەین، بۆ ئەوەی ساغی بکەینەوە کە هەموو ئەمانە ڕووبەڕووی هەڵە دەبنەوە، سەنگەر لە گومان دەگرن، سەرکەشیی بەخۆیان دەکەن لە پێناو بەدەستهێنانی هەندێك بەهادا، یان بەدەستهێنانی شتێکی سەرنجڕاکێش! گومانی تێدا نییە، کە باش دەزانن ژیانی مرۆڤایەتی بەگشتی، بەتایبەت ژیانی ڕەوشتی، ناشێت بە تەواوی خاڵی بێت لە (سەرکەشی)، لەبەر ئەوەی لەسەرەتادا لەسەر خودی هەڵبژاردنی ئازاددا دامەزراوە، چونکە ئەو مرۆڤەی (سەرکەشی) دەکات ئەو بەڵگەیە دەسازێنێت کەوا بوونی مرۆیی خاوەنی (ئازادیی ئەفراندن)ە، دەتوانێت لە جیهانێکی مرۆڤانەیی لێوانلێو بە واتاو بەهاکاندا لەبەردەم خۆیو کەسانی دیکەدا (پابەند) بێت. جا کاری ئەو ترسە سروشتیە لە شکستو ئەو تۆقینە ڕمەکیە لە نەزانراودا هەرچییەك بێت، ئەوا مرۆڤ جگە لە پەلەکردن بەرەو داهاتوو هیچیتری لەدەست نایەت، بەو متمانەیەی ئەوەی دەتوانێت بەبێ مەترسی پێیبگات جگە لە شتێکی پروپووچو بێ بەها هیچیتر نییە! بۆیە یەکێك لە توێژەرە هاوچەرخەکان پێیوایە کاتێك نووسیویەتیو دەڵێت:"ئەوەی سەرکەشی بە شتێکەوە نەکات، بە خۆیشی نابێتە هیچ شتێك"!

ڕاستە ڕەنگە خود بیەوێت هەموو شتێك لەبەرچاو بگرێت، ڕێ لەخۆی بگرێت لە ئەنجامدانی سەرکەشیە نادڵنیایەکاندا، لە سەرکەشی بە ژیانی خۆی لە جیهانێکی

نەزانراودا واز بهێنێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە یەکسەر ئەزموون بۆ ئەو خودە دەیسەلمێنێت کە لە توانای هیچ تاکێکدا نییە هەموو شتێك ببینێت، یا پێشتر پێشبینی هەموو شتێکی کردبێت، بەتەواوی هەموو مەترسییەك لە ناو ببات! جا هەرچەندە ژیاری زانستی نوێ لە کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو ترسانەی کە هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤ دەکەن سەرکەوتوو بوو بێت، بگرە هەرچەندە چاوەکانی لەبەردەم نەهێشتنی تەواوەتی هۆکارەکانی ترس لە ژیانی مرۆڤ دانابێت، ئەوا زۆر ناخایەنێت خودی پێشکەوتنی زانستی کاریگەری ڕەهەندی چاوێکی دەبێت ئەگەر بەکردەوە بتوانێت توخمی ئەو سەرکەشییە بەتەواوی لەناو ببات کە چارەنووسی مرۆیی دەگرێتە خۆی.

لە ڕاستیدا ژیانی هەر تاکێك لە ئێمە کەوتۆتەبەر ڕێکەوتو ڕێککەوتن، دووچاری مەترسیو شکست بووەتەوە، بەبێ ئەوەی لە توانای کەسدا بێت پێشوەختە پێشبینی ئەوە بکات چارەنووسی دەبێتە چارەنووسێکی مسۆگەر، کە گومانو دوودڵی نایگرێتەوە، ئەمەش بە هۆکارەکانی هەڵە، یان شکست دەور نەدراوە!

ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە لەبەرژەوەندی ئێمەدا بێت بۆ ڕێگاکانمان لە ژیانمان ملکەچ بین، چونکە شێوازەکانمان لە ڕەفتار بە گومانو دوودڵی دەور دراون، سیخناخن بە چەندین شێوەی ترسو مەترسیەکانەوە، بۆیە هەردەبێت بە بوێریو زیرەکیو خۆشەویستیو سەرکەشیەکی زۆر ڕووبەڕووی چارەنووسمان ببینەوە. لە ڕاستیدا (بوێری) جگە لەو ویستە ئازادەی کە ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەی (ئێستا) دەگریتە ئەستۆ، بەو متمانەیەی کە (ئایندە) -لە لایەنێکییدا- بە تەنها دەبێتە درێژبوونەوەی ئەو ئێستایەدا.

ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین تێکڕای مرۆڤەکان هەمیشە تامەزرۆی ئەو جیهانە ئارامو بەختەوەرەن کە مەترسیو سەختی تێدانەبێت، ترسو وەسوەسەی تێدانەبێت؛ بەڵام نموونەی ئەم جیهانە وەهمیو ئەفسانەییە نابێتە جیهانێکی مرۆیی وەها کە بۆ نیشتەجێبوونی مرۆڤ بگونجێت! بمانەویتو نەمانەوێت، ئەزموون گەواهی دەدات کە -بەداخەوە- لە ژیانماندا هیچ جۆرە (ڕەهاییەك) نییە بتوانێت بەتەواوی هەموو ترسەکانمان لە ناوببات، وەك چۆن لەسەر ڕووی زەویش هیچ ئاشتیەکی وەها نییە هەموو هۆکارەکانی جەنگ لەناوبباتو کۆتاییان پێبهێنێت!

مەبەستیشمان لەمەدا ئەوە نییە کە هیچ هیوایەك نییە لە چاکسازیکردنی مرۆڤدا، یاخود بانگەشەی ئەوە ناکەین هیچ گەشبینیەك بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی لە

ئارادا نییە، بەڵام ئەوەی دەمانەوێت ئەوەیە کەوا دان بەوەدا بنێین ژیانی مرۆڤایەتی هەر بە (سەرکەشی میتافیزیکی) دەمێنێتەوە، هیچ کەسێکیش ناتوانێت دواین وشەی بۆ دابنێت. نموونەی ئەمەش ئەوەیە ئێمە لە جیهانێکی سیخناخ بە کێشەدا دەژین، زۆر بە زەحمەت سەرکەوتوو دەبین لە چارەسەرکردنی کێشەیەك لەو کێشە زۆرانە، تا ئەو کاتەی کێشەیەکی دیکەی نوێ هەڵدەقوڵێت کە ڕەچاومان نەکردووە! لەوانەیە نیشانەی مردن لە جیهانی مرۆڤانەشمان بریتی بێت لە نەبوونی کێشە! گەشبینی بەرانبەر بە هیچ شتێك نییە تاوەکو مرۆڤ ئەم هەموو کێشانە نەبینێت، یان پێیوابێت زانست لە ئایندەیەکی نزیکدا چارەسەریان دەکات؛ بەڵام بۆ مرۆڤ ئەوەندە بەسە دان بەوەدا بنێت لە جیهانێکی لێوانلێو لە هۆکارەکانی خراپە، هەڵە، ناتەواوی، ململانێ، شکست، مردندا دەژیت، لەهەمان کاتیش پابەندە بە زانستو زیرەکیو بوێریو ئازادییەکەی ڕووبەڕووی هەموو ئەو کێشانە دەبێتەوە!

ترس لە شکست ترسە لە نەزانی

ئەگەر ئێمە لە ئێستادا ئێستکێك لەسەر دیاردەی (ترس لە شکست) بکەین -بەو واتایەی وێنەیەکی ئاساییە لە وێنەکانی ترسی مرۆڤ- ئەوا دەبینین ئەم دیاردەیە هاوشانی خواستی (سەرکەوتن)ە، لە هەمان کاتیشدا هەستکردنە بە نەبوونی گرینتیەکی تەواو بۆ مسۆگەرکردنی ئەو سەرکەوتنەی کە مرۆڤ تامەزرۆیەتی. چونکە مرۆڤ لە جیهانێکی پڕ لە هەڕەشەدا دەژیت؛ وا هەست دەکات هەرچەند هێزی هەبێت، کەچی گورزەکانی قەدەر، یان هۆکارەکانی ڕێکەوت، یان مەترسییەکانی جیهانی دەرەوە، ڕەنگە بێنو پڕۆژەکانی پووچەڵ بکەنەوە، ببنە هۆکاری تێکدانی نەخشەکانی، یان ببنە هۆی نەپێکاندنی ئامانجەکانی.. تاد. خۆ ئەگەر بێتو مرۆڤ نەتوانێت ڕێککەوتنێکی ڕەها لە نێوان (ناوەوە)و (دەرەوە)دا بهێنێتەدی، ئەوا دەبێت بە ناچاری خۆی ببینێتەوە ملکەچی هێزە ستەمکارو تاریکەکانی جیهان بووەو ناتوانێت بەتەواوی لە ژێر فەرمانەکانی بێتەدەرەوە، کەواتە ناکرێت سەرکەوتن کارێکی حەتمی بێت کە بە ویستی خۆی دەسەڵاتی بەسەرییەوە هەبێت، بە ئازادییەوە بڕیار لەسەر ئامادەکردنی هۆکارو پاڵنەرەکانی بدات. ئەمەش ئەم واتایە دەگەیەنێت کە مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر نەزانراودا ناشکێت، ئەم ڕاستییەش بریتییە لە بنچینەی ترسی مرۆڤ لە شکست.

بەڵام ئەگەر بپرسین ئەم نەزانراوە دەبێت چی بێت ئێمە لێی دەترسێینو تۆقیوین، ئەوا دەبینین (نەزانراو) -لە دیدماندا- بە واتای (نادیار)ی، یان (ئایندە)، یاخود (قەدەر)، یاخود (چارەنووس)، یان (ڕێککەوتن)..تاد دێت. جا ئەم وشەیە هەر واتایەك بگەیەنێت، بەدڵنیاییەوە لایەنێکی گەورەی ترسمان لە (شکست) بۆ ترسمان لە (نەزانراو)ی دەگەڕێتەوە! نموونەی ئەمەش ئەوەیە ئێمە ئایندە بە بەرگێکی جادوویی‌و ئەفسانەیی دەور دەدەین، لەم کاتەشدا زۆرناخایەنێت دەبینە نێچیری ئەفسانەناسی (نەزانراو)ی: وەك ئەوە وایە هێزیکی نەبینراو هەبێت ڕێگری بکات‌و بەرەنگاری ئارەزووەکانمان بێتەوە، دژایەتی پڕۆژەکانمان بکات‌و کار بکات بۆ پووچەڵکردنەوەی ئامانجەکانمان! کاتێکیش مرۆڤ وا ئەندێشە دەکات هەموو گەردوون تەنها خۆی لە کۆمەڵێك لە (مەترسییەکان)، یاخود (هەڕەشەکان) دەنوێنێت، لەوێدا ڕەنگە (ترس لە نەزانراو)ی مۆرکی ترسێکی سروشتی لە دوژمنێکی درندە وەربگرێت کە مرۆڤ جگە لە تووڕەیی‌و دوژمنایەتیکردن هیچیتری بۆ ناکرێت!

مرۆڤ لەبیر دەکات -یان لەبیرەخۆی دەباتەوە- کە (دەرەوە) ناشێت ببێتە سەرچاوەی ترس‌و تۆقین، مەگەر تەنها (لە ناوەوە) بەتەواوی ملکەچ بێت بۆی‌و بکەوێتە ژێر دەسەڵاتییەوە، بەبێ ئەوەی هەوڵ بدات لێکدانەوەو ڕاڤە، یان بیگۆڕێت، یاخود تەنانەت کاربکات (خوێندنەوەیەکی نوێ پێشکەش بکات) -وەك فەڕەنسییەکان پێیانوایە-!

لە ڕاستیدا گورزەکانی قەدەر، یان هەڵەنگوتنەکانی بەخت، هەرچۆنێك بێت، مرۆڤ ناتوانێت تەنها یارییەك بێت لە دەستی ئەو(نەزانراو)ەی کە لێی دەترسێت وتۆقیوە لێی! ئێمە لە شکست دەترسێین -لەهەموو ساتێکدا- بەڵام لە هەمان کاتیش دەزانین سەرکەوتنمان گرەوێکە بەمەودای توانامان لەسەر گۆڕینی (بەربەست) بۆ (ئامراز) بەندە. جا ئەو ڕووداوانە هەرچییەك بن کە ئایبندە، یان نەزانراوی، یاخود نادیاری لێمانی دەشارێتەوە، بەدڵنیاییەوە مرۆڤ دەبێت هەمیشە وەك گەورەی واتاداری بمێنێتەوە، بە جۆرێك کە ئەو بڕیار بەدەستی واتاسازیی ڕووداوەکان بێت! تاوەکو خودی مرۆڤایەتیش بتوانێت لەبەرەنگاریدا بمێنێتەوە، ئینجا ملکەچبوون ڕەتبکاتەوە (جا چ لەبەردەم سزا، یان لەبەردەم شکان، یاخود لەبەردەم مردن...تاد) بێت ئەوا دەبێت بە بڕیار بەدەست لەسەر (واتاکان)و بەدەسەڵاتدار لە سەر (واتاسازییەکان)دا بمێنێتەوە. هیچ هەڵەیەك لەوە خراپتر نییە مرۆڤ وابزانێت شکست یان سەرکەوتن، یان بێزاری، یان

بەختەوەری، یان بێئومێدی، یاخود هیوا (ڕووداوگەلێك)ن لە (دەرەوە) یەخەی دەگرن، وەك ئەوە وایە کە تەنها (ئەنجامگەلێك)ی هەندێك ڕووداو بن، لە کاتێکدا ناشێت هیچ شتێك ڕووبدات، مەگەر تەنها بە داخوازی جووڵە خودییەکانمانو ڕەزامەندبوونی کەسیمان نەبێت! لێرەدا (ترس لە شکست) ڕەنگە -لە هەندێ کاتدا- ڕێگا بۆ شکست خۆشبکات، ملکەچبوونێکی شاراوە بێت لەسەر واتاکانی شکست، یان داننان بێت بە شکستهێنان! ئەگەرنا ترس لە شکست چ مانایەکی هەیە لە کاتێکدا ئێمە دەزانین سەختترین ئەو ڕووداوانەی لە ئایندە یەخەمان دەگرن دژوارترین ئەو بەڵایەی دەکرێت قەدەر تاقیمان بکاتەوە پێی، جگە لە (ئاگادارکردنەوەکان) نەبێت، ناشێت هیچیتر بێت، کە بانگمان دەکەن بۆ دووبارە چاوپێداخشاندنەوە بە نەخشەو پرۆژەکانمان، پێویستی پێداچوونەوە بە ئامانجو مەبەستەکانمان بیردەخاتەوە؟ بگرە -زۆرجار- وا ڕوودەدات (شکست) تەنها ئاڵوگۆڕکردنی ئەندێشەکان بێت، یاخود ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بێت، بەبێ ئەوەی مۆرکی (پووچەڵکردن)ی یان (شکستهێنان)ی هەبێت؟!

ئایا پەیوەندییەك هەیە لەنێوان (ترس لە شکست)و (هەستکردن بەبێ توانایی)؟

بەڵام ترس لە شکست ڕەنگە -هەندێك جار- تەنها نیشانەیەك بێت لە نیشانەکانی هەستکردن بەبێ دەسەڵاتی، یا هەستکردن بێت بە ناتەواوی. بۆ نموونە: کاتێك تاك هەست بە حاڵەتی مەترسییەکی زۆر دەکات، یا کاتێك ئەو ئەندێشەیەی هەیە کە (دەرەوە) پێویستەو هەردەبێت بەهێزتربێت لە (ناوەوە)، لەوێدا هەردەبێت ترس لە شکست دەبێتە بەرهەمی ئەم هەستکردن بە ناتەواوییە -جا بایۆلۆژییانە بێت، یا هزرییانە...تاد-. فرۆید واتای مەترسیو پەیوەندی بەم هەستکردنەی بۆ ڕاڤەکردووینو نوبیویەتی دەڵێت:" حاڵەتی مەترسی لە خەملاندنی هێزی کەسێك پێك دێت سەبارەت بە ئەندازەی مەترسییەکە، لە دانپێدانانەکانی لەبەردەم بێتوانایییەکەیدا بەوەی بێتوانایییەکی جەستەیی هەیە، ئەگەر مەترسییەکە بابەتی بێت، بێتوانایییەکی دەروونیش هەیە، ئەگەر مەترسییەکە ڕمەکی بێت". فرۆید ئەم واتایەمان لەمیانەی هەندێك لە شیکردنەوەی ترسەکانی منداڵان ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت:" ئەو منداڵەی هەست بە ترس دەکات کاتێك دایکی بەجێیبهێڵێت، لە ڕاستیدا لە بێتوانایی تێرکردنی ئەو خواستو

پێداویستیانە دەترسێت کە دایکی بە پڕکردنەوەیان هەڵدەستێت. واتای ئەمەش ئەوەیە هەستکردنی منداڵ بە بێتوانایی -لەم حاڵەتەدا- وێڕای هۆگربوونی بۆ دایکی لە هەمان کاتدا، ئەمە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ترسی منداڵە. بۆیە فرۆید لەم بارەیەوە دەڵێت:" ئەو هەڵوێستەی منداڵ بە مەترسی دایدەنێت، دەیەوێت خۆی بپارێزێت لێی، حاڵەتی تێرنەبوونە، زۆربوونی دڕدۆنگیەکی گەشەسەندنی پێداویستیە؛ ئەو حاڵەتەیە منداڵ تێیدا بێتوانایە ."

گومانی تێدا نییە ئەم هەستە بە بێتوانایی جیاواز دەبێت بە جیاوازی قۆناغەکانی ژیاندا، ناوەڕۆکی خودی حاڵەتی مەترسییەکەش دەگۆڕێت (وەك -بەتێروتەسەلی- فرۆید لە پەرتووکە ناسراوەکەیدا بەناوی (نیگەرانی) بۆمانی ڕوونکردووەتەوە)، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە زۆربەی خەڵك لە هەڵسوکەوتەکانیان بە مەترسی منداڵی دەمێننەوە، وەڵامی دۆخە مەترسیدارە کۆنەکان دەدەنەوە وەك ئەوەی بەکردەوە بوونیان هەبووبێت، بەبێ ئەوەی هەرگیز لە زاڵبوون بەسەر هۆکارە کۆنەکانی ترسو نیگەرانیدا سەربکەون... ئەگەر فرۆید ناوی ئەم جۆرە کەسانە بەناوی (دەمارگیرییەکان) بردبێت، لەبەرئەوەیە وایبینیوە کە ترسیان لە شکست گۆڕاوە بۆ (ترسی نەخۆشیی). مەبەستیشمان نییە لە سەر تیۆری فرۆید بوەستین کە ترسو نیگەرانی دەگەڕێنێتەوە بۆ پەککەوتنو بێبەشبوون لە زایەندی، بەڵکو ئەوە بەسە بڵێین زۆربەی ترسی نەخۆشییەکان لەسەر ترسی شکستهێنان ناوەستن، بەڵکو هەروەها درێژ دەبێتەوە بۆ ترسە خەیاڵیەکان، نەخۆشەکان هەوڵدەدەن خۆیان بە قسەکانیان شرۆڤەی بکەن کە ئەوان لە شێتی، یان لە مردن دەترسێن ...تاد. جا هەرچۆنێك بێت، ئەوا (ترس لە شکست)، (جا چ بابەتییانە پاساوی بۆ بهێننەوە، یاخود تەنها خەیاڵێکی دەمارییەو بۆ هۆکارە ئەبستراکتە دەروونییەکان دەگەڕێتەوە) دەبێت پەیوەست بێت بە دۆخیکی مەترسییەوە کە تاك لەگەڵیدا هەست بە بێ دەسەڵاتیەکەی، یان ناتەواوییەکەی بکات.

زۆربەی جار تاك هەوڵ دەدات بە شێوازەکانی بەرگریی پێچاوپێچ بەسەر ئەم هەستکردنەدا زاڵ بێت، بۆیە دەیبینین بۆ- نموونە ـ پەنا بۆ (قەزاوقەدەر) دەبات، تاوەکو خۆی بپارێزێت لەدژی مەترسی ڕووداو (یان ڕووداوەکان)دا، بە پەنا بردنە بەر توێکڵی جەبریی سەلامەتی، یان سەیری دەکەین لە ملکەچبوونو ڕەشبینیدا داوای دەربڕینی توانای دووربینیو پێشبینی کردنی ڕووداوەکان دەکات! بەو متمانەییەی کە -پێشتر- زانیویەتی کەوا دەبێت کاروبارەکان تا بکرێت بەرەو خراپتر بچن! ئەگەر کاروبارەکان

وەها ئەندازەکێشرابن کە باشتر دەبن، ئەوا ئەمە دەستکەوتێکی چاوەڕواننەکراوە، خۆ ئەگەر وەهاش ئەندازە کێشرابن کە خراپ دەبن، ئەوا دڵنەواییەکەی ئەوەیە کە پێشتر توانیویەتی پێشبینی هەموو شتێك بکات!

لە هەموو ئەم بارودۆخانەشدا، دەبینین تاك ڕەفتاری وشترەمل دەگرێتەبەر کە سەری خۆی لەناو خۆڵدا دەشارێتەوە، تاکو ئەو دوژمنە، یان ئەو مەترسییە نەبینێت کە هەڕەشەی لێدەکات، یان دەوریداوە! ڕاستە (ترس لە شکست) لە بنچینەدا هەستکردنێکی زیادە بە دۆخی مەترسی، بەڵام ئەو هەوڵانەی کە مرۆڤ هەمیشە لەپێناو ڕزگاربوون لەم زیادبوونی هەستکردنە بە مەترسییەوە دەیدات، ڕەنگە هەندێك جار بگۆڕێت بۆ هەوڵی شکستخواردوو، کە نکوڵی لە ڕووداوی مەترسی دەکات، وەك ئەوەی خاوەنەکانی نەیانەوێت ڕووداوەکە وەك خۆی ببینن، چونکە ئەوان لە (ئەندێشە)دا داوای پەناگەیەك دەکەن بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانیان لە هەستکردن بە ئاسایش. بەم جۆرە دەبینین (ترس لە شکست) زۆرجار کۆنترۆڵی ڕەفتاری تاك دەکات، بەتایبەت کاتێك هەست بە کەموکوڕییەکانی دەکات، لەبەردەم دۆخی ئەو مەترسیەی کە بەردەوام هەڕەشەی لێدەکات.

ترس لە شکست: ترسە لە ژیان، ترسە لە تاکانەیی بوون:

لەوانەیە لەم بوارەوە پێویست بێت ئاماژە بە هەندێك تیۆری دەروونناسی دیکە بدەین کە خاوەنەکانیان (ترس لە شکست) پەیوەست دەکەن بە چەشنەکانی دیکەی (ترس) وەك ترس لە (ژیان لەلای رانك)ە، ترس لە (تاکانەبوون) لەلایەن ئەریك فرۆم. ترس لە ژیان -لەلایەن رانکە- بریتیە لە نیگەرانی لە پێشکەوتنو سەربەخۆبوونی تاك؛ کە لە کاتی ئەگەری ڕوودانی هەرخود چالاکییەکی تاك بەدەردەکەوێت، یان کاتێك تواناکانی دەیانەوێت ئەفراندنە نوێیەکان بهێننەکایەوە، یان کاربکەن بۆ هێنانەبوونی گۆڕانکاریی نوێ لە کەسایەتیەکەیدا، یان کاتێك تاك دەیەوێت پەیوەندی نوێ لەگەڵ خەڵکی پێکبهێنێت. بۆیە لەم دۆخانەدا نیگەرانی بەدەردەکەوێت: چونکە هێنانەدی ئەم ئەگەرانە بە جیابوونەوەی لە پەیوەندیو بارودۆخەکانی پێشووتری هەڕەشە لە تاك دەکات.

بەم واتایە بێت ترس لە ژیان تەنها(ترسە لە جیابوونەوە)، یاخود (ترسە لە تەنیایی): لە کاتێکدا تاك -لە بنەڕەتدا- حەزی بۆ گەڕاندنەوەی یەکبوونەوە هەیە لە

نێوان خۆیو ژینگەکەیدا، تەماشا دەکەین شارەزایی لە پێشکەوتنو وشیاری دێتو هەڕەشەی لێدەکات بە جیاکردنەوەی لەو ژینگەیەدا، بەمەش (ترس لە ژیان) تەنها دەبێتە سڵەمینەوەیەك لە سەربەخۆییو پشت بەستن بە خود ...

بەڵام ترس لە (تەنیابوون) لەلایەن -ئەریك فرۆم- گوزارشتێکە لە سڵەمینەوەی ئازادیی، ترسە لە مەترسییەکانی ژیانی تاکانەیی. لە ڕاستیدا منداڵ ماوەیەکی زۆری ژیانی بە پشتبەستن بەدایکییەوە دەگوزەرێنێت؛ ئەو ماوەیە کۆتی دەکات کە پەیوەست دەبێت بە هەستکردنی منداڵ بە ئاسایشو بە هەندێك کۆتە سەرەتاییەکان بەندی دەکات، وایلێدەکات بەردەوام تامەزرۆبێت -تەنانەت دوای گەشەکردنو گەورەبوونیشی- بۆ خۆگەرمکردنەوەی بە ئاسایشی ژیانێکی گەرم لە ئامێزی دایکایەتیدا!

تەنیابوون -لە دیدی فرۆید- جگە لەو گوزارشتەی کە زیادبوونی گەشەی منداڵە هیچی دیکە نییە، بە جۆرێك ئازادبوونەکەی زیاد دەبێت لە پشتبەستنی بە دایكو باوکیەوە، هەروەها جۆرێك لە ڕزگاربوونو دەربازبوونی بۆ دێتەدی لەو کۆتانەی کە بە دایكو باوکییەوە دەیبەستنەوە. بەڵام ئەگەر منداڵ پشت بە دایكو باوکیەوە ببەستێت، لە ڕێگای ئەو کۆتە سەرەتاییانەدا خۆی پێیانەوە پەیوەست بکات، دەبنە دوو ڕواڵەت لە ڕواڵەتەکانی هەستکردنی بە ئاسایشو هەستکردنی کەسەر بە گروپێکە، سەیرنابێت کە گەشەکردنی کەسایەتی بێتو بەرەو سەربەخۆبوونی خودیی ئاراستەبگرێت، هەڕەشە لەم هەستکردن بەئاسایشە بکەن، جۆرێکیش لە هەستکردن بە بێتوانایییو نیگەرانی لە دایك بن. (جا هەر چەندە مرۆڤ بەشێك بێت لە جیهان، پەی بە تواناو بەرپرسیارییەتەکانی خۆی نەبردبێت، ئەوا پێویستی بە ترس نییە. بەڵام کاتێك تاك سەربەخۆ دەبێت، لەم کاتەدا بەتەنیا دەوەستێتو ڕووبەڕووی جیهانێکی سیخناخ لە مەترسیو هێزە نائاساییەکان دەبێتەوە، زۆریش نابات لەو کاتەدا هەست بە بێتوانایییو نیگەرانی دەکات).

ڕاستییەکە ئەوەیە ترس لە شکست زۆرجار دەربڕینی ترسە لە ژیان، بەوەی کەوا لەگەڵ خۆیدا واتاکانی تەنیایی، ئازادیی، سەربەخۆبوون...تاد ئایینێت. ئێمەش گرنگیەکی گەورە بە (سەرکەوتن) لە ژیان دەدەین: چونکە ئێمە وا خەیاڵ دەکەین (ژیان) هیچ واتایەك نادات بەبێ ئەو (سەرکەوتن)ە کە دەستەبەری (هەستکردن بەڕەزامەندی)، یان هەستکردن بە بەهای خودییمان بۆ دەکات. بەڵام ئێمە -لە هەمان کاتدا- هەست دەکەین پرۆسەی ململانێ لە پێناو سەرکەوتندا هەردەبێت ڕووبەڕووی بەردەم هێزە

سروشتییەکان لەلایەك بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانو لە لایەکی دیکەوە دامانبنێت، ئینجا ئێمە هەست دەکەین دووچاری شکست -لە هەموو ساتێکدا- دەبینەوە، بەو پێیەی کەوا تەنیا -ئێمە نین- کە چارەنووسمان بە خۆمانو بۆ خۆمان جیادەکەینەوە!

وێرای ئەمەش، ئێمە هەرگیز نابینین بەو شێوەیە ملکەچ بین کە ژیان ناچارمان بکات بۆ تەنیابوون، ئازادی، پشتبەستن بە خود؛ هەموو ئەمانەش ڕاددەی هەستکردنمان بە بێتوانایی، یان ناتەواوی، یان کەمتەرخەمی زیاتر دەکات، بۆیە ئێمە هەردەبێت لە ئایندە بترسێین، لە نەزانراویی بتۆقێین، لە شکستیش بترسێین!

ڕەنگە وشەی (شکست) -لە فەرهەنگی بەهای مرۆڤایەتیدا- تەنیا گوزارشتی بێ متمانەیی مرۆڤ بێت بەخۆی، یان هەژاربوونی بێت بە هەستکردنی بە توانا خودییەکانی، یان ترسی هەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی لەسەر حسابی خۆی! بەم پێیە (ترس لە شکست) ڕەنگە تەنیا ڕواڵەتی هەستکردنی تاك بە فشاری تەنیابوون، گەورەیی ئازادی، قورسایی بەرپرسیاریەتی، مەترسی (هەڵوێستی مرۆیی) بێت!

ئایا ترس لە شکست نیشانەیەکە لە نیشانەکانی هەوڵی دوای سەرکەوتن؟

تاك -لە زۆربەی کۆمەڵگا نوێیە سەرمایەدارەکاندا- زیاتر سوور بووە لەسەر (سەرکەوتن)، سووربوونە زۆرەکەشی بۆ (سەرکەوتن) بووەتە هۆکاری ترسە بەردەوامەکەی لە (شکست). واتای ئەمەش ئەوەیە (ترس لە شکست) تەنها نیشانەیەکە بە یاوەری ئەو دۆخە دەروونیە ئازاربەخشەی کە مرۆڤی هاوچەرخ لە هەوڵە هەناسەبڕکێیەکەیدا بەرەو بەدەستهێنانی ناوبانگو سەرکەوتنو ڕێزگرتنی کەسانی دیکە بە دەستییەوە دەنالێنێت! لە ڕاستیشدا سەرکەوتنی تاك چیتر گرەوێك نییە بە بەهای خودیی -کە لە شێوەی زانینو تواناکەیدا خۆی دەنوێنێت- بەڵکو بووەتە گرەوێك بە مەودای سەرکەوتنی لە فرۆشتنی کەسایەتی خۆی لە بازاڕی مامەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا! هەر وەك (ئەریك فرۆم) دەڵێت: تاك -لە کۆمەڵگەی مۆدێرنەدا- لە لایەکەوە بووەتە فرۆشیار، لە لایەکی دیکەوە بووەتە کاڵا، چونکە سەرکەوتن لە دیدیدا بووەتە گرەوێكو بەندە بە توانای بردنەوە بە بەرزترین نرخ، نرخێك بۆ کەسایەتیەکەی خۆی بە کەسانی دیکە دەفرۆشێتەوە). لێرەدا (سەرکەوتن) -لەزۆربەی کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا- چیتر بە واتای گرنگیدانی تاك بە ژیانیو خۆشبەختییەکەیو سوربوونی لەسەر پەرەپێدانی خودیو هێنانەدی کەسایەتییەکەی ناگەیەنێت، بەڵکو واتای گرنگیدانی تاك بە

سەرنجڕاکێشانو ڕەزامەندیو سوربوونی بۆ بەدەستهێنانی ڕێزگرتنو سەرسامی کەسانی دیکە دەگەیەنێت.

گومانی تێدا نییە کە ئەم زیادەڕۆییە لە گرنگیپێدان بە کەسانی دیکە خۆی لە ئارەزوویێکی کۆمەڵایەتی تەندروست بەرەو هاوکاریکردن، یان بەشداریکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا نانوێنێت، بەڵکو ئەوە تەنها بەرهەمێکە (لە ئاوەزی بازاڕ)دا کە بەسەر بیرکردنەوەی هەموو مرۆڤێکی هاوچەرخی سەمایەداردا زاڵ دەبێت. ئەم ئاوەزەش لەسەر بنەمای کێبڕکێ دامەزراوە کەوا لە (سەرکەوتن) دەکات ببێتە پڕۆسەیەکی بازرگانی کە تاك لە بازاڕی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیو مامەڵە ئابوورییەکاندا پێی هەڵبستێت، لە پێناو گەیشتن بە هەستکردنی بە بەهای خودییەکەی لە میانەی هەڵسەنگاندنی کەسانی دیکەو ڕێزگرتنیان لەمەودای شایستەبوونیو تواناکانی ئەودا! بەڵام شایستەیی لێرەدا گرەوێك نییە بە کارکردن، یان توانای تاك، بەڵکو وەستاوەتە سەر مەرجە دەرەکییەکان کە دەسەڵاتی بەسەرەوە نییە!

کاتێك تاك وا هەست دەکات سەرکەوتنی پەیوەست بووە بەم جۆرە ڕەچاوکردنە دەرەکییانە(کە ئەو خۆی ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات، یان دەسەڵاتی بەسەرەوە هەبێت)، بۆیە لەوێدا ڕەنگە لە دەروونیدا هەستەکانی ترسو نیگەرانیو نەبوونی دڵنیایی...تاد لەدایك بن. سەیر نییە، ئەو تاکە وا هەست بکات کە بەها تایبەتیەکەی -بۆ یەکەم جارو بە تایبەت- ناوەستێتە سەر ئەو سوودە کەسییانەی کە خاوەنیەتی، یان ئەو سیفەتە مرۆڤایەتیانەی کە هەیەتی، بەڵکو دەوەستێتە سەر سەرکەوتنی ئەو لەو بازاڕەی کە لە سەر کێبڕکێ دامەزراوە، دووچاری گۆڕانکاری بەردەوام دەبێت لە ژێر کاریگەری بارگۆڕانی هەلومەرجدا؛ دەڵێین نموونەی ئەم جۆرە تاکانە هەردەبێت خۆی بە تاڵانی بڕیارو هەڵسەنگاندنی کەسانی دیکە ببینێتەوە، وەك ئەوەی هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ خودی خۆی تەنها بریتی بێت لە ڕەنگدانەوەی هەڵسەنگاندنی کەسانی دیکە بۆ خۆی! واتای ئەمەش ئەوەیە کە ئارەزووە گەورەکەی تاك لە سەرکەوتندا هەردەبێت بلکێت بە جۆرێکی ترسی زۆرەوە لە شکستهێناندا، بەتایبەت کاتێك (بارگۆڕانەکانی بازاڕ) ئایینو دەبنە تاکە پێوەری بڕیاردان لەسەر بەهای تاکدا! هەستکردن بە ناتەواویو نەبوونی دڵنیایی، ترسێکی بەردەوام لە شکست جگە لە نیشانەگەلێکی یاوەر بەم هەوڵە هەناسەبڕکێیەی دوای سەرکەوتن (لە کۆمەڵگا مۆدێرنە سەرمایەدارەکاندا بە شێوەیەکی تایبەت) هیچیتر نییە.

هەندێك لە دەروونناسە مۆدێرنەكان سەرنجیانداوە كاتێك تاكێك دەبێتە زمانحاڵ: (من بەو جۆرە دەبم كە ئێوە بۆ من واتان دەوێت): لەجیاتی ئەوەی زمانحاڵی ئەو بێت: (من ئەوەم كە دەیكەم): جا لەوێدا تاك هەردەبێت هەست بە نامۆبوونی خۆی بكات لە خودی خۆیدا، بەجۆرێك كە گرنگ لەلای ئەودا ئەوە نییە كە خۆی بهێنێتەدیو تواناكانی خۆی بەكاربهێنیت، بەڵكو ئەوەیە، یان خۆی بفرۆشێت، یان خۆی بیگۆڕێت بۆ تەنها كاڵایەك! ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت كە چەمكی سەرمایەداریی سەركەوتن زۆربەی كات هەستكردنی تاك بە ناسنامەكەی، یان خودییەكەی دەلەرزێنێت: بەجۆرێكی وەها كە ئەم هەستكردنە بە پەیوەستبوویەوە هەستكردنی تاك بە تواناكانی خۆی ناگەڕێتەوە، بەڵكو دەبێتە پەیوەندییەكی پتەوی بڕیاری كەسانی دیكە لەسەر ئەو (یان دیدی كەسانی دیكە تێیدا)! بەم جۆرە هەستكردنەكانی مرۆڤ بە ناوبانگی، سەركەوتن، دەسەڵات، پێگەی كۆمەڵایەتیی...تاد ئایینو جێگای هەستكردن بە خودی خۆی ، یان هەستكردنی بە ناسنامەكەی خۆی دەگرنەوە.

نموونەی ئەم جۆرە هەڵوێستەش ڕەنگە ناچاری بكات بۆ سوربوونی -كە بە هەرنرخێك- بێت لەسەر هێشتنەوەی ئەو (ڕۆڵ)ەی كە لكاوە بە ناوبانگەكەیەوە لە چاوی خەڵكیدا، لەم كاتەدا بوونیشی بە تەواوی وەستاوەتە سەر ئەو ڕێگایەی كە كەسانی دیكە بڕیاری لەسەر دەدەن! كورتەی قسە ئەوەیە كە ترسی نوێی مرۆڤ لە شكستدا زۆربەی كات بە پرۆسەی نامۆبوونی خۆی بەخودی خۆی دەلكێت، شۆڕبوونەوەشی بۆ ئاستی ئەو كاڵایەی كە لە بازاڕی مامەڵە كۆمەڵایەتیەكاندا دەفرۆشرێت، هەوڵدانە هەناسەبڕكێیەكەشی بۆ بەدەوای بەدەستهێنانی ناوبانگو سەركەوتنە ...تاد.

ئایا ڕێگایەك هەیە بۆ بەزاندنی پێوەری (سەركەوتن و شكست)؟

لێرەدا مافی خۆمانە بپرسین: ئایا لە توانای مرۆڤدا نییە لە سەرووی هەریەكێك لە (سەركەوتن)و (شكست)ەوە بێت، تاكو ژیانی خۆی ڕێك بخات بەبێ ترس لە (شكستهێنان)و بەبێ هەناسەبڕكێی (سەركەوتن)ەوە؟ بە واتایەكی دیكە، ئایا لە توانای مرۆڤدا نییە كە كۆنترۆڵی ژیانی خۆیو (ژیانی كەسانی دیكە) بكات بە پێوەرێكی دیكەی جگە لە پێوەری سەركەوتنو شكستەوە نەێت؟ بگرە، ئایا ئەزموون - هەندێكجار- پێمان نالێت كە ڕەنگە تاكە (سەركەوتن)ێك شەڕەفمەندتر بێت لە شكستهێناندا، وەك چۆن ڕەنگە تاكە (شكست)ێك خراپتربێت لە سەركەوتن؟ لە واقیعدا

ئێمە سەرنج دەدەین -لە هەندێك كۆمەڵگاكاندا- كە چەمكی (سەركەوتن) لە هزری كەسانێكی زۆردا بە واتاكانی بەدەستهێنانی سامان، چێژوەرگرتن بە هەبوونی تەندروستی، بەدەستهێنانی ناوبانگو شكۆ، دەستكەوتنی دڵی ژنان دەلكێت! ئەمە ئەو هۆكارەیە كە زۆربەی خەڵكی (لە نموونەی ئەو كۆمەڵگایانە)دا ئێرەیی بە ئەستێرەی درەشاوەی سینەمایی‌و پیاوانی بازرگانی سەركەوتووو پیاوانی ڕامیاریی پێگە بەرز دەبەن، وەك ئەوەی (سەركەوتن) بەند بێت بەو بەها ماددییە قێزەونانەوە كە بە زەحمەت دەگەنە سامان، تەندروستی، ناوبانگ، دەسكەوتنی سۆزی ژنان!

ژیان ڕێگری دەكات تەنها لەوەدا نەبێت كە بەهای نموونەی ئەم (باشییان)ە هەرچییەك بێت، ئەوا پەیژەی ڕاستەقینەی بەها هەردەبێت لە سەرووی (پێوەری سەركەوتن‌و شكست)ەوە بێت، بەو جۆرەی كە ئەندێشەكانی منداڵی‌و خەونی تازە پێگەیشتووەكان تێڕوانینی بۆ دەكەن! بۆ نموونە: بلیمەتەكانی وەك: مالارمێ، پوشكین، سیزان، كافكا، پروست، نیتشە، فان كوخ،...تاد. نەیانتوانیوە -لە سەردەمی خۆیاندا- نموونەی ئەم جۆری (سەركەوتن)ە بە دەستبهێنن، لە كاتێكدا كەسانی دیكەی-نا بەهرەمەندەكان- ناوبانگی گەورەو سەركەتنی بەرچاوییان بە دەستهێناوە! سەیر نییە -لەدوای ئەوەدا- هەندێكجار (سەركەوتن) ببێتە هەڵگری ئاڵای (شكستهێنان): بەو بەڵگەیەی زۆر كەسی نایاب بە شێوەیەكی نەناسراوی ژیاون، لە كاتێكدا كەسانی دیكە لە شكستخواردووەكان، یان خاوەنانی بەهرە بچووكەكان ناوبانگییان بەدەستهێناوە!

ڕاستە كارێكی سەخت دەبێت -جا بۆ هەر مرۆڤێك بێت- كە بەرەنگاری ئارەزووی (گەیشتن)و سووربوونی لە بەدەستهێنانی (ناوبانگ)، خوولیای گەیشتن بە پێگەی بەرچاوی كۆمەڵایەتی ببێتەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە مەرجی یەكەمی ژیانێكی ڕاستی ڕەوشتی بریتییە لە: ڕەتكردنەوەی (دەستڕاگەیشتن) بە هەموو شێوەكانیەوەو، وشەی (ناوبانگ)بە هەموو پاپەندبوونەكانیەوەو دوورخستنەوەی ئەو پێگە كۆمەڵایەتیەی تەنیا بە پێوەری سەركەوتنی ماددی ئەبستراكت دامەزراوە.

مەبەستمان لەوەدا ئەوە نییە كە بڕیاری كەسانی دیكە لەسەر ئێمە گرنگ نییە، یان بە بڕای بڕ ڕەنگدانەوەی وێنەی ناوەندی كۆمەڵایەتی بۆ كەسبوونمان هیچ بەهایەكی نییە، بەڵكو هەموو مەبەستێكمان ئەوەیە كە سەركەوتنی ڕاستەقینە ناشێت بە نموونەی ئەم جۆری بڕیاری كۆمەڵییانە كە ڕەنگە خاڵیش نەبن لە كەودەنی، یان ڕووكەشی، یان بە ڕووخاندن بپێورێت!

کاتێك مرۆڤ قبوڵی هەندێك (واتای ئامادەکراو) دەکات لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا لە سایەی دەژیت، یاخود ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژیت، ئەوا دەستبەجێ بەچاوی کەسانی دیکەوە لە خۆی دەڕوانێت، بەبێ ئەوەی بزانێت ئەو دەنگانەی کە ڕۆژێك چەپڵەی بۆ لێدەدەن، ڕەنگە سبەینێ بگەڕێنەوەو فیکەی بۆ لێبدەن!

لە ڕاستیدا وەفای مرۆڤ بۆ بەهاو، دڵسۆزبوونی بۆ خۆی بەو واتایەی خاوەن پەیامە، ئەوا ئەمانە دوو تاکە پێوەرن بۆ ئەو سەرکەوتنە ڕاستەقینەیەی کە (مەزنانی مرۆڤایەت)ی جا لە کاتی ژیانیشیاندا نەبوو بن، ئەوا لە دوای مردنیاندا بەدەستییان هێناوە! گومانیشی تێدا نییە کە(ڕەسەنایەت) ڕاستەقینە ناکرێت بە پێوەری سەرکەوتنو شکست بپێورێت، وێڕای ئەوەی ناشکرێت بەو بڕیارانەی خەڵك کە لە سەر سیستەمی شتەکان (بێ سیستەمی بەهایی) دامەزراوە بڕوای پێبهێندرێت، شتێکی سەیر نییە ـ هەندێکجار ـ ببینین ڕەهەندی ئەو مەودایە زیاد دەکات کە لە واقیعی ئێستای کۆمەڵایەتیەکەی جیایدەکاتەوە.

لەوانەیە هەندێك لە خەسڵەتی پاڵەوانانو مەزنانو بلیمەتەکانیش ئەمە بێت کە هەمیشە بە دڵسۆزیی دەمێننەوە، بۆ ئەو یاسایە ڕەوشتیەی کە لە (گەیشتن) بێبەشیان دەکات، وەك ئەوەی بڕوایان وابێت هەرکەسێك لەسەر خۆی بڕیاری دابێت کە بووەتە (گەیشتوو)، وەك ئەوە وایە لەسەر دەروونی خۆی(شکست)ی تۆمارکردووە! بۆیە ڕەسەنایەتیی ڕاستەقینە ڕێگری دەکات لە ملکەچبوون بە بوونی وشەی کۆتاییهاتن. خەیاڵی (گەیشتن)، یان (هێنانەدی)، یاخود (تەواوبوون) ڕەتدەکاتەوە، بەو متمانەیەی کە ڕەنگە هیچ جەنگێك بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو بێت، وەك چۆن هیچ جەنگێکیش بە تەواوەتی نەدۆڕاوە! تا ئەو کاتەی چالاکییەکی داهێنەرانە هەبێت کە لە ڕێگەیەوە درێژکردنەوەی ژیانو فراوانبوونی ئامانجی بەهای مرۆڤایەتی بەدیدەهێنێت، ئەوا دواین وشەیەك نابێت بۆ پێوەرەکانی سەرکەوتنو شکست (لەسەر ئاستی کەسی، یان کۆمەڵایەتی)، بەڵکو دواین وشە ئەوە دەبێت (ئەگەر وشەیەکی لەم جۆرە هەبێت) بۆ باوەڕبوونی مرۆڤ بە بەهاکانو متمانەبوونی بەخودی خۆی بەو واتایەی کە هەڵگری بەهایەو، بە وەفابوونیشی بۆ ژیانو هۆکارەکانی ژیانن.

لێکۆڵینەوە شیعر چیرۆك

نەمای ئەدەبی نسیم نما

* هەورەکانی دانیاڵ.....هاشم سەراج.....142
* خانمە شاعیری رۆمانی رۆکساندرا چێسێریانو.....ئا: جەمال پیرە.....159
* جیهان ئاراخانمی پاوەیی‌و گوتاری ژنانەی.....ن: بەهار عەلیپوور.....163
* فەرەنجی پۆش!.....ن: ئەنوەر حوسێن "بازگر"....179

*دوسێی تایبەت بە دیوانە شیعرییەکانی "دڵشاد عەبدوڵڵا

*"کتێبی ڕەش"ی دڵشاد عەبدوڵڵا.....ن: رێبوار سیوەیلی..... 188
*نیشتیمان هەستی خۆبوونە،..... ن: جۆن سوێدنمارك.....و: ڕزگار شێخانی.....192
*رۆشناییەکانی نێو "کتیبی ڕەش"ی دڵشاد عەبدوڵڵا.....ن: ئارام سدیق.....195
* نووسەرێك ڕووبەری خۆی هەبێت.....ن: سیروان رەحیم.....198
*کتێبی باخچەی ئیشراق.....ن:مەریوان هەڵەبجەیی.....و: مسعود بابایی.....200
*هەرچەندە شەو درێژتر بێت .....ن: نزار ئاگری.....و: جەمال پیرە.....203
*دڵشاد عەبدوڵڵا ٌ لە دیوانی (حەج) دا....ن: قزحیا ساسین....و: رێبین رەسوڵ.....207
*دڵشاد...ئەو ڕێگایەی لە تۆوەیەو.....ن: خەزعەل ئەلماجدی...و: رێبین رەسوڵ.....212

هەورەکانی دانیال

دەروونخانەو سوپای مەمەد حەسارو

لێکچوونی خەونەکان و دوو پرۆفیسۆرەکە



نوسینی: هاشم سەراج
بەشی یەکەم

(١)

(هەورەکانی دانیال) ڕۆمانێکی قەبارە گەورەی (بەختیار عەلی)یە، لەدووتوێی ٧٤٠ لاپەڕەو بەشێوەی بەشبەشو بەکۆی ٥١ بەشی کورتو مامناوەنجی ودرێژ نووسراوە، دەتوانم بڵێم هەورەکانی دانیال شاکارێکی ناوازەی سایکۆلۆژییو مەعریفییە، ڕەنگە دانەر بەر لەنووسینی تێکستەکە سوودێکی زۆری لەسەرچاوە گەلێکی جوراوجۆر وەرگرتبێت، بەتایبەتی لەبواری دەروونشیکاریو لێکدانەوەی خەونەکانو داتاو زانیاریگەلێك دەربارەی بونیادنانی ئۆردوو سەربازگەو جۆرەکانی چەكو تەقەمەنیو

جبەخانەو مەشقو ڕاهێنانو هونەری قەناسکاریو پلەو پایەی عەسکەریو ڕەفتاری ژەنەراڵەکانو چۆنیەتی سەنگەرلێدانو هوڵ دروستکردن، هەروەها تەکنیکی هونەری کورتەچیرۆکی پۆلیسی...هتد، هەڵبەتە خوێنەر لەڕێگەی زمانو دیالۆگو ڕەفتارو هەڵسو کەوتی کاراکتەرەکانەوە پەی بە کەسایەتیو بیرکردنەوەیان دەباو ئاشنای جۆنیەتی ڕوانینیان دەبێت، دەقەکە لەدەستپێکی نووسینەوە بەڕێتمێکی هێمنی شیعریی ڕێدەکاو بەپێی ڕووداوەکان گۆڕانکاری جۆراوجۆری بەسەردادێت، دەقی هەورەکانی دانیال وێڕای لایەنی سایکۆلۆژیو دەروونی لەچۆنیەتی دامەزراندنی شێوەی دەسەڵاتی حوکمڕانیەکی ستەمکار لە دێلاوارو چۆنیەتی پەرەسەندنی دەدوێتو بەتایبەتی بەهەوڵو کۆشی (سەی ئەسڵان)ی مامۆستای میژوو سەرۆکی سوپای باغەوانەکانی دێلاوار، سەی ئەسڵان بەنووسینە ئینشایەکانیو هوتافە هیستیریو دروشمو ڕستە ئاگرینەکانی گەنجان جۆشدەدا بۆ جەنگ، سەی ئەسڵان دوژمنی باوەکوشتەی پرۆفیسۆر بەهنامەو ڕقی دنیای لە مۆزەخانەی میژوو دەبێتەوە کە پرۆفیسۆر دامەزرێنەریەتی، کاراکتەرەکان لە ئەتمۆسفێری ڕۆمانەکەدا بەشێوەیەکی ئاسۆیی دابەشکراونو کەرنەڤاڵی نووسین بەڕەوتێکی پۆلیفۆنیو فرەدەنگی بەڕیوەدەبردرێت، خوێنەر لەزۆر شوێندا دەتوانێت تێکەڵ بەڕووداوەکان بێتو پێشهاتو ڕاڤەو لێکدانەوەی خۆی هەبێت، دەق لە سەرەتاوە سێنترالیزمی کاراکتەرگەرایی تێکدەشکێنێو خوێنەر ناتوانێت لەنێوان کەسایەتی ڕێنواری زەریاواریو دکتۆر سیامەندی مامیدا دەسنیشانی کاراکتەری سەرەکی بکات .

لەگەڵ ئەوەی ڕێنوار گێڕەرەوەو حیکایەتخوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیەو بڕێجار (ئاڵ موراد کەنعان) کە چۆتە ڕیزی باغەوانەکانی دێلاوار ڕووداوەکان بۆ ڕێنوار دەگێڕێتەوە لەدوا بەشەکانیشدا، پرۆفیسۆر (قاسم شابەندەر) چەشنی ئاڵ موراد، هەمان ڕۆڵی گێڕەرەوە دەگێڕێت. لەزۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا وەرگر هەست بە کەشێکی ترسناکی کافکایی دەکاتو جۆریك لە ڕەوشی تۆقین دەروونی دادەگرێت، بەتایبەتی کاتێ لەنیوە شەودا دووجار زەنگی تەلەفۆنەکە لێدەدا ڕێنوار لە جاری یەکەمدا لەدەروونخانەکە یاخودلە نۆرینگەکەی دکتۆر سیایە جاری دووهەم لە بنکەی دەروونی یا لە شێتخانەکەیە، زەنگی تەلەفۆن لەکاژێر سێی شەودا ترسناکە، کەسی ئاخێوەریش کەسێکی نەناسەو داوای لێ دەکرێت بێتە دەرەوەو سواری ماشێنە سپیەکە بێت، هەروەها خوێنەر لە (مۆزەخانەی پرۆفیسۆر بەهنام)دا ڕووبەڕووی کەشگەلێکی کافکایی دەبێتەوە، بەتایبەتی لە ژوورە تەسكو تروسكو ژێرزەمینە شێداراکان کە پڕاوپڕن لە کتێبی دەگمەنو دانسقە، لەڕوویەکی ترەوە دەتوانم بڵێم تێکستی هەورەکانی دانیال هەوڵێداوە لەشاری دێلاواردا کە مەڵبەندی کێشەو ململانێی نێوان بنەماڵەی ماروونیو

قەرەقازانییە، پراکتیزەی مێژووی شێتی میشێل فوکۆ بکات، کە چۆن شێتەکان لە چاخە جیاجیاکاندا مامەڵەی جۆراوجۆریان لەگەڵ کراوە، سەرەتا لەشەقامو بازاڕەکان بەرەڵاو ئازاد سووڕاونەتەوە، پاشان لەگەڵ هاتنی مۆدێرنە لە قاوشەکان بەند دەکرێنو ئازار دەدرێنو هەروەها دەقی دانیال لەبنەڕەتدا تێکستێکی داخراوەو تاکڕەهەندی دەلالیو ئاسایی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەقێکی کراوەی ئاڵۆزو جوانی فرە دەلالیەو بەردەوام لەڕێگەی پڕشنگی هزریی‌و ئیستاتیکی لەگەڵ دەقگەلێکی جیهانیدا لەدیالۆگو دەقئاوێزاندایە، لەدیمەنگەلێکدا ناڕاستەوخۆو بەشێوەی ئاماژەیی دەقی هێڵنجدانو چیرۆکی بکوژی سارتەرو چەند ڕۆمانێکی دۆستۆیڤسکیمان بیردەخاتەوە، بەتایبەتی لەڕووی بینینی سەرو سەکوتی مرۆڤی نەگریسو ناشیرینو قیزەونی وەك بۆقبۆقیلە، یاخود دەنگی گڕو ناخۆشو نا هارمۆنی هەنێ مرۆڤی نەگریسو هەڵەوەڕ کە دووچاری هیڵنجدانو ڕشانەوەت دەکەن، من بۆخۆم لەژیانی ڕۆژانەمدا بەردەوام خۆم لەو جۆرە سەروسەکوتە نەگریسو قێزەونانە بەدوور دەگرم لە شیعری (شەیتانی ڕەش)دا گوزارشتم لەم حاڵەتە کردووە، هەورەکانی دانیال دەقێکی کراوەی فرە دەلالیە خوێنەر دەتوانێت جۆرەها ڕاڤەی بۆبکات بەش بەحاڵی خۆم ئەم ڕۆمانە تا ئێستا ئیحای سێ تا چوار تێکستی شیعری پێ بەخشیوم‌و لە فەیس بلاڤوم کردوونەتەوە، لەبواری نووسیندا بڕوای تەواوم بەدەقئاوێزان هەیەو لە ئەزموونەکانی پێشوومدا مامەڵەی شیعریم لەگەڵ چەندان ڕۆمانی جۆراوجۆری جیهانیدا کردووە یەکێ لەوانە مۆزەخانەی پاکیزەیی ئۆرهان پاموکە، عیشق‌و جوانی‌و ڕەفتارەکانی (فوسون)ی کچە کاراکتەرو شوێنە دڵگیرەکان، زۆرترین ئیحای شیعریان پێ بەخشیووم، بڕواناکەم لە جیهاندا دەقی بێگەردو پاڵاوتەو پەتی بوونی هەبێت جا چ لە بواری ئەدەبی بێت یاخود فەلسەفی‌و تیۆلۆژی ...هتد

(٢)

ڕێنوار گەنجێکی تەمەن ٢٦ ساڵە چەشنی "راسکۆلینکۆف"ی کاراکتەری (تاوان‌و سزا) کۆلێژەکانی حقوق‌و ئەندازیاری‌و فەلسەفەی بەنیوەناچڵی جێهێشتووەو نەپەرژاوەتە سەرخوێندن‌و نەیتوانیووە لە هیچ کامێکیان ئۆقرەبگرێت، ڕێنوار کوڕی سەعیدی

بازرگانەو حەزی لە کتێب خۆندنەوەیەو عاشقێکی نهێنی شیعرەو لەقاتی سەرەوەی ماڵەکەیان ژوورێکی هەیەو حەزی لە هێمنیو تەنیاییە، لەزۆر لایەنەوە کەسایەتی (سەروەر)ی چیرۆکنووسم بیردەخاتەوە، کە لەگەڵ خاتوو (بەیان) یەکتریان خۆشدەویستو ئێستاش کەسنەیزانی بۆکوێ چوونو چیان بەسەرهات، رێنوار ڕقی زۆری لە دەسەڵاتی توندوتیژی باوکیو تەنانەت لە هەڵسوکەتی خوشكو براکانیشی دەبێتەوە کە بە شێوەیەکی نالەبار ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن، باوکی زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدات کە (سابات) بخوازێتو بیکات بە هاوسەری، بەڵام دواجار رێنوار بۆی دەردەکەوێت ساباتی کچە سەلارو ژیکەڵە دڵی بە کەسێکی ترەوەیە، بۆیە بێ کێشەو بەئاسانی لێی جیادەبێتەوە، بەڵام کاتێ دەگاتە مەمەد حەسارو لە چاپخانەکەی پرۆفیسۆر قاسم بەندەردا لەگەڵ زەهاو بەیەکەوە دەسبەکار دەبن جار جارە لەگەڵ یادەوەرییەکانی ساباتدا دەژیو بیر لە چرکە خۆشەکان دەکاتەوەو چێژیان لێ دەبێنێ، رێنوار کەسێکی بەسۆزی ژیاندۆستەو بڕوای تەواوی بە هزرو بیرکردنەوەی جیاوازو پێکەوەژیان هەیەو حەزدەکات یارمەتی خەڵك بداتو برازای دکتۆر سیامەندی دەروونناسە، سەرەتا لە نۆرینگەکە وەك بەردەستێك کاردەکاتو دەنگی نەخۆشەکان لەسەرکاسێت تۆماردەکاتو دواتر دکتۆر سیا لەبەر زیرەکیو لێهاتوویی دەیکاتە یاوەرو یاریدەری خۆی، نۆرینگەکە تادێ جەنجاڵو قەرەبالغ دەبێتو نەخۆشێکی زۆر ڕووی تێدەکەن .

زۆربەی دانیشتوانی دێلاوار خەون بە مردنی خۆیانەوە دەبینن، لەخەودا یەکێ بەچەقۆوە دەردەکەوێتو هەوڵدەدا سەری خەونبینەکە ببڕێت، دکتۆر سیامەند سەر بە عەشرەتی زەریاوارە لەبەر دابەشکردنی میرات لە هەندەران گەڕاوەتەوە لە دێلاوار نۆرینگەیەکی دەروونی دامەزراندووە، بەڵام بایەخ بە کەلو پەلی نۆرینگەکە نادات پانکەیەکی کۆن بەردەوام لە سەقفەکە دەسووڕێتەوە، میرئەودال یەکێکە لە نەخۆشەکانو خەونە ترسناکەکە ئازاری دەداو بەردەوام خەون بەسەربڕینی خۆیەوە دەبینێ خاتوو مرواری هاوسەری دەڵێ: میرئەودال کاتێ شێت دەبێت دەقریشکێنێتو جلی بەری خۆی دادەدڕیتو قاپو قاچاخەکانی نێو موبەقەکە دەشکێنێت، میر ڕۆژێ ڕوو لە نۆرینگەکە دەکاو چاودەبڕێتە ڕووخساری نەخوشێك کە پیرە پیاوێکی لەڕو لاوازە لەناکاو پەلاماری دەداو پاشان مێزە شووشەکە هەڵدەگرێو دەیکوتێ بە ئەرزەوەو وردو خاشی دەکا. میر دوای هەڵگیرسانی جەنگی نێوان دێلاوارو مەمەد حەسار بەدیل دەگیرێت لە مەیدانی دەروازەی فیردەوس لە ئاهەنگی سەربڕینی دیلەکاندا لەلایەن (سکینان)ی جەلادەوە سەری دەبڕدرێت.

دێلاوارو مەمەدحەسار، دوو شاری سەیرن دەشێ بەرهەمی خەیاڵو تێفکرینی دانەربن ،بەڵام کاتێ خوێنەر بەشێك لە هێماو سەمبوڵەکان لێکدەداتەوە وا هەست دەکا دێلاوار بۆنی سەرزەمینی ئێرانی لێدێتو مەمەدحەسار بۆنی ئەفغانستان، هەستدەکەم ئەم شوێنەش تاڕادەیەك بۆنی شەقامەکانی سلێمانی لێ دێت:

من ئاڵ موراد کەنعانم
خوزیا لەبازاڕی شووشەو لە شۆستەو/ چایخانەکان وەك دەسگێڕێکی داماو
چەشنی (ئەنوەر نەباڵق) فەخفووریم / بفرۆشتبایەو بۆ شەوانی ساردی زستان
بەستە کاغەزو مقەبام لەپێش / دوکانی بازرگانەکان کۆبکردبایە
لەوەباشتر بوو نەوەك تووشی/ قەناسکاریو مەرگەساتی قوتابخانەی سوورەیای کچانو
ئەوەی پێشترو ئەم کارەساتی دەروونیە بهاتبامایە
ئێستا لەبەردەم فرۆشگای سەفاو/ بەرامبەر ماڵی (جیهادی دەلاك)و
نزیك ماڵی کچە جوانەکانی (لوتفی خان) بەنیگەرانی وەستاومو
چاوەڕوانی (ئەرسەلانی موفتی) دەکەمو دەبێ بەزووترین کات
ڕووەو (مەمەد حەسار) تێێ بتەقێنمو کتێبی (هەورەکانی دانیال)و
نامە داخراوەکەی بەهنام بگەیەنمە دەستی پرۆفیسۆر (قاسم شابەندەر)
ئەگەنا تیادەچمو بەهەزارن باغەوانی دێلاوار بەدوامەوەن
منی گەمژە چیم دابوو لە دەنگو سەروسەکوتی نەگریسی
هەریەك لە بۆقبۆقیلەو بەرازە ڕەشو فازیڵی سەلە ئەفغانیو کێشەی نێوان
بنەماڵەی مارووفیو قەرەقازانییەکان!..... (هـ،س)

تادێ نەخۆشییە دەروونییەکە تەشەنە دەکاتو هێزی باغەوانەکانی دێلاوار بە قیادەی بۆقبۆقیلە کە پیاوی ڕاستەقینەی سەی ئەسڵانە بەدوای بکوژەکەدا دەگەڕێن.

(٣)

وێنەکە بەپێی وێنەی ناو خەونەکانی نەخۆشە زیندانییەکان کێشراوە، کە سێ شێوەکاری گەنجی بەتوانا (قاسم وەلیدو ئاسەف بورهانو مستەفا لەیلان)ن، دوای پێوەندی کردنی رێنوار لە قاوەخانەی (عیشقو کتێب)دا پێیانەوە، وێنەی بکوژە وەهمیەکە بۆ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت دەکێشن، بۆقبۆقیلە وێنەکەی پێیەو لەگەڵ چەکدارەکانی ڕوو لە (دێلاواری ڕەش) دەکا، دێلاواری ڕەش گەڕکێکی هەژارنشینەو زۆربەی خانووەکان بەخشتو تەنەکە دروستکراون، دانیشتوانی زیاتر بێگانەو غەوارەن، بەزمانێکی جیا دەدوێن، لەوێ گەنجێك دەکوژنو تەرمەکەی دەخەنە نێو پیکابەکەوەو

پاشان بەدەستریژ خەڵکی چاوترسێن دەکەن، ئەوەی ڕاستی بێت من حەزناکەم ڕووداوەکان بگێڕمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆمانەکە هێندە دیمەنو بابەتی گرنگی لەخۆگرتووە ناتوانی دەسبەرداریان بێت وناشتوانی لەنووسینێکدا لەسەرجەم بابەت وڕووداو دیمەنەکان بدوێیت، بەشێك لەدیمەنەکان بەشێوەی گرتەی سینەمایی خراونەتەڕوو، زۆربەی ڕووداوەکانیش لەدێلاوارو لە گەڕەکی غەفاریی ڕوودەدەن، ئاڵ موورادی چەکداری باغەوانەکان بە فەرمانی سەی ئەسڵان بەشێکی زۆر لە باڵندەکانی گەڕەکی غەفاریی دەکوژێتو پەڕی باڵندەکان بۆ (سمکۆ سەهەیب) دەباو سمکۆ پەیکەری باڵندەیەك لە پەڕی هەرچی باڵندەی دنیایە دروستدەکات، دەتوانم بڵیم بیرکردنەوەی ڕێنواری زەریاواری زۆر لەبیر کردنەوەی سمکۆ سوهەیبەوە نزیکە، ئەو هونەرمەندەی خەریکی دروستکردنی پەیکەری باڵندەیەکە لەڕووی جوانیەوە پەیکەرێکی گەردوونییە، یاخود چەشنی کردەی دەقئاوێزان هەڵگری جوانییەکانی سەرجەم باڵندەکانی گەردوونە، ئەمە ڕوانینینی سمکۆ سوهەیبە بۆ هونەرو ژیان کاتێ دەڵێ:"خەون بە درەختێکەوە دەبینم لەگەڵای هەموو درەختەکان، خەون بە وێنەیەکەوە دەبینم لە هەموو ڕەنگەکانی دنیا کێشرابێت، خەون بەزمانێکەوە دەبینم لە وشەی هەموو زمانەکانی دنیا درووستبوبێت، ئا گیان ...ئا من خەون بە ئامێرێکی مۆسیقاوە دەبینم دەنگی هەموو ئامێرەکانی کۆکردبێتەوە، بە ئینسانێکەوە جوانی هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی هەڵگرتبێت".

(سمکۆ نا نا من خەونی وا نابینم گەرخەون ببینم بەپەڕی باڵندەکانەوە دەبینم بەڕەنگەکانەوە بەشەوەوە پڕبێت لە مۆسیقا ئەو خەونە هەمووی درۆیە هەمووی درۆ) سوهەیب هونەرمەندێکی یا پەیکەرتاشێکی ژیاندۆستو مرۆڤدۆستە دژی زەبروزەگو توندو تیژییەو حەزدەکان کۆمەکی خەڵك بکات، کەچی خەڵکی بەشێتی لەقەڵەم دەدەن، ڕێنوار لەڕووی بیرکردنەوە زۆرتر لە سوهەیبو پڕۆفیسۆر بەهنامو پڕۆفیسۆرقاسم شابەندەرەوە نزیکە یەکیان لە دێلاوارو ئەویتریان لە مەمەد حەسارە، ڕێنوار کەسێکی بەسۆزە بەردەوام بۆ حاڵی نەخۆشەکان دەگریو دڵیان دەداتەوە، نەخۆشەکان بە مستەر گرینۆك ناوی دەبەن، بەتایبەتی کاتێ لە بنکەی دەروونی یاخود لە شێتخانەکە، کە شوێنەکەی زیندانە کۆنەکەی (شوکور ئاغا)یە وەك فەرمانبەرێك دەسبەکاردەبێت، بنکەکە خۆی جیهانێکی جەنجاڵو تایبەتەو پێویستی بە توێژینەوەیەکی دوورو درێژە، لەوێ وەستا سەلاحەئایین کە پێشتر وەستای خانوو بەرە بووە، ئێستا بەرپرسی پەروەردەو تەمێکردنە، بەردەستەکانی بەنێوی فاعل یا فوعلە بانگە دەکات نەخۆشو خاوەن پێداویستە تایبەتیەکان بەدرندەترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێن، دکتۆر سیامەند حەزی لە پلەو پایەو خۆنزیك کردنەوەیە لە بەرپرسو کاربەدەستو دەسەڵاتدارانی دێلاوار شەوان

لەسەرمێزیك لەگەڵیان دادەنیشێتو دەخۆنەوەو گوێ بۆ گۆرانیە کۆنو دێرینەکان ڕادەدێرنو دکتۆر سیاو دکتۆر سەبری جاهدار بڕوای تەواویان بەئازارو ئەشکەنجەدانی نەخۆشەکان هەیە، دەڵێن وا پێویستە نەخۆشە دەروونیەکان بەشۆکی جەنگو دوژمن چارەسەربکرین نەك بەشۆکی کارەبایی، بۆیە چاودێرەکان لە سەنتەرەکە بەشێوازێکی دڕندە مامەڵە لەگەڵ نەخۆشەکان دەکەنو بڕێجار جگەرە لەسەر لەپی نەخۆشەکان دەکوژێننەوە، جارێ جەنگی نێوان دێلاوارو مەمەد حەسار هەڵنەگیرساوە.

(٤)

تادێ دۆخەکە ڕوو لە ئاڵۆزی دەکا، جارێ بیمارەکان بەپاس نەبراون بۆ سەرسنوور، تاکو بەتالیۆنەکانی کار بکەونە جموجووڵ وخێوەتەکان هەڵبدرێن وبیمارەکان بپەڕژێنە سەرکاری سەختو دژوار، دروستکردنی هۆڵو پڕکردنی گوشە خۆڵو سەنگەرلێدان، دێلاوار لە بنەڕەتدا شاری زیندانەکانە، شارێکە بەدەوری سەنتەری زیندانێکەوە دروستکراوە، زیندانێکی گەورەی بەنێوبانگ کە لەکۆنەوە لەنێوەندی شارەکە بونیادنراوە، خەڵکانێکی زۆر لە دێرزەمانەوە لەشارە دوور دوورەکان تارێنراونو دوورخراونەتەوە بۆ دێلاوارو لێی نیشتەجێ بووینەو کەس نازانێت بە ئەسڵو بنەچە خەڵکی کوێنو لەکوێوە هاتوون، دێلاوار شارێکی جوانو پڕ جووڵەیە بەتایبەتی شەقامو بازاڕی گەورەی غەفاریی، مارووفییەکان لەمێژە ئەم شارە بەڕێوەدەبەن، زۆربەی پۆستە گەورەکانی دەوڵەت بەدەستی ئەوانەوەیە، ئێستا قەرەقازانییەکان لە هەوڵی ئەوەدان پۆستەکان لە مارووفییەکان بسەننەوە، هاوکات سوڵتانی دەسەڵاتی مەمەدحەسار، دێلاوار بە بەشێك لە خاکی مەمەد حەسار دەزانێو زۆرتر لەگەڵ مارووفییەکان هاوسۆزو تەبایە، لەولاوەش سەی ئەسڵان کە پێشتر ماڵە هاوینیەکەی لە گەڕەکی غەفاریی بوو، ماڵێکی پڕلە ڕایەخو قاڵی گرانبەهاو ژووریکی پڕاوپڕ لە توحفەی بەنرخو تەوری جۆراو جۆری هەڵواسراو ئیستا ماڵەکەی گواستۆتەوە بۆ گردی جیلوەدار، سەی لەنێوان مارووفیو قەرەقازانییەکان گینگڵ دەداو بەردەوام لەکۆڕو کۆبونەوەکاندا هوتافدەکێشێو دەقیژێنێو جەنگاوەرە گەنجەکان جۆشدەدا بەدروشمی (دێلاوار ئەی سەرزەمینی شێران) وتاری ئاگرین دەنوسێو دەیەوێ لە دەسەڵاتو حوکمڕانیدا باڵاترین پۆست وەربگرێت، لەدوای کوژرانی فەرماندار عەبدولسەلامی مارووفی کە لە گەڕەکی غەفاریی سەردانی قوتابخانەی سوورەیای کچان دەکاو ئال موراد کەنعان کە دەمێکە لەگەڵ ئەحمەد سورەتو ئەحمەد کوفیانو محەمەد پاشاو نیاز گێچەل خەریکی ڕاهێنانی قەناسو قەناسکارین، لەم ماوەیە دەسەڵات هەمووشتێکی بۆدابن کردوونو بەتایبەتی بۆ ئاڵ

موراد كە باشترین قەناسەو لەپێكاندا دەستی زۆرڕاستە لەبازاڕی غەفاریی‌و لەقاتی چواری ئوتێل ئومێد لە ژووری ٤٠٦ بەرامبەر بە قوتابخانەی سوورەیا ئاڵ موراد قەناسەكەی دادەمەزرێنێ، بەڵام زۆر نیگەرانو پەشۆكاوە، هاوكارە دەستەڵاتدارەكەشی بەدەمانچەوە بەسەرسەرییەوە وەستاوەو داوای لێدەكا نێچیرەكە بپێكێت ئەگەرنا فیشەكێك بەنێو سەرییا دەتەقێنرێت، ئیتر ئاڵ موراد بە نابەدڵی‌و بەشڵەژاوی پلی پێوە دەنێ كارەكە ئەنجامدەداو كارەساتەكە ڕوودەداو بەنێو بازاڕی غەفاریی ڕادەكا، ڕۆمانی هەورەكانی دانیال تێكستێكی فرەڕەهەندی هزرییە بە تەكنیكێكی ڕێك‌و ڕەوان‌و بێ گرێ‌و گۆڵ كۆمەڵێك بابەت‌و تێمای جۆراوجۆری ورووژاندووەو گشتیان وابەستەی بوون‌و دەروونی مرۆڤن، گێڕانەوەكان پەیتا پەیتا لەنێوان كاراكتەرەكاندا دیالۆگ‌و دانوستان دروستدەكەن‌و هەركاراكتەرێك بەپێی ئاستی بیركردنەوەی خۆی ڕستەكان دەردەبڕێت‌و كێشەو مەینەتەكان دەخاتەڕوو، كتێبی دانیال كۆنترین كتێبەو لەیەكێ لەماڵەكانی مەمەد حەسار دۆزراوەتەوەو پڕۆفیسۆر قاسم شابەندەر كە دایكی حەساریی‌ەو باوكی دێلاواریی‌ە، دوای خوێندنەوەی، كتێبەكەی بۆ هاوڕێی پڕۆفیسۆر بەهنام ناردووە، دانیال لەم كتێبەدا پێشبینی شەڕی ئایینەكان‌و مەزهەبەكان‌و نەتەوەكانی كردووە، كتێبی دانیال بڕوای وایە كارەسات لەناخی مرۆڤ خوی دایەوەو مرۆڤ دەتوانێت بەسەر كینەی خۆیدا زاڵبێت، پێشیوایە دێلاوار لە بنەڕەتەوە لەسەر ستەم دروستبووە، زیندانە كۆنەكانی وەك (شوكور ئاغا)و (حەمەپاشای جافەری) گەواهی ئەوە دەدەن.

(٥)

بەڵام بابزانین پڕۆفیسۆر بەهنام چۆن لە مێژووی دێلاوارو كتێب‌و وتەكانی دانیال دەدوێت، ڕێنواری زەریاواری لەسەر داوای دكتۆر سیامەندی مامی سەردانی مۆزەخانەكە دەكات بۆ ئەوەی زانیارییەكی زۆرو زەوەند لەسەر مێژووی دێلاوار كۆبكاتەوە. پڕۆفیسۆر بەهنام‌و دكتۆر سیا لەكۆنەوە دۆستی یەكن، بەهنام ئاشنایەتی لەگەڵ خانەوادەی زەریاواری هەیە، باسی سەعیدی باوكی ڕێنوارو ماڵە كۆنەكەی باپیری دەكات، بەهنام بەوردی لە مێژووی دێلاوار دەدوێت‌و وەك لە ئەفسانەكاندا هاتووە (دێلاوار سیفەتێكی تێدابووە لە هیچ زەمینێكی دیكەدا نەبووە، خاكێك بووە مرۆڤ تێیدا خەونی نەبینیوە) بۆیە لەسەرەتاوە خێلە كۆچەرییەكان دركیان بەم نهێنیە كردووە، ئەوانەی خەونیان پڕبووە لە مۆتەكەو جڕوجانەوەرو دێوەزمە ڕوویان لەم شوێنە كردووەو لەنزیك دەریاچەی دێلاوار خێوەتیان هەڵداوە، گوایە ڕۆحی پیرۆز لەم دەیارچەیە دەژین‌و شەیتانی نێو خەونە خراپەكان دەردەكەن ،كەواتە خێڵە كۆچەرییەكان ڕوویان لێرە كردووە

تاکو لەترسو تۆقینی خەونەکان ڕزگاریان بیت، بەڵام ڕێنوار گەنجێکی هۆشمەندی تەئویلکارەو کاتێ گوێ بۆ گێڕانەوەکانی پڕۆفیسۆر ڕادەدێرێت لەهەمان کاتدا ڕستە دەگمەنەکان لەنێو زەینیدا شیدەکاتەوەو پرسیاری جۆراو جۆری لەلا دروست دەبیت، دەپرسێ دێڵاوار کەی دروستبووە؟ دەڵێن شاهەنشایەك کە هەواڵی ئەم خاکەی بیستووە بە لەشکرێکی زۆرەوە ڕووی تێکردووە، وتوویەتی چی لەوە خۆشترە زەمینێك بدۆزیتەوە خەونی تیا نەبینیت، ئیتر پاشا بڕیار دەدات زیندانێکی گەورەی تیا درووستبکرێت، هەڵبەتە پادشاکان حەزدەکەن شوێنیك هەبێت مرۆڤ تێیدا خەون نەبینێتو بیر لە ئازادی نەکاتەوە لەدێلاوار یەکەم بەڕێوەبەری زیندان ناوی موسەیلەم بەگ بووە، موسەیلەم لە هەموو جێگایەکی دنیاوە دیلی هێناوەو شەوڕۆژ ئیشی پێکردوون، بۆیە دێلاوار بەشاری هەزار زیندان ناوزەد دەکرێت، ئەوانەی لە دێلاوار ژیاون عیشقو خەونیان نەناسیوە، تۆ کوڕی سەعیدی زەریاواری بازرگانیت باپیرە گەورەتان (عاتیفی زەریاواری) لەبازرگانو کاروانچییە هەرە ناودارەکانی دنیابووە، سواری کەشتی بووەو دەریای دوور دووری تەی کردووە، بەڵام کاتێ پڕۆفیسۆر لە دوو قۆناخەکەی دانیال دەدوێت، قۆناغی پێش دانیالو دوای دانیال، ڕێنوار بەسەرسووڕمانەوە گوێی بۆ ڕادەدێرێت بابەتەکە زۆر سەرنجی ڕادەکێشێت، ڕێنوار یەکەم جارە ناوی دانیاڵ ببیسێ، بەهنام بەردەوام دەبیت (دێلاوار سەدان ساڵ لە بێ خەونیدا نوقمدەبێت)، (دانیال دێت، هاتنی دانیال هەمووشتێك دەگۆڕێت) پڕۆفیسۆر گوتی ئەمە کتێبی دانیالە کۆنترین تێکستێکە لەمێژووی دێلاوار مابێتەوە، دەستنووسی یەکەمی کەسێکی نەناسراوەو نووسەرەکەی دیار نییە کێیەو وتەکانی دانیالو چیرۆکەکەی گواستۆتەوە، دانیال تائەمڕۆ دوژمنی زۆرە وەك ئەوەی دانیشتوانی دێلاوار بەوە تۆمەتبار بکات کە کارەسات لەناخی مرۆڤ خۆیدایە، دوژمن سەرەتا لەخەونەکانی ئینسان خۆیدا لەدایك دەبێت، پڕۆفیسۆر بەهنام دەڵێ من ناتوانم کتێبەکە چاپبکەم لەوانەیە دوای چاپکردنی موزەخانەکەم بسووتینن، وەك دەڵێن دانیال دیل بووەو چەندین ساڵ لە زینداندا ژیاوە، بازرگانەکانی دێلاوار بەرامبەر پارەیەك لە حاکمەکانیان وەرگرتۆتەوەو هێناویانە بۆ ئێرە. دانیال گەنجێکی قۆزو زمانزانو پڕماریفەت بووە، گوایە کاتی خۆی بەجادووباز تۆمەتبار کراوە، کاتێ حاکمی دێلاوار تووشی گەڕیو گولی دەبێت دانیال وەك حەکیمێکی گەنج بەگیاو گۆل چارەسەری دەکات، کەسایەتی دانیال لەم ڕۆمانەدا لە هەندێ ڕووەوە (یوسفی کوڕی یەعقوب)مان بیردەخاتەوە، لەڕووی قۆزییو دانایيو لێکدانەوەی خەونەکانەوە، حاکم لەپاداشتی ئەمە دانیال لەزیندان ئازاد دەکات، بەڵام کاتێ دەگەڕێتەوە لای حاکمو دەڵێ ئەمشەو خەونم بینیوە، حاکم پێی سەیرەو دەشڵەژێ، لە شارێك کە کەس خەون نابینێ، دانیال

خەونەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، خەونەکە کۆمەڵێك پەڵە هەوری سوورن، کە بارانێك دەباریت وەك خوێن، پێش دانیال هیچ کەس لە دێلاوار خەونی نەبینیوە، هەورەکانی دانیاڵ یەکەمین خەونی دێلاوارن، حاکم بڕیار دەدات دانیال بگرنو لە زیندانێکی چەپەكو دوورە دەستدا دیلی بکەن، ئاخر ڕۆمانی هەورەکانی دانیال لەدەسپێکی نووسینەوە کاری لەسەر چەمکی خەون کردووەو لە خەونی میر ئەودالەوە بگرە، تادەگاتە خەونی هەورە سوورەکانی دانیال، دانیال دەمێکە سووسەی ئەوەی کردووە لە دێلاوار هەوری سوور دێتو کارەسات بەڕێوەیە، گوناهی دانیال تەنها ئەوەیە مرۆڤ هاندەدا ڕووەو خودی خۆی بگەڕێتەوەو خۆی بناسێتو پێیوایە هەموو شتێك لە خەونو خەیاڵی خودگەراییەوە دەسپێدەکات، تۆ سەیری خەونو خەیاڵو بیرکردنەوەی فێندەمێنتالیستو ناسیۆنالیستە توندڕۆکانو ئایدیۆلۆژیستەکانو ژەنەڕاڵەکان بکە، بۆت دەردەکەوێت چۆن خەونە خودگەراییو تاکگەراییەکانیان بە کوشتو بڕو خوێنبارانو کاولکارییەوە لکاوە، دەسەڵاتدارانی دێلاوار وایان لە خەڵك گەیاندووە ئەوە دانیالە خەونی خەڵکەکانی پڕکردووە لە مۆتەکەو دێوەزمەو دەعباو جڕوجانەوەرو رموزن، وەك ئەوەی دانیال سندوقی (باندۆرا)ی پڕئافاتی پێبێت کەلە میتیۆلۆژیای گریکیدا هاتووە، سەری سنوقەکەی هەڵداوەتەوە خەڵکی دێلاواری دووچاری شەڕانگێزیو خەونی ترسناك ترسناكو درۆو دەلەسەو چاوچنۆکیو ئیرەیی بردن کردووەو رێنوار ئەوکاتەی سەردانی مۆزەخانەکە دەکاتو چاوی بە پڕۆفیسۆر بەهنام دەکەوێت، واقی وڕدەمێنێتو دەکەوێتە بیرکردنەوە پێی سەیرە کە چۆن ئەم پرۆفیسۆرە بەساڵاچووە توانیویەتی ئەم مۆزەخانەیە دابمەزێنێتو بەم شێوەیە بیپارێزیت، مۆزەخانەکە باڵەخانەیەکی گەورەی چەندقاتەو تەنانەت ژێرزەمینو سەردابە پێچەڵ پێچەڵەکانیشی تژییە لە کتێب، کتێبی دێرینو دەگمەنو ناوازە، رێنوار لەوێ لەسەر قسەی پڕۆفیسۆر کتێبەکەی دانیال بەدەستەوە دەگرێتو دەستدەکات بەخوێندنەوەی، پڕۆفیسۆر مرۆڤێکی هێمنو لەسەرخۆیە هانی دەدا لە کرۆکی کتێبەکە بگاتو بیر لە پێشبینیو پێشهاتەکانی دانیال بکاتەوە، ئەو دەمێکە سووسەی ئەوەی کردووە کە تراژیدیایەکی ڕەش بەڕێوەیەو وابەستەی هەڵگیرسانی هەورە سوورەکانی جەنگە.

(٦)

ئەگەر ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال) وەربگێردرێتە سەر زمانەکانی تر لەوانەیە لەلۆکاڵەوە ڕووەو یۆنیڤیرسال باڵبگرێتو تێکەڵ بە کۆماری داهێنانو جیهانی دەقئاوێزان ببێت، لەبەر ئەوەی تێکستێکی کراوەی فرەئاستو فرەماناو فرەدەلالەتە، بە

تەکنیکێکی مۆدێرنو هاوسەنگیەکی ڕێك‌و پێکی هونەری نووسراوەو هەڵگری جیهانبینیەکی مرۆڤدۆستانەیە، لە هەمانکاتدا لە دێلاوارو لە دنیادا بەدوای ئازادی‌و دیموکراسی‌و یەکسانی‌و دادپەروەرییدا دەگەڕێت‌و ئەم چەمکە زیندووانە بە مولکی هیچ هێزێك نازانێت، ماف بەخۆی بدات مۆنۆپۆڵیان بکات‌و مانەندی دروشم‌و دروشمبازی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاریان بەرێت، تێکست لەڕێگەی هەورەکانی دانیالەوە بە شێوازێکی دەروونشیکاری شۆڕدەبێتەوە نێو خودو تاریکی دەروونی کاراکتەرەکانەوە، حاکمی دێلاوار هەمان خەونی هەورە سوورەکانی دانیال دەبینێتەوەو فەرماندەدا لەشارەکانی ترەوە موفەسیرو خەونخوێن بۆ لێکدانەوەی خەونەکە بێنن، هەوری خوێن دەلالەتی جەنگە، خەڵکی دێلاوار ترس‌و دڵەڕاوکێ دایگرتوون، دانیال لە کتێبەکەیدا پێشبینی هاتنی مەرگەساتێکی گەورەی کردووە، تێکست لەدیدگای دانیالەوە سەیری ناخی مرۆڤ دەکات، دانیال پێیوایە (مرۆڤ ناخی پڕە لە تاریکی‌و کوشتەی وەهم‌و ترس‌و دڵەڕاوکێی خۆیەتی) دانیال دەڵێ من ترسم دروست نەکردووە تەنها دۆزیومەتەوە، ئێرە شاری دیلە بێ خەونەکانەو (ڕق دایکی هەموو بەڵاکانە) دەقی دانیال تادێ شۆڕدەبێتەوە نێو قووڵایی تاریکی ناخ‌و بەدوای ڕق‌و کینەو نەفرەتدا دەگەڕێت، دانیال بە پێچەوانەی هەڵسوکەت‌و هەڵوێستی (سوکرات) لە زیندانەکە ڕادەکاو کەس نازانێ بەرەوکوێ سەریهەڵگرتووە، پرۆفیسۆر بەهنام لەدوا ڕستەی گێڕانەوەکانیدا سەبارەت بە تاریکی ناخ بە ڕێنوار دەڵێ من هێشتا پڕم لەکینەی گەمژانە، مرۆڤ هەندێ جار لەوگۆڕەی ڕقی لە یەکێ دەبیتەوە بێئەوەی بیناسێ، واتە مرۆڤ بوونەوەرێکی کینەداری نیگەرانەو ئۆقرە ناگرێت، بۆ نموونە ڕێنوار گەنجێکی بەسۆزو پڕبەزەییە، کەچی لەگەڵ باوکی‌و خوشك‌و براکانیدا هەڵناکا، لە سەنتەرە تازەکەش دڵنەوایی زامدارو بیمارو ئەشکەنجەدراوەکان دەداتەوەو فرمێسك دەبارێنێ‌و دەکەوێت بەسەرقاچیانەوە، دوور نییە ڕێنوار هەڵگری شێتیەکی شاراوەبێت، چونکە بەردەوام خەونەکان دەنووسێتەوەو دەفتەرێکی تایبەتی هەیە بۆ نووسینەوەی خەونەکان، بەنێوی (دەفتەری خەونەکان) دواتر ئەم حاڵەتە فەنتازییەی ڕێنوار سەبارت بە خەون‌و چوونە نێو دنیای خەونی ئەویتر لە ئوردوگاو بەتالیۆنەکەدا زیاتر تەشەنە دەکات، دیمەنەکەی ڕێنوار دیمەنێکی (دۆستۆیڤسکی)م بیردەخاتەوە کاتێ لەگەڵ ئانای هاوسەری بۆ گەشت‌و گوزار ڕوو لە یەکێ لە وڵاتە ئەورووپیەکان دەکەن، دۆستۆیڤسکی لەوێ سەرجەم خشڵەکانی (ئانا) لەقومار دەدۆڕێت پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ئوتێلەکەو دەکەوێت بەسەرقاچەکانی ئاناوەو یەك یەك ماچیاندەکا!

کاراکتەرەکانی ڕۆمانی هەورەکانی دانیال وەك مرۆڤ، هەریەکێ خاوەن خەسڵەت‌و سروشتێکی تایبەتین، بۆن نموونە سەی ئەسڵان کەسێکی بێگانە فۆبیکە، ڕقی لە

بێگانەکان دەبێتەوەو هێزی باغەوانەکانی دێلاوار تەفرە دەدات پەلاماری ناوچەی (دێلاواری ڕەش) بدەن کە دانیشتوانەکەی زیاتر خەڵکانێکی بێگانەو غەوارەن، سەی زۆرتر کەسێکی ڕەسەنگەرایەو وابەستەی تیشکە جوانەکانی ڕابردووو سەرەتا پیرۆزەکانە، بەبێ دوودڵی دنیابینیە کۆنەکان دووبارە دەکاتەوەو گرنگی بە گۆڕانکارییەکانی ئێستا نادات، درك ناکا سەرەتا پیرۆزەکان جگە لەوەهمێك زیاتر، شتێکی تر نین. دەقی دانیال هاوکات هەڵگری ڕستێك ڕستەو دەستەواژەی شیعریە ئەگەر لەڕوانگەی هایدیگەرەوە لە چەمکی شیعرو جوانیو پەیوەندیگرتنو مرۆڤو جیهان بڕوانین دەکرێ لە دنیابینی ئەم کۆپلە شیعرەی (هۆڵدەرلین)ەوە بابەتەکە زیاتر ڕوونبکەینەوە، کە هایدیگەر وەك نموونە دەیخاتەڕوو:

شیعر کرۆکی بوونە، شیعر کۆڵەکەی سەرەکی ، پەیوەندی مرۆڤە بە دنیاوە
"هۆڵدەرلین"

ئەگەر لەهەمان دیدگای شیعرو بیرکردنەوە بۆ مەیدانی ماسی فرۆشان بگەڕینەوە، کە ڕێنوار لەشەوێکی درەنگدا چاوەڕوانی پرۆفیسۆر بەهنام دەکات، تاوەکو هاوکارەکەی پێ بناسێنێت، هاوکارەکەی زەهاو سۆفی عەبدییە، مەیدانەکە شوێنێکی پیس وقێزەونە، بۆنی ماسی ڕزیوی لێ دێت بەرمیلە گەورەکانی زبڵ پڕن لە ئێسكو ناوزگو پێستی ماسی، دیمەنی بەرمیلی زبڵەکەو بۆنی ماسی ڕزیوو چەند ڕستەیەکی شیعری کە هەڵگری جۆرێك لە هزرن، لەو ڕۆمانەدا گوزارشت لە بێهودەییەکی شاراوە دەکەن کە بە کرۆکی بوونەوە لکاوە، (بۆنی غەمگینیەکی قووڵم کرد، بۆنی گوڵێکی دڕ چۆن پەلاماری مرۆڤ دەدات ئاوا پەلاماری دام). "سێ پشیلەی ڕەش دەبینم کە لەقووڵایی تاریکیدا لە تەنیشتمانەوە دەڕۆن"

(٧)

سەی ئەسڵان وەك ڕەسەنگەرایەك هەمیشە لەگەڵ رابردووی دێلاوارو نۆستالژیا دەژیو سەرقاڵی دروستکردنی مۆزەخانەیەکە بەنێوی مۆزەخانەی (میران) سەی لەماڵەکەیدا کۆمەڵێك توحفەی دێرینو گرانبەهای پاراستووە وەك (خەنجەری بەرکەمەری هەندێ لە سەرعەشرەتو ئاغاکانی دێلاوار، تەزبیحی هەندێ لە پیاوە ناودارەکان، سەعاتی بن باخەڵیان ...هتد). سەی لەنووسینەکانیدا هێرش دەکاتەسەر پرۆفیسۆر بەهنام گوایە مێژووی دێلاواری شێواندووە، (ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە دێلاوار نەتەوەیەك تێیدا بژی لە تێکەڵبوونی چەندەها نەژادو ئەتنیکی تر دروستبووبێت) یاخود دێلاوار بەدەوری زیندانێکدا دامەزراوە، سەی پێیوایە دێلاوار سەرزەمینێکی پیرۆزبووەو خەڵك

لە زۆر شوێنی دنیاوە ڕوویان تێکردوە، تاوەکو ئارامی دەروونی بەدەستبهێنن. تەنانەت دیلەکان پارەیان بەحاکمەکان داوە هەتا ڕەوانەی دێلاواریان بکەن، سەی ئەسڵان دانیال وەك نەخۆشێك و جادووگەرێك و سیحربازێگی شەڕانی لەقەڵەم دەدات کە توانیویەتی بەچاندنی ترس لە زەینی مرۆڤەکان ئاسوودەگی دێلاوار بشێوێنێ، ترس لە دوژمن، ترس لە داهاتوو، هەستی دیلبوون. سەی بەردەوام دژایەتی پڕۆفیسۆر بەهنام دەکاو خەڵك هاندەدا سەردانی مۆزەکەی نەکەن، سەی زۆرتر خۆی لە قەرەقازانییەکان نزیك دەکاتەوە تا ماروفییەکان، دەقی هەورەکانی دانیال کۆمەڵێك لۆچی و ئاماژەی خاڵی بۆ خوێنەر جێهێشتووە، تاوەکو لۆچەکان بکاتەوەو ئاماژەکان بەهێزی ڕاڤەکاریی پڕبکاتەوە، سەی زیاتر لەگەڵ دروشمەکاندا دەژی و دەستەواژەکان بۆ سوپای باغەوانەکان دووبارە دەکاتەوە وەك ڕستەی (دێلاواری مەزن) (سەرزەمینی ئەفسانەکان)و (لانکەی مێژوو). سەی لەناخڕا ڕقی لە حوکمڕانی بنەماڵەکانی دێلاوارە، بەڵام چاری نییە، پڕۆفیسۆر بەهنام بەپێچەوانەی سەی ئەسڵان کەسێکی تەئویلکارو قووڵبینەو لەگەڵ ئەوەی پڕۆفیسۆری مێژووە، بەڵام زۆرتر لەگەڵ کێشەو مەینەتیەکانی ئێستای دێلاواردا دەژی زۆرجار کۆمەکی کەسە لێقەوماوەکان دەکاو یارمەتیان دەداو لە مۆزەخانەکە حەشاریان دەدا، کەچی سەی ئەسڵان هەوڵدەدا مۆزەخانەکەی لێ داگیربکات و ناوەکەی بگۆڕێت بۆ (مۆزەخانەی میران). ئەوە پۆرفیسۆر بەهنامە کە لە شەوێکی مەیدانی ماسیفرۆشان زەهاو سۆفی عەبدی بە ڕێنوار دەناسێنی تاکو لەسەنتەرە دەروونیەکە وەك هاوکارێك دایبمەزرێنێت و بەیەکەوە یارمەتی نەخۆشەکان بدەن، زەهاو گەنجێکە لە ناوچە چیاییەکان لەدایك بووەو چەندین جار وەك کۆڵبەرێك بەنهێنی چۆتە مەمەدحەسار، ڕێنوار لە مەمەد حەسارو تاکۆتایی جەنگ و دوای گەڕانەوەشیان بۆ دێلاوار لەگەڵ زەهاودا وەك هاورێیەك تەباو بەختەوەرە، لەبەرئەوەی زەهاو گەنجێکی چوست و چاپووکە، لە سەنتەرەکە کارەکانی بەڕێك و پێکی ئەنجام دەدا، ڕێنوار لەوێ زۆرتر خەریکی خوێندنەوەی کتێبەو (دەفتەری خەونەکان)ی لێ جیانابێتەوە، بەڵام کردەی چوونە نێو خەونی کەسانی تر لە بەتالیۆنی کاردا زیاتر پەرەدەسێنێ، دەقی دانیال گرنگی و بایەخێکی زۆری بە چەمکی خەون و فەنتازیا داوە، فەنتازیا ئاسۆکانی بیرکردنەوە فراوان دەکات و چرکەکانی ژیان تێکەڵ بەجۆرێك لە شیعرگەرایی و چێژو ئیستاتیکاو شادی دەکرێن ئاخر ژیان لە خەون و فەنتازیا بەدەرنییە، زۆر جار خەیاڵ و فەنتازیا لە واقیع چێژبەخشترن، مرۆڤ تەنانەت ناتوانێت دەسبتەرداری خەون و خەیاڵی ئیرۆتیکی بێت کە لەڕێگای زمانەوە جۆرێك لە جۆش و خرۆش و وروژان و کەشی سێکسی دەخولقێنێت، ڕێنوار دەڵێ: شەوانە خەونگەلێکم دەبینی کە خەونی خۆم نەبوون دەمزانی خەونی کێ

دەبینم، لەوانە کیسرا گەنجێکی منالکاربوو، بەشێت لەقەڵم درابوو لەماڵ زیندانی کرابوو، کیسرا مەراقی بوو کاتژمێر بشکێنێو ڕقێکی زۆری لێ دەبووەوە، هەرجۆرە کاژێرێکی بدیبایە دەیدزیو دەیشاکاندو فڕێیدەدا، یاخەونی داودی داودئاغا کە بە ناوبانگترین بەرگدرووی جلی پیاوان بوو لە دێلاوار، یاخود خەونی ئیسماعیلی خەڵی دسکارا ئەو پیاوەی لەخەونەکانیدا بەردەوام هەزاران بولبول دەیانخوێند، ڕێنوار دەڵێ ئەوشەوە من یەك خەونم لە ئیسماعیل گێڕایەوە، خەونی ژنێك بەڕووتی لە دوکانێکی قەسابیدا وەستاوەو بەچەقۆیەکی گەورە، پارچەیەك گۆشتی گەورە لەت لەتدەکات .....هتد. ئیسماعیل هەرەشەی کوشتنی لێدەکاو دەڵێ ئەمە دواجاربێت باسی خەونو ژنەکەی من بکەی، دەقی دانیال لەڕیگەی خەونەوە کۆمەڵێك دیمەنی فەنتازی دەخاتەڕوو، دیمەنەکان پڕن لە چێژو چێژبردن، یا لە هەندێ دیمەنی واقعیدا چەند ئاماژەیەکی خاڵی بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت بۆ نموونە کاتی لەبارەی (نەواس)ی هاوکاری نەقیب نەجات یوکسەل دەدوێت کە لە چادرێکی بچووکدا بە یەکەوە دەژین دەڵێ:"نەواس گەنجێکی چاوشینەو کەسمان تائێستا گەنجێکی لە نەواس جوانترمان نەدیوە"، زەهاو جارجارە لەگەڵ نەواس دەدوێتو بەیەکەوە لە بەتالیۆنەکە پیاسەدەکەن، ڕۆمانی دانیال دەقێکی کراوەی قووڵو جوانە بەئاسانی خۆی ڕادەستی ڕاڤەو ڕاڤەکاری ناکات.

(٨)

ڕووداوەکانی ڕۆمانی هەورەکانی دانیال بەشێوازێکی جوانو چنینێکی وردو ڕێكو پێك یەك بەدوای یەکا ئایینو دەق بەش لەدوای بەش خوێنەر هەڵوەدای بەدواداچوونی کێشەو ململانێکانی دەسەڵاتی شاری دێلاوارو هەڵسوکەوتی فەرماندارەکانو شاڵاوو توندوتیژیەکانی هێزی باغەوانەکان دەکاو خەڵکی دێلاوار درك دەکەن کەشی شار ڕووی لە نەهامەتیو ناهەمواریيەو جەنگێکی گەورە بەڕێوەیەو دێلاوار بەرەو کاولکاری دەبا، ڕێنوار کە وابەستەی پێشبینیەکانی دانیالو دەفتەری خەونەکانە، شەو لە بەتالیۆنەکەو لەسەرجێ خەوەکەی کۆمەڵە هەورێکی زۆر تووڕە دەبینێ هەم لە ئاسمان هەم لە خەودا، هەورەکان شێتو ڕقاوین دیارە هێرشبەرو پەلامارەرنو تادێ ڕەنگیان دەگۆڕێو سوور دادەگەڕێن هەست دەکا هەورە سوورەکانی دانیالن دەگرمێننو دادەبارێن، دەزانێ ڕووداوێکی ناخۆش بەڕێوەیە، جەنگ لەگەڵ سەرەتای زستاندا دەستپێدەکا، دیارە سوپای مەمەد حەسار دەمێکە چاودێری جووڵەو چالاکییەکانی بەتالیۆنەکانی دێلاوار دەکەن. پرۆسەی نووسین لەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی جەنگ وەسفگەراییدا درێژدادڕی بەلاوە دەنێو

بەشێوەو شێوازێکی چڕو پوختو کورتبڕ، گوزارشت لە کرۆکی نەهامەتیو توندوتیژی سروشتو سەرماو سۆلەو چۆنیەتی هەڵسوکەوتو ڕەفتاری هەریەك لە رینوارو زەهاو دەکات، باران بەلێزمە دەبارێو زرمەی گوللەتۆپی سوپای حەسارییەکان زەوی دەلەرزێنێ، سەربازەکانی مەمەدحەسار گەیشتۆنەتە ترۆپکی چیاو لەولاوەش پەڕیونەتەوەو جادەی سەرەکی دێلاواریان گەمارۆداوە، لەم شەوە تاریكو نوتەکە بەتالیۆنی کار بەتەواوی پەرتەوازە بووەو ڕێنوار دەڵێ یەکەمین جارە هەورەکانی دانیال دەبینم گرمەی هەورو تۆپەکان لەهەمان بارانی نێو خەونەکان دەکا، حەسارییەکان بەچڕی تەقەدەکەن، نەقیب نەجات یوکسەل بەتەواوی شڵەژاوەو نازانی چ بڕیارێك بدات ،بێتەلەکان هیچ وەڵامێکیان نییە، دەق زۆر بەوردی لە هەوڵو کۆششی کاراکتەرەکان دەدوێت بەتایبەتی رێنوارو زەهاو چۆن دەتوانن لەتاریکیو لەژێر لێزمەی بارانو سەرماو گرمەی گوللەتۆپو دەسڕێژی بەردەوامی حەسارییەکان دەربازیانبێت، بەپێی شارەزایی زەهاو تولە ڕێگایەك بدۆزنەوە بەرەو مەمەدحەسار، بەڵام هێندە شەکەتن بڕستیان لەبەر بڕاوە، ڕووەو چاڵو کەندڕێکی پڕبەرد تلدەبنەوەو بەسنگەخشێ دەڕۆنو بەهەورازەکان سەردەکەون، تاوەکو بگەنە بناری چیای (بۆخرسان) گوێیان لە دەنگی گرۆپێکە سروودو ئاوازی ئایینی دەخوێنن، دەترسن تیابچن، وەك بیستوویانە (هێزەکانی مەمەد حەسار مرۆڤ ناکوژن، بەڵکو چاوانی دەردەهێننو زگی دەدڕنو زەکەری دەبڕن، زۆرجار سەری لێدەکەنەوە) (بۆخرسان چیایەکی سەیرە پڕنوكو چوکڵ ودندانی بەرئایینە) ڕووداوەکان بەشێوازێکی هارمۆنیو گرێچنێکی وردو دوور لەپچڕان بەیەکەوە پەیوەست دەکرێن، ئاڵ موراد کەنعان دوای تەقاندنی فیشەکەکە تفەنگەکەی فرێدەداو ڕادەکاو پاشان بەرەو قەیسەرییەکانی غەفاریيو گوزەری قەسابو سەروپێ فرۆشەکان شۆڕدەبێتەوە، لەماڵی (مامەی دایە) چەندڕۆژێ دەحەسێتەوە لە ئێزگەوە دەبیسێ فەرماندار (عەبدلسەلامی ماروفی) پێکراوەو مردووە، ئاخر ئاڵ موراد لەلای تیپێکی تایبەتی سەر بە ڕەزمئارای قەرەقازانی مەشقو ڕاهێنانی قەناسو قەناسکاری ئەنجامداوە، دوای چەند ڕۆژێك خۆی دەگەیەنێتە (ئەرسەلان موفتی)، ئال موراد دەزانێ ئەرسەلان ڕقی لە سەی ئەسڵان دەبێتەوە، ئیتر لەم کەشە دژوارە کە هەزاران باغەوان بەدوای ئال موراددەوەن دەسگیرییبکەن، ئەرسەلان پێی دەڵی ئاڵ موراد تۆ پڕۆفیسۆر بەهنام دەناسی دەڵێ من تەنها بۆقبۆقیلەو بەرازەڕەشو فازیڵی سەلە ئەفغانی دەناسم، بەهنام کێیە؟ ئەرسەلان دەتوانێ لەڕێگەی دکتۆر سوعادەوە ئەو دکتۆرەی کاتی خۆی دووجار لەنیوەشەودا تەلەفۆنی بۆ رێنوارکرد، لەسەر ڕاسوپاردەی پڕۆفیسۆر بەهنام، ئال موراد ڕادەستی قاچاغچیەکی بستەباڵا دەکرێت، تاوەکو بیگەیەنێتە مەمەد حەسار بە مەرجێ کتێبی

دانیالو نامەیەکی داخراوی بەهنام بگەیەنێتە (چاپخانەی ئیعتیماد)و بگات بە دەستی پرۆفیسۆر (قاسم شابەندەر) لەوێ لەنزیك چیای بۆخرسانو لەدەمی ئەشکەوتێکەوە دەنگی یەکێك دەبیسن بەزمانی دێلاواری دەدوێت، تومەز ئاڵ موراد کەنعانەو لەگەڵ (یاقووبی قەموور)ی قاچاغچی کە لە ڕێگادا پێکراوەو ئاڵ موراد بۆ نێو ئەشکەوتەکە هێناویەتی، یاقووب لە گیانەڵادایەو دوای یەکتر ناسینی لەگەڵ ڕێنوارو زەهاو، یاقووب سەردەنێتەوە، لەگەڵ ئاڵ موراد بەیەکەوە تەرمەکەی لەوێ دەنێژن، ئاڵ موراد دەڵێ ئێستا لە دێلاوار هەموو شتێك کەوتۆتە دەستی سەی ئەسڵانو قەرەقازانییەکان، ڕێنوار دەڵێ (من خۆم وەك مستەر گرینۆك بە ئاڵ موراد نەناساند. لەبری ناوی خۆم گووتم من (زەریا وارییەکی خەونبین)م کەسێکم توانایەکی شەیتانیم تێدایە، خەونی ئەوانیتر ببینم،.....هتد هەستمکرد نەدەزانێت باسی چی دەکەم، نە تێدەگات مەبەستم لە بینینی خەونی ئەوانیتر چییە) ئیتر کۆڵەپشتەکەی یاقووب هەڵدەگرن بە سێیان بەرەو مەمەد حەسار بەڕێ دەکەون.

(٩)

دەکرێ ئەم بەشەی ڕۆمانی هەورەکانی دانیالو بەشەکانی دوای ئەمەش بە ئیقاعو ستایلی دەقی (وێرانە خاك)ی ت،س، ئیلیەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەبەرئەوەی تیایدا هەم شوێن زاڵە هەم ئاسەوارەکانی تراژیدیای جەنگ، هاوکات مانەندی بەشەکانی پێشوو لێوانلێوە لەڕستەگەلێکی شیعریی، ڕێنوارو زەهاوو ئاڵ موراد کەنعان کە لە ترۆپکی (یائیمام)ەوە دەڕوانن شاری گەورەی مەمەدحەسار لەبەر چاویان دەڵێی چراخانەو ملیۆنەها گڵۆپ پێکەوە دەسووتێن ئاڵ موراد وتی (ڕەنگە ئەمە گەورەترین شاری دنیابیت) (لەشوێنی خۆمانەوە لەترۆپکی یائیمام نەماندەتوانی ئەوسەری ئەم زەریای تیشکە ببینین).

شەو ڕووی لە درەنگی بوو گەیشتینە کووچەوکۆڵانە تاریکەکانی مەمەد حەسار، ڕێنوار وتی لە یەکەم شەقامی شاردا ئاسەوارەکانی شەڕم بینی لافیتەی جەنگو دروشمی گەورەو وێنەی سەرانێك کە نەمدەناسین، ئێمە سێ کەسی شەکەتو بێبرستو چڵکن بووین، شێوەو ڕووخسارو زمانمان جیا، زەهاو لە ساڵانی قاچاغچێتیدا سەروکاری لەگەڵ قاچاغچییەکانی مەمەد حەساردا هەبووەو تۆزێ زمانی ئەوانی دەزانیو بڕێ پارەی ئەوانیشی پێبوو، شار بۆنی شەڕانگێزی لێدەهات، سەیرە ئەم شارە گەورەیە دەیەوێ شارۆچکەی تر هەڵلووشێ، کاتمان نەبوو لە باڵەخانەو تەلاری شار بنوارین تاکسییەکمان

ڕاگرت، ناونیشانی چاپخانەی ئیعتیمادی پڕۆفیسۆر قاسم شابەندەرماندا بە شۆفێرەکەو دوای سەعاتێ گەیشتینە شەقامی (حەبیبوڵای داغستانی)..

دوکانەکان داخرابوون، دەڕابەکان قفڵیان لێ درابوو،

چاپخانەکە بەرامبەر (دەروازەی فیردەوس) بوو

هەردووکمان لە ئۆفیسەکەوە بەژوور کەوتین

زەهاو لە دەرەوەی ئەپارتمانەکە مایەوە،ئۆفیسەکە بۆنی کتێبی چاپکراوی لێدەهات

(دەمویست بێ هیچ مۆڵەتێك، خۆم بدەم بەسەر قەنەفەکانداو دانیشم

بۆنی تازەی کتێب، بۆنی لاپەڕەی نوێ، کە تازە لەژێر میلی چاپ دێتەدەرێ)

پیاوە سەر ڕووتاوەکە وتی کێ ئێوەی ناردووە

ئێمە هاوڕیی پرۆفیسۆر بەهنامین ئەمانەتێکمان هێناوە

بۆ دکتۆر قاسم شابەندەر، هەورەکانی دانیال، ئەها پرۆفیسۆر بەهنام بریکان

تێکست لەم بەشەدا بەوردی لە کاریگەری چەمکی بۆنو بەرامە دەدوێت بۆنی کاغەز، بۆنی حەرف، بۆنی تیژی چاپخانەکە، بۆنی ئامێرەکان، بۆنی مەرەکەبی چاپ، لەم ماندووێتیو ترسەدا بۆنەکانی چاپخانەکە بەشێوەیەك ڕێنوار ئارامدەکاتەوە هەست ناکا لە مەمەد حەسارایە، بەڵکو واهەستدەکا لە سەرزەمینێکی جاویدانیە، لێرەدا عیشقی کاغەزو کتێبو چاپەمەنی کەلەڕێگەی کاریگەری بۆنەوە خۆی دەردەخا لە بنەڕەتدا ئاماژەیە بۆ کردەی خوێندنەوەو نووسین.

ڕێنوار لەسەرەتاوە گیرۆدەی خوێندنەوەو نوویسنە، لەم کەشی ئاژاوەو ژاوەژاوو جەنجاڵیو دژایەتییە، بۆ چرکەیەك دەسبەرداری خوێندنەوەو نووسنی خەونەکان نەبووە، خەونی خۆیو خەونی ئەوانەی کە دەچێتە نێو زەین ودەروونیانەوە، لە ژوورەکەی قاتی دووهەمی ماڵەکەیانەوەو تادەگاتە عیادەکەو سەنتەری دەروونیو بەتالیۆنەکەی کار، ئێستاش لێرە لە مەمەد حەسار لەگەڵ هێزە نائارامو ناوەکییەکەی خۆیا دەژی وبەردەوام ئەم دڵەڕاوکێ شاراوەیە بەرەو باڵابوونی زریەیو بیرکردنەوەی قووڵی دەباو لەڕێگەی خەونەوە ڕستێك دنیابینی ناوازەو جوان دەخاتەسەر کاغەزو تادێ دەفتەری خەونەکان بابەتگەلی زیاتر لەخۆدەگریو دوورنییە وەرگر بەوێنەی دەسنووسو ڕەشنووسو کرۆکی یەکەمی ڕۆمانێك لەدەفتەری خەونەکان بڕوانێت واتە رۆمان لەناو رۆمان، ئیتر چەمكو واتای بۆن تادێ زیاتر هەڵدەکشێو پەلدەهاوێتو بڕێجار بۆنی شاری مەدمەد حەسار بە بۆنی تووني چەند جۆرە بەهاراتێك دەچوێنرێت زۆر جاریش بە بۆنی مەرگو خوێن.

خانمە شاعیری ڕۆمانی
ڕوکساندرا چێسێریانو

ئا: جەمال پیرە

ڕوکساندرا میهایلا چێسیریانو خانمە شاعیرێکی ڕۆمانیە لە ١٧ی ئابی ساڵی ١٩٦٣ لەدایکبووە، ڕۆژنامەنووس‌و ئەکادیمیست‌و مێژوونووسی ئەدەبی‌و ڕەخنەگری سینەماییە، هاوکات ڕۆمان‌و کورتەچیرۆکیش دەنووسێت، لە زانکۆی Babeş-Bolyai (UBB) مامۆستایە‌و لە شاری کلۆج نابۆکا لە گۆڤاری Steaua نووسەرە.

چەندین کتێبی شیعری نووسیوە‌و بە وێناکردنی لیریکیانە بۆ ژنایەتی‌و ئیرۆتیکی ناوی دەرکردووە‌و لە وڵاتەکەیدا ستایشی ڕەخنەگرانی بەدەستهێناوە. زۆر لە کۆمێنتاران پێیانوایە لەژێر کاریگەری سوریالیزمدایە، وەك نموونەیەکی پۆستمۆدێرنێتی سەیر

دەکرێت. هەروەها لە دوو قەسیدەدا لەگەڵ شاعیری ئەمریکی لەدایکبووی رۆمانیا "ئەندرییە کۆدریسکۆ" هاوکار بووە، کە لە رێگەی ئالوگۆڕی ئیمەیڵەوە تەواو کراون.

زۆربەی توێژینەوەکانی باس لە کاریگەری رژێمی کۆمۆنیستی دەکەن بەسەر کۆمەڵگای رۆمانیدا، بەتایبەت مێژووی سەرکوتکاریی‌و تاوانکاریی. هەروەها بە نووسین‌و توێژینەوە دەربارەی لایەنە جیاوازەکانی مێژووی رۆمانیای دوای دەسەڵاتی کۆمۆنیستی بەشداری کردووە، بەهەمان شێوە دەربارەی رۆژنامەگەریی لە وڵاتەکەیدا نووسیووە.

ژیاننامە

روکساندرا چێسیریانو لە شاری کلۆج نابوکا لەدایك بووە، کچی نووسەر "دۆمیشیان تیۆدۆزیۆ چێسیریانو"و هاوسەرەکەی ئۆرۆرایە کە پیشەی مامۆستا بووە. چێسیریانو زانستی زمانی لە بەشی رۆمانی‌و ئیسپانی خوێندووە لە زانکۆی UBB، ساڵی ١٩٨٥ زانکۆی تەواو کردووە، دیپلۆمی بەدەستهێناوەو تێزەکەی دەربارەی کارەکانی شاعیر میهای ئیمینسکۆ بەناونیشانی "مەرگ‌و خەون‌و خەو لە کارەکانی میهای ئیمینسکۆ".

ساڵی ١٩٨٨ وەك مامۆستا دامەزراوەو وانەی زمانی رۆمانی‌و ئەدەبیاتەکەی لە دامەزراوە فێرکارییەکان لە Năsăudو Bistriţaو Avrig. پێشکەش کردووە.

ساڵی ١٩٨٩ ئەو ساڵەی شۆڕشی رۆمانی کۆتایی بە رژێمی کۆمۆنستی هێنان، چێسیریانو لە کۆج نابوکا لە بەشی دابەشکردنی فیلم لە ترانسلڤانیا کاری دەکرد. ساڵی ١٩٩٠ لە گۆڤاری فیلمیEcran نووسەر بووە، لە ساڵی دواتردا بوو بە بەشیك لە تیمی کاری Steaua لەساڵی ١٩٩٨ وەك رۆژنامەنووسێك لە Ziarul de Cluj کاری کردووە.

Ruxandra Cesereanu ساڵی ١٩٩٤ لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی UBB دەستبەکار بووە، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٠ چووە بۆ بەشی رۆژنامەگەریی لە کۆلیژی زانستە سیاسیەکان، چەندین کورسی خوێندنی بۆ هاتووە، لەوانە ساڵی ١٩٩٢ زانکۆی ئەورووپای ناوەڕاست بۆ ماوەی یەك ساڵی کۆرسێکی خوێندنی لە پراگ وەرگرتووە، ساڵی ١٩٩٥ بەهەمان شێوە لە دامەزراوەی سوروس کۆرسی وەرگرتووە.

دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ساڵی ١٩٩٧ بەهۆی تێزەکەی دەربارەی کاریگەری چەوساندنەوەی کۆمۆنیزم بەسەر کەلتورو رۆشنبیریی رۆمانی (Infernul Concentraţionar reflectat in conştiinţa româneasceas، "The Inferno of the Prison System as Reflected in the Roman Consciousness")، چێسیریانو زەمالەیەکی خوێندنی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەرگرت لەنێوان ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٠ لە زانکۆی کۆلۆمبیا پەیمانگای هاریمان لە شاری نیویۆرك.

لە ساڵی ١٩٩٤ەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی رۆمانیایەو لە ساڵی ٢٠٠١ بووە بە ئەندامی یانەی PEN ی رۆمانی، هاوکات ئەندامە لە سەنتەری توێژینەوەی خەیال کە سەر بە زانکۆی UBBو دامەزراوەی Echinox Cultural Foundation چێسیریانو ساڵی ١٩٩٨ سەرەڕای کارەکەی وەك نووسەرو کۆمێنتار کورتە فیلمێکی دۆکیومێنتاریشی بەرهەمهێناوە بۆ لقی کلۆج نابوکای کەناڵی نیشتیمانی (Treisprezece biserici، "Thirteen Churches"، 1998)، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٠ زنجیرە پرۆگرامێکی تایبەت بە دیالۆگی رۆشنبیری لەهەمان کەناڵدا پێشکەش کردووە. لە شارەکەی خۆیدا دوو ئیڤێنتی رێکخستووە یەکێکیان کۆڕێکی شیعری لە ساڵی ١٩٩٨و پیشانگایەکی هونەری لە ساڵی ١٩٩٩. 1999 کتێبی کلۆج نابۆکا لە دوو بۆنەی جیاوازدا لە (١٩٩٤، ٢٠٠٥) خەڵاتی شیعری بەدەستهێناوە هەروەها لە ساڵانی ١٩٩٨و ٢٠٠١دا خەڵاتی Essay وەرگرتووە، لە بەشی وتراەکانی گۆڤاری Apostrof، بەهەمان شێوە ساڵی ٢٠٠٥ خەڵاتی رەشو خەڵاتی Club Prose بەدەستهێناوە.

چێسیریانو لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە لەگەڵ کۆرین پراگای راگری کۆلیژی ئەدەبیات لە زانکۆی کۆلۆمبیای بەریتانیدا هاوسەرگیریی کردووە. ئەو یەکێکە لە داهێنەرترین ژنانی رۆمانیای دوای شۆڕش.

ئەشکەوتەکە

رۆژێکیان بەناو ئەشکەوتی جەستەمدا هەڵشاخام
بێ ماڵ، قژەکەم بە تیرۆر بارگاویکرابوو
بەناو ئەو بیابانەدا رۆیشتم
تێیدا شێرە نووستووەکان وەك کلێسا کاتدراییەکان بەرامبەر بەیەکتر پاڵیانداوەتەوە

بڕبڕەی پشتیان گزنگی جەمسەرییە
دەمو چاویان وەستابوو
لەگەڵ لافاوێك لە ڵم،
تێیدا تەنها کۆچەرەکانی بیابان دەزانن بەفری نەرم بسوتێنن
لە ئەشکەوتی جەستەمدا گۆشەگیرێکم دۆزییەوە
مردوو، نەپوکاو، لەگەڵ ئەو دەستانەی کە لە نوێژکردندا
لەسەر سنگی دەبن بە ئاوێنە
دەستم لێیداو لەناو تۆزو غوبارو باروتدا هەناسەمدا
شێرەکان نەیانخواردبوو
هەڵۆکان ئێسقانەکانی ئەویان پاك نەکردبووەوە
مارەکان بەدەوریدا نەخوولابوونەوە
هیچ کەسێك نەیدەویست ئەو تەرمە بخوات کە هیچ بۆنێکی نەبوو
وەك کۆرپەیەکی پیر دانیشتبوو
سەیرم دەکرد وەك ئەوەی ژنێکی شێت، لەناومدا هاوار بکات
ئەوەی کە لە نێو ئەو شێرانەدا لەدایکبووە، خودا لە بیری کردوون
ئەوەی کە بتوانێ گوێی لێت بێت، لە بۆشاییدا دەڕووخێت
ئەوەی کە بتوانێ هەست بکات، تۆ وەك ئەو ژیلەمۆیەی لەناوەوەدا دەکوژێتەوە
ئەی رەبەنی ئەڵماسی زبر
سمێڵت ئێستایش زیاتر گەشە دەکات، تا دەگات بەبنی پێیەکانت
سمێڵی تۆ پێخەفی منە تا ئەو کاتەی لێرە گیرم خواردبێت،
یان ئەگەر هەرگیز نەڕۆم،
ئەو سمێڵەی کە دەبێتە جلی بوکێنی من، مردنی پاکیزەییم

سەرچاوە: دەقی شیعرەکە لەلایەن Gabi Reigh وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزیو لە سایتی https://modernpoetryintranslation.com/ بڵاوبووەتەوە، پوختەی ژیاننامەیەکەش لە چەند سایتێك کۆکراوەتەوە.

جیهانئارا خانمی پاوەیی‌و گوتاری ژنانەی کوردی

نووسینی: بەهار عەلیمورادی

پوختەی توێژینەوە:

ئەدەبیاتی کوردی لە بواری شیعری ژناندا، خاوەن پێگەو مێژوویەکی تایبەتەو مێژووی دەسپێکردنی شیعری ژنانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی سەرەتایی پاش ئیسلامو شیعری ژنانی یارسان، بە واتایەك لە لایەن ژنانی یارسانەوە، مێژووی شیعری ژنانی کورد دەست پێدەکات، هەڵبەت لەم ڕووەوە شیعری ئەو ژنانەش، درێژەی گوتاری پیاوانەو بە واتاییەك نزیك بە زمانی پیاوانەو دەکرێت وەك بەشێك لە ئەدەبیاتی پیاوسالارانەو مێژوویی نێرسالارانە پێناسە بکرێت. ئەم توێژینەوە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێت کە سەرەتای گوتاری ژنانەیی کوردی لە چ سەردەمێك‌و چ کەسێکەوە دەست پێدەکات‌و لەبنەڕەتدا مەبەست لە گوتاری ژنانە چییە؟

لە ڕوانگەی ئەم لێکۆڵێنەوەیە، نیوەی دووەمی سەرەتای سەدەی نۆزدە، سەرەتای دەسپێکردنی گوتاری ژنانەیی کوردی لە لایەن جیهانئارا خانمی پاوەییە، بوێری لە دەربڕینی خۆشەویستی، جیهانی ژنانە، لۆمەکردنی خۆشەویست، تاوانبارکردنی پیاو بە تینگەیشتن لە جیهانی ژنانەو ئاماژە کردن بە ئەندامو سۆزی قەدەغەکراوی ژنانە، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم گوتارەن، کە دەکرێت وەك یەکەم گوتاری ژنانەی کوردی پێناسە بکرێت.

وشە سەرەکییەکان :

جیهانئارا خانمی پاوەیی، سەدەی نۆزدە، گوتاری ژنانە، شەرەفەلمولك.

پێشەکی:

مێژووی ئەدەبیاتو بە تایبەت مێژووی شیعری ژنانی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارو پێنچی کۆچیو شاعیرانی ژنی یارسانی وەك دایە تەورێزی هەورامی، جەلالی خانمی لۆرستانی، ریحان خانمی لۆرستانی، فاتمە لۆڕی گۆرانو لزا خانمی جاف (بۆرەکەیی، ١٣٧٠: ٢٢٢-٧٧) کە لە سەدەکانی چوارو پێنچو شەشی کۆچی، شان بە شانی شاعیرانی پیاوی یارسان لە پێناو بانگەشەکردنی ئایینی یارسان، خەریکی چالاکی ئایینی بوون لە ڕێگەی شیعرەوە وەك تەنیا ڕێگەی پێوەندی لە گەڵ خەڵکداو بە واتایەکی دیکە، خەریکی بانگەشەی ئایینی بوونو لێرەوە زمانی شیعری ئەم ژنانە نزیك لە زمانی پیاوانەو بە دەگمەن هەست بە هەستی ژنانە لە شیعری ئەم شاعرانە دەکرێت. بۆ نموونەی ئەم شیعرەی جەلالە خانمی لۆڕستانی (٣٨٧)ی کۆچی.

مەستم جە بادەی رۆی ئەلەست تۆ وەسەن یەك جامێ مەی جە دەست تۆ
ئایینەی زێلم رۆشنەن چون مەی چەوبون بیەنم مەی پەرەست تۆ.....
(بۆرەکەیی، ١٣٧٠: ٢٢٢-٩٧)

دیارە گەر نێوی جەلالە خانمو زۆربەی شاعیرانی ژنی ئەو سەردەمە لە ژێر ئەم شیعرانە لابەیتو نێوی شاعیرێکی پیاوی سەدەی چوار تا شەشی لە سەر بنووسی کەمترین گۆمان لەوە دروست نابێت کە ئەم شیعرە پیاوێکی کوردی سەر بە ئایین یارسان هۆنیویەتیەوەو بە واتایەك شیعری ژنانی ئەو سەردەمە لە شیعری پیاوان جیا ناکرێتەوەو بە واتایەك ژنانیش لەژێر کاریگەری پیاوانو گوتاری پیاوانە شیعریان نووسیوەو تەنانەت

دواترو لە سەدەی سیانزەی کۆچی، شاعیری ناوداری کورد واتە مەستوورەی ئەردەڵانیش (١٢١٩-١٢٦٣) سەرەڕای هەوڵو دیاربوونی هەندێ تایبەتمەندی ژنانەش، بەڵام هەر لەژێر کاریگەری گوتاری زاڵی ئەو سەردەمەدا شیعریان نووسیووە.(ئەردەلان، مەستوورە،١٣٢٤: ٢٠-٨٠). بەم وەسفەوە ڕەنگە بکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت گوتاری ژنانەی شیعری کوردی لە سەدەی چواردەی کۆچیو بە دەستی جیهانئارا خانمی پاوەییەوە دەست پێدەکات کە دە سەدە پاش دەسپێکردنی شیعر لە لایەن ژنانی کوردەوەیەو بۆ یەکەمجار لەرێگەی شیعرەکانی جیهان ئارای خانمی پاوەییەوە ئێمە شایەتی دابڕان لە نەریتی شیعری ژنی کوردیو سەرەتای گوتارێکی نوێن، کە دەکرێت وەك گوتاری شیعری ژنانەی کوردی پێناسە بکرێت.

مەبەست لە گوتاری ژنانەی کوردی ئەوەیە کە ژنی کوردی لە بازنەو دەقێکی تەواو ژنانە، باس لە هەستی ژنانەی خۆی دەکاتو بە زمانی ژنانە وەك ژن قسە دەکاتو حگە لەوەی هەستی ژنانەی خۆی ناشارێتەوە، باس لە ئەندامی ژنانەو هەستەکانی دەکاتو دیارە باسکردنی ژن لە هەستی ژنانەو ئەندامی ژنانەو بە زمانی ژنانە سەرەتای دابڕان لە نەرێتو گوتارێکی سونەتی بووە کە تەنیا پیاو مافی باسکردنو ئامادەبوونی لەو گوتاردا هەبووەو لێرەوە دەکرێت باسکردنی جیهانئارا خانم لە ژن بوونو هەستی ژنانە بە زمانێکی تەواو ژنانە وەك سەرەتای گوتاری ژنانەی کوردی پێناسە بکرێت کە لە کاتی خۆیو بەپێی بەراورد بە گوتاری زاڵی پیاوسالارانەی ئەو سەردەمە، دابڕانێکی مێژوویی بووبێ لە گوتاری نەریتیو پیاوسالارانەو بەواتایەکی گشتیتر دابڕان بووبێ لە مێژووی نێرسالارانەی کوردی. ئەم لێکۆڵێنەوەیە دەیەوێت پاش ئاماژەدان بە پێشینەی باسکردن لە جیهان ئارا خانمو هەروەها میتۆدی باسەکە، ئاماژە بە چۆنیەتی ئامادەبوونی لە دەقو هەروەها گرنگترینو دیارترین تایبەتمەندییەکانی گوتاری ژنانەی جیهانئارا خانم بداتو گریمانەی

سەرەکی ئەم بابەتەش ئەوەیە کە سەرەتای گوتاری ژنانەی کوردیو دابڕان لە گوتاری داخراوی پیاوانە بە جیهانئارا خانمەوە دەست پێدەکات. لە ڕاستییدا ئەم گوتارە، هەوڵی بنەڕەتیە بۆ دەربازبوون لە کۆمەڵگەیەکی تارمایی لێداو بە واتایەك سەرەتای دابڕانە لە گوتاری باوو پیاوسالارانەو هەروەها مێژووی نێرسالارانەی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردو تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێش، لەم بابەتەدا ژنی کوردو بە تایبەت جیهانئارا خانم لە هەوڵ بۆ دابڕانو هەروەها دەربازبوون لە پەراوێزو ئامادەبوون لە دەقدا پێشەنگ بووە.

پێشینەی لێکۆڵینەوە:

سەبارەت بە شیعرو بەتایبەت ئەندێشەو گوتاری ژنانەی جیهانئارا خانم تا ئیستا لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ بە زمانی کوردی نەکراوەو نەنووسراوەو ئەو نووسراوانەی کە سەبارەت بە جیهانئارا خانم نووسراوە جیا لەهەندێ ئاماژەو دۆزێنەوەی شیعری لە لایەن کەسانی وەك محەمەد ڕەشید ئەمینیو محەمەد عەلی سولتانیو سەدیق بۆرەکەیی، دوو کتێب نووسراون، ئەوانیش زۆرتر هەوڵیان داوە پێناسەیەکی گشتی لە جیهانئارا خانم پێشکەش بکەن کە لێردەدا، ئاماژەیان پێ دەکرێت.

(صفریان،کامل و سجادی، زهرا(١٣٦٢) جیهان ئارا،سنندج، ئاراس)

ئەم کتێبە بە زمان فارسی نووسراوەو لە چەندین بەشدا ئاماژە بە هەندێ تایبەتمەندی جیهانئارا خانم وەك هەستی تایبەتی ژنانەی جیهان ئارا، خەیاڵو شێوازی دەربڕینو سوێندنامەکانی دەکاتو پێوایە یەکەم دەرکەوتنی زمانو دەنگی تایبەتی ژنانە لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە لایەن جیهانئارا خانمەوە دەست پێدەکات. (صفریان،کاملو سجادی، زهرا،١٣٦٢: ٣٥)و لەم ڕووەوە لەم کتیبەدا ئەم کارەی جیهانئارا خانم، بەراورد دەکریت بە ژنانی فارسەوەو نووسەرانی ئەم کتێبە پێیانوایە لەم بوارەدا جیهانئارا پێشەنگ بووە. نووسەرانی ئەم کتێبە هەوڵی زۆریان داوە هەندێ لایەنی شاراوەی ژیانو ئەندێشەی جیهانئارا خانم ڕوون بکەنەوە تا ڕادەیەکیش سەرکەوتووبوونە بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە کە لە سەر میتۆدێکی دیاریکراو نەنووسراوەو بێ میتۆدی تا ڕادەیەك ئاستی ئەم کتێبەی تووشی پرسیار کردوە، بەس ئەوەی کە بۆ یەکمجارو بە زمانی فارسی لە سەر زمانی ژنانەی جیهانئارا خانم نووسراوە شیاوی ڕێزو پێزانینە، بە

گشتی لەم کتێبەدا چەندین بۆشایی هەست پێدەکرێت کە لە ریزی ئەمانە، بەرجەستەنەکردنی گوتاری ژنانەو هەروەها تایبەتمەندییەکانی ئەم گوتارەن.

موورادی، عەدنان(١٣٩٧) دیوانوو جیهانئارا خانمیٚ پاوەیی، پاوە، ئارۆ

ئەم کتێبە بە زمانی کوردی هەورامی نووسراوەو لە بنەڕەتدا مەبەستی سەرەکی نووسەر کۆکردنەوەی شیعرەکانی جیهانئارا خانم بووەو هەوڵی داوە سەرجەمی شیعرەکانی بە یەکجار لەم دیوانەدا کۆ بکاتەوەو هەڵبەت جیا لە کۆکردنەوە، نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا هەوڵی داوە هەندێ هەڵە سەبارەت بە ژیانی جیهانئارا خانمو هەروەها سەردەمی جیهانئارا خانم ڕوون بکاتەوەو لەم هەوڵدا سەرکەوتوو بووەو دەکرێت لە پاڵ نووسراوەکەی کامیل سەفری وەك یەکەم هەنگاو بۆ ناسینیو ناساندنی ئەندێشەو شیعرەکانی جیهانئارا خانم پێناسە بکرێنو ئەم لێکۆڵینەوەی بەردەستان هەوڵێکە بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی بەشێکی زۆر گرنگو شیاوی تێڕامان لە شیعری ئەم شاعیرە پێشەنگەو بە واتایەك سەبارەت بە گوتاری ژنانەی جیهانئارا خانمی پاوەییە کە تا ئیستا هەوڵێکی بۆ نەدراوە.

میتۆدی لێکۆڵینەوە:

لەم لێکۆڵینەوەدا، هەوڵ دراوە لە تیۆری گوتارو هەروەها دەستەواژەی تارمایی لێدانی "دریدا"، کەڵك وەربگیرێت، میتۆدو شێوازی گوتار لەبەر ئەوەی خاوەن تایبەتمەندی وەك بەئەویترکردنو هەژمونیو هەروەها بەرجەستەکردنەوەو بەپەراوێزخستنە، بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی گوتارێکی نوێو هەوڵ بۆ پەراوێزخستنی گوتاریکی دیکە، شیاوی سەرنجو بە واتایەك بۆ توێژینەوەیەك کە پێویستی بە دیاریکردنی گوتارە، پێویستە بۆ باشتر تیگەیشتن لەوە گوتارە، کەڵکی لێ وەربگیرێت.

شیکاری گوتار خاوەن چەندین شێوازە کە تیۆری "لاکلائۆو مووفە" لەریزی بەناوبانگترینی ئەم شێوازەیەو بە پێ ئەم تیۆرە، لە گوتاردا مانا دەخولقێت، بەم مانایە کە گوتارەکان مانا بەبوون دەبەخشنو هیچ شتێکی مانادار لە دەرەوەی گوتار بوونی نیە.(سلگانی،1384:: 112)و لەم ڕێگەیەوە هەوڵ ئەدرێت چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەنگی

ژنانەو بەپەروایزخستنی دەنگی پیاوانە لە گوتاری ژنانەی جیهانئارا خانمی پاوەیی، ڕوون بکرێتەوە.

ژیان و سەردەمی جیهانئارا خانمی پاوەیی:

جیهانئارا خانم لە کۆتاییەکانی سەدەی سیانزە لە شاری پاوەو لە بنەماڵەیەکی خاوەن دەسەڵاتو خاوەن فەرهەنگ لە دایك دەبێت، بابی مەلا نەشئەتی پاوەیی کوڕی موفتی فاوجی بوو، کە جیا لەوە کەسێکی ناودار بوو، شاعیرێکی بەناوبانگی ئەو ناوچەیە بووەو لە دایکیشەوە سەر بە بنەماڵەی ناسراو واتە ماڵباتی مستۆفیانی پاوە بوو. (موراد‌ی، ١٣٩٧: ١-٣٠)

جیهانئارا خانم لە ساڵی ١٢٨٥، بە ماڵەوە کۆچ دەکەنە جوانرۆو بابی لە لای عەلی ئەکبەر خانی شەرەفەلمولك، حاکمی بەناوبانگی ئەو کاتەی جوانرۆ، سەرقاڵی کاری دیوانی دەبێت، شەرەفەڵمولك لە بنەماڵەی ئەردەڵانەو هەڵبەت دایکی خۆشکی مەلا نەشئەتەو لە بنەچەدا هاتنی بۆ جوانرۆو ئامادەبوونی لە دیواخانی شەرەفەلمولك، جیا لە خوێندەواری بە هۆی خزمایەتییەوە بووە کە توانی لای شەرەفەلمولك جێگەی خۆی بکاتەوە. (موراد‌ی، ١٣٩٧: ١-٣٠).

جیهانئارا خانم لە لای بابی خەریکی خوێندن دەبێو فێری فارسیو شیعر دەبێتو پاش مەرگی بابی شوو بە عەلی ئەکبەرخانی شەرەفولوك دەکاتو ژیانێکی گەرمو پڕ لە خۆشەویستی دەست پێدەکاتو هەڵبەت ئەم ژیانە پر لە حەزو خۆشەویستیەی جیهانئارا خانم درێژە ناکێشێتو لە ساڵی ١٢٩٨ بە فەرمانی ناسرەئایین شای قاجار، شەرەفولمولك دەچێتە تارانو ماوەیەك دەمێنێتەوەو دواتر لە ڕیگەی عەلائەودەولەوە، دەبێتە حاکمی ئەردەبیلو پاش یەك ساڵ، تڵاقنامە دەنێرێتەوە بۆ جیهانئارا خانمو دووبارە ڕوو دەکاتەوە تارانو نۆ نزیك بوونەوە لە دەسەڵاتو گەیشتن بە حکوومەتی ئەردەڵان، کچێکی بنەماڵەی قاجار دەخوازێت، بەڵام لە حکوومەتی سنە بێ ئومیدی دەکەنەوەو بە ئازارەوە دەگەڕێتەوە بۆ سنە.(صفریان،کاملو سجادی، زهرا، ١٣٦٢: ١-١٣)

جیهان ئارا، پاش شەرەفەلمولك، شوو بە حەبیبەڵڵا خانی باوەجانی دەکات، کە حاکمی ئەو کاتە، ناوچەی باوەجانیو خزمی خودی جیهانئارا خانم بووە. سەرەڕای ئەوەی ئیتر شەرەفەلمولك بەجێ دەهێڵێتو نامەی جیابوونەوەی بۆ دەنێرێتو تەنانەت دەبێتە خێزانی حەبیبەڵڵا خان، بەڵام هەر خەیاڵی لای شەرەفەولمولکەو هەر چاوەڕی هاتنەوەی دەبێتو ئەم حەزەی قەت ناشاریتەوەو عەشقی شەرەفەلمولك لە کاتی جیابوونەوە دەبێتە

هۆی سەرهەڵدانی یەکەم گوتاری ژنانە لە لایەن جیهانئارا خانمەوە کە سەرەڕای دۆخی سونەتی ئەو کاتەی ناوچەکەو قەدەغەبوونی دەربڕینی هەستی ژنانە بۆ پیاوێك، ئەویش لە کاتێکدا خێزانی پیاوێکی دەسەڵاتداری دیکەیە، هەستە ژنانەکانی ناشاریتەوەو ڕاشکاوانە دەریان دەبڕێت.

بەم وەسفەوە جیهانئارا خانم لە کۆمەڵگەیەکی تەواو نەریتی ئەو سەردەمەی ناوچەی هەورامان، ڕاشکاوانەو بوێرانە، دەنگی بەرز ئەکاتەوەو هەوڵ ئەدات لە گوتاری پیاوسالارانەو مێژووی نێرانەی ئەو کۆمەڵگەیە دەرباز بێت بۆ ئەوەی هەستو سۆزی ڕاستەقینەو ژنانەی خۆی باس بکاتو لەم ڕووەوە، وەك ژنێکی پڕ لە هەستو سۆزی خۆشەویستی، سۆزو عەشقی بۆ شەرەفەلمولك دەردەبڕێتو هیچ شتێك ناشارێتەوەو بیر لە گوتاری زاڵی ئەو سەردەمە ناکاتەوەو بۆ یەکەمجار بە دەنگو زمانی ژنانە، باس لە هەستی ژنانە دەکاتو هەوڵ ئەدات لە پەراوێزبوون خۆی رزگار بکاتو لە دەقدا ئامادە بێێتو لەم ڕووەوە یەکەم هەنگاو بۆ دەربازبوون لە گوتاری پیاوانە، واتە گوتاری زاڵی ئەو سەردەمە هەڵدەگرێتو ئەمجار لەزمانی ژنێکەوەو لە گوتارێکی ژنانەدا قسە لەسەر عەشقو خۆشەویستیو ئەندامی ژنانە بۆ پیاو دەکاتو بەم بۆنەیەوە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت یەکەم هەنگاو بۆ دەربازبوون لە گوتاری پیاوسالارانەی کۆمەڵگەی کوردی لە لایەن جیهانئارا خانمەوە هەڵدەگرێت.

١-لە پەڕاوێزە بۆ دەق:

تا خاس وێم نەکەم ڕسوای زەمانە — نەبۆن وە سەر ژان خوێشو بێگانە

تا شکست نەدەم وە شای جەوانیم — دنیا پڕ نەبۆ گشت جە بەدنامیم

تا مینای خاتر نەڕێژۆ وە گڵ شەرت بۆ مەیل تۆ بەرنەشۆ جە دڵ ....
بۆرەکەیی، ١٣٧٠: ٢٢٧

فەیلەسووفی فەرەنسی «دریدا» لە کتێبی تارماییەکانی مارکس، لە پێکهاتەی دوو چەمکی بووننناسیو تارمایی لێدان، دەستەواژەی بوون- تارمایی ناسی دەخولقێنێت، دەستەواژەیەك کە بە بانگهێشت کردنو کۆکردنەوەی رۆحو تارماییە بەپەراوێزخراوکان ئاماژە بە جیهانو دەقی زمان، ژیان، سیاسەت، کۆمەڵگاو مێژوودا دەکات، هانتۆلۆژیای دریدا، باس لە گەڕانەوەی هەستو بوونو شتە سەرکۆنەکراوەکان دەکات. (دریدا، ١٣٩٩: ١-٤٠) ئەو باسەی کەوا لێکچوونێکی سەیری لە گەڵ پرسی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەوەیە کە لە چ دەقو جیهانو کۆمەڵگەیەکدا، تارمایی بوونی هەیەو بوونو کام چەمكو ئینسانو رەگەزیی تارمایی لێداونو بە واتایەك تووشی تارمایی بوونە؟

دیارە بۆ ماوەیەکی درێژ لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردیو بگرە ئیستاش کە گوتاری زاڵی کۆمەڵگا، گوتاری نێرانە بووەو هەموو شتێكو لە ریزی ئەم شتانە، عەشق، شەڕ، خاوەنداریەتیو تڵاقو بازرگانی تایبەت بە پیاوان بووەو دیارە لەم چەشنە کۆمەڵگەیەدا جیا لەوەی ئەدەبیات نێرانە بوو، بە وتەی رەزا براهنی، تەنانەت مێژووش نێرانە بووەو دەکرێت مێژووی ئێمەی پێش تازەگەریش، وەك مێژووی نێرانە پێناسە بکرێت. (براهنی، ١٣٨٣: ٢٠-٩٠)

دیارە لە مێژووی نێرانەو ئەدەبیات نێرانەو کۆمەڵگەی پیاوسالارانەدا، وەك ئاماژەی پێکرا، ژن لە ریزی پەروایزخراوەکانو تارمایی لێداووەکان بووەو بەم بۆنەوە ئیتر حەزو ئاواتەکانی شاراوەبوونو مافی دەربڕینو باسکردنیان نەبوو. بەم وەسفەوە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت تا سەردەمی جیهانئارا، واتە تا سەدەی سیانزەی کۆچی، دەڕبڕێنی عەشقو حەزو خۆشەویستی تایبەت بە پیاوانو مافی پیاوان بووەو ژنان لە تارمایی دابوونو بەپەراوێز خرابوونو بۆ یەکەمجار، جیهانئارا خانمی پاوەیی، لە دنیاو نەریتی تارمایی لێداوی کۆمەڵگەی کوردی، هەوڵ بۆ دەربازبوون ئەداتو حەزو ئاواتو خۆشەویستی لە کۆمەڵگەیەکی تارمایی لێداو، بە دەنگێکی بەرز دەردەبڕێتو ئیتر ناتوانێ بیشارێتەوەو بە واتایەك بە پێویستی دەزانێت ئیتر نەشارێتەوەو دەنگی پەنگ خواردووی بەرزبکاتەوە بڵێ دەردو ئازاری عەشق ئەونده کارییە شیاوی شاردنەوە نیە:

ئاغەم کارییەن، ئاغەم کارییەن بیلا جە دووریت دەردم کارییەن
هەر شەو تا بە ڕۆ بێقەرارییەن کول بەڵای بەڕاست شینو زارییەن
ئەوەندە بێحەد تاسەی تۆم کەردەن دوودی هەناسەم جە فەرقو یەردەن.....
(جهان ئارا، ١٣٦٢: ١١٣)

بە واتاییەك ئەم شاردنەوەو هیجرانە، ئیتر ناکرێت درێژە بکێشیتو دەبێت بیر لە دابڕانو باسکردنو بە گوتارکردنو دەربازبوون لە پەروایز بکرێتەوەو ڕاشکاوانە باس لە ناخو دەروون بکرێت:

هیجران بار تۆم. هیجران بار تۆم یە چەندێ وەختەن هیجران بار تۆم
دەروون پڕ حەسرەت، گرفتار تۆم تەن خەستەی زەلیل هەم زامدار تۆم
ڕەنگ زەردو زایف، پەی دیدار تۆم لەب وشكو ڕەنجوور، دەردەدار تۆم
وێڵو هەراسان بەژنو باڵای تۆم شێتو شەیدای عەشق، کاڵای ئاڵای تۆم
لەیلێ هەی مەجنوون من مەجنوونی تۆم زلێخای یۆسف، هەر مەمنوونی تۆم
جە شیرین بەدتەر تەشنەی ئایین تۆم پەی تۆ گوڵتەندام، شەیدای مەدهۆشم
نەفەس مەنەن، نە یانەی قەفەس سیوای تۆ، دیدەم شاد نەبۆن وە کەس....
(جهان ئارا، ١٣٦٢: ٨١)

شیاوی ئاماژەیە جیهانئارا خانم جیا لەوەی خۆی لە دنیای تارمایی لێداوی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی رزگار دەکاتو دەنگ بەرزدەکاتەوە، بە زمانێکی تەواو ژنانە بە گژی گوتاری پیاوسالارانەی ئەدەبیاتی کوردی دەچێتو ڕاشکاوانە باس لە ماچو غەمزەو لارو لەنجەی وەك بەشێك لە قەدەغەکراوەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکاتو سەیر ئەوەی بانگ بەرز دەکاتەوە تا پیاوی کورد، هەست بە نازو لەنجەو غەمزەی ژنی کورد وەك بەشێك لە پێناسەو واقعی ژنی کورد بکاتو وەك خۆشەویستی نەك شەڕ پێناسەی بکات:

ئەگەر من جاری تۆم کەردەن ڕەنجە دەستوورەن ئانە پێش ماچان لەنجە
غەمزەو کریشمەو لەنجەو لارەی یار مەبۆ بکێشۆ، عاشق بە سەد بار
من نازم کەردەن تۆ ماچی جەنگەن جەنگ نییەن میرزام، ئانە گشت ڕەنگەن..

(جهان ئارا، ١٣٦٢: ١١٢-١١١)

جیهانئارا خانم، ئاگاداری دۆخی سونەتیو تارمایی لێداوی ئەو کاتەی کۆمەڵگەی کوردییەو وەك «بەدانو بەدکاران» پێناسەی دەکاتو پێوایە نابێت بایەخ بە «بەدکاران»و «گوتاری بەدکاران» بدرێت، چونکە ئەو گوتارە تەنیا جیاوازیو جیاکردنەوە ساز دەکاتو جگە لە تارمایی هیچ دەسکەوتێکی نیە، بۆیە پێشنیار دەکات قەت بایەخ بە بەدو بەدکاران نەدرێت :

مەگێرە نە گۆش واتەی بەدکارانبەدان، بەد ماچان نەبەین یاران

خەیاڵشان بەدەن، بەدان بەدگۆ جیایی مەوزان، بەینی منو تۆ...

(جهان ئارا، ١٣٦٢: ١١٢)

بەم وەسفەوە لە ئەدەبیاتی پیاوسالارانەو مێژووی نێرانەی کوردی، جیهانئارا خانم یەکەم هەوڵ بۆ دەبازبوونو بە واتایەك دابڕان لەو گوتارە نێرانە ئەداتو تارمایی لا ئەداتو لە پەراوێزەوە دێتە نێو دەقو ڕاشکاوانە ماف بە ژن ئەدات کە ئاواتو حەزی ئەویش لە ئاست حەزو هەستی پیاوانە بەرجەستە بکرێتەوەو گەرچی تا ئیستا تەنیا پیاو مافی هەبووە ئەو حەزە باس بکات، ئەوە مافی ژنیشە کە باس لەو حەزە بکاتو تەناتە ڕاشکاوانەتر باسی بکاتو بڵێت سەرجەمی ئەندامە ژنانەکەی من تایبەتی خۆشەویستەو بە دڵنیاییەوە ئاوەها بە ڕاشکاوانە باسکردنی ژنی کورد لە ئەندامی ژنانەو حەزو ئاواتەکانی، دابرانێکی تەواو ئینسانیو بوێرانەیە لەو گوتارە نێرسالارانەیەی کە پێویستی بە بەرزکردنەوەو بەرجەستەکردنەوەی هەبوو.

نەك واچی دەمباز قەوڵش بەتاڵەن قەسەم هەر بەو فەرد ئاگای کول حاڵەن

نە ساحێب باخم، نە ساحێب میوە بەخشەش، بنۆشەش، بنێشش پێوە

ئەر باخەن ئەر موڵك ئەر گەنجەن ئەر ماڵ دەخڵش هەر بە تۆن دارای کەمەر لاڵ

خاترت جەم بۆ، دڵ مەدەر وە دڵ پەی تۆ ڕازیان ئی باغچەی پڕ گوڵ

بێ تاقەت مەبە، شای خوسرەو مەقام بە وەسڵ شیرین، مەیاوی بە کام....

(جهان ئارا، ١٣٦٢: ٤٥)

٢-گوتاری ژنانەی جیهانئارا خانم:

بوێرانە باسکردن لە خۆشەویستو خۆشەویستی، لۆمەکردنی خۆشەویست، ئاماژەدان بە ئەندامی ژنانە، زمانی سۆزدارو ژنانە، قسەکردن لە زمانێکی تەواو ژنانە، بەرجەستەبوونی هەستی ژنانەو ئاماژەکردنی ڕاستەوخۆ بە ناوی خۆشەویست لە ریزی گرنگترینو دیارترین تایبەتمەندییەکانی گوتاری ژنانەی جیهانئارای خانمی پاوەیین کە لە بنەڕەتدا دەکرێت وەك سەرەتای سەرهەڵدانی گوتارێکی نوێ لە ئەدەبیاتی کوردی تەماشا بکریت کە لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بە هەندێ لە بەرجەستەترینی ئەو تایبەتمەندییانەی گوتاری ژنانەی جیهانئارا خانم دەکرێت.

٢-١-بوێری لە خۆشەویستیدا:

قەسەم هەر بەو شای فرد فریادڕەس　　سەوای تۆ کەسم نەزانان وەکەس

قەسەم هەر بەو شەرت ئیقرار جاران　　بە وەفای قەدیم گشت بەینەت داران

تا نەفەس مەنەن، نە یانەی قەفەس　　سیوای تۆ، دیەم شاد نەبۆن وەکەس.....

(جهان ئارا، ١٣٦٢: ٨١)

رەنگە بکرێت، بانگەشەی ئەوە بکرێت لە دەربڕینی سۆزو هەستو عەشقو خۆشەویستی لە ئەدەبیاتی کوردیو بە تایبەت لە ئەدەبیاتی ژنانی کورد، کەس بە قەت جیهانئارا خانمی پاوەیی بوێرو نەترس نەبووەو ئاوەها نەترسانە ئاماژەی بە خۆشەویستەکەی نەکردوە، ئەویش لەکاتێکدا لە خۆشەویستەکەی جیابووەتەوەو لە لای کەسێکی دیکەی دەسەڵاتدارە:

ئەوندە بێ حەد تاسەی تۆم کەردەن　　دوودی هەناسەم جە فەرق ویەردەن....

(جهان ئارا، ١٣٦٢: ٣٤)

جیا لە ئەوەی لە سەرجەمی شیعرەکانی ئەو بوێریە بەدی دەکرێت بەڵام ئەو نامانەی کەوا لە کاتی جیابوونەوەی لە خۆشەویستەکەی واتە شەرەفەولمولك، نووسیویەتی دەتوانێت پیشاندەری ئەوپەری بوێریو نەترسی لە ئەدەبیاتی ژنانی کورددا پێناسە بکرێن. (جهان ئارا، ١٣٦٢: ١٢١-١٢٣)

قیبلەم دەماخم، قیبلەم دەماخم　　نەمەنەن، نیەن بەرزی دەماخم

دوور جە تۆ پەردەی دەروون داخ داخم　　زەنجیر تەقدیر کەردەن یاساخم

هۆشم هەراسان، باسەی ساف تۆن　　خەیاڵم دایم، تەلگراف تۆن

حەواسم جە سەر تەفرقەی ڕای تۆن　　زیندەگیو مەرگم ئاماو لوای تۆن...

(جهان ئارا، ١٣٦٢: ١٢٦)

کەواتە بە خوێندنەوەی شیعرەکانی جیهانئارا خانم وەك گوتارو دیسکۆرسی جیهانئارا بۆمان دەردەکەوێت کە بوێری لە دەبڕێنی عەشقو هەستو ئازارەکانی، یەك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی گوتارت جیهانئارا خانمی پاوەییە.

٢-٢-ئاماژە کردن بە ئەندامو سۆزی قەدەغەکراوی ژنانە:

ئیرادەم کەردەن قیبلەم ئەر تۆ بەی　　کەرووت پایەنداز نەیو مەیو حەی.....

(صفریان،کاملو سجادی، زهرا، ١٣٦٢: ٤٥)

ڕەنگە بکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت جیا لەوەی ئەم شیعرەو بە تایبەت ئەم بەیتەی سەرەوەی جیهانئارا خانم لەریزی بوێرترین بەیتەکانی ئەدەبیاتی کوردییە لە پرسی عەشقو سۆزو خۆشەویستی، لەبواری ئاماژەدان بە ئەندامی ژنانەو بە واتایەك ئەندامە قەدەغەکراوەکانی ژن، ئەوپەری تازەگەریو بوێرینو دەتوانێت گوزارشت لە سەرهەڵدانی گوتارێکی نوێ لە ئەدەبیاتی کوردیدا بکات، ئەو گوتارەی کە دەیەوێت ژن باس لە ژنایەتیو ئەندامی ژنانەی خۆی بکات. جیهانئارا خانم لە سەردەمێکی سونەتیو کۆمەڵگایەکی تەواو نەریتیو لە لای کەسیکی دیکە ئاوا باس لە ئەندامی ژنانەی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی دەکاتو ڕاشکاوانە بانگ بەرز دەکاتەوە کە ئیرادەی ئەوەی هەیە ئەگەر خۆشەویستەکەی بێت «نەیو مەیو حەی» واتە سەرجەمی ئەندامی ژنانەی پێشکەشی دەکاتو لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت چی شتی ژنانەو پڕ لە هەستو جوانیم هەیە هەمووی پێشکەشی خۆشەویستی دەکەمو بە دڵنیاییەوە بە سوودمەندبوون لە ئەندامەکانم، خۆشەویستەکەم تەواو ئەحسێتەوەو چی ماندوویەتی هەیە پاش باوەشو بەهرەبردن لە باخی ڕازاوەم دەگاتە «کام»و بەختەوەریی.

نە ساحێب باخم، نە ساحێب میوە　　بەخشەش، بنۆشەش، بنێشش پێوە

ئەر باخەن ئەر مولك ئەر گەنجەن ئەر ماڵ　　دەخڵش هەر بە تۆن دارای کەمەر لاڵ

خاترت جەم بۆ، دڵ مەدەر وە دڵ　　پەی تۆ ڕازیان ئی باغچەی پڕ گوڵ

بێ تاقەت مەبە، شای خوسرەو مەقام		بە وەسڵ شیرین، مەیاوی بە کام...
(جهان ئارا، ١٣٦٢: ٤٥)

لێرەوە دەکرێت باس لەوە بکرێت کە ئاماژەدانی ڕاشکاوانە بە ئەندامی ژنانەو باس لە باخی ڕازاوەی ژنانەو گەیشتن بە کامی ژنانە، لەریزی دیارترین تایبەتمەندییەکانی گوتاری ژنانەی جیهانئارا خانمی پاوەییە.

٣-٢- لۆمەکردنی خۆشەویستو تاوانبارکردنی بە تینگەیشتن لە جیهانی ژنانە:

تا کەی بنووشو زوخ زام جەرگ		تا کەی بواچوو ئەی خوا سا مەرگ
ئەرێ بێخەبەر، بێباك جە ئەحواڵ		ئەرێ تیرئەنداز وە ڕووی دانەی لاڵ
ئەرێ بێ ئینساف بێ ئەندێش جە کەس		ئەرێ ساحب زۆر، جە خودا نەتەرس...
(جهان ئارا، ١٣٦٢: ٥٠)

گازندەکردن لە کەم وەفایی، بێوەفایی، بێ پەیمانی، کەم شەرتیو کەم پەیمانی مەعشووقو خۆشەویست لە ئەدەبیاتی کوردییدا بەردەوام لەلایەن ڕەگەزی پیاوەوە ئاراستەی ڕەگەزی ژن کراوەو تاوانبار بە کەم شەرتیو بێ وەفایی کراوەو بۆ یەکەمجار لە لایەن جیهانئارا خانمی پاوەییەوە، جیا لەوەی گازندە لە بێ وەفایی، بێ پەیمانی، کەم شەرتیو کەم پەیمانی خۆشەویستی پیاو دەکات، وەك «بێخەبەر، بێباك جە ئەحواڵ، تیرئەنداز، بێ ئینساف، بێ ئەندێش، ساحب زۆر، جە خودا نەتەرس، بێڕەحم، وڵات چەپاو کەرو حاڵ نەزان پێناسەی دەکات.

ئەرێ بێخەبەر، بێباك جە ئەحواڵ		ئەرێ تیرئەنداز وە ڕووی دانەی لاڵ
ئەرێ بێ ئینساف بێ ئەندێش جە کەس		ئەرێ ساحب زۆر، جە خودا نەتەرس
ئەرێ بێڕەحم، وڵات چەپاو کەر		ئەرێ تەریدەی، سەرملەی خەتەر
ئەرێ شەو بێدار شەوان جە زوڵمات		ئەرێ ئەقلیم گیر پەی چەشمەی حەیات
ئەرێ حاڵ نەزان دوور جە سەفاو مەیل		ئەرێ شەڕفرۆش هوونی قەتڵ لەیل....
(جهان ئارا، ١٣٦٢: ٥٠)

کەواتە بۆ یەکمجار ئاوەها کە ژنی کورد لە پەراوێزەوە دێتە نێو دەق، بەو زمانە خۆشەویستی پیاو لۆمەو تاوانباری دەکاتو تەنانەت پێ دەڵێت جیا لەوەی بێ پەیمانیو

"بێباك‌و بێڕەحم، وڵات چەپاو کەر"ی، مانای خۆشەویستی‌و عەشق نازانی‌و ئەوەی تۆ وەك شەڕ پێناسەی دەکات ئەوە شەڕ نیە، بەڵکو غەمزەو کریشمەو ئەوپەڕی خۆشەویستیە:

غەمزەو کریشمەو لەنجەو لارەی یار مەبۆ بکێشۆ، عاشق بە سەد بار

من نازم کەردەن تۆ ماچی جەنگەن جەنگ نییەن میرزام، ئانە گشت ڕەنگەن

(جهان ئارا، ١٣٦٢: ١١٢-١١١)

لێرەدا جیا لەوەی گوتارەکەی دەقۆزێتەوە بۆ گوتارێکی ژنانەوەو باس لە بێ وەفایی‌و کەم وەفایی پیاوانی کورد دەکات‌و لۆمەیان دەکات کە بێباك‌و بێڕەحم‌و چەپاو کەری وڵاتی ژنانن تەناتەت بەوە تاوانباریان دەکات کە مانای خۆشەویستی‌و غەمزەو نازی ژنانە نازانن‌و وەك جەنگ پێناسەی دەکەن‌و بەم وەسفەوە لۆمەکردنی خۆشەویست‌و تاوانبارکردنی بە تینگەیشتن لە جیهانی ژنانە، تایبەتمەندییەکی دیکەی گوتاری ژنانەی جیهانئارا خانمی پاوەییە.

٤-٢-زمان‌و جیهانی ژنانە:

نە ساحێب باغم نە ساحێب میوە بەخشەش، بنووشەش، بنێەش پێوە

ئەر باخەن ئەر مۆڵك ئەر گەنجەن ئەر ماڵ دەخڵش هەر بە تۆن دارای کەمەر لاڵ

خاترت جەم بۆ، دڵ مەدەر وە دەڵ پێ تۆ رازیان ئی باغچەی پڕ گۆڵ....

(جهان ئارا، ١٣٦٢: ٤٥)

لە یەکەم هەنگاوی خوێندنەوەو وردبوونە لە زامن‌و دنیابینی جیهانئارا خانم، تێدەگەیت زمان‌و جیهانێك‌و دنیابینی تەواو ژنانەیەو بە واتایەك لە زمانی ژنانەوە قسە دەکات‌و باس لە دونیای ژنانە دەکات‌و بە هەست‌و سۆزو عەشق‌و ئازارەکانی بە زمانێکی تەواو ژنانە دەردەبڕێت:

خاترت جەم بۆ، دڵ مەدەرو دەڵ پەی تۆ رازیان ئی باغچەی پڕ گۆڵ

بێ تاقەت مەبە شای خوسرەو مەقام بە وەسڵ شیرین میاوی بە کام

غەرەز وە هەر نەوع کاری بسازین من‌و تۆ جە بێن من‌و تۆ نازین

ئەوسا وەشەن عەیش هەر شەو تا سەحەر خودا خوشنود بۆ، بەندە بێ خەتەر...

(جهان ئارا، ١٣٦٢: ٥٨)

ڕەنگە بکرێت ئەگەر باس لەوە بکرێت کەس پێش جیهانئارا خانم ئاوەها بە زمانی ژنانە، باسی لە هەستو دنیای خۆشەویستی ژنانە نەکردوە هەڵە نەبێت:

دیدەم غەیر جە تۆ باڵادەس نییەن — مەیلم ئامێتەی مەیل کەس نییەن
سەرێوەن نە ڕات توفەیلم کەردەن — سەوگەند هەر ئەوەن پەری تۆم وەردەن
قەسەم هەر بەو شەرت ئیقرار جاران — بەو وەفای قەدیم گشت بەینەتداران
تا نەفەس مەنەن، نە یانەی قەفەس — سیوای تۆ، دیدەم شاد نەبۆن وە کەس
تا خاس وێم نەکەم ڕسوای زەمانە — نەبۆن وە سەر ژان خوێشو بێگانە
تا شکست نەدەم وە شای جەوانیم — دنیا پڕ نەبۆ گشت جە بەدنامیم....

(جهان ئارا، ١٣٦٢: ٨١)

لەم ڕووەوە واتە باسکردن لە دونیای ژنو بە زمانێکی تەواو ژنانەو لە دەلاقەی ژنێکەوە کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە پەراوێزدابووەو مافی باسکردن لە هەستو سۆزی ژنانەی نەبووەو بۆ یەکەمجار لەم گوتارە دادەبرێتو وەك ژنو بە زمانی ژنانە، باس لە دونیای ژنانەی بەشێك لە کۆمەڵگەی ژنانەی کوردی دەکات، ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیکەی گوتاری ژنانەی جیهانئارای خانمی پاوەییە کە گوزارشت لە گوتارێکی نوێ لە ئەدەبیاتی ژنانەی کوردی دەکات.

ئەنجام:

تا سەدەی سیانزەی کۆچی واتە سەردەمی جیهانئاراو بگرە دواتریش، دەربڕینی عەشقو حەزو خۆشەویستی، تەنیا تایبەتی پیاوانو مافی ئەوان بووەو بەم بۆنەیەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، گوتاری زاڵی کۆمەڵگا، گوتاری پیاوسالارانە بووەو لەم گوتارەدا، عەشق، خۆشەویستی، شەڕ، بازرگانیو سەرجەمی ئەو شتانەی کە گوزارشت لە دەسەڵاتو بە سوژەبوون دەکات، هەموویان تایبەتی دنیای پیاوانو شیاوی ئەوان بووەو دیارە لەم چەشنە کۆمەڵگەیەدا جیا لەوەی ئەدەبیات پیاوانە بووە، تەنانەت مێژووش نێرانە بووەو لەبەرامبەردا، ژنان لە دنیایەکی پڕ لە تارماییدا دەژیانو تەواو بەپەراوێز خرابوون.

لە کۆمەڵگەی پیاوسالارانەو خاوەن مێژووی نێرانەی کوردی، بۆ یەکەمجار، جیهانئارا خانمی پاوەیی، یەکەم هەوڵی بۆ دەربازبوون خستە گڕو حەزو ئاواتو خۆشەویستی ژنانەی خۆی، بەرزکردوەو بە پێویستی زانی چیتر نەیشارێتەوەو دەنگی

پەنگ خواردووی خۆیو ژنانی کۆمەڵگاکەی، بەرزبکاتەوە، کەواتە سەرەتای سەدەی سیانزەی کۆچی، سەرەتای سەرهەڵدانی یەکەم گوتاری ژنانەی کوردییە کە گوزارشت لە دابڕان لەگوتاری نەریتی پێشووە، هەروەها هەوڵێکە بۆ دەربازبوون لە کۆمەڵگەو مێژوویەکی نێرانە. لەم ڕووەوە ئیتر یەکەم گوتاری ژنانەی کوردی لەسەر دەستی جیهانئارا خانمی پاوەیی سەریهەڵدا کە گوزارشت لە حەزو ئاواتەکانی دنیای خۆشەویستی ژنانی کورد دەکاتو بە تەواوەتی پێچەوانەی گوتاری خۆشەویستی پێشوو، واتە گوتاری پیاوسالارانەی کوردییە.

بوێری لە خۆشەویستیدا، زمان، ژنانە، جیهانی ژنانە، لۆمەکردنی خۆشەویستو تاوانبارکردنی پیاو بە تینگەیشتن لە جیهانی ژنانەو ئاماژە کردن بە ئەندامو سۆزی قەدەغەکراوی ژنان، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم گوتارەن، واتە گوتاری ژنانەی جیهان ئارا خانمی پاوەییە کە دەکرێت وەك سەرەتای سەرهەڵدانی گوتاری ژنانەی کوردی پێناسە بکرێت.

سەرچاوەکان:

کوردی:

-بۆرەکەیی، سەدیق(١٣٧٠) مێژووی ویژەی کوردی، تەورێز، چهر
-ئەردەڵان، مەستوورە(١٣٢٤) دیوان ماه شرف خانم کردستانی، به اهتمام معرفت، سنندج.
-ئەمینی، محەمەد ڕەشید (٢٠١٢) کەشکۆڵی هەورامان، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەوارمان.
-موراد‌ی، عەدنان(١٣٩٧) دیوانو جیهانئارا خانمیٚ پاوەیی، پاوە، ئارۆ

فارسی:

-براهنی، رچا(١٣٩٣) تاریخ مذکر،تهران، نگاه.
-جهان ئرا خانم(١٣٦٢) صفریان،کاملو سجادی، زهرا(١٣٦٢) جهان آرا، سنندج، ئاراس.
-دریدا(١٣٩٩) اشباح مارکس، ترجمه ندای آزادي،؟
-چمیران، محمد(١٣٨٦) دریدا، ژاكو متافیزیك حضور،هرمس.
-سلطاني، محمد علی(١٣٦٤) حدیقه سلطاني، ج اول، تهران، بی نام.
-سلطاني، محمد علی (1384) قدرت، گفتمانو زبان، تهران، نی.
-کلانتری، عبدالحسین (١٣٩١) گفتمان از سه منظر زبان شناختی، فلسفیو جامعەشناختی، تهران، انتشارات جامعەشناسان.
-صفریان،کاملو سجادی، زهرا(١٣٦٢) جهان آرا،سنندج، ئاراس.

فەرەنجی پۆش

سۆراغی شەهیدبوون و کۆدەکانی جاویدانی

لای حۆری غەمیان

لێکۆڵینەوە: ئەنوەر حسێن (بازگر)

ساڵانی ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەسعەدی غەمیان ناسراو بە (ئارام) پێشمەرگەیەکی ئازاو فیداکاری کۆمەڵە بوو، ئەو لە ژیانی پێش پێشمەرگایەتیدا، نموونەی مرۆڤێکی میهرەبان و یەکسانیخواز بوو، حۆری خوشکە بچکۆلەکەی زۆر لە ژێر کاریگەریی کەسایەتی گەورەی ئەسعەددا بوو. حۆری دوای ماوەیەکی درێژی دابڕان لە ئەسعەد، بڕیاری دا، بێت بۆ لای و سەردانێکی بکات، بە هەر دەردیسەریەك بوو گەیشتە ناوچە ئازادکراوەکان، مەخابن تا حۆریە گەیشت،

ئەسعەد لە ڕووبەڕووبونەوەیەکی سەختو نابەرابەردا، دوای تۆمارکردنی داستانێکی قارەمانانە گیانی لە دەستداو درێژەی ڕێگاکەی بە ئێمەومانان سوپارد!

ئەسعەدی غەمیان (ئارام) یەکێك بوو لە فەرماندەی واحدێك لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، شەوی (1363/4/27) هەتاوی بەرامبەر (1984/7/18) زاینی لە کاتی شکاندنی کەمینێك لە پایەگای ئارمردەی بانە گیانی بەخت کرد.

حۆریە بۆ سەردانی هاتبوو، بەڵام ئەو تەرمە بێگیانەکەی لە ئامێز گرت! ئازاری لەدەستدانی بۆ یەکەم جارو دوا جار ئەو تێکستە جوانەی بەرهەم هێنا کە مێژووی ئەدەبیاتی شۆڕشگێرانەی ئێمە شانازی پێوە دەکاتو وەك دەقێکی ئەدەبی بەرز تۆماری کردوە.

فەرەنجی پۆش

فەرنجی پۆش کەڵپۆس لە کـــــۆڵ
بـۆ تـــۆ گـەڕاوم دۆڵ بـــــــە دۆڵ
هەرداو هەردم کرد دەشتو کـــۆ
نامـــە ژێـــر پـــێ گـەڕام بۆ تـــــۆ
لە دارســـتان لـــە کـــانـــیو ئـــاو
لە گشـــت لا تـــۆم هاتە بـــەرچـــاو
گرتم شـــوێنی هـــەنـــگـــاوەکـــەت
پرســـیـــم ســـۆراغی چـــــاوەکـــــەت
پرسیـــم لە گـــوڵ لە خونچـە گـــوڵ
گـــــــژو گـــیا مێـــــخەكو سـمـــڵ
شـەوبـۆو سۆســـەنو چـــــنـــــوور
لە گوڵە شیـــلانی زەردو ســـــــوور
گرتم ســـــــــۆراغـــــی بـــۆنی تـــــــۆ
شەیدا بووم کەوتمە شوێنی تـــــــۆ
گەرچی نەمئایین، دڵ هەر کوێ چوو
دیمەنی تـۆی لە بەرچـــاو بـــــــوو
دەشتـــــی ســـــاڕاڵو خـــــۆڕ خـــۆڕە

لە نـــــــاوی پـــــــیـــــرۆزت پـــــــڕە
چـــــــەم شـــــار ســـــنە تـــــا ژاوەرۆ
گشـــــــت بە داخـــن بۆ کۆچـی تـــۆ
بێ ئـــــــــۆقرەم لـــــێم بڕا ئـــارام
بیســـــــــتم تـــــۆ نەماوی بـــــەڵام
چونکە ڕێـــگات ڕێـــی خەبات بـــــوو
سەربـــەرزی بوو بۆ نـــەجات بـــــــوو
دەبـــێ بـــزەم بـــــــێ لـــــە لێـــوان
بەرز بـــــــم وەکوو لوتـــکەی کـــێوان
کێوانـــــــــــی کوردســـــتـــانەکـــــەم
جێـــــگای تۆ کـــــاکە جوانـــەکـــــەم
تۆ نـــــــــەمردوی لە نـــاو دڵـــمـــــــی
خوێـــــــنی هەنـــــــاوی بە کوڵمـــــــــی
لە دەمـــــارما دێـــیـــــــــتو دەڕۆی
هـــــــــــێـــزی دڵو گـــیانم ئەتۆیـــی
هەتـــــــاکوو وام بـــــــــەم دنـــیـــاوە
یـــادەکـــــــــــەت ڕوونـــــاکی چـــــاوە
ئامانجـــــــــت ئامانـــــــجمـــە ئـــارام
ڕێگات ڕێـــــــــــگامە دڵنـــــــیـــــــام

ڕەنگدانەوەی ئارمان، ئامانجی ئینسانی لەشیعری فەرەنجی پۆشی حۆری غەمیاندا:

حۆری غەمیان وەکوو ژنێکی تێکۆشەر لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕاستییەك هەیە کە (فەرەنجی پۆش) شیعری حۆری غەمیانە، لە دیدارێکدا کە من سازم کردوەو یەکەم جارە لە میدیای کوردی ئەم چاوپێکەوتنە کرا بێت، باسی شیعری (فەرەنجی پۆش) دەکات. بە ڕای من:

یەکەم: ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی ئەدەبیاتی کوردی.

دووەم: گۆرانی ئەم شیعرە کە ساڵی (1985) لە کاسێتی نەورۆزانەی نەجمەئایینی غوڵامی بڵاو بوەتەوە، زۆربەی خەڵك پێیان وا بوو، کە ئەم گۆرانییە بۆ شەهید ئارام

(شاسوار جەلال)، لە ڕێبەرانی گیانبەختکردووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی باشووری کوردستان گوتراوە. لە ڕاستیدا ئەم بەرهەمە، شیعرەکەو گۆرانییەکەشی بۆ شەهید ئارام نەگوتراوە، ئەم شیعرە، حۆری غەمیان بۆ ئەسعەدی غەمیان (ئارام)ی برای نووسیویەتی.

حۆری غەمیان سەبارەت بەم شیعرە دەڵێت: فەرەنجی پۆش بەرهەمی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، باسی خوشکێك دەکات کە مەدالیای شەهیدبوونی برا پێشمەرگەکەی پێ گەیشتوە، دەڵێت: دوای ماوەیەك لە بێهەواڵیو نەبوونی دەنگوباسی، ئەسعەدی برام پەیامێکی نارد بۆ ئەوەی بڕۆم ببینم. دەمویست لایتێك، ئەو شیرینییانەی کە ئارام حەزی لێی بوو، لەگەڵ فەرەنجییەکی نوێو کەواو پانتۆڵێکی دووراوی تازەو ئەو پووزەوانانەیش کە دایکم بۆی چنیبوو بۆی ببەم، بەڵام کاتێك کە گەیشتم هەواڵی شەهیدبوونی (ئارام)م بیست. پاش گەڕانەوەم لە سەر گۆڕی بێناونیشانی شەهید ئارام، (فەرەنجی پۆش) لە دایك بوو. بە هۆی ئەوەی کوردییەکم باش نەبوو، هاوڕێیەکم پێداچوونەوەی بەو شیعرەدا کردبوو کە ئێستا لە سەر زاری هەموانە. حۆری غەمیان دەڵێت: ئەو کاتەیش کە لە زیندان بوومو گوێم لە گۆرانییەکە بوو، پێیان دەگوتم: ئەم گۆرانییە قاچاخە، ڕەنگە سزای زیاترت بدەن، منیش گوتم: گوێ بەو قسانە نادەم، من ئێستایش لە سەر ئەم شتانە بەند کراوم. دەبێت بڵێم ئەو شیعرە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو. بە ڕای من هۆکارەکەی پێوەندیی بە ئەدەبیاتو بەرهەمی زیندوەوە هەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە پشت هەر دەق، چیرۆك، شیعرو فەنتازیاو ئەدەبێکەوە، دەبێت واقعییەتێك هەبێت کە بتوانێت ئەفراندن بێنێتە ئاراوە. هەر بەم هۆیە ئەم شیعرە بوو بە ئەدەبیاتێکی گەورەو شیعرێکی ناسراو. خودی نەجمەئاینی غوڵامیش هۆکارێکی گرینگە بۆ ناساندنی ئەم شیعرە، کە بە قووڵی چوەتە ناو فیکرو مێشکی خەڵکەوە. لە ئەدەبیاتی جیهانیشدا بەم شێوەیەیە، بۆ نموونە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی نزار قەبانی کە کازم زاهیر کردویەتی بە گۆرانی، دەنگدانەوەی زیاتری هەبوە. ئەمە بۆ کوردیش ڕاستە. بەڵام بە گشتی خاڵێکی گرینگ هەیە کە ڕەنگە زۆر باس نەکرابێتو پێویستی بە لێکۆڵینەوە بێت، ئەوەیە کە ئەسعەدی غەمیان (شەهید ئارام) لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە، کە حیزبێکی خاوەن جووڵانەوەیەکی ئینسانی، کرێکاریو زەحمەتکێش بووەو کاریگەرییەکی زۆری لە سەر کۆمەڵگا هەبوو، بەشداری ئەسعەدی غەمیان وەکوو پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەو شەهیدبوونیشی لەو ڕێگایە،

کاریگەریی کەلتوورو ئەدەبیاتی کۆمەڵەی لە سەر بووە. پێش ساڵی (1985) کە ئەم شیعرە نووسراوەو کراوە بە گۆرانی، کۆمەڵە لە بواری شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی ئەدەبیاتێکی تایبەت بووە. بۆ نموونە سوارە ئیلخانیزادە نزیکایەتی هەبووە لەگەڵ کۆمەڵە بەهۆی ئەوەی ئامۆزای عومەری ئیلخانیزادەیە، فاتیح شێخولئیسلامی (چاوە)، موسلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار)، ئەحمەد بازگر، حسێن شەبەق، حسێن میسری، وریا نازریو سەلاحەئایین موهتەدی کە خاوەنی چیرۆکی (کێ ڕچەی شکاند؟)ە، دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبووە، نموونەی شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە فۆرمی ئەدەبییەکەیان کاریگەری لە سەر کەسانێك وەکوو حۆری غەمیان داناوەو توانیویەتی ئەم شیعرە بڵێت، واتا:

یەکەم: جگە لەوەی کە ئەسعەد غەمیان وەکوو پێشمەرگەیەك شەهید بووە، لە هەمان کاتدا وەکوو کەسایەتییەکی زەحمەتکێشو کرێکار شەهید بووە.

دووەم: ئەم شیعرە لە ژێر کاریگەریی کەلتوورو ئەدەبیاتی بزووتنەوەیەکی کرێکاری، چەپو کۆمۆنیستی وەکوو کۆمەڵە لەو سەردەمەدا نووسراوە.

سێیەم: خودی فەزای بنەماڵەکەی حۆری، بارگاوی بوون بە ئەدەبیاتی چەپ، کرێکاریو کۆمەڵە. ئەسعەد غەمیانیش لەم ڕێگایەدا شەهید بووە، ئەمەیش کاریگەری هەبووە لە سەر ئەوەی وەها شیعرێك بخوڵقێت. لە بەشێکی شیعرەکەدا دەڵێت: (دەشتی ساڕاڵو خورخۆڕە لە ناوی پیرۆزت پڕە) (چەم شار سنە تا ژاوەرۆ، گشت بەداخن بۆ کۆچی تۆ)، ئەم شوێنو فەزایە کە حۆری غەمیان باسی دەکات، لە ناو ئەدەبیاتی کۆمەڵە ناسراون بە پێگەو شوێنی کۆمەڵە (باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان)، بە پێچەوانەی بەشی باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان کە زیاتر لە ژێر کۆنترۆڵی حیزبی دیموکرات بووە، لەم شیعرەدا حۆری غەمیان لە ڕووی فەزای جوگرافی باس لە شوێنگەلێك دەکات کە هەم کاریگەریی کۆمەڵە تێیدا بەهێز بووە، هەم ئەسعەد غەمیان تێیدا ژیاوە. سەرەڕای زاڵبوونی فەزای چەپ بە سەر شیعرەکەدا، هەستی نەتەوایەتیو نیشتمانی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە لە بەشێکی شیعرەکە دەڵێت: (کێوانی کوردستانەکەم جێگای تۆ کاکە جوانەکەم). حۆری غەمیان لە کۆتایی شیعرەکە باس لە ئامانج دەکات، ئامانجێك کە براکەی لەپێناویدا شەهید بووەو ئەم دەیەوێت درێژەی پێ بدا. حۆری دەڵێت: من هەرگیز پێشمەرگایەتیم نەکردوە، بەڵام باوەڕم بەو ئارمانو ئامانجە هەیە. تایبەتمەندییەکی تری ئەم شیعرە ئەوەیە کە لە دێڕی یەکەم دەڵێت: (فەرەنجی پۆش،

کەڵپۆس لە کۆڵ، بۆ تۆ گەڕاوم دۆڵ بە دۆڵ) لەم شیعرەدا زمانو وشە کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە، فەزایەکی مەجازی گەورەی خولقاندوە، فەرەنجیو کەڵپۆس دوو جۆری فەرەنجین، بەڵام لە هەورامانی بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەڵپۆس لە فەرەنجی جیاوازترە. پێویستە ئەم وشانە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەم دوو وشە زیاتر لە ئەدەبیاتی هەورامان بەکار دەهێنرێن، حۆری غەمیان لەڕووی زمانەوە توانیویەتی یاری بە وشەکان بکات. نووسینی ئەم شیعرە وەکوو ژن تایبەتمەندی خۆی هەیە، ژن دەتوانێت شاعیر بێت، کاریگەری هەبێتو وەکوو حۆری بەشێك بێت لە خەباتو تێکۆشانی براکەی. بە ڕای من لەو سەردەمە کە ئەم شیعرەی نووسیوە تووشی ئازارو ئەشکەنجەیش بووە کە تا ئێستایش کاریگەریی نەرێنی لە سەر تەندروستی داناوە.

حۆری غەمیان ئێستایش شیعر دەنووسێت، بەڵام ڕەنگە هیچ شیعرێکی نەگاتە ئاستی (فەرەنجی پۆش)، کە توانیویەتی بەم شیعرە وەکوو ژنو ئەدەبیات داهێنان بکاتو لاپەڕەیەکی پڕشنگداریش لە مێژوو تۆمار بکات. من پێم وایە حۆری غەمیان دەکرا شاعیرێکی ناسراوترو گەورەتر بێت، بەڵام هۆکاری تایبەت بە خۆی هەبووە. (فەرەنجی پۆش) بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی حۆری غەمیان چ وەکوو ژن، چ وەکوو شاعیرو چ وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات بە هەمووان بناسێنێت.

دۆسیەی تایبەت

بە دیوانە شیعرییەکانی

"دڵشاد عەبدوڵڵا"

ساڵی ١٩٥٦ لەهەولێر لەدایك بووەو زانستگای لەبەغداد تەواو کردووە.

چاپکراوەکانی شاعیر:

شیعر:

-جوانییەکان و چەندلاپەڕەیەك لەژیانی بەفرنووس یا باوباڵەکان ١٩٩٢
-پیاسەی پەپوولەکان ١٩٩٣
-بەفرنووس ١٩٩٩
-شەوی دووەم ٢٠٠٠
-بزربوونی ناوێك ٢٠٠١
-هەوڵێك بۆ کوشتنی کات ٢٠٠٢
-مانگی نیوەمۆر ٢٠٠٣
-گۆمی پوونگ ٢٠٠٤
-حەج ٢٠٠٥
-بازاڕی بۆنفرۆشان ٢٠٠٦
-شەوەکانی ئامیتا بەدرێژایی بابل ٢٠٠٧
-گەیشتن بەئاگر ٢٠٠٨
-دڵم لەوجۆرە شوێنانەیە ٢٠٠٩
-کەبیر لەورۆژانە دەکەمەوە ٢٠١٠
-سبەینێم دێتەوە یاد ٢٠١١
-دوا قومی خۆرەتاو ٢٠١٢
-پەلکەزێڕینە لەنزیکەوە ٢٠١٤
-شوێنێکی تری جەنگ ٢٠١٥
-تووتنی چرووت ٢٠١٧
-ڕاپۆرت لەبارەی خۆمەوە ٢٠١٨
-وزەی سپی ٢٠١٩
-کات نییە بەڵام چی لەکات بکەم؟ ٢٠٢٠

کۆمەڵە وتـارو ئەزموون:

-زاخ ١٩٩٧(نووسینی ڕۆژنامەنووسیی)
-ئیرۆسکیٚ ٢٠٠٥ (وتاری ئەدەبی)
-بەفرەلۆك ٢٠٠٦(ئەزموون)
-نوخبی خواوەندێك (وتاری ئەدەبی)٢٠١٠
-کێڵگەی گەنم ٢٠١٨ (وتاری ئەدەبی)
-کتێبی ڕەش 2021 (وتاری ئەدەبی)
-دنیا کەمێك لاسارە(شیعر) لەژێرچاپدایە.
-چوار کۆمەڵە شیعری کراون بەعەرەبیو
-دوو کۆمەڵە شیعری کراوە بەفارسیو یەکێك بەسویدی.
-یەکێك بووە لەو چوار کەسەی دەزگای سەردەمیان دامەزراند لەسلێمانی ساڵی ١٩٩٨
-سەرنووسەری گۆڤاری ئایندە- ی ئەدەبی بووە لە ١٩٩٩ تا ٢٠١٠
-سەرنووسەری بڵاوکراوەی شیعرستان بووە.
- سەرپەرشتی بڵاوکراوەی ڕۆڤار بووە
-ساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتی دەزگای ئاراسی وەرگرتووە بۆ کتێب.

"کتێبی ڕەش"ی دڵشاد عەبدوڵڵا

(هەرچەندە ئەم نوسینە کەمترە لەوەی شاعیرەکە دەیهێنێت)

نوسینی: ڕێبوار سیوەیلی

(1)

لەسەرەتاوە بەرگەکەی نەچووە دڵمەوە، بەڵام کاتێك کتێبەکەم خوێندنەوەو جارێکی دیکە لە بەرگەکەی ڕامام، بینیم پڕ بەپێستی کتێبەکەیە. لەناوی کتێبەکە نەترسین: ڕەش بەمانا تاریکییە دزێوە ترسناکەکەی نییە، بەڵکو وەك ڕووپۆشێك کە ڕەنگەکانی دیکەی لەژێر توێی خۆیەوە پاراستوون. ڕەشێکی قەترانی، کە تەواو لێی ورد دەبیتەوە، بریسکەو ڕووناکاییەکی تێدایە.. لەمێژە دڵشاد عەبدوڵای شاعیر دەناسم. هەرگیز لە برادەرایەتیو دۆستایەتیدا ناگۆڕێت. ئەو بۆمن وەك شاعیرو نووسەر، ئەزموونێکی دەوڵەمەندو زۆری هەیە. شاعیرانی ئێمە زۆر بێنازن، چونکە لەچەند شارێکی بچووکدانو

هەموو یەکتر دەناسن، وادەزانین دنیای شاعیرەکانیش وەك دنیای ئێمەیە. هیچ وا نییە. ئەوان لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا کە نەخوێندەواریو مادەدەپەرستی باوێتیو واعیزێکی سەر تەلەفزیۆنو مۆدێلێك زۆر لە باشترین شاعیرەکان، گرنگیان پێدەدرێتو جەماوەریان لێ کۆدەبێتەوەو سیاسەتی فەرمیش ئەوەی دەوێ، زۆر تەنیان. بەڵام کاتێك بەرهەمەکانیان دەخوێنیتەوەو ئەگەر کەمێکیش شارەزای بەرهەمی نووسەرانی جیهان بیت، بە ئاسانی بۆت ئاشکرا دەبێت، کە ئەم داهێنەرانەی خۆشمان هیچیان لە نووسەرو شاعیرانی وڵاتانی دیکە کەمتر نییە.

(2)

من زۆر لەمێژە بڕوام وابووە، ئەمەشم پێش بیست ساڵ زیاتر بە کاروان عومەرکاکەسوور گوتووە: باشترین خوێنەرەکانی ئێمە لە هەولێرن. نووسەرانی هەولێرو ڕۆشنبیرەکانی زۆر زیاتریان خوێندۆتەوە، وەك لەوەی پێیانەوە دیارە، یان خۆیان ئاشکرای دەکەن. دڵشاد عەبدوڵڵاش یەکێکە لەوانە، کە هەرگیز هەڵپەی ئەوەی نییە پێت بڵێت چی خوێندۆتەوە. ئەوە سیفەتێکی جوانی شاعیرانە، کە دواجار پێشئەوەی قسە لەسەر ئەزموونی خۆیان بکەن، ئەو ئەزموونە دەژین. کتێبی ڕەش باسی ئەو ئەزموونانەی ئەم شاعیرە دەکات. جۆرێ لە خۆبینینەوە لە ئاوێنەی ڕۆژگارو وێستگەکانی تەمەندا.

(3)

کتێبەکە بە زمانیکی سەرنجڕاکێش نووسراوە، کە زۆر بە ئاسانی (زمانی ڕەسووڵ هەمزەتۆڤ)ت لە (داغستانی من)دا بیر دەخاتەوە. ئەگەر ئەو کتێبەت خوێندبێتەوەو ئەمەی دڵشاد بخوێنیتەوە، یان دوای ئەم کتێبە بچیت ئەویتر بخوێنیتەوە، تێدەگەیت بۆچی من ئەم قسەیە دەکەم. نووسین لەم دوو کتێبەدا هەر تەنیا ڕستە ڕێکخستنو دارشتنێکی جوان نییە، ئەگەر هەر وشەو گوزارەیەك لەکاتی خوێندنەوەدا خەیاڵو لێکدانەوەشت نەخاتە کار. ئەوە تۆ چاوت لەسەر وشەو ڕستەکانە، بەڵام بیرت بۆ شوێنێك دەبەن کە زۆرجار لە ڕستەکاندا نییە، قووڵترو دانایانەترو شاعیرانەتر.

(4)

نووسەری ئەم کتێبە بەو پەڕی بوێریو ڕاستگۆییەوە ئەم کتێبەت بۆ دەگێڕێتەوە. باز بەسەر هیچ شتێکدا نادات‌و خۆی لە هیچیش نادزێتەوە. ناوی کەسەکان دەهێنیت‌و زۆریش ڕاشکاوانە بیروڕای خۆیان لەبارەوە دەڵێت‌و هەڵیاندەسەنگێنیت. کتێبەکە لە

سەرەتاوە وەك ئەوەیە باسی ئەزموونو وێستگەکانی ژیانی شاعیرو مرۆڤێکت بۆ بکات، بەڵام دوایی تێکستەکە ئاوەڵایانە لە گەلێك دەرگای دیکە دەداتو ماڵی زۆر شاعیرو نووسەری دیکە بەسەر دەکاتەوە، چونکە لە پەیوەندیی بە خۆیەوە باسی ئەوان دەکات. دڵشاد عەبدوڵڵا لەو کاتەدا باسی خۆی دەکاتو ئەوەی چۆن دەبێتە شاعیر، ئاواش باسی کەسانیترو شاعیرانی دیکە دەکات. وەکئەوەی بیەوێ شوناسی شاعیر لە دەریچەی شوناسی یەك کەسییەوە بهێنتە دەرێو بە شوناسی شاعیرانی دیکە دەوڵەمەندی بکات. ئەم داننانە بە ئەویتردا، باسێکی گرنگی پەیوەندی نێوان (من)و (ئەوانیتر) دەهێنێتە پێشەوە: هیچ (من)ێك بە تەنیا نییە ئەگەر لە هەمان کاتیشدا (ئەوێکیتر) نەبێت. ئەم دەستنیشان کردنەی شوناسی شاعیر، ئەم کرانەوەیە، ئەم ستایشکردنەی ئەویتر، شاعیرەکەی ئێمەت لەلا خۆشەویستر دەکات. بگرە ناچارت دەکات، لە قووژبنەکانی بیرکردنەوەتدا بۆ ئەو کینەی ڕەتکردنەوەی ئەوانیترە بگەڕێی، کە بەخۆت نازانیتو داگیریان کردوویت.

(5)

کتێبەکە هەر گەڕان نییە بۆ کەسایەتی خۆی، لەمیانەی بوونی بە شاعیر، بەڵکو بیناکردنەوەی ئەو جیهانبینیە شیعرییەشە کە لەپشت کتێبەکەوە ئامادەیە. لەوەش پتر، ئەم کتێبە زۆر لەوە دەچێت بۆ چەند کەسێك بگەڕێت، کە ساڵەهایە دڵشاد لێی ونبوون: ئەو هەندێکیان دەدۆزێتەوەو قسەیان لەبارەوە دەکات، وەك: جەمال شارباژێڕیو جەلالی میرزا کەریمو دێرك واڵکۆت. لەناو ئەوانەشدا باسی جەمال جومعە دەکات، کە شەوێك لە ماڵەکەیاندا لە بەغدا، بەشداریی ئاهەنگێکی خیزانییان دەکات. ئیتر لەدوای جەنگ ئەو هاوڕێیەی لێ بزر دەبێتو نایدۆزێتەوە: بەڵام من ئێستە پێی دەڵێم: جەمال جومعە ڕێی کەوتە کۆپنهاگنو ساڵەهای ساڵ لەوێ ژیاو شیعری بە عەرەبیو دانمارکی دەنووسی. ئێستە مینش نازانم کەوتەکوێ، یان لە ژیاندایە یان نا؟. بەڵام هەرگیز ئەو کەسە نەمابوو کە دڵشاد باسی دەکات..

(6)

کاتێك لە هەموو کتێبەکە دەبیتەوە، بیر دەکەیتەوە چ منداڵییەك لەم کتێبەدا قسان دەکات، منداڵییەك کە هێشتا کۆمەڵگە شەرمی گوتنو گێڕانەوەی تێدا دروستنەکردووە. هەموو شتێك دەڵێتو دانپیانانو بیروەریو یاداشت، لە گێڕانەوەیەکی شیعریدا پێکدەگەن. کاتێکیش قسە دێتە سەر بیروبۆچوون لەبارەی هەر شتێکەوە، وەك خۆی ڕوونو بوێرانە دەینووسێت. هەستئەکەم ئەو هەموو شیعرییەتی نووسینە هێشتا

شتێکی دڵشادی نەشاردۆتەوە، ئەویش تووڕەییەکی ماتو بێدەنگانەی ئەوە لە دنیای خۆمان، لە جیهانێك کە ئیتر تیایدا شیعر ئاوارە دەبێتو زمانی ڕۆح نامێنێت. لە پشت زۆربەی دێڕەکانی دڵشادی عەبدوڵڵاوە ئەو تووڕەییە بێدەنگە دەبینمەوە کە شاعیرێکی کورد دوای پەنجا ساڵ ئەزموون بەو زمانە بە ویقارە دەریدەبڕێت. من لەمە باش تێدەگەم، دنیای ئێمە دنیای بەرزکردنەوەی هەندێكو فەرامۆشکردنی ئەوانیترە. جیهانی ئەدەبیی‌و ڕۆشنبیریی ئێمە جیهانێکی زۆر ناعادیلانەیە، زۆر ستەمکارانە. هیچکەس وەك خۆی مافی نادرێتێو ڕۆژگار گرنگی بە کەسانێك دەدات، کە بۆ هەمیشە دەبێت لە قولاپەپێی شاعیرە گەورەکاندا بن، بەڵام دەبنە ڕابەری کۆمەڵگەیەکی ئاپۆرایی. بەو دیوەی دیکەشدا ئەوەش ئازارێکە شاعیر بۆخۆی خۆی ڕوونبکاتەوە، بۆخۆی باسی ئەزموونی خۆی بکات، لە دنیایەکدا کە باسی هەموو شتێکی تێدا دەکرێت، بەڵام کەمترین باسی لەبارەی شیعرەوە تێدا دەکرێت. شیعر لەسەردەمی ئێمەدا پێویستی بە بەرگری لێکردن هەیە. ئەوەی ناشیعرییە زۆر زیاترە، بگرە ئەوەندەش ناشیعر زۆر بووە، بۆتە هەڕەشە بەسەر شیعرەوە. لەدنیایەکدا کە ئەم هەموو ناشیعرییەتە هەیە، دەبێت ئەم کتێبە بخوێندرێتەوە..

(7)

خۆزگە مرۆڤ ئەوەندەی تەمەن دەبوو، فریاکەوتبا لەبارەی هەموو شاعیرە باشەکانی نەتەوەکەیەوە قسە بکات. شاعیران بۆ ئێمە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، چونکە شیعر بەو فرەدەنگی‌و پێکهاتەییەی، زمانی یەکەم‌و زمانی نەتەوەیی ئێمەیە. تێگەیشتن لە شاعیرەکان ڕۆحی مرۆیی ئێمە زیندوو دەکاتەوە. کێشەکە ئەوەیە مرۆڤەکان ڕۆحیان ناوێت ئاوێنەیان دەوێت. جاران هەر شاعیرێك لە هەر کوێیەك دەرکەوتایە بەسەدان کەس لێی کۆدەبوونەوە، ئێستە خەڵك لە دەوری زۆربلێ هیچ نەوێژەکان کۆدەبنەوەو بە خێزانەوە دەچن گوێ دەگرن. ئەمە دارمانیکی گەورەیە کە دنیای تۆڕی کۆمەڵایەتی واعیزی ساختەو قسەکەری ئەوتۆمان بۆ دروستدەکات، کە جگە لە لەوچەلەوچ هیچتر ناڵێن. فەیلەسووفی دانمارکی دەیگوت: گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بئاخڤێت نەك دەمی پڕ بێت لە قسە. لە کوردستاندا تارماییەك بەڕێوەیە بەناوی نەزانی، نەك هەر قوڕی بەسەر ئێستادا کردووە، بگرە ئایندەش قووت دەدات. وێنەکان: بەرگی کتێبی ڕەش، لە دەزگای سەردەم کراوە، بەس ناوی هونەرمەندەکەم نەزانی تا پیرۆزبایی لێبکەم.

نیشتیمان هەستی خۆبوونە،

ئەگەر بۆ ساتێکی کورتیش بێت

نووسینی: جۆن سوێدنمارك
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی

ئەم تێکستە، پێشەکی وەرگێڕانی بژاردەیەك لە شیعرەکانی دڵشاد عەبدوڵڵایە بۆ سوێدی. ڕزگار شێخانی وەریگێڕاونو لە داهاتوودا بڵاو دەکرێتەوە. کاتێك ڕزگار شێخانی شیعرەکانی دڵشاد عەبدوڵڵا (ساڵی ١٩٥٦ لە هەولێر لە دایك بووە)ی پیشان دام، یەکسەر گوتم:خۆ ئەمە میزاجێکی ئەروپای ڕۆژهەڵاتیانەیە! ئەمە بیرو هەستێکی لەیەکچوونی زۆر کتوپڕی من بوو. بەڵام هەستەکە مایەوە. ئەمە پەیوەندی بە شێوازی ئاکارەوە هەیە کە چی دەگوترێ و چی بە خوێنەر دەگوترێ. ئەو کەسەی لە وڵاتێکی

دیکتاتۆردا بژی دەبێ بە وەسفکرنەوەی تازەو تانەو تەوسەوە ڕوانگەی خۆی دەربڕێو باوەڕی هەبێ کە خوێنەری هاودەم لە پەیامو دۆخەکان تێدەگەن - هیواداریش بێ کە دەستەڵات هەر وا تێبگا کە لێرە واتایەك هەیەو ئەو تێی ناگات. ئەمە هەمیشە هەر وا بووە. هەلومەرجەکانی ساتیرەکانی هوراتیۆس (ساڵی ٦٥ پ. ز) وا بوون، کە بۆ نەوەکانی ئایندە پڕن لە ڕاز. مێتافۆرەکان نایابنو فرەواتان؛ بەڵام لەڕاستیدا چ پەیامێکیان هەبوو؟ میزاجو وزەی ڕۆشنی داهێنەریی وەك ستراتیژیی مانەوە، کاتێك ژیانی خۆت لە مەترسیدایە. تانەو تەوس بەخۆکردن وەك ئاشتبوونەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە کە ژیانی ئاسایی خۆت زۆر سنووردارو دیار کراوە. ڕووکردنە لە شتە بچووكو نزیکەکان، چونکە ئەوەی کە وشە مەزنەکان ئازادییو ... پەسنی دەکەن، دوورەدەستە.

پاشان باوەڕم وایە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوینو باکووری ئەفریقایشدا پێوەستییەکی دیار بە دەوڵەتی کۆمۆنیستیەوە هەیە، ئەگەرچی لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر جودایە. یانی ئەو تێکەڵاوییە چڕو ئاڵۆزەی نێوان دەستەڵاتی سەربازییو حیزبو ڕێکخراوەکانیو خڕبوونەوەی دەستەڵاتی ئابووریی لە دەستی نوخبەیەك، نوخبەیەك کە خۆیان یەکتر هەڵدەبژێرنو یەکێتی سوڤییێتیان وەکوو مۆدێل هەیە، کەچی وەکوو میراتی ئیمپراتۆری عوسمانیو هەتا دەگاتە دواوە بۆ میسوپۆتامیا وایە. بە واقیعی شێوێنراوییەوە، وەکوو سەرچاوەی هەرگیز وشکنەبووی میزاج. بەڵام شیعرەکانی دڵشاد زۆر لەمە زیاترن. تەنیا هەر بەزمخۆش نین. ئەمەش تەنیا کۆچی شیعریی نییە لە واقیعێکی سەختدا. بەڵکو کرداری بەرهەڵستکاریان دەبێت، کە بەهێزتر دەبن بەوەی ئەو لە مەنفای خۆیەوە دەتوانێت هەڵوێستی چالاکی دژی شەڕو گەندەڵی هەبێو هەر بەڕاستیش هیوا بۆ کۆمەڵگەیەکی باشتر بخوازێ، کە ڕەنگە بێتە دی. یان بە هەر حاڵ دەکرێ دروست بکرێت. شەوان... بەرلەوەی بخەوم بە بالیفەکەشم دەڵێم: دەنگ بدە بەوەی خەونی جوانتری هەیە. دەمەوێ تێڕوانینی دلشاد -نیگاو هەستی ئەو لە داهێناندا، کە وەك داهێنانی فوتوگرافێکی لێزان، وردو ڕوونە -بە مەشقی گەشبینی ناوببەم، لەوەی بە چاکە ڕووبەڕووی خراپە دەبێتەوە. بێگومان لێرەدا نەریتی سوفیزمی ڕۆڵی دەبینێت: پەیوەندیی کەسێتی بەو خودایەی لەبارەیەوە نازانرێت، کە دەیەوێ ئینسان گوێڕایەڵی نەبێت، بەڵکو بیدۆزێتەوە -بیدۆزێتەوەو بەردەوام بێت بەرەو قووڵایی تری ژیان. شیعرەکان سەرکەوتنن، داگیرکردنەوەن، هەوای پاکن، ئەو هەستەن کە دەتوانیت پشتت

قیت بکەیتەوە. بەمەش ئازارە چێژتراوو خەفەکراوەکە ڕوون دەبێو تێی دەگەیشترێ. شیعری "وێنەیەك لە قوولاییدا" کە باسی هەستێکی نزیك لە مردن دەکات، بەم وشانە کۆتایی دێت: خوا دەرفەتی ئەو دڵە بدا چۆن نغرۆ نەبووە بەو بارە قورسەوە! ساتەوەختی شیعرەکە، ئەو میکرۆچرکەیەی کاتێك کەسە داخراوەکە خۆی والا دەکاتەوە-بێویستە، یان دوای ئامادەکارییەکی ورد- مانادەهێنەرو ورەبەخشە. بۆیە دەبێ هەردەم بەردەوام بێت، هەمیشە لەفۆرمی نوێدا، لەئەفوریزمو هایکۆوە بۆ چیرۆکەشیعری درێژ، کە هێشتا هەر ڕوانگەی ژیانی سادە لە خۆ دەگرن، بۆ نموونە ئێلێگییەکەی لەبارەی ڕۆکسانای دۆستی ئەسکەندەری گەورەوە. زۆر لە شیعرەکان باسی خۆی دەکەن، نووسین وەك شێوازێکی ژیان. لە شیعری "لە خواحافیزییدا"، بۆ سەلاح مەحەمەد، پرسیار لە خۆی دەکات: "ژیان بێ شاعیر/ چۆن دەگوزەرێ؟". بەرسڤەکە ناڕاسەوخۆ درواوەتەوە: شانازیکردنی شاعیر تەواو ڕەوایە. ئەگەرچی شاعیر خۆی دوور دەگرێ لە شتی قەبەو درۆزنانەو ڕوو لە سادەترین شت دەکات. میزاجیش تاکە چەکی کاریگەری بەردەستیەتی. لەناو هەموو شیعرەکاندا کە ڕەخنەی توند لە دەستەڵاتخوازیو ئیدیعا دەگرێ، ڕەنگە زیاتر حەزم لە شیعری "ئاسمان لەپشت خودەکانیشەوە شینە"بێت. دڵشاد ناسیونالیزم بەوە هەڵدەوەشێنێتەوە کاتێك جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە ئاستی ئەوانەدا نییە، کە کەڕەنای شەڕ لێدەدەن. نیشتیمان "شتە بچووکەکانە". نیشتیمان هەستی خۆبوونە، ئەگەر بۆ ساتێکی کورتیش بێت. وڵات پارچە پەڕۆیەك نییە لە قەدی خۆتی لوول بدەی بە زمانی ڕووت، پەشتەماڵی حەمام نییە، حەمامە خۆتی تێدا ڕووت دەکەیتەوە بێ ئەوەی سڵ لە هیچ بکەیتەوە.

*** جۆن سوێدنمارك: نووسەر، ڕەخنەگرو وەرگێڕە. زۆر خەڵاتی ئەدەبیو وەرگێڕانی پێ بەخشراوە.**

***بژاردەیەك لە شیعرەکانی دڵشاد عەبدوڵڵای بۆ سوێدی وەرگێڕاونو لە داهاتوودا بڵاو دەکرێتەوە.**

ڕۆشناییەکانی نێو "کتیبی ڕەش"ـی دڵشاد عەبدوڵڵا

نوسینی: ئارام سدیق

خوێندنەوەی ئەزموونی شاعیرانو نووسەران چەندە گرنگە، خوێندنەوەی وتارو چاوپێکەوتنو ئەزموونەکانیشیان بۆ من گرنگی خۆی هەیە. زۆرجار لە ڕێی ئەو گوتارو چاوپێکەوتنو بیرەوەرییانەی نووسەرانو شاعیرانەوە، زیاتر لە ئەزموونە شیعرییو نووسینەکانیان ئاشنابووم. بۆیە لەوەتەی دەخوێنمەوە هاوشان لەگەڵ خوێندنەوەی دەقی شاعیرانو نووسەراندا هەوڵی خوێندنەوەی گوتارو چاوپێکەوتنەکانیشیانم داوەو زۆرێکیان بە کەڵکو سوودمەندبوون، کە گوتاری هەندێك نووسەرو شاعیر هەیە چەندجارێکم خوێندووەتەوەو چەند ساڵ جارێك خەتمی دەکەمەوە، چونکە زۆرجار هەستم بەوە کردووە ئەوەی لە دەقەکاندا (چ شیعر، چیرۆكو ڕۆمان)دا بۆیان جێ نەکراوەتەوە لەو جێگایانەی

دیکە گوزارشتیان لێ کردووە. زیاتر لە 20 ساڵە خوێنەری نووسەرو شاعیر "دڵشاد عەبدوڵڵا"م هەرچی نووسی بێت خوێندوومەتەوە، چ دەقە شیعرەکانی چ ئەو وتارو تێڕامانە شیعریی‌و فیکرییانەی نووسیونی، ئەوکاتەی گۆشەی "ئیرۆسکی"ی هەبوو خوێنەرێکی بەردەوامی گۆشەکەی بووم‌و دواتریش کە کردییە کتێب بە هەمان ناونیشانەوە جارێکی دیکەم خوێندەوەو بۆ من تێکستگەلی چێژبەخش‌و ڕامانگەلی پڕ بیرکردنەوە بوون. دڵشاد لە چەشنی ئەو شاعیرانەیە کە هەست بە وشەی خۆڕسك دەکەم لە ڕۆحیدا، یان ڕوونتر بڵێم ئەو خۆرسکانە نووسەرە بەبێ زۆر لەخۆکردن‌و نووسینەکانی بەرهەمی بیرکردنەوەو ڕامان‌و قووڵبوونەوەن، نەك شتی دیکە. بێگومان سوود لە ئیلهام وەردەگرێت، بەڵام بەبێ نووسینەوەی ئەو ڕۆشنایی‌و تاریکییانەی لەنێو ڕۆحیدایە ناتوانێت بنووسێت، خۆی دەنووسێتەوە، بەڵام خۆنووسینەوەیەك لە قووڵاییدا. لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا نوێترین کتێبی ئەم شاعیرو نووسەرە بڵاوکرایەوەو هەر زوو دەستم بە خوێندنەوەی کرد. هەندێك کتیب بەختی ئەوەیان هەیە سەرە وەرناگرن‌و نۆرەبڕی خۆیان دەکەن‌و بەر لەوەی بگەنە نێو ڕەفەی کتێبخانەکەم‌و ئەو مێزە بچووکانەی کتێبیان لەسەر کەڵەکە کراوە بۆ خوێندنەوە، دەخوێنرێنەوە. "کتێبی ڕەش"ی دڵشاد عەبدوڵڵاش لە چەشنی ئەو کتێبانە بوو، کە بەر لەوەی ژووی کتێبخانەکەم ببنێ خوێنرایەوە. هەر کتێبەکەم بینی کەوتنە بیری ڕۆمانە بەنێوبانگەکەی ئۆرهان پاموك؛ کە ئەویش ڕۆمانێکی بەهەمان ناونیشانەوە هەیەو مانگی پێشوو خوێندمەوە، پێم سەیر بوو ئەم کتێبەی دڵشادیش هەمان ناونیشانی وەرگرتووە. بەڵام ئەم شاعیرە کاتێك کتیبی "بزربوونی ناوێك"ی بڵاوکردەوە باسی ئەوەی کردبوو، کە ئەو ناوێکی بۆ ئەو کتێبە شیعرییەی بۆ نەدەدۆزرایەوە بۆیە ناوی "بزربوونی ناوێك"ی بۆ داناوە. پێدەچێت بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەش چیرۆکێك هەبێت، بەڵام ئێمە دوای ئەم چیرۆکە ناکەوین. بەڵام دوای ئەو ڕۆشناییە دەکەوین کە لە کتێبەکەدا هەیە. وەك خۆی لە پێشەکیەکەدا دەڵێت لە پشت ڕەنگی ڕەشەوە چەندین تۆنی دیکە هەیە وەکو هەموو ڕەنگەکانی دیکە. کتێبی ڕەش؛ لە چەند گوتاری ئەدەبی‌و چەند پارچەیەك لە بیرەوەریی شاعیرو دوو چاوپێکەوتنی ئەدەبی پێکهاتووە. سەرجەم گوتارو بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە گەشتێکن بە ئەزموونی زیاتر لە چل ساڵەی ئەم شاعیرەدا. ئەو هەر لەسەرەتاوە دەیەوێت وەڵامی ئەوە بداتەوە بۆ دەنووسێت؟ ئەو پرسیارەی هەموو نووسەران‌و شاعیران دەیانەوێت وەڵامی بدەنەوەو هەمیشە وەڵامەکە کورت دەهێنێت. لای دڵشادیش هەستم

بەو کورتهێنانە کردووە. ئەو دەنووسێت: "دەنووسم، چونکە ناتوانم نەنووسم. ژیان لە دەرەوەی نووسین ماناو مەغزای تێدا نابینم بۆ خۆم". ئەم وەڵامە چەند ڕازیکەر دیارە، بەڵام وەڵامێکی مەتاتییەو خۆی دەڵێت کە لەو پرسیارە دەربازم دەبێت ڕووبەڕووی پرسیارە قورسەکە دەبمەوە "چی دەنووسم؟ چۆن دەنووسم؟" بێگومان پرسیاری بۆ دەنووسین؟ هەمیشە گرێدراوی کۆمەڵێك پرسیاری دیکەیە، بۆیە هەمیشە لە ئاست یەکێك لەو پرسیارانەدا وەڵامەکان کورت دەهێنن. وەڵامی زۆر نووسەرم خوێندووەتەوە سەبارەت بە پرسیارە بنەڕەتییەکەی "بۆ دەنووسی؟" بەڵام هەمیشە هەستم بە کورتهێنان کردووە، خۆم چوار ساڵ زیاترە ناوە ناوە وەڵام بۆ ئەم پرسیارە دەنووسمو بۆ ئەم وەڵامەی زیاد دەکەم، بەڵام تا ئێستا ئەوەی خۆشم هەر کورتی هێناوە. بێگومان کورتهێنانی وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر هەڵدەگرێت، لەبەر ئەوەی نووسەرانو شاعیران لەبەر سەدان هۆکار دەنووسن کە زۆربەیان بۆ خۆشیان ڕوون نییە. نووسین لای شاعیرو نووسەری ڕاستەقینە هێزێکی ناوەکییە، کە ناتوانێت نەنوسێت، چەندە خۆی لە نووسینیش بدزێتەوە، ناتوانێت نەنووسێت. نووسین بۆی دەبێتە جۆرێك لە سرووتی ڕۆحی، یان بەشێك لە بوونی، کە لێی دابڕاو نییەو وەکو ئەندامێکی جەستەی لێ دێت.

نووسین تێکەڵی خوێنو رۆح دەبێتو نووسەر ناتوانێت نەنووسێت وەکو چۆن ناتوانێت هەناسە نەدات، بۆ نووسینیش هەمان شێوەیە. خوێنەر لەگەڵ "کتێبی ڕەش"دا گەشتێکی زۆر بە چێژو پڕ لە مەعریفە دەکات لەگەڵ ئەزموونی ئەم شاعیرەدا کە چل ساڵە هاونشینی دنیای شیعرەو بەر وەڵامی چەندین پرسیاری دیکەش دەکەوێت، وەکو پرسیاری شیعر چییە؟ نوێگەریی چییە؟ شیعری نوێ چییە؟ زمانی شیعریی چۆنە؟ کەی کاتی نووسینەو نووسەران کەی دەنووسن؟ هاوکات خوێنەر بەر نیگای ئەم شاعیرەش دەکەوێت بۆ شیعریی نوێ. ئەمە بێجگە لە چەند ویستگەیەکی دیکەی ژیانی، کە بۆ ئاشنابوون بە تەواوی بیرکردنەوەی ئەم نووسەرە گرنگی بۆ خوێنەر هەیە. لێرەدا نامەوێت زیاتر سەبارەت بە کتێبەکە بدوێم، خوێندنەوەی بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵم، لەم نووسینەدا ناپرژێمە سەر لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی بۆچوونەکان، ئەوانە بۆ دەرفەتی دیکە هەڵدەگرم، بەڵام تەنها ویستم ئەم کتێبە بەبێ دەنگی نەسپێردرێت وەکو ئەو سەدان کتێبەی دیکە کە مانگانە بڵاو دەبنەوەو بەبێ ئەوەی وشەیەك لەبارەیانەوە بنووسرێتو بێدەنگی دەیانکوژێت.

نووسەرێک ڕووبەڕی خۆی هەبێت،

وەکو نووسەر دەمێنێتەوە.



نوسینی: سیروان رەحیم

هەر جارێك سەردانی وڵات دەکەم، ڕووبەڕووی دەیان کتێبی نوێ دەبمەوە، جا ئیتر کتێبەکان چ دیاری بن یان خۆم بیانکڕم تووشمان دەبێت بە تووشی یەکەوە. لە سەردانی ئەم هاوینەمدا ژمارەیەکی زۆرتر کتێبم دەستکەوت. چونکە کاتێکی درێژتر مامەوە. من بە سرووشتی خۆم حەز بە خوێندنەوەی ئەدەبیات دەکەم، رۆمان، شیعرو نووسینی ئەدەبیو هونەری. ئەو کتێبانەی هێناومن لەبەرەوە دەیانخوێنمەوە، یەکێك لەو کتێبانە

کتێبی ڕەش-ی دڵشاد عەبدوڵایە. من دەزانم دڵشاد عەبدوڵا لە بواری شیعردا جیاواز دەنووسێت، نووسینی ئێمە بە گشتی خوێنەری کەمە، بەڵام کاتێك جیاواز بنووسیت، ژمارەی خوێنەرە کەمەکە کەمتریش دەبێتەوە. بەڵام نووسەرێك جیاواز نەنووسێت رەنجی بە با دەچێت، با ژمارەی خوێنەریشی کەم بن، بەڵام ئەو خۆیەتیو دەتوانێت بەردەوام بێت، مەرج نییە رووبەری گەورە لە نێو خەڵكو خوێنەردا دەستەبەر بکات، بەڵام نووسەرێك رووبەری خۆی هەبێت، وەکو نووسەر دەمێنێتەوە. بەراستی لە خوێندنەوەی کتێبی ڕەش چێژم بینی، بەتایبەتی لەو دوو بەشەدا کە نووسەر باس لە ئەزموونی خۆی دەکات، نەك هەر باسکردن لە ئەزموونی نووسین، بەڵکو ئەزموونی خوێندنەوەیش، گرنگە خوێنەر بزانێت نووسەر چۆنو چی خوێندۆتەوە. دڵشاد عەبدوڵا کارێکی یەکجار گرنگی کردووە، هەڵبەتە وەکو خوێنەرێك کاتێك ئەو دوو بەشەم دەخوێندنەوە، نووسەر منی بە لای دوو خۆزگەدا دەبرد؛ -خۆزگە ئەو دوو بەشەی فراوانتر دەکردو وەکو بیرەوەری شاعیرێك یان وەکو ئاوڕدانەوە لە ئەزموونی شاعیرێك دەیکرد بە پرۆژەی کتێبێكو لە کتێبێکی سەربەخۆدا سەبارەت بەو بابەتە چاپی دەکرد.

خۆزگە ئەم نووسینەی دڵشاد عەبدوڵا دەبوو بە نمونەیەك بۆ شاعیرانی دیکەیشمان تاکو لەو بوارەدا باسیان لە ئەزموونی شیعریو بیرەوەری خۆیان کردبا لەگەڵ شیعرو خوێندنەوە. چما چ لە بیرەوەریو ئەزموونی شاعیر گرنگترە؟ ئەوەیان کە من گومانم لێی نییە، چونکە جیهانو زمان بەبێ شیعر، ئەم شتەی ئێستا نەدەبوونو بۆشایی گەورەیان تێدا دەبوو. هەروەها بۆ ئێمەیش کە زمانو بوونمان بەردەوام رووبەڕووی هەڕەشە، تواندنەوەو تۆقاندنە، گرنگە باس لە شیعرو نووسینی خۆمان بکەین، ئەویش باسێك سەبارەت بە ئەزموونی شیعر بێت نرخو گرنگی خۆی هەس بە دڵنیایی. دڵشاد عەبدوڵا بە شێوەیەکی سرووشتی، بێ زۆرکردن، لە دڵەوەو بەزمانێکی وەها خوێنەر لەگەڵ خۆی دەبات، بابەتەکانی نووسیوە. هەر کاتێك کتێبێك بخوێنمەوەو چێژم پێببەخشێت، لەگەڵ تەواوکردنیدا سوپاسی نووسەرەکەی دەکەم، جا کێ بێت گرنگ نییە، دیارە لە دڵو لە دەروونی خۆمەوە سوپاسی دەکەم. سوپاس بۆ "دڵشاد عەبدوڵا"و ئەو چێژەی پێی بەخشیم.

کتێبی باخچەی ئیشراق،

بەرهەمی دڵشاد عەبدوڵڵا

وەرگێڕانی: مەسعود بابایی

شیعرانێکی تاڵو شیرینو پوخت، پڕ لە شادیو چەرمەسەریو هیواو ئاواتو بێهیواییەکان. کتێبی "باخچەی ئیشراق" وەرگێڕانێکە لە هەڵبژاردەی شیعرەکانی دڵشاد عەبدوڵڵا، شاعیری هاوچەرخی کوردستانی عێراق. شیعرەکانی کتێبی "باخچەی ئیشراق" تێکەڵاوێکە لە تێڕامان لە حاڵوباری هەمەچەشنەی ناخو ڕوانین لە جیهانی دەوروبەرو تێهزرین لە بارودۆخی جیهانو تەژی لە وێنەگەلێکە کە هەستەکانو تێڕامانەکان بۆ میتافۆرە شاعیرانەیەکان وەردەگۆڕێت.

لەکتێبی "باخچەی ئیشراق"دا دڵشاد عەبدوڵڵا وەك شاعیرێك دەبینین کە هەم خەریکی فەلسەفاندنەو هەم سۆفی ڕەچەیەکە، هەم نیگەرانی بارودۆخی کۆمەڵگەیەکە کە خۆی تێیدا دەژیو چەرمەسەریو تاڵیەکانی بە چاو دەبینێو درکیان دەکات. هەڵبەت ئەو پێش هەموو شتێك شاعیرە.

چاوخشاندنەوەیەك بەسەر كتێبی "باخچەی ئیشراق"دا

ئەم كتێبە لە كۆمەڵە شیعرێك پێك هاتووە كە كورتبڕیی شاعیرانە یەكێك لە سەرەكیترین تایبەتمەندییەكانیەتی. وەك بڵێی دڵشاد لەم كتێبەدا گیراوەی جیهانو هەستە هەمەجۆرەكانی ئادەمیزادو هەروەها پوختەی تێڕوانینو تێگەیشتنی خۆی لە بوون وەرگرتووەو خزاندوویەتە نێو شیعرەوە.

شیعرەكانی دڵشاد عەبدوڵڵا، لە كتێبی "باخچەی ئیشراق"دا شیعرانێكی تەژی لە وێنەكانن. ئەو بە بەكارهێنانی وێنایەك بۆ دەربڕینی هەستێك یان پێگەو هەڵكەوتێك كارامەیەو چەمكگەلی فەلسەفیو جڤاكی، وەك ئەڤینو مەرگو تێپەڕینی كاتو پەژارەو ڕەنجو هەژاریو شوێنگەی بێ تەناهیو پڕئازاری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە كارزانیەوە لەوپەڕی كورتبڕیی شاعیرانەدا دەردەبڕێت. لاوێتیو پیری، جوانی، ئەڤین، مەرگ، هەژاری، ئاییناو (مكاشفە)و هەروەها خودی شیعر لە بابەتە سەرەكیەكانی ئەم شیعرانەن لە كۆمەڵە شیعری ئەم كتێبەی دڵشاد عەبدوڵڵادا. دڵشاد، هەندێ جار هەر بەو كورتبڕییە شاعیرانەیەوە سەرێك لە مێژوو دەداتو ئەمەش یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی ئەم كتێبەیە. چەرمەسەریی مرۆڤ لە مێژوودا دەبینێتو دەیخاتە نێو شیعرەوەو ئازاری مرۆڤی هاوچەرخ لە بەرجەوەنێكی مێژووییدا وەدیار دەخات.

لە شیعرەكانی كتێبی "باخچەی ئیشراق"دا وێنەكان، ئەدگارو كاركردێكی دراماتیك بە خۆوە دەگرن، وەك شیعرێك بە ناوی"دۆستایەتی-برادەرایەتی"، دەڵێت:

مانگ دەچێتە ناو پێخەفی منداڵێك
منداڵەكەش،
فێر بووە هەموو شەوێك
سەری مانگ دەخورێنێ
تا دەنوێ.

هەروەها لە شیعرێكدا بە ناوی"مانگ" بۆ دەربڕینی هەژاری كە دیسان مانگو منداڵ كەسایەتیە سەرەكیەكانی پێك دەهێنن، دیارە مانگ ئەم جارەیان نەك بووكەڵەی منداڵ، بەڵكو نوردیە نانێكە بۆ تێركردنی ئەوو تێیدا دەڵێت:

چیم دەست نەكەوت
لەتێك مانگم لێكردەوە

دامه منداڵه برسیەکە.
لەو سەحرایە،
جگە لە ئاسمان چیتر شك ئەبەین
دڵی خۆمانی پێ بدەینەوە،
یان کە برسی بووین بیخۆین
کە تینوو بووین بیخۆینەوە.

هەروەها شیعرێك بە ناوی "دوا شیعر" کە لەوێشدا وشەکان، لەوپەڕی کورتبڕیدان، هەڵکەوتێکی دراماتیك بە وێنە دەکێشنەوەو دەڵێت:

پەنجە نانوسێ بە خامەوە
خامە نانوسێ بە کاغەزەوە.
دڵ وەکو باڵندەی سەربڕاو هەڵدەپەڕێ
تك تك خوێن دەڕژێتە سەر کاغەز
ئەوە ڕەنگە دوا شیعر بێ دەینووسم.

دڵشاد عەبدوڵڵا، لەدایکبووی 1956 لە هەولێر. شاعیرو ڕۆژنامەنووسی کوردستانی عێراقو یەکێك لە پێشەنگەکانو دامەزرێنەرانی شیعری مودێرنی کوردییە. ئەو ماوەیەك لە سەردەمی خوێندکاریی زانکۆدا چالاکیو خەباتی سیاسی بە دژی حکومەتی بەعسیەکان کردووە. بەڵام شیعری لە سیاسەت جیا کردووەتەوەو هیچ کات شیعر ئامرازی دەربڕینی ئاواتو باوەڕە سیاسیەکانی نەبووەو ئەو هەرگیز شیعری بۆ ڕاگەیاندراوە سیاسیەکان دانەلەنگاندووە.

دڵشاد عەبدوڵڵا یەکێك لە دامەزرێنەرانی گرپی شیعری پێشڕەوی هەولێرەو لەو شاعیرانەیە کە شیعرەکانی بە چەندین زمان بۆ نموونە فەرەنسیو عەرەبیو ئینگلیزی وەرگێڕدراون. ئەو هەروەها ساڵانێك بەکاری ڕۆژنامەگەرییەوە سەرقاڵ بووەو سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"و گۆڤاری ئەدەبی "ئایندە"و گۆڤاری "شیعرستان" بووە.

*کتێبی" باخچەی ئیشراق" بە وەرگێڕانو پێشەکی مەریوان هەڵەبجەیی لەدەزگای بڵاوکردنەوەی "مانیا هونەر"، بەزمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە.

*سەرچاوە: واڵی بنوبوکی فارسی.

شیعرەکانی دڵشاد عەبدوڵڵا ...

هەرچەندە شەو درێژتر بێت بەیانییەکەی جوانتر دەبێت

نزار ئاگری
وەرگێرانی: جەمال پیرە

دڵشاد عەبدوڵڵا لەو شاعیرانەی کوردە کە بێدەنگیو ئارامی لە هاوارکردنو لەخۆباییبوون لا باشترە، لەجیاتی بەرەنگاربوونەوەو جەنگی دەستەویەخە لەگەڵ وەهم لە گۆڕەپانی ململانێو شەڕەکاندا، پاشەکشەی کردووە بۆ گۆشەگیریی بەرەو خەڵوەتگەی شیعر.

ئەو، هاوشێوەی شیعرەکانی، خولیاو ڕاڕاییەکانی دادەپۆشێتو لەگەڵ ئەندێشەکانیدا ڕێدەکات، بەدگۆییو ژاوەژاوی بۆ کەسانی تر جێ هێشتووە. ئەمەش لەدەرئەنجامی ئەوە نییە حەزی لە تەنیایی بێت، یان مەیلی گۆشەگیریی هەبێت، بەڵکو

هەوڵێکە بۆ ئەوەی قسەو واوتنە گەورەکان دووری نەخەنەوە لە هۆگربوون بە نووسینی شیعرو شتە ناسك‌و هەستەوەرەکانی شیعریی. هەروەها شیعریشی وەك خۆی، هێمن‌و خەوبین‌و داناو راستگۆیە، گوتارو قسەی گشتی نایلەرزێنێت‌و هیچ هێزو دەسەڵاتێك زبری ناکات‌و بە لەخۆبایبوون‌و خۆ بەزلزانین فریو نادرێت. شیعرێك لە شەونمی نەرمونیانی بەیانیانەوە کەوتبێتە خوارەوە لە گۆڕەپانێکی دڕندەی زەوی کە تیایدا بەرائەت‌و دڕندەیی لەتەك یەکترییەوە هەن، شاعیر لەمبارەیەوە دەڵێت: **"شیعر بەرەبەیانی بوونە، هەرچەند شەو درێژ بێت، بەیانییەکەی جوانتر دەبێت"**. دڵشاد عەبدوڵلا ماوەی زیاتر لە بیست ساڵە سروودە رۆحیەکەی دەنووسێتەوەو هێشتا کۆتایی‌و ئەنجامەکەی نەدۆزیوەتەوە. بە حەزێکی گیانی بەگیانیەوە دەنووسێت وەك ئەوەی تازە پێنووسی بەدەستەوە گرتبێت. زیاتر لە پانزە دیوانی چاپ کردووە، هێشتا لەبەرامبەر سیحری شیعرو نامۆیی ژیاندا سەرسامە.

ئەو دەنووسێت بۆ ئەوەی خۆی لە جیهاندا بدۆزێتەوەو جیهانیش لە خۆیدا بدۆزێتەوە. دەنووسێت بۆ ئەوەی شتێك لەو نهێنییانە بزانێت، کە بە ڕۆحێك دەورەدراون شەیدای ئەزەل‌و هەست‌و وەسوەسەی پرسیاری شڵەژاوو سەرلێشێواوانەیە. بۆ ئەو، هەر دەقێکی شیعری وەك تاقیکردنەوەیەکی نووسراو وایە بەرامبەر بە خوودێك کە لە قوتابخانەی دۆزینەوەدا دەخوێنێت، ئەو دەنووسێت، بۆ ئەوە نانووسێت ئەوەی زانراوە بنووسێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە نەزانراو تێپەڕێنێت، وەك ئەوەی کە دەنووسێت، هەوڵنەدات شتێك بڵێت، بەڵکو هەوڵدەدات بیر لەوە بکاتەوە کە ناوترێت. کە قەسیدەی"حەج"ی نوسی، هیچ بیرۆکەیەکی روونی نەبوو ئاخۆ دەقەکە چی دەبێت. بە تەنها وشەی "حەج" سەرسامی کردو سەرنجی بۆ لای خۆی راکێشا. تێپەڕاندو دواتر خۆی وا بینیەوە بەدوایدا دەچێت. وشەکە وشەی دیکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، دواتر بوون بە رستەو پاشان رستەکان بەخێراییەکی هێمنانە بەدوایدا دەچوون، تا دواجار خۆی لەبەردەم کتێبێکی تەواودا بینییەوە. زۆر کەس پێیوایە دڵشاد عەبدوڵلا لەگەڵ جەلال بەرزنجی‌و عەباس عەبدوڵلا یوسف پێشەنگی نوێگەریی قووڵن لە کوردستاندا. پارتە سیاسییەکان گرنگیان پێنەداون لەبەر ئەوەی رەتیان کردووەتەوە ئەدەب سەر بە سیاسەت بێت، یان درێژکراوەی چەك بێت. مەبەستیان لەم هەڵوێستە، دژایەتیکردنی سیاسەت نەبووە، بەڵکو راستەڕێکردنی ئاراستەی دەقی داهێنەرانە بووە. ئەوان دژی ئەوە بوون فیکر بگۆڕێت بۆ نەفیر عام، یان هاوارێك بێت بۆ کۆکردنەوەی خەڵك.

ئەوان دەیانویست ئەدەب بە تەنها گوتارێکی سیاسی نەبێت بۆ تێرکردنی هەوەسی سیاسەتکارێکی بچووك كە هەموو شتێك دەكات بۆ ئەوەی گەورە بێت، ئەمەشیان یەكەمین هەنگاوی گەشتی كۆنترۆڵكردنو دەستنیشانكردنی چارەنووسی خەڵك بێت.

هاوكێشەكە سەبارەت بە دڵشاد عەبدوڵلا یەكلا ببووەوە: واز لە هەموو بەرزی خوازییەكی دیكەی دەرەوەی شیعر بێنێتو خۆی بۆ هزرو وشەو دەستەواژە تەرخان بكات، بەبێ هیچ ئامانجێكی هەلومەرجی. شیعر تاكە ئامانجە شایانی ژیانو بەدواداگەڕان بێت. ئەویش گرووپەكان دروستی ناكەن، شیعر دروستكراوو رەزامەندی گرووپ نییە، بەڵكو خەیاڵی خوودی شاعیرە.

ئەمەش ئەو بنەمایە بوو كە خۆیو هاوڕێكانی پشتیان پێبەستووە، لە جیابوونەوە لە بزوتنەوەی روانگە، كە نووسەران بێئەوەی دیدێكی روونی داهێنەرانەیان هەبێت بەدەوریدا دەسوڕانەوە. ئەم بزاڤە دیدێكی ئەدەبی نەبوو، بەڵكو دیدو تێڕامانێكی ئایدۆلۆژیو نەتەوەییو سیاسی هەبوو. ئەو بەیاننامەیەشی كە رێكخەرانی بزووتنەوەكە رایانگەیاند، لەنێویاندا شێركۆ بێكەس، لە رووی ئەدەبییەوە لاواز بوو، لەرووی سیاسیشەوە خۆنمایشكردنێك بوو. دڵشاد خۆی وا دەبینێت لە تاكێكی پەشۆكاوو سەرسام زیاتر نییە، پرسیارباران دەكرێتو ئەو نیگەرانییەی لە دەوروبەریدا بوونی هەیەو نییە گیانی وێران دەكات. شاعیر تاكێكی سادەیەو هێزە شاراوەكەی لە ناخی خۆیدایە، بە خەونو گۆرانییەوە رێگای ژیانی خۆی دەبڕێت، نەك بە شمشێرو قامچی:

من پاڵەوان نیم
هاوار ناكەم، دەچریكێنم
تەمەنم بەو بەیانیانە دەپێوم كە ئارامن.

دڵشاد كەمتەرخەم نەبووە لەوەی سوود لە وزەی شاراوەی ژانرەكانی دیكەی داهێنان وەرگرێت، وەك نیگاركێشیو موزیكو پەیكەرتاشیو شانۆ، وەكو سوود وەرگرتنەكەی لە دراما لەكاتی دارشتنی دیالۆگە فرە دەنگییەكان (پۆلیفۆنیك)و چوونە ناو قووڵایی كەسییو پاڵنان بەئاراستەی ئاشكراكردن لە رێگەی مۆنۆلۆگێكی گرژو گیانی بەگیانیدا. هەروەها لە وێناكردنی ئەو حاڵەتە شیعرییانەی كە لە نێوان كاتو شوێندا دەجووڵێن، سوودی لە سینەما وەرگرتووە، گرنگیدانی بە هونەری شێوەكارییو بە جیهانەكانی شاگاڵو كاندینیسكیو گۆگانو وابەستەبوونی بە تابلۆكانی جیاكۆمنێتی لە گرنگیدان بە وردیی وێناكردنی هەڵچوونەكانی ئەو كەسانەی بەنێو دەقەكانیدا

تێدەپەڕن. دەربارەی مرۆڤو شارو مێژووو نەوەکان نووسیویەتی، بەڵام زیاتر گرنگی بە بۆنو گوڵاوو سروشتو باڵندەو وڵاتە دوورەکان دەدات، لە چەندین دەقدا دەمانباتە تایوانو چینو روسیاو لوبنانو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وێڕای دووری شوێنەکان هەستی خۆجێی شوێنەکانو گەرمی نزیکبوون لە خەڵك بەسەرماندا زاڵ دەکات. وەك خۆی دەڵێت سەرچاوەی داهێنانەکانی زۆرو فرە چەشنن، سنووری جوگرافیو ئینتیمای نەتەوەیی نییەو سنووری گەلو نەوەکانی نییە. ئەمەش بەو مانایە نییە کەسێکی نیهلیستیو خۆبەزلزان بزانێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین یەکێکە لە پابەندترین شاعیرانی کورد، بەڵام پابەندبوون لای ئەو واتا تێپەڕاندنی ئایدیۆلۆژیای ستەمکارو شکاندنی قەفەزە سیاسیەکانو تێپەڕاندنی بەربەستە نەتەوەییەکانو هەمیشە هەوڵدان بۆ رووانین لە جیهانە، بە ئاسۆی فراوانو سوپڕایزە بێ کۆتاکانییەوە. لەسەرەتای دەستپێکردنی گەشتی نووسیندا مەیلی بەئاراستەی چەپڕەویدا بووە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە دژی ئەوە بووە ئەدەب ببێت بە قوربانی سیاسیو گەل. لە رابردووداو ئێستایش لەگەڵ نوێ دا بووە، بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لەوەی کە ئەدەبی کلاسیکی کوردی بخوێنێتەوەو بەدواداچوون بۆ بەرهەمی شاعیرو نووسەرانی پێش خۆی بکات، بەبێ گوێدانە ناوەڕۆكو فۆرمی نووسراویان. ئەو بەبێ دوو دڵی ئەزموونی ئەو شێوازەی کە بەخەیاڵیدا دێت دەنووسێتو لەلێدانی دەرگای ناباو ناترسێت، ئەگەر بزانێت لە کارەکانیدا ئاماژەیەکی ناوازەو بریسکانەوەیەکی نوێ هەیە. لە هەمەجۆریی رووبەری گێڕانەوەدا سەرکەوتووە، بێئەوەی خۆی وابەستەی کلێشەیەکی یەك چەشنی بکات. قەسیدەی هەیە یەك دیوانی تەواوەو هی واشی هەیە یەك دێر یان دوو دێرە. بەیتی درێژی شیعری هەیە لەوەی کە شێرکۆ بێکەس پێی سەرسام بووە، هاوکات گرتەی شیعری وای هەیە بەباڵی هایکۆ دەفڕێت. دڵشاد عەبدوڵلا لەگەڵ ژمارەیەك شاعیری کوردی نەوەی دووەمی دیمەنی ئەدەبی هاوچەرخی وەك کەریم دەشتیو سەعدوڵلا پەرۆشو هی دیکەش، دەستەبژێرێکی داهێنەرانەی نایاب پێکدەهێنن کە بەهۆی وەفادارییان بەرامبەر بە مەیلی نووسینو پاڵنەری داهێنانیان پشتگوێخراون، دوای ئەوەی لەبەرامبەر هەموو جۆرەکانی توندوتیژییو لەخشتەبردنێکدا خۆیان پاراست.

سەرچاوە: رۆژنامەی الحیاه رۆژی 02 - 11 - 2010

دڵشاد عەبدوڵڵا لە دیوانی (حەج) دا ...

نموونەیەک بۆ مۆدێرنە

نووسینی: قزحیا ساسین
وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

لە سەرەتای کتێبی (دیوانی حەج)ی شاعیری کورد دڵشاد عەبدوڵڵا کە لەلایەن بەکر دەرویش وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، شاعیر دێت پرسی بابەتە شیعرییەکان دەخاتەڕوو، پێیوایە "دەشێت کۆی بابەتەکان خاکێکی بەپیت یا شێوازێکی گوزارشتی زۆر گرنگ بن بۆ ڕەسەنایەتی شیعری، بۆ نموونە لە کاغەزێکی فڕێدراوی سەر شەقامەوە تا دەگات بە خوێنی شەهیدان ... هەموو ئەو شتانەی وەکو شیعر باو بوون ئەستەمە دووبارە بەکاربهێنرێنەوە، مەگەر لەسەر دەستی شاعیرانی داهێنەر نەبێت". لێرەوە پرسیاری ئەوە دێتە پێشەوە: ئایا شیعر بریتییە لەوەی ئێمە چی دەڵێین؟ یا چۆن دەڵێین؟

زۆر لە شاعیرانی مۆدێرنە زێدەڕۆیی دەکەنو پێیان وایە مۆدێرنەی شیعری پڕۆژەیەکی کاملو گشتییە بۆ گۆڕینی جیهانو گواستنەوەی بۆ شوێنێکی باڵا، ئەو شوێنەی مانا چاکەکان مرۆڤێکی نوێی لەسەر بونیاد دەنێن ... بەڵام ئەم تێزە زێدەڕۆیی تێدایەو هەندێك شت لە شیعر بار دەکات کە باری شیعر نییە، چونکە ئەو شیعرەی خەمی ئیستاتیکا نەخاتە پێش، بە مردوویی لە دایك دەبێت. لەلایەنی ئایدیایشەوە دیارە شیعر هەڵگری ئایدیای بەندایەتیو ئایدیای ئازادی نییە. شیعر بەرپرسیار نییە لە دۆزینەوەی چارەسەری، بەڵکو وامان لێ دەکات دەرگا سەختەکانی ژیان بە خۆشیو شادیو چێژەوە بکەینەوە، تەنیا یەك کلیلمان پێدەدات، ئەو کلیلەش ناوی: ئیستاتیکایە.

بێگومان "چی" لەبەردەستی هەموواندایە، وەکو ئەوەی جاحەزیش دەڵێت: مانا لەسەر ڕێگاکان کەتووە. بەڵام "چۆن" تەنیا لەبەردەستی داهێنەراندایەو ئەوان دەتوانن دەستگیری بکەن. شاعیری کورد دڵشاد عەبدوڵڵا لە سەرەتای (دیوانی حەج) وشیارە بەو مەترسیەی شیعری پێدا تێدەپەڕێت، کاتێك شیعر دێت خۆی لە قەرەی بابەتی فیکری زەحمەت یا ئاڵۆز دەخشێنێت، چونکە ئەو کات دەستبەرداری ئیستاتیکا دەبێتو دەبێتە چالاکیەکی عەقڵیو چییەتیو بوونی خۆی لە دەست دەدات:" هەمیشە ترسێکم هەیە لەوەی ڕەنگە من لەو شیعرییەتە دوور بکەومەوە کە کەوتۆتە نێو چوارچێوەی بیرکردنەوە".

بۆیە شاعیر زیرەکانە ڕایدەگەیەنێت کە خەڵك لە دووبارەکردنەوەی بابەتەکان بێزار بوون، بۆیە پڕۆژە مۆدێرنەکەی هەوڵدەدات:"هەموو بونیادە کۆنەکان بەلاوە بنێت، هەروەها هەوڵدەدات خۆی لە دووبارەکردنەوەی بابەتە گشتییەکان ڕزگار بکات کە لەمیانەی سەردەمە کۆنەکانەوە هەمیشە دووبارە دەکرێنەوە. بە کورتی: پڕۆژەکەی دەبێتە هەڵکۆڵین بۆ دۆزینەوە لەو ناوچانەی هێشتا بیرکردنەوە پێی نەگەیشتووە".

ئەم قسەیە بێنەو بەردەی زۆری گەرەکە، چونکە بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەرهەمیان دەهێنێت زۆر بابەت مردار دەبنەوە، چیتر زەمانیش بەکەڵکی ئەوە نایەت لە خۆیان بگرێتەوە، بەڵام زۆر بابەتیش هەیە لەلایەنی بوونەوە بەپێتن، مردن نایانناسێت، مرۆڤیش ناتوانێت لەنێو ئاوە پاکەکەیان مەلە نەکات، مانای وایە شیعر ناتوانێت دەرگای خۆی بەڕووی ئەم بابەتانە دابخات.

بەڵام، تیۆری ڕەتکردنەوەی ڕەهاو گشتیش شایانی وتووێژن، چونکە ئەگەر ڕەتکردنەوە لە شوێنێك پێویست بێت، بێگومان لە شوێنێکیتر تاوانە، شتانێك هەن لەنێو ڕابردوو بۆ ئێستاش‌و بۆ سبەیش دەست دەدەن، بەڵام بەپێی ئەو گۆڕانکارییەی کە ژیان دەیخوازێت. بەداخەوە، شاعیرانی مۆدێرنە دان بەوەدا نانێن کە مۆدێرنەی شیعری لەو کاتەوە هەیە کە شیعر هەبووەو شاعیرانیش لەوەتەی شیعر هەیە خاوەنی چاوێکی نەورەسییانەن لەنێو بەرزایی دەفڕن‌و دوور دەڕوانن‌و دەبینن .. ڕاستە ڕزگارکردنی شیعر لە پاشکۆیەتی سیاسی، بۆ نموونە وەکو ئەوەی دڵشاد عەبدوڵڵا دەڵێت، شتێکە داهێنانی شیعری ڕازی دەکات‌و ڕستەی شیعریش لە دیلی ڕزگار دەکات، بەڵام نوێخوازی لەسەر ئاستی بابەت‌و مانا داهێنان نییە، بەڵکو داهێنان لەنێو چییەتی گوتن دایە، تەنیا چییەتی گوتن دەتوانێت ئاخافتنی ڕاست بۆ شیعر بگۆڕێت.

قاپی خۆشەویستی

دڵشاد عەبدوڵڵا بە عەشق "حەج، تەوافی گەورەی عاشقان" دەست پێدەکات‌و سروشت دەکات بە قاپێك بۆ خۆشەویستی، شاعیران بەردێکیان هەیە تارمایی شەوی بیابان بەدەوریدا دەخوولێتەوە تاوەکو پیاوێکی باڵابەرز بۆ فڕە ئاوێك دابێتەوەو بۆنی نەعناع دەگاتە سینگی ئەستێرەکان، ئەو کاتیش باڵندەکان هێلانەی ڕەحمەت لەنێو دڵی ڕاوچیان دروست دەکەن، ئەوها لە لوولەی تفەنگەکانیان ڕزگار دەبن:

" سلاو لە بەردێك،
بەردێك کە ڕەنگی شەوێکی درێژی بیابانی خڕکردۆتەوە لە خۆیدا
عەبای حەریری سەرشانی پیاوێکی کەڵەگەتە.
دەچەمێتەوە بۆ قومە ئاوێك، لچکی لە زەوی دەخشێ،
لەو شوێنە پونگ‌و نەعنا شین دەبن،
بۆنیان دەگاتە ئەستێرە.
بەو بۆنە باڵندە دەیانناسنەوە،
بەبەر چاوی ڕاوچیەوە هێلانە چێ دەکەن.

دڵشاد عەبدوڵڵا بەرەو مێیەکەی دەڕوات‌و پرسیاری ئەو عەترەی لێ دەکات کە لەباوەشی کردووەو بەنێو گۆڕەپانی عاشقاندا بڵاوی کردۆتەوە، کاتێك تەواف ئەهلی عەشق بەرەو بەهەشتەکانیان دەبات:"شووشەی کام عەترت لەناو شاردۆتەوەو لێرە بڵاوت

کردۆتەوە؟"، ئینجا تراژیدیای ئینتیماکەی ئاشکرا دەکات، شوانێکی سادەی چەند بزنێکە، هاوڕێی بازێکی عاشقە کە لە سێبەری دەستەکانیەوە گەورە بووە:

مودەتێك لەو چیاو دۆلانە چەند سەر بزنو بازێکی خولیا بەسەرم راگرتبوو

ئێرەم سەد خوشتربوو لە وڵات!

لەنێو ئەم قسانەدا ئازاری ئینتیمایەکی وجودییانە هەیە، سۆزێك هەیە بۆ ئەو ئازادییەی مرۆڤی لەنێو سروشت بەڕەڵاڵ کردووە، دوور لەو دیلیەی نیشتیمان بەرجەستەی دەکات لەمیانەی ئینتیمایەکی ڕێکخراوو ماددییانەدا ... بەدرێژایی شیعرەکانی، دڵشاد عەبدوڵڵا پەنا دەباتە بەر سروشت، شتەکانی ناو سروشت لەباوەش دەگرێتو هەوڵدەدات لە ڕێگای تۆڕێکی سیمبولیەوە دەستگیریان بکات، تاوەکو هێزێك‌و سروشێکی گەورەتریان پێبدات.

دڵشاد عەبدوڵڵا ناوی زۆر دەخاتە نێو دەقە شیعرییەکانی، ناوی مرۆڤو شوێن، بێگومان ئەم پەیوەندییەکی ویژدانی بەهێزی بەم ناوانەی خۆیەوە هەیە، لەکاتێکدا بۆ خوێنەر زەحمەتە هەڵچوونی شیعری دایبگرێت ئەگەر پەیوەندی بەم ناوانە نەبێتو نەیانناسێت. جگە لەوەش، دڵشاد عەبدوڵڵا شارەزاییەکی زۆری لەبارەی سیمبول هەیەو زۆرجاریش‌و لە زۆر شوێنیش دەبن بە سیمبولی داخراو:

قافیەی گیر بووە، لە خەندەکەی بایی/

ماڵێکی بۆ بنەخشێنن لە داروپەرودووی توتنەوان/ منو کۆماسی...

کاتێك دڵشاد عەبدوڵڵا بەو میتافۆڕە سەختەی خۆی دێت دەیەوێت شتەکان کورت بکاتەوە، ئەو شتانەی خۆیان بە ئیمتیاز ئەگەری ڕاڤەکاری لە خۆ دەگرن، گوزارشت وەکو بۆنێکی پڕ لە سۆزی گەرم دەردەکەون، بەرەو خەیاڵێکی تەمو مژی کەم بەرز دەبنەوە. وەکو ئەوەی لەنێو شیعری (تاحونە) دا هەیە، دەنکە گەنم بریتییە لە فرمێسکی ژنێك کە لە سەرەتادایە، ئەو کاتەی خاك پێش مرۆڤ پڕ بوو لە خەمو بەسەر تەلارەکانی خەمۆکی سەرکەوتووە:

لەناو دار چنارەکاندا ئاسیاوێك دەگەڕێ،

شارەزاییەکی ئەوتۆم لە باراش‌و جۆری گەنم‌و لێکدانەوەی شەوانی ئاشەوان نییە

هەر هێندە دەزانم گەنم یەکەمجار فرمێسك بووە،

پیاوێك چاندوێتی لەدڵی ژنێکدا،

ئەویش هەتا هاتووە کردوویەتی بەنان
شەوی برسێتی بەو نانە تێر بووە.

خودی ژیان

لە دەقی (ئەکسیر)یش دڵشاد عەبدوڵڵا لەنێوان خودی خۆیو خودی ژیان داماوە، دڵ بەرەو ژیان دەڕوات، بەسەر ترپەکانی دڵ سەردەکەوێت، ڕەنگە بگات بە ئەکسیری ژیان، بەڵام ئەو کات ئەستەمە بگەڕێتەوە نێو خودی خۆی، دوای ئەوەش دەبێتە گەڕۆکێك و شەهیدی گوڵی خۆشبەختیەکی تەمەن کورتی زیندانیکراو دەبێت، ئایا خۆشبەختی ماناو نرخێکی هەیە ئەگەر تەمنی کورت نەبێت؟!

لەشەرابی عفریت دروست دەکرێت
یان گوڵی وەنەوشەی کێوی، کە گوڵی شادییە
تەمەنی کورتە ئەو گوڵە،
قەدەری سەختە ئەم دڵە
ئیکسیری ژیان دەدۆزێتەوەو خۆی بزر دەکا.

دەقی دڵشاد عەبدوڵڵا وەکو ناسنامەیەکی وجودییانەی شاعیر وایە، تێیدا ستایشی دابڕان دەکات، کەشتییەکە دەستی دەگات بە دەرگاکەی، بە مانایەکی تر کەشتییەکی بێ دەرگایەو بارەکەی تەنیا بریتییە لە ڕووناکی:

ژوورەکەم کەشتیەکە بەسەر پشتی تەنیاییەوە
لە بەندەری ڕووناکیەوە تەکان دەدا بۆ کوێ تاریکە.
لەهەر کوێوە دەیکەیتەوە، ئەوێ دەرگایەکە
کلیل گومان دەکا لە کردنەوەی
بۆنی واهیمە ڕژاوەو تێکەڵی داروپەردوو بووە.

(دیوانی حەج) ی شاعیری کورد دڵشاد عەبدوڵڵا نموونەیەك لەبارەی شیعری نوێی کوردی دەخاتەڕوو کە بەگشتی بەر نوێگەری شیعری دەکەوێت بە هەموو ڕووناکیو سێبەرەکانی ناوی، ڕەنگە بتوانێت جارێك ئەو دیمەنە بونیاد بنێتەوەو جارێکیش شکست بێنێت.

دڵشاد ...

ئەو ڕێگایەی لە تۆوەیەو ...بەرەو تۆیە !

نووسینی: خەزعەل ئەلماجدی
وەرگێرانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

کاتێك هەندێك بۆنی خۆش لەنێو وشەکانیدایە، هەندێك نیگاو حەسرەتی سارد، بێگومان وریایە بەو بونیادەی وای لە هەموو ئەمانە کردووە ببێتە گەردوونێکی بچووك و لەمیانەی شیعرەوە لەگەڵی بژی. لێرەدا شیعر ئامرازێکە بۆ هاوسەنگی.

دڵشاد عەبدوڵلاّ شاعیرێکە چۆن حەزی لە دەریایە ئەوهاش حەزی لە شاخە، بەڵام لە دەست دۆڵی وشك ڕادەکات، ئەو دۆڵانەی سەخت و دژوارن.

خۆی وا دەبینێت پەیوەستە بە شتەکان، لە دوورەوە حەقیقەتی شتەکان دەبینێت! باشە چۆن شاعیرێك دەتوانێت ئەوها بمانگەیەنێتە ئەم بارودۆخە؟ ئایا پشت بە فەلسەفەیەك دەبەستێت؟ پێم وانییە! ئایا هەوڵ بۆ بزاڤێکی دیالیکتیکی دەدات؟ ئێمە نازانین! کەواتە، ئەدی چی ڕوودەدات؟

لەسەر کورسیەکی دار لەنێو یەکێك لە باخچەکان دادەنیشێتو بیر لە خەڵکی دەکاتەوە کە لە پشت ژیانی ئەم دەجوولێنەوە، وا خۆشی دەوێن وەکو ئەوەی پەری بنو نەیەوێت بیانناسێت، پۆستەچیەکە نامەکانی بەهاری هەڵگرتووە، ئەوە پەیوەندییە شاراوەکانین لە دەست تاریکی ژیان دەپپارێزن.

لێرەدا ئێمە لوچی شاعیری چینیمان بیردەکەوێتەوە کە جۆرێك لە "فو"ی لەنێو شیعر نووسیوە. "فو" پارچە شیعرێکی درێژە باسی شیعر دەکات کاتێك دەڵێت شاعیر لەناو سێنتەری شتەکان دادەنیشێتو لە نهێنی گەردوون ڕادەمێنێتو سۆزو عەقڵی خۆی بە چیرۆکەکانی ڕابردووی مەزن ئاو دەدات، بۆ تێپەڕین، کات هەناسە دەدات. کاتێك تەماشای ملیۆنەها شت دەکات، بیر لە ئاڵۆزی ئەم جیهانە دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا، لوچی کاتێك ستایشی هەماهەنگی مەزنی هونەر دەکات، هەڵدەچێتو شیعرەکەی خۆی دەنووسێت.

باشە شاعیر چۆن دەتوانێت لە مێژێکی دار ڕامێنێتو لەمیانەیدا هەستەکانی خۆی بە قسە دەهێنێت؟ بۆ ئەوەی بیر لەو ژنە بکاتەوە کە پەنجەی لە مێزەکە دەداتو جێکەوتی خۆی لەسەر جێدەهێڵێت ...

چۆن لەمیانەی تێبینیە تێپەڕەکانی ڕۆژانەی خۆیەوە ئێمە دەخاتە نێو پانتایی گەورەو فراوانی شیعرەوە: ئامادەکردنی نان، پێلاوە سوورەکەی ئەحلام مەنسور، ئەوانەی نیوە شەو دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، کاژمێرە گەورەکەی پراگ.

بەم شێوەیە دڵشاد عەبدوڵڵا ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە، بەڵام یەکسەر هاوسەنگ نابێت، بەڵکو بێ ئومێدی دڵی داگیر دەکاتو لەسەر هەموو جیهان ڕادەکشێت. ئەو ناتوانێت وەکو ئەوەی خۆی دەیەوێت سەفەر بکات، ناتوانێت بە کەیفی خۆی خۆشەویستی بکات، ناتوانێت ئەو کەسە بێت کە خۆی دەیەوێت ... ئەم بێ ئومێدیەی لەنێو قووڵایی ڕوحی شاعیردایە وای لێ دەکات ببێتە شاعرێك شانازی بە بێ ئومێدی خۆی بکات... ئەو خەونانەی ئیشی ڕۆژانەی شاعیرانە، بێ دابڕان چاودێریکردنی تارماییەکانی شەو.

ئەو شاعیرەی ئامۆژگاری کاوەی ئاسنگەر دەکات نەگەڕێتەوەو چەکووشەکەی بەرەو ڕووی با بووەشێنێتو بزانێت چیتر زەمان گوێ بە شۆڕشەکەی نادات‌و پێویستە بەو ڕێگایانەدا بگەڕێتەوە کە پێیدا هاتووە.

شاعیر لەناو ئەو چاوە دێتە دەرەوە کە لە ناوەوەی خۆیەتیو شێتانە لەوێدا نیگا دەکاتو جیهان وەکو خۆی دەبینێت، جیهانێکی فریودەر هەوڵی شاردنەوەی مانا دەدات

لەنێو گۆشە تاریكو دوورەكانو بەرەو وەهمی خۆی پەلكێشمان دەكات. بەڵام شاعیر گەمەكانی جیهان ئاشكرا دەكات، ساختەییە بریسكەدارەكەی ئاشكرا دەكات.

دڵشاد دەیەوێت بە كەمترین فۆرم زۆرترین شت بخاتە نێو تۆڕەكەی خۆی، بەپێچەوانەی پێشبینیمان، دەبینین مانا دەستگیر دەكات لەبری ئەوەی جەخت لەسەر ئەو فۆرمانە بكاتەوە. ئەم فۆرمانە ئامرازێكن بۆ ئەم دەستكەوتە بەنرخەی.

ئای، ئەم جۆرە پەیوەندییانە-وتم- چەند پێویستە بۆ كەسێك
سەرقاڵی پاراستنی هێمنیە.
ئێستا تێگەیشتی ئەی خوێنەری زیرەك
چ بارێكی گرانم كەوتۆتە ئەستۆ..... دەریاچەی مراوی شین، لاپەڕە 8.

دڵشاد دێت ئابڕووی ئەو شتانە دەبات كە خەڵك لەژێر حەماسەتی ڕابردووەوە هەستیان پێدەكەن، وریامان دەكاتەوە لەوەی ڕابردوو سێنتەری جیهانو شتەكان نییە:"

شەڕتان لەسەر چییە؟
تەختی ماد! ئەو پاشماوانە كەڵكی چیان هەیە،
وەكو ئەوەی بڵێ چما "ئاستیاگ"و "كۆرش"ن..... دەریاچەی مراوی شین: نیوە مرۆڤ، لاپەڕە 46ـ47.

وریامان دەكاتەوە لەوەی شار قەرەبووی شاخ ناكاتەوەو چوونە شار بێ شاخ، هەڵەیەكی گەورەیە. ئەگەرچی ڕووناكیەكانی شارو شەرابو ژنەكانی سەرنجیان ڕاكێشاوەو شتێك لە شادییان پێداوە، بەڵام هەموو ئەو شتانەی لێ سەندۆتەوە كە شاخ پێیدەدا: تۆقینو هەیبەت!

ڕوونە وشەو بیركردنەوە پێكەوە شیعر دروست دەكەن، شیعر لە وشەو ئایدیا چنراوەوەو دوولایەنەیە، یەكێكیان بەرز دەبێتەوەو ئەویتریان دادەبەزێت. ڕەنگە بتوانین سەركێشی بكەینو بڵێین هەردوولایەن پێكەوە لەدژی باو ئیش دەكەن، بە شێوازێكی تازەی نا باو لە جیهان تێدەگەن.

كۆمەڵە شیعری (دەریاچەی مراوی شین) وزەیەكە شتەكان سفر دەكاتەوەو بەرەو مانایەكی تازەیان دەبات:

چاوەڕێی بەفرم بێو ئاڵۆزی زەوی داپۆشێ
ئەو هەموو چاڵە گەورەیە بەو نەبێ پڕنابێتەوە
چاوەڕێی ڕەشەبام هەڵبكا
ئەو هەموو پاشماوەیە، بەو نەبێ خڕ نابێتەوە
چاوەڕی زریانم لوورەی بێو چ كۆڵان هەیە بیبەستێ

ئەو جیهانەی ئینسان تێك‌و پێكی داوە، بە زەحمەت چاك دەبێتەوە.....

دەریاچەی مراوی شین، لاپەڕە 50.

هەمیشە هەستم کردووە دڵشاد لە ڕێگایەك دەچێت، ڕێگایەك شتی زۆر دەژمێرێت‌و وەسف دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا دەگات بە حاڵەتێك، ڕەنگە ئەم حاڵەتە وەهم بێت! ڕەنگە پانتایی بێت! ڕەنگە ئاشکراکردنی شتێك بێت! ڕەنگە نا یەقین بێت! کەس نازانێت!

لێرەدا ڕێگای "تاو"ی فەلسەفەکاری چینی"لاوتسی"م بیر دەکەوێتەوە، ئەو ڕێگایەی بەرەو شتێك دەڕوات کە یەقین نییە، حەقیقەتە.

ئەم وشە ئاڵۆزو نا ڕۆشنانەی پاشگری زمانەوانین "Ode" هەمیشە ئەوەم بیردەکەوێتە کە شیعر لە زمانی ئینگلیزی بە مانای "ڕێگا یا ڕێڕەو"یش دێت.

بەم شێوەیە شیعرەکان ڕێگان بۆ شتێك، ڕەنگە لە کۆتاییدا حەقیقەت بن‌و هەویش نەبن ... گرنگ ئەوەیە لەوێدا نیشانەیەك‌و ئاماژەیەك هەیە چاوەڕێمان دەکات. با کۆتایی شیعری (ڕێگای گشتی) بخوێنینەوەو تا ئاگامان لە کۆتایی ڕێگاکە بێت:

بەلایەوە گرنگ نییە کێ ئاو دەخواتەوە
بەلایەوە گرنگ نییە کێ خاشاك فڕێ دەدا
بەلایەوە گرنگ نییە کێ کارەبا بەکار ناهێنێ
کێ لە سێبەری شۆستەکان پشوو دەدا
شارەوانی هەموو ئەوانەی بێ منەت کردووە
بەڵام من منتەبارم، ئەگەرچی نایان ناسم
شتێکی ئەوتۆش لەبارەیانەوە نازانم
مەزەندە دەکەم لەشێوەی فریشتەن
هەندێك جار نەزانین باشترین ڕێگایە بۆ خۆشەویستی.

An Intellectual & Literatuey Quarterly Magazine, published in Arbil
NO−55

Concessioner
Ismail Kurda

Editor-in-chief
Rebin Rasul Esmail

Editor staff
Jamal Pira Masoud Babay
Awat Ahmed Sultan

Director of Administration and Distribution
Umed Shakir Majrum

2022

Address: Kurdstan-Erbil
Tel: 0750 4481577. 07504786489